

حیزبی دێموکراتی کوردستان
Kurdistan Democratic Party
نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین
پێشمەرگە
شەوی یەڵدای خوێناویی دێموکڕات
کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی

# پێڕست

------------------------------------------------------

١- لوتکە(هونراوە)....... بێبەش پیرۆتی ........................................................................ ٩

٢- راگەیەندراولە بارەی تەقینەوەی تیرۆریستی لە یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان .................. ١٠

٣- بەرێوەچوونی رێورەسمی پرسەو سەرەخۆشی شەهیدانی تەقینەوەی شەوی یەلدا لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک .... ١٢

٤- کورتەیەک لە ژیاننامەی شەهیدانی هێرشە تێروریستیەکەی بەر دەم بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک لە شەوی یەلدا.. ١٧

٥- یەلدای خوێناویی دێموکرات، حیزبەکانی چوارپارچەی کوردستانی لەدەوری یەک کۆکردەوە ........................... ٢١

٦- بەیاننامەی کۆتایی کۆبوونەوەی هاوبەشی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ......................................... ٢٤

## پەیام و ئیدانەی حیزب، ڕێکخراو و کەسایەتەکان: لاپەڕەی: ٢٧

--------------------------------------------------------

١- سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان

٢- ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان

٣- د. یوسف محەمەد سادق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

٤- فوئاد مەعسووم ئیدانەی تەقینەوەکانی کۆیە دەکات

٥- ئەنترناسیونالی سۆسیالیست هێرشی تیرۆریستی دژی حیزبی دێموکراتی کورستان ئیدانە دەکات

٦- دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٧- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

٨- کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

٩- ڕاگەیاندنی دەبیرخانەی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

١٠- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

١١- ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان

١٢- مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان

١٣- مەکتەبی سیاسی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

١٤- بزووتنەوەی گۆڕان

١٥- یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان - مەکتەبی ئەمینداری گشتیی

١٦- ئەنجومەنی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان

١٧- حیزبی شیوعی کوردستان

١٨- کومیتەی ناوەندی ڕێکخراوی یاری کورد

١٩- مەجلیسی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان ( پژاک)

٢٠- شورای هەماهەنگی - بزووتنەوەی کۆماریخوازانی ڕۆژهەلاتی کوردستان

٢١- دەفتەر سیاسیی پارتی سەربەخۆیی کوردستان

٢٢- سمکۆ یەزدانپەنا - سکرتێری گشتی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان

٢٣- پارتی ئازادیی کوردستان PAK

٢٤- ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان

٢٥- پارتی لیبراڵ دیمۆکراتی کوردستان ئەنجومەنی سەرکردایەتی

٢٦- مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

٢٧- سکرتارییەتی یەکێتی لاوانی کوردستان حیزبی شیوعی

٢٨- مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان

٢٩- کۆمەڵگای دیموکرات و ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کۆدار)

٣٠- کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

٣١- ئەنجومەنی کارگێڕی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

٣٢- تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگای کوردستان

٣٣- شەش فراکسیۆنی پەرلەمانی کوردستان تەقینەوەکەی بارەگای حزبی دیموکرات شەرمەزار دەکەن

٣٤- فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارلەمانی کوردستان

٣٥- لیژنەی پێشمەرگە داوای بە سزا گەیاندنی ئەنجامدەرانی تەقینەوەکەی کۆیە دەکات

٣٦- سەرۆکی فیدراسۆنی کۆمەڵەوڕێکخراوەکانی عێراق - کوردستان

٣٧- پەیامی کۆمیتەی کەمپینی یەکبوون بە بۆنەی شەهیدانی شەوی یەڵدا.

٣٨- پەیامی هاوخەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیتەی گشتی فینلاند
٣٩- پەیامی هاودەردی کومیتەی هەڤکاری پارتە کوردستانییەکان لە هولەند.
٤٠- تەڤگەری جەوانانی کورد لە رۆژئاوای کوردستان
٤١- کومیتەی کوردەکانی دانیشتوی ئەمریکا بۆ دیموکراسی و مافی مرۆڤ - لوس ئەنجلیس
٤٢- پەیامی خەباتکار و کەسایەتیی لەمێژینەی دێموکرات، مەلا حەسەن شیوەسەڵی.
٤٣- د. مەحموود عوسمان، لە بارەی تەقینەوەکانی شەوی یەلدای، پێویستە بەهەموو شێوەیەک ڕیسوا بکرێ.
٤٤- هاوخەمی پۆلێک لە مامۆستایانی شاری پیرانشار لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان
٤٥- رۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئێرانی ئیدانەی تەقینەوەکانی شەوی یەڵدای کرد
٤٦- محەمەد نەزەری، زیندانی رەجایی شاری کەرەج
٤٧- نامەی سەرەخۆشیی سێ کچە بەندکراوی کورد لە بەندیخانەی کرمان
٤٨- سالار مەحمود ئیدانەی تیرۆرکردنی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات دەکات
٤٩- هاوخەمیی لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان - خەلیل عەبباسی
٥٠- عوسمان ئۆجەلان: تەقینەوەکەی کۆیە داوەتنامەیە بۆ شەڕی دراوسێییەک
٥١- شوان داودی، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
٥٢- سکرتاریای یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان

# ديدو بۆچوون: لاپەڕەی: لاپەڕەی ٩٠

-------------------------------------------------------------

١- تەقەیننەوەکانی بەردەم قەڵای هەرمۆتە و دوارۆژی پارتە رۆژهەڵاتییەکان لە باشووری کوردستاندا ..... عەزیز شێخانی
٢- ڕۆژهەڵاتم برینێکە ........................................................................ ئومێد حەمە عەلی
٣- بە ئامانجکردنی بنکەکانی حیزبی دیمۆکرات و مەبەستەکانی پشت پەردە ........................... شێرکۆ پاڵانیجافی
٤- سپێدەیەکی ڕەشی تر ........................................................................... مەریوان قانیع
٥- هەزار سڵاو لە گیانی پاکی تازەترین شەهیدانی نیشتمان ، شەهیدانی شەوی یەلدای خوێناوی ...... رامبود لوتفی پوور
٦- داوا و پێشنیارێکی دۆستانە ....................................................................... برایم جەهانگیری

٧- کۆماری ئیسلامی ئێران دایکی گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکانە ........................................ سامرەند عەتری
٨- ئێران بە بەردەوامیی تیرۆرەکانی ڕیسواتر دەبێ! ........................................................ سالار حیسامی
٩- بۆ تێرۆرەکەی شەوی یەلدا کاری کۆماری ئیسلامی ئێرانە؟ ................................................ سمایل شەرەفی
١٠- ڕاسان، جاڕنامەی شارۆمەندی، تەقینەوەی بەر قەڵا ........................................... ئاگری ئیسماعیل نەژاد
١١- تیرۆر نامان ترسێنێ هەرەشە هەنگاومان پێ شل ناکا................................................... لوقمان مێهفەر
١٢- ئایا ئێران دەستیکردووەتەوە بە سڕینەوەی نەیارانی لە دەرەوە؟ ................................................... ب.ح
١٣- کۆماری ئیسلامی ماکەی تیرۆر ....................................................................... ڕەسووڵ سوڵتانی
١٤- کردەوە ترۆریستیەکەی کۆماری ئیسلامی لە شەوی یەلدا دا، نامان ترسێنێ .......................... ئەحمەد مەکلاوەیی
١٥- خەمی لە دەستدانی پۆلێک تێکۆشەری دێموکرات ................................................................ عەبو راد
١٦- وەرن با هەموومان بۆ یادی ئازیزانی شەهیدمان مۆم داگیرسێنین ........................................ نیعمەت مەلا
١٧- بۆ پەلامارە تێرۆریستییەکەی سەر حدک دەستی کۆماری ئیسلامیی لەپشتە؟ .................................عەلی بداغی
١٨- کەلاشی خوێناوی چمان پێدەلێ؟ .............................................................. ئەحمەد شێربەگی
١٩- تەقینەوەی تیرۆریستی لە بەردەم یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆیە ....... حشمەت خوسرەوی
٢٠- کێ هێندە گێلە برواتان پێ بکا؟ ............................................................... ڕەسووڵ سوڵتانی
٢١- تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران .......................................................................... وریا رەحمانی
٢٢- تێرۆرەکەی شەوی یەلداو، لەسەر پێبوونی میللەتێک ................................................... سمایل شەرەفی
٢٣- لەسەر کارەساتە خوێناوییەکەی شەوی یەڵدا ........................................................ حوسێن بەخشی
٢٤- تیرۆری شەوی یەڵدا ................................................................................ د. کامران ئەمینئاوە
٢٥- تیرۆری ڕۆژهەڵاتییەکان لە باشوور دەست پێ دەکاتەوە ..................................................... هیدایەت جان
٢٦- وەرزی نوێی تیرۆری ئێران لە هەرێمی کوردستان ............................................................ هاوار بازیان
٢٧- تەقینەوەکانی شەوی یەڵدا و قووڵایی دیفاعی ئیستراتیژیک ............................................. حەسەن شێخانی
٢٨- تێرۆریزمی دەوڵەتیی و پەرچەکرداریی بزاڤی نەتەوەیی کورد ......................................... سامان فەقێ نەبی
٢٩- "بەرلە ماڵئاوایی" و یەڵدای خوێناوی! ........................................................................ هەیاس کاردۆ
٣٠- باڵادەستیی ئەهریمەنیی تاران لە کوێ تێکدەشکێ؟ ........................................................... ئالان بەهرامی
٣١- بۆچی تەقینەوەی تیرۆریستی لەبەردەم بارەگا و بنکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان؟ ................. ئیقباڵ سەفەری
٣٢- شەهیدانی شەوی یلدا و هەڵوێستی بوێرانەی خەڵکی کوردستان ........................................ ڕەزا محەممەد ئەمینی
٣٣- نئێئۆتیرۆریزم ................................................................................................ شاهۆ حوسێنی
٣٤- دیپلۆماسیی تیرۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران .................................................................. ئازاد مستۆفی

٣٥- دەوڵەت ماکە و سەرچاوەی راستەقینەی تیرۆریزمە ...................................................... عەزیز شێخانی
٣٦- کۆبوونەوی حیزبە کوردستانی‌یەکان لە پێوەندی لەگەڵ کردەوە تیرۆریستی‌یەک ........................ سمایل شەرەفی
٣٧- دەنگدانەوەی هێرشی تێرۆریستی شەوی یەلدا لە میدیای جیهانی دا ............................. کەمال حەسەن پوور
٣٨- موژدە، موژدەی بە شەکیلا دا ......................................................................... عەلی فەتحی
٣٩- سێ پارچە شێعری کورت کە لە لایەن مامۆستا ئاشقەوە؛ لە شاری ستۆکهۆڵم ...................................... ئاشق

# وتووێژەکان: لاپەڕەی: لاپەڕەی: ٢١٠

------------------------------------------------------------

**١- رەزا کەعبی**: پێویستە هەموو حیزب لایەنە کوردییەکان، رێگایێکی هاوبەش و یەکگرتووانە بگرنە پێش.

**٢- هاوار بازیان**: بەبێ هاوکاریی خۆماڵی، ئەو کردەوە تیرۆریستییە سەرکەوتوو نەدەبوو.

**٣- زەبیحی**: هەتا لێکترازاو و پرژبڵاو بین دوژمنانی گەل و نیشتمان دەتوانن جینایەتی لەوە گەورەتریش بخوڵقێنن.

**٤- ئەلبورز ڕووئین تەن**: کۆماری ئیسلامی لە هەموو هێزی خۆی بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد و ئامانجەکانی کەڵک وەردەگرێت.

**٥- هەڵمەت مەعرووفی**: یەکەم هەنگاوی کردەیی هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ تیرۆری دژبەرانی لە کۆیە ڕەنگی داوە.

# کۆڕیاد، رێورەسم و خۆپیشاندان و چالاکی: لاپەڕەی: ٢٣٦

------------------------------------------------

١- لە هەڵەبجە گردبوونەوەیەک دژی تەقینەوەکانی کۆیە ئەنجامدرا

٢- راپۆرتی رۆیتەرز سەبارەت بە تەقینەوەکانی بەردەم بارەگای حیزبی دێموکراتی کوردستان

٣- بڵاوبوونەوەی هەواڵی تەقینەوەکەی شەوی یەلدا لە میدیاکانی نۆرڕێژدا

٤- بەرێوەچوونی خۆپیشاندانێک دژ بە رژێمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتی بریتانیا

٥- چالاکیی تەبلیغیی لە شارەکانی کوردستان بە مەبەستی هاوخەمیی لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان

٦- بەبۆنەی شەوی یەڵدای خوێناوی لە شارە جیاجیاکان چالاکی تەبلیغی کرا

٧- بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەقینەوەکەی شەوی یەلدا لە رۆژنامەکانی سۆئێد

٨- لە واشنگتۆن،ی پایتەختی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، رێز لە شەهیدانی شەوی یەلدا،ی خوێناوی گیرا

٩- لە شاری هەولێر، کردەوە تیرۆریستییەکەی بەردەم قەڵای دێموکرات شەرمەزار کرا

١٠- روونکردنەوی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، سەبارەت کردەوە تیرۆریستییەکەی بەردەم قەڵا.

١١- رێورەسمی بەرز راگرتنی یادی شەهیدانی یەڵدای دێموکرات و، مەحکومکردنی پەلاماری تێرۆریستی - نۆروێژ

١٢- بەرێوەچوونی کۆڕیاد و پرسەی شەهیدانی شەوی یەلدای خوێناویی دێموکرات - سوئید

١٣- بەرێوەچوونی کۆڕیادێک بۆ شەهیدانی یەلدای خوێناوی لە وڵاتی ئاڵمان

١٤- خۆپێشاندانی دژ بە کردەوەی تیرۆریستییەکەی بەردەم قەڵای دێموکرات لە شاری هەولێر

١٥- دژکردەوەی حیزبەکان لەسەر تیرۆرەکەی شەوی یەلدا - چەند لایەن کۆماری ئیسلامی بە بکەری تاوانەکە دەزانن

١٦- تەقینەوەکەی شەوی یەڵدا و رەنگدانەوەی لە میدیا بیانییەکاندا

١٧- بە بۆنەی کارەساتی شەوی یەڵدای خوێناویی دیموکراتەوە، لە شارە جیاجیاکانی کوردستان چالاکیی تەبلیغیی کرا

١٨- دژ بە کردەوە تیرۆریستییەکەی کۆماری ئیسلامی لەبەردەم قەڵای دێموکرات، لە نۆروێژ خۆپێشاندانێک بەرێوە چوو

١٩- خۆپیشاندانێک بۆ سەرکۆنە کردنی کردەوە تێرۆرسیتییەکەی شەوی یەلدا، لە شارەکانی برلین و بۆن،ی ئاڵمان

٢٠- لە شاری ترۆندهایمی نۆروێژ، کۆڕیادی شەهیدانی یەڵدای خوێناوی بەرێوە چوو

٢١- راپۆرتی بەرێوەچوونی کۆڕیادی شەهیدانی شەوی یەلدا لە وڵاتی ئوستڕالیا

٢٢- کوردانی دانیشتووی وڵاتی سویس، لە بەردەم رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان تەقینەوەکانی شەوی یەلدا.

٢٣- بەرێوە چوونی کۆڕ یادێک بۆ بەرز راگرتنی یادی شەهیدانی شەوی یەڵدای خوێناوی دێموکرات لە وڵاتی دانمارک

٢٤- رێورەسمی و کۆڕیاد شەهیدانی شەوی یەڵدای خوێناویی قەڵای دێموکرات لە رۆژئاوای کانادا. ڤانکۆڤێر

٢٥- خۆپێشاندانێک لە شاری "ستاڤانگێر"ی وڵاتی نۆروێژ، دژ بە کردەوە تیرۆریستییەکەی کۆماری ئیسلامی ئێران.

٢٦- بەرێوەچوونی رێپێوانێک لە بەردەم باڵوێزخانەی ئێران لە ڤییەن،ی پایتەختی ئۆتریش

٢٧- کۆبوونەوەیەکی ئەمنیەتی . تەشکیلاتی لە بنکەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرێوەچوو

٢٨- بەرێوەچوونی ئاکسیۆنێک لە بەردەم باڵوێزخانەی رژێم لە هولەند، بۆ ریسوا کردنی تەقینەوەکانی شەوی یەلدا

٢٩- چیرۆکی شەهیدبوونی بچووکترین پێشمەرگەی حدک بەهۆی تەقینەوەکان

٣٠- وەرزشوانێکی کورد، میداڵەکەی پێشکەش بە بنەماڵەی شەهیدانی شەوی یەڵدا کرد

٣١- بەياننامە لە بارەى: تەقينەوە تيرۆريستيەكەى شەوى ای بەفرانبارو پەيامو شوێنەوارەكانى ..................... ٢٨٣

---

# چەند پەيام و بابەتى فارسى: لاپەڕەى: ٢٨٨

---


١- جبهه دمكراتيک مردمى احواز

٢- دفتر سياسى سازمان فعالان اهل سنت ايران

٣- سازمان دفاع از حقوق بشر كردستان

٤- جبهه دموكراتيک ايران برون مرز

٥- دبيرخانه شوراى ملى مقاومت ايران

٦- شوراى همكارى نيروهاى چپ وكمونيست

٧- كميته مركزى سازمان اتحاد فداييان خلق ايران

٨- جمعيت كردهاى مقيم فرانسه

٩- هيئت سياسى ـ اجرائى سازمان فدائيان خلق ايران (اكثريت)

١٠- دبير كل حزب وطن


---


١- انفجارى كه سرآغاز جنگى بزرگ است ................................................................. آزاد مستوفى

٢- نئوتروريسم (بازخوانى ترورهاى جمهورى اسلامى از منظر نظريه سازەانگارى) ........................... شاهو حسينى

٣- ترور، پديدەاى همزاد با جمهورى اسلامى ............................................................. رضا محمدامينى

٤- اقدامات تروريستى جمهورى اسلامى ايران در(درون وبرون مرز) ........................................... احسان فتاحى




# لوتکە

با شەمەکان بکوژێننەوە

... با پۆڵلاکان بتوێننەوە

با باڵەکان درویێە کەن

با ئاڵاکان بدرێن

خێڵی تاوان چیان لە دەست دێ دەبا بیکەن

سڕ کەن

شڕ کەن

قڕ کەن

بادەی جینایەتیان فڕ کەن

نەوی نابێ لوتکەی کوێستان

نە کورد دەمری نە کوردستان

بێبەش میرۆتی

# راگەیەندراو لە بارەی تەقینەوەی تیرۆریستی لە یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

**بۆ ئاگاداریی ڕای گشتی**

**تەقینەوەی تیرۆریستی لە نزیک یەکێک لە بنکەکانی دەفتەری سیاسیی حیزب، شەهیدو برینداربوونی ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لێ کەوتەوە.**

**ئەمشەو ٢٠ لە سەر ٢١ی دیسامبر (شەوی یەلدا)، دەوروبەری کاتژمێر١٠ی شەو لە کاتێک دا بەشدارانی ڕێورەسمی یادی لە دایکبوونی د.قاسملوو، بە دوای کۆتایی بەرنامەکە بۆ ماڵەکانیان دەگەڕانەوە، دوو تەقینەوەی بە دوای یەک لە نزیک پرسگەی بەر دەرکی قەڵای دیموکرات ڕوویان دا. بە هۆی ئەم تەقینەوەیە بە داخەوە ٦ کەس شەهید و ٤ کەسیش بریندار بوون.**

**شەهیدەکانی ئەم ڕووداوە بریتین لە:**

**١- عەلی قۆیتاسی، کادری حیزب**
**٢- وەهاب میر خزری، کادری حیزب**
**٣- سالار باقری، پێشمەرگەی حیزب**
**٤- ئەرسەلان عەباس نیا، پێشمەرگەی حیزب**
**٥- ناسر کەریمی، ئەندامی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات،**
**٦- عەدنان عەبدوڵلا، مفەوەزی ئاسایش**

**بە هۆی ئەم ڕووداوەوە  دوو پێشمەرگەی حیزب و هەر وەها دوو پۆلیسی ئاسایشیش بریندار بوون.**

**وێڕای مەحکوومکردنی ئەو کردەوە تیرۆریستییە و هەر وەها سەرەخۆشیو هاوەدردیی قووڵمان لە گەڵ بنەماڵەی شەهیدانی ئەو ڕووداوەو هیوای هەر چی زووتر چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان، ڕادەگەیەنین کە لێکۆڵینەوە لە سەر چۆنیەتیی ڕووداوەکە بەردەوامەو، ئاسایشو دەزگا پێوەندیدارەکان لە شوێنی ڕووداوەکە حوزووریان هەیە. زانیاریی زیاتر لە راگەیەندراوەکانی داهاتوو دا بە ئاگاداریی بیروڕای گشتی دەگەیەنین.**

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**شەوی٢٠ لە سەر ٢١ی دیسامبری ٢٠١٦**

**شەوی ١ی بەفرانباری ١٣٩٥**

---------------------------------------------------------

**تێبینی: بەداخەوە دوا چەند کات ژمێر سەنگەر ستار مفەوەزی ئاسایش لە نەخۆشخانە شەهید و ژمارە شەهیدان ئەم کارەساتە بوونە ٧ شەهید.**

---------------------------------------------------------------------------



## بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی پرسەو سەرەخۆشی شەهیدانی تەقینەوەی شەوی یەلدا لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک




پاشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١ی بەرفرانبار لە یەکێک لە سالۆنەکانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕێورەسمی پرسەو سەرەخۆشی شەهیدانی کردەوە تێرۆریستییەکەی بەردەم قەڵای دێموکرات، بەڕێوەچوو. لەو ڕێورەسمەدا بە بەشداری بەشی هەرە زۆری کادر وپێشمەرگەو ئەندامانی حیزب و هەروەها نوێنەرایەتی ولایەنە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات وباشووری کوردستان وێڕای ئیدانە کردنی ئەو کردەوە تێرۆریستییە، یادوناوی تازەترین شەهیدانی دێموکراتیان بەرز ڕاگرت و سەرەخۆشییان لە بنەماڵەی گەورەی دێموکرات کرد.

**لە دەسپێکی ڕێورەسمی پرسەو سەرەخۆشی شەهیدانی یەلدای خۆێناویی،**

**سکرتێری گشتیی حیزب، هاورێ خالید عەزیزی چەند وتەیەکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.**

## دەقی قسەکانی کاک خالید عەزیزی لە ڕێوڕەسمی پرسەی شەهیدانی شەوی یەڵدا



**خوشک و برایانی ئازیز!**

نوێنەرایەتیی حیزب و لایەنە سیاسییەکان!

ئەندامان و کادرەکان و پێشمەرگەکانی دێموکرات!

زۆر بەخێر بێن بۆ ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی کۆمەڵێک تێکۆشەری ڕێگای کوردایەتی کە شەوی رابردوو بە دوای ڕێوڕەسمی حیزبی دێموکرات لە پەیوەندی لەگەڵ شەوی یەڵدا و هەروەها شەوی لە دایکبوونی دوکتور قاسملوو گیانیان لەدەست دا.

بەو بۆنەیەوە لە هەموو بنەماڵەی شەهیدان، شەهیدانی دێموکرات و شەهیدانی ئاسایش سەرەخۆشی دەکەم و هەروەها بۆ بریندارەکان هیوا و ئارەزووم ئەوەیە باش بنەوە.

کۆبوونەوەی شەوی رابردووی ئێمە دوو پەیامی تێدابوو پەیامی یەکەم ئەوە بوو شەوی یەڵدا لە نێو ئێرانییەکان وەک رەسم و عادەتێک دۆستان و خەڵکانی نیزیک بە یەک خڕ دەبنەوە شەوی درێژی ساڵ بەیەکەوە تێپەڕ دەکەن. لەو شەوە دا قسە لە خۆشی و شادیە، قسە لە بیرەوەرییەکانە، زۆریش دەچنە نێو داڕشتنی بیر و بۆچوون بۆ داهاتوو، شەوی یەڵدا شەوی لە دەوری یەک کۆبوونەوەیە، بەڵام بۆ ئێمە دێموکراتەکان شەوی یەڵدا مەعنایەکی دیکەشی هەیە، لەو شەوەدا دوکتور قاسملوو لەدایک بوو، کەسێک لەدایک بوو بە درێژایی ژیانی سیاسیی خۆی هەمیشە پێشتاز بوو لە داهێنانی بیر و بۆچوون بە گوێرەی زەمان لە پێناو ئەوەی کە کوردی ئێران بە مافەکانی نەتەوایەتیی خۆی بگا.

دوکتور قاسملوو کە شەوی رابردوو ئێمە جێژنی لەدایکبوونی ئەومان دەکردەوە و یادی تێکۆشانی ئەومان دەکردەوە و لەنێو خۆماندا بیر و بۆچوون و هزری قاسملوومان وەبیر دەهاتەوە، هەڵگری پەیامێک بوو، پەیامی قاسملوو هەوڵ و تێکۆشان لە پێناو ئەوەی کە ئێمە بە مافەکانی خۆمان بگەین، پەیامی قاسملوو ئەوە بوو لەو رۆژەوە کە حیزبی دێموکرات بە دوای ئینقلابی ئێران خەبات و تێکۆشانی هەبووە لەنێو کۆمەڵانی خەڵک کە کێشەی نەتەوەیەک، کێشەی میللەتێک کە حەقی خۆیەتی بە گوێرەی هەموو جاڕنامەکانی نێونەتەوەیی بە دوای مافەکانی خۆیدا دەگەڕێ بە شەڕ، بە تیرۆر، بە کوشتن، بە قەتڵوعام، بە ئیعدام کردن چارەسەر نابێ ئەوە هەر ئەوە پەیامە بوو کە بیرۆکەی حیزبی دێموکراتی لەسەر دامەزرا هەر ئەو پەیامە بوو فەلسەفەی وجوودی حیزبی دێموکرات بوو کە پێشەوای نەمر دایمەزراند.

قاسملوو لە ئیدامەی ئەو سیاسەتەدا توانی فۆرمۆڵێک لەنێو حیزبی دێموکرات و کۆمەڵانی خەڵکدا جێبخا ئەویش ئەوەیە ئێمە لە خەبات و تێکۆشانی خۆمان لە پێناو گەیشتن بە مافەکانمان کۆڵ نادەین، حیزبی دێموکرات لە ناوچەکەدا کێشەی لەگەڵ هیچ دەوڵەتێک نییە، حیزبی دێموکرات لەو ناوچەیە کێشەی لەگەڵ هیچ ئایین و گرووپێکی سیاسی و بۆچوونێک نییە، حیزبی دێموکرات کێشەی لەگەڵ هیچ لایەنێکی سیاسی بەو مەعنایە نییە، حیزبی دێموکرات تەنیا کیشەی لەگەڵ

کۆماری ئیسلامی هەیە.

شەڕی دوو عەقلییەتە؛ لە لایەک کۆماری ئیسلامی تەحەمولی عەقڵییەت و مەنتق  و عەقڵانییەتی حیزبی دێموکرات ناکا کە پێشەوای نەمر دایمەزراند و دوکتور قاسملوو ئیدامەی دا، لە لایەکی دیکە هەوڵ و تێکۆشانی ئێمەیە کە تێبکۆشین لە پێناو مافەکانمان خەباتی خۆمان ئیدامە بدەین بۆیە ئادرەسی تیرۆری دۆینێ شەوێ بە تەبیعەتی ئەو پێناسەی کە حیزبی دێموکرات هەیەتی و کۆماری ئیسلامی هەیەتی، جمهوری ئیسلامی ئێرانە.

ئێمە دەمێکە لەگەڵ حکوومەتێک رووبەڕووین کە پەیامی ئاشتی ئێمە، پەیامی ئیحساسی مەسئولییەتی ئێمە لە پێناو گەیشتن بە مافەکانمان بە تیرۆر و قەتڵوعام و ئیعدام جواب دەداتەوە. لە رابردووش کەسایەتی‌یەکانی ئێمە تیرۆر کراون، رێبەری حیزبی دێموکرات لە شوێنی موزاکرە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی تیرۆر کراوە، دوکتور شەرەفکەندی کە بە دوای حەلێکدا بوو تیرۆر کرا، دەیان کادری تێکۆشەری حیزبی دێموکرات لە ساڵانی رابردوو تا ئێستا تیرۆر کراون، بەڵام حیزبی دێموکرات هەرگیز تیرۆر بە تیرۆر وڵام نەداتەوە، حیزبی دێموکرات هەرگیز سەرەڕای هەمووی ئەو نەهامەتی‌یانەی کە کۆماری ئیسلامی بەسەریدا تەحمیل کردووە، پەنای بۆ خشوونەت نەبردووە. بۆیە تیرۆر، خشوونەت، لە ناوچەکەدا و لە دژی کوردی ئێران و لە دژی حیزبی دێموکرات و لە دژی بەرژەوەندییەکانی کورد بە گشتی بە بەژن و باڵای جمهوری ئیسلامی و داعش بڕاوە. کورد لە ماوەی کێشەی خۆی لەگەڵ داعش، کوردی ئێران بە تایبەت حیزبی دێموکرات بە درێژایی ٣٧ ساڵ کێشە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی سەلماندیان و سابیتیان کرد ئێمە ئیحترامەمان بۆ جاڕنامەکانی نێودەوڵەتی لە پەیوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤدا هەیە، ئێمە سنووری قەتعی و جیدیمان داناوە لەگەڵ خشوونەت و تیرۆر.

کۆماری ئیسلامی لە سەردەمێکدا کە ناوچەکە لە شێوان دایە و جێ پێی خراپکاری کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە زۆر زەق و بەرچاوە و لە ئیدامەی ئەو کیشانە ئەو ناوچەیە بەرەو ئەوە دەچێ نەقشەی سیاسی داهاتووی بکێشرێتەوە و بێگومان روو لە کۆماری ئیسلامی دەکرێ، تێدەکۆشێ بە پێی بەرژەوەندیی خۆی هەروەک لە چەند ساڵی رابردوودا ستراتیژییەکەی ئەوە بووە نائەمنی و کیشە لە ناوچەکەدا دروست بکا بۆ ئەوی کە بە قەولی خۆی، بۆخۆی ئەمن بێ و لە ئیدامەی ئەو سیاسەتە بە شێوەیەکی زۆر راستەوخۆ حیزبی دێموکراتی کردە هەدەف. جیاواز لە هەمووی ئەوانە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دوای حزووری پێشمەرگەکانی دێموکرات لە ماوەی ساڵی رابردوو و ساڵانی پێشوو زۆر بە ئاشکرا و بە شێوازی جۆراوجۆر هەرەشەیان لە تێکۆشەرانی کوردی ئێران کردووە و رووداوەکەی دۆینێ شەوێ دەقیقەن هەر جێبەجێ کردنی ئەو هەڕەشەیە لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە.

بۆیە ئێمە بۆ جارێکی دیکە لێرە تەئکید دەکەینەوە کە باشترین شێوەکار و باشترین میکانیزم و باشترین خەبات بۆ رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بۆ رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ سناریۆ ناڕوونەکانی داهاتوو لە ئایندەدا یەکریزی

نێو ماڵی کوردییە تا ئەو جێیەی کە پەیوەندی بە ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە هەیە یەکریزی حیزبەکانی سیاسی‌یە و هیوادارین ئەهەمییەتی یەکریزی نێوماڵی کوردی لە باشووری کوردستانیش کە لە قۆناغێکی زۆر ئەستەم دایە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک بڕارده لە داهاتوودا دەبێ بە قووەتی خۆی بچێتە پێشێ و بە ئیحساسی مەسئولییەتەوە جێبەجێ بێ.

بۆ جارێکی دیکە ئێمە لەگەڵ خەڵکی خۆمان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان پەیمان نوێ دەکەینەوە کە خەبات و تێکۆشانی ئێمە بەردەوام دەچێتە پێشێ. پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی تیرۆری کۆماری ئیسلامی کە بەسەر حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی کوردی ئێرانی‌دا تەحمیل کردووە و ساڵهای ساڵ درێژەی پێداوە هەرگیز تەئسیر لەسەر ئێمە دانانێ کە لە خەبات و تێکۆشانی خۆمان سڵ بکەینەوە. کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشێ بە تێرۆر جەوێکی نائەمنی دروست بکا بەو جۆرە مەجالی جموجۆڵ و فەعالییەت و تێکۆشانی مەدەنی و ئارام لە نێوخۆی کوردستانی ئێران بشێوێنێ. کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ میتۆد و شێوەی خۆی تەحمیل بکا لە هەموو مەیدانەکانی خەبات، شێواندن، تیرۆر، دروست کردنی نائەمنی، بۆ ئەوەی کە هەر ئەوە بکا بە حەل و حەلەکەش لای ئەو هەر ئەوەیە کە ئیدامەی بدا و حەلەکە لای ئێمە ئەوەیە کە ئەوە قەبووڵ ناکەین و خەبات و تێکۆشانی خۆمان بە شێوازی جۆراوجۆر ئیدامە دەدەین.

حیزبی دێموکرات لە ماوەی ژیانی سیاسیی خۆی‌دا تەحەمولی زۆر خەسارەت بووە، تەنانەت ڕەهبەرانیشی لەدەست داوە بەڵام حیزبی دێموکرات حیزبێکە ریشەی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان هەیە. ئێمە ئەگە رێبەرانمان تیرۆر دەکرێن و هاوڕێیانمان تیرۆر دەکرێن و لە نێوخۆی وڵات هاوڕێیانمان شەهید دەبن بە دەیان و بە سەدان و بە هەزاران جێیان دەگرنەوە و هەر ئەوەیە و هەر ئەو نفووزە جەماوەرییە، ئەو ئیعتیبارەی حیزبی دێموکراتە لە نێوخۆی وڵات و لە ناوچەکە و لە ئاستی نێودەوڵەتی کە کۆماری ئیسلامی نیگەران کردووە و کۆماری ئیسلامی لە کار و فەعالییەتی خۆی دژی جووڵانەوەی کورد، حیزبی دێموکرات بە شێوازی جۆراوجۆر دەکا بە هەدەف. حیزبێک کە پشتئەستوورە بە کۆمەڵانی خەڵک، حیزبێک کە پشتئەستوورە بە رابردووی، حیزبێک کە لە پێناو ماف و بەرژەوەندییەکانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات و کورد بەگشتی، تەنانەت ڕێبەرانیشی فیدا کردووە هەرگیز لەوانە ناسڵەمێتەوە و خەبات و تێکۆشانی، بە هیمەتی هەموو لایەکمان و بە بەشداری و چالاکیی خەڵک لە نێوخۆی وڵات بەردەوام دەچێتە پێشێ.

بۆ جارێکی دیکە پێمخۆشە لێرەوە سپاس و پێزانیی خۆمان بۆ سەرجەم خەڵکی تێکۆشەری کۆیە کە لە ماوەی شەوی رابردوو تا ئەورۆ بە شێوازی جۆراوجۆر لە پرسەی ئێمەدا بەشدارییان کردووە، بکەین. هەروەها زۆر سپاس بۆ لایەنە سیاسی‌یەکان بۆ کەسایەتی‌یەکانی باشووری کوردستان کە لە شەوی رابردوو تا ئێستا بەشداریی خۆیان لێرە بە پەیام ناردن، بە تەلەیفوون کردن، هاودەردی خۆیان لەگەڵ ئێمە دەربڕیوە و جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەم کە کاتێک ناخۆشییەکی ئاوا بۆ ئێمە لە هەرێمی کوردستان هاتۆتە پێشێ لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو قەت هەستمان بە تەنیایی نەکردووە، هەمیشە خەڵکی باشووری کوردستان خەڵکی کوردستانی عێراق کە عیلاقات و پەیوەندییەکی خۆش و لەمێژینەیان لەگەڵ تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات بووە، لە رۆژانی ئاوادا لەگەڵمان بوونە. بیرۆکە و مێژووی تێکەڵاوی هاودەردی و هاوخەباتیی خەڵکی

کوردستانی ئێران و کوردستانی عێراق لەو ڕۆژەوە دامەزرا کە لە کۆماری کوردستان تێکۆشەرانی کوردستانی عێراق تێیدا پێشمەرگە و ئەفسەر و ژنراڵ بوون؛ بناغەیەک کە ئاوا دامەزراوە و خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتیش بەردەوام لەسەر ئەو ئەساسە چۆتە پێشێ و دەچێتە پێشێ، دڵنیام لە داهاتوودا هیوادارم ناخۆشی وامان نەیەتەوە پێشێ ئێمە پشت ئەستوور دەبین بە بەشداری و غەمخۆری ئێوە و دڵنیام بەشداری وغەمخۆری ئێوە بۆ پرسەکەی ئێمە و پشتیوانی و هاودەردی ئێوە خەڵکی باشووری کوردستان قووەتی قەلبێکی گەورەیە بۆ ئێمە.

بۆ جارێکی دیکە وێڕای سەرەخۆشی لە بنەماڵەی پێشمەرگەکان لە پێشمەرگەکانی دێموکرات و ئاسایش جێی خۆیەتی لێرە سڵاو و ڕێز بنێرم بۆ هەمووی پێشمەرگەکانی کوردستان کە لە جبهەیەکی دوور و درێژ لە شەڕ لە دژی تیرۆریستانی داعش توانیویانە کوردستان بپارێزن و ئەوەی کە دۆینێ شەوێ لێرە ڕوویدا ئیقدامی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی لە دژی حیزبی دێموکرات دڵنیام لە ئیدامەی خەباتی ئێمە چۆن پێشمەرگەکانی کوردستان لە بەرەکانی شەڕ پاشەکشەیان بە داعش کردوە ئێمە تێکۆشەرانی دێموکرات و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر ئەو چارەنووسە نسیبی کۆماری ئیسلامی دەکەین. بۆ جارێکی دیکەش زۆر سپاس بۆ هەموو لایەکتان.

لە ژمارە ٦٩٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٤ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## کورتەیەک لە ژیاننامەی شەهیدانی هێرشە تێروریستیەکەی بەر دەم بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شەوی یەلدا.



### شەهید عەلی قویتاسی

لە دایکبووی ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی لە شاری مەهاباد

ساڵی ١٣٦٤دوای پێوەندی گرتن لە گەڵ حیزب لە نێوخۆی وڵات دوای ماوەیەک ساڵی ١٣٦٦ دێتە نێو ڕیزی ئاشکرای تێکۆشەرانی دێموکرات.

لە ناوەڕاستەکانی دەیەی ٧٠ی هەتاوی دا قارەمانانە لە زۆربەی بەرەنگارییەکانی هێزی پێشەوا لە گەڵ هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دا بەشداری کرد و لەوماوەیەدا نزیک بە سێ جار بە توندیی بریندار دەبێ. شەهید عەلی قۆیتاسی کە زیاتر لە ٣٠ ساڵ وەک تێکۆشانی توانی سەربەرزانەو لێهاتووانە لەم شوێن و ئۆرگانانەدا بەرپرسارێتی بگرێتە ئەستۆ:

ساڵی ١٣٦٦ تا ساڵی ١٣٧٠ وەک پێشمەرگە لە هێزی پێشەوا
ساڵی ١٣٧٠ بۆ ٧١ وەک سەرپەل هەر لە هێزی پێشەوا
ساڵی ١٣٧٢ بۆ ٧٣ وەک جێگری لکی ٢ی هێزی پێشەوا
ساڵی ١٣٧٣ تا ٧٥ وەک فەرماندەی لکی ٣ لە هێزی پێشەوا

**ساڵی١٣٧٥ بۆ ٧٦ وەک ئەندامی کۆمیتەی شارەستانی مهاباد**

**ساڵی ١٣٧٦ بۆ ٧٨ وەک ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری شارستانی مهاباد**

**ساڵی ١٣٧٨ بۆ ٧٩ وەک ئەندامی ناوەندی ٢ی کوردستان و بەرپرس لە بەشی ئاموزش**

**ساڵی ١٣٨٠ بۆ ٨١ وەک مامۆستا لە فێرهەی سیاسی - نیزامی**

**ساڵی ١٣٨٢ بۆ ٨٨ وەک کادری کۆمیسیۆنی ئاموزش و مامۆستا لە فێرگە**

**ساڵی ١٣٨٨ تا کاتی شەهید بوونی وەک بەرپرسی بەشی فێرکردن لە کۆمسیۆنی ئاموزش**

---



## شەهید وەهاب میرخزری

**لە دایکبووی ١٣٥٠ی هەتاوی**

**ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی بە ڕەسمی هاتە نێو ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبەوە.**

**شەهید وەهاب میرخزری لە ماوەی ٩ ساڵ پێشمەرگایەتیی‌دا لە ئۆرگانەکانی ناوەندی ٢ی کوردستان، تەداروکات، پارێزگاری و خەمەماتدا ئەرک دەگرێتە ئەستۆ و، تاقانە کوڕەکەشی بەناوی محەممەد میرخزری بۆ ماوەی چەند ساڵان پێشمەرگەی حیزب بووە.**

---




## شەهید سالار باقری

لە دایکبووی ١٣٧٣ی هەتاوی

ساڵی ١٣٩٤ پەیوەست بە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

ناوبراو لە ماوەی کەمتر لە دووساڵ پێشمەرگایەتی لە دوو ئۆرگانی پارێزگاری و کوردکاناڵدا ئەرکی خۆی بەجێگەیاند و لە چەند دەقەی پێش رووداوە تێرۆرەیستییەکە وێنەهەڵگری رێورەسمەکەبوو.

---------------------------------------------------------------------------



## شەهید ئەرسەلان عەباس‌نیا

تەمەن ٣٥ ساڵ خەڵکی شاری مەهاباد

شەهید ئەرسەلان ناسراو بە " کاکە گیان"، ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی هاتە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. لەماوەی پێشمەرگایەتی لە ئۆرگانەکانی پارێزگاری، تەداروکات، فێرگە، ناوەندی هەواڵ، کوردکاناڵ، ناوەندی 2ی کوردستان و کۆمیتەی ئەمنیەت چەند ئۆرگانێکی دیکەی حیزب ئەرکی لە ئەستۆ گرت بوو.

------------------------------------------------------------------------------



## شەهید ناسر کەریمی

**تەمەن ١٧ ساڵ خەڵکی بانە**

شەهید ناسر ساڵی ١٣٩٠ لە گەڵ بنەماڵەکەی هاتە نێو ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان. شەهید ناسر لەو ماوەیەدا وەک ئەندامێکی چالاکی یەکیەتی لاوان تێکۆشانی هەبوو، و وێڕای دەرس خوێندن لە یەکێک لە دەبیرستانەکانی شاری کۆیە هاوکارێکی تێکۆشەری کوردکاناڵیش بوو.

٢١ / ١٢ / ٢٠١٦

## یەڵدای خوێناویی دێموکرات، حیزبەکانی چوارپارچەی کوردستانی لەدەوری یەک کۆکردەوە



چەند ڕۆژ دوای تەقینەوەی شەوی یەلدا لە بنکەیەکی سەر بە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە شەهیدبوونی ٧ تێکۆشەری کوردی لێکەوتەوە، کۆبوونەوەی بەرینی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان بەڕێوەچوو.

ئەو کۆبوونەوەیە، کە پێشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، ٥ی بەفرانبار بە میوانداریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و بە ئامانجی هاودەنگی و یەکگرتوویی لە مەحکومکردنی تاوانی تێرۆریستیدا گیرا، شاندی زۆربەی هەرە زۆری حیزبە سیاسییەکانی چوارپارچەی کوردستان بەشدار بوون.

ئەو کۆبوونەوەیە بە قسەکانی کاک حەسەن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەستی پێکرد.

بەڕێزیان لە قسەکانیدا بە ئاماژە بە چۆنیەتیی تێرۆرە خوێناوییەکەی شەوی یەلدا و، کاردانەوەی لە میدیاکان و شەپۆلی بەرینی هاوخەمییەکان لەگەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، مەبەست لە کۆبوونەوەکەی بۆ بەشداران شی کردەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی بەرنامەکەدا کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وتارێکی پێشکەش کرد.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان قسەکانی بەوە دەست پێکرد کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سەرەتای

دامەزرانییەوە تا ئێستا سیاسەت و ئامانجی ئەوە بووە کە بە شێوازی ئاشتیخوازانە، مەدەنی و ڕێکاری سیاسی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەدیبێنێ.

کاک خالید عەزیزی لەو پێوەندییەدا ئاماژەی بە هەوڵەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سەردەمی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی، بە تایبەت دەور و نەخشی دوکتور قاسملوو لەو پێوەندییەدا کرد و، گوتی : ئەگەر ئایەتوڵڵا خومەینی و ڕێبەرانی دیکەی کۆماری ئیسلامی وەڵامی پەیامی ئاشتی و چارەسەری سیاسیی دۆزی کورد لە ئێرانیان بدابایەوە، نە ئەو شەڕە هەڵدەگیرسا، نە ئەو هەموو زیانە گیانییە بەر دوولایەن دەکەوت؛ بەڵام ئەوان سیاسەتی ناکارامەی زەبر و زەنگیان هەڵبژارد و شەهید دوکتور قاسملوویان لەسەر مێزی وتوویژ تێرۆر کرد، بەوەش نەوەستان و دەیان کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتیان لە باشووری کوردستان تێرۆر کرد.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی کۆبوونەوەی پێش تەڤینەوەکەش هەر بۆ ڕێزگرتن لە پەیامی ئاشتیخوازانەی دوکتور قاسملوو و بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی بەڕێزیان بوو.

کاک خالید عەزیزی لە تەوەرێکی دیکەی باسەکەیدا تیشکی خستە سەر سیاسەتی ناکارامەی تێرۆر و گوتی: ئەگەر کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی وەستاندنی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان چەکی تێرۆر بەکار دێنێ، دەبێ باش بزانێ کە تێرۆر کۆڵمان پێ نادا و نامانوەستێنێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە پرسی نەتەوەیەک کە داوای مافەکانی خۆی دەکا، ئەو پرسە بە تێرۆر نە چارسەر دەکرێ و نە لەبار دەبرێ.

کاک خالید عەزیزی لە بەشی کۆتایی قسەکانیدا گوتی کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان بۆ ئەوەیە یەکدەنگ بین لە مەحکومکردنی تێرۆر و هەموومان هەست بە بەرپرسایەتی بکەین لە پێوەندی لەگەڵ ئەمنیەتی هەرێمی کوردستان و ئەوە پەیامە بدەین بە دراوسێکانمان کە هەرێمی کوردستان بە دەرفەت دابنێن نەک هەڕەشە.

لە بڕگەیی سەرەکیی کۆبوونەوەکەشدا نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی بەشدار وێرای دەربڕینی هاوخەمیی خۆیان و مەحکومکردنی پەلامارە تیرۆریستییەکی شەوی یەلدا بۆ سەر حیزبی دێموکڕاتی کوردستان؛ ڕاو بۆچوون و پێشنیاری خۆیان هێنایە بەر باس، ئەو حیزبانە وێڕای پێداگری لەسەر پێویستیی یەکریزیی ماڵی کورد و هاوپێوەندیی نیشتمانی داوایان لە ناوەندە بەرپرسیارە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان کرد کە لەو ڕووداوە بکۆڵنەوە و لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئاکامەکەی لە پێناو پاراستنی ئەمنیەتی هێزە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان تێبکۆشن.

لە بڕگەیەکی دیکەی بەرنامەکەدا کاک قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەسەر پەیامی هاوبەشی کۆبوونەوەکە قسەی کرد و، دوای وەرگرتنی ڕاو سەرنج و پێشنیاری نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکان، بڕیارنامەی کۆتایی کۆبوونەوکە بە تێکڕای دەنگی بەشداران پەسند کرا.

دوابڕگەی ئەو کۆبوونەوەیە پرێس کۆنفرانسێک بە بەشداریی میدیاکان بوو کە لەو بڕگەیەشدا کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وەڵامی پرسیاری میدیا و کاناڵەکانی ڕاگەیاندنی دایەوە.

٢٥ / ١٢ / ٢٠١٦

## بەیاننامەی کۆتایی کۆبوونەوەی هاوبەشی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان یەکدەنگ و یەکگرتوو کردەوەی تیرۆریستی مەحکووم دەکەین.




ئێمە نوێنەرانی نزیک بە ٣٠حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان ئەمڕۆ یەکشەمە ٢٥ی دیسەمبری ٢٠١٦ بە یەکەوە لە شوێنی تەقینەوە تیرۆریستییەکەی شەوی ١ی بەفرانباری ئەمساڵ(٢١ی دیسەمبری ٢٠١٦) لە قەڵای دیموکرات(بارەگای سەرەکیی حیزبی دیموکراتی کوردستان) لە نزیک شاری کۆیە، کۆ بووینەوە.

ئەو تاوانە تیرۆریستییە کە شەهید بوونی ٥ پێشمەرگەی دیموکرات و دوو پۆلیسی ئاسایش و برینداربوونی ژمارەیەکی دیکەی لێ کەوتەوە، بەشدارانی مەراسمێکی کردبوو بە ئامانج کە بە بۆنەی ٨٦ ساڵەی لە دایکبوونی د.قاسملووی شەهید پێک هاتبوو. ئاشکرایە ئەگەر تیرۆریستان بیانتوانیبا بۆمبەکانیان بگەیەننە نێو شوێنی مەراسمەکە بە دڵنیاییەوە کارەساتێکی زۆر گەورەتریان دەخوڵقاند.

هەر یەک لە ئێمە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لەم کۆبوونەوەیە، پێشتر جیا جیا ئەم تاوانەمان بە توندی مەحکووم کردوە و هاوخەمیی خۆمان لە گەڵ بنەماڵەی قوربانییەکان و حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاندوە. ئەمڕۆش هەموومان یەکدەنگ و بە یەکەوە بۆ جارێکی دیکە ئەم کردەوە تیرۆریستیە مەحکووم دەکەینەوە و لە گەڵ بنەماڵەی قوربانیان، دیموکراتەکان ولایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەلات، هاوخەمیی خۆمان دووپات دەکەینەوە.

ئەمە یەکەم جار نیە دەستی ڕەشی تیرۆر، لە هەرێمی کوردستان گیانی تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵات دەستێنێ. لە نەوەدەکانی سەدەی ٢٠ دا بە داخەوە سەدان کادرو پێشمەرگەو ئەندامو لایەنگری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتو بنەماڵەکانیان لە باشووری کوردستان بوون بە قوربانیی پیلانە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. هەر لەم یەک دوو ساڵەی

دواییشدا چەند پیلانی تیرۆریستی لە دژی بنکەکانو تێکۆشەرانی ژمارەیەک لەو حیزبانە پووچەڵ کراونەوە کە لە کاتی خۆیدا لە ڕێگای ڕاگەیەنە گشتییەکانەوە هەواڵەکەیان بڵاو بۆوە.

ئێمە نیگەرانین کە تاوانی تیرۆریستیی شەوی ١ی بەفرانبارو پیلانە پووچەڵ بۆوەکانی پێشتر، سەرەتایەک بێ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هەرێمی کوردستان ببێتەوە بە مەیدانی پیلان و هەڕەشە و کردەوەی تیرۆریستیی لە دژی لایەنە سیاسییە خەباتکارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە کاتێک دا نەتەوەکەمان لەباشوور و خۆراوای کوردستان لە گەڵ تێرۆریزم لە شەڕێکی بەرین دایە و قوربانیی گەورە پێشکەش دەکاو، هەر لەم سۆنگەیەشەوە ڕێز و ئیعتیبارێکی جیهانیی وەدەست هێناوە، چۆن دەتوانین ڕێگە بدەین ڕۆڵەکانی بەشێکی دیکەی کوردستان لە سەر خاکی هەرێم ببن بە ئامانجی تیرۆر؟ هەر دەوڵەت و لایەنێک لە ژێر هەر ناوێکدا دەست بۆ تێرۆر و ڕەشەکوژی ببا مەحکوومە. هەر بۆیە جگە لەوەی هەر یەک لە ئێمە لە سیاسەت و تێکۆشانی خۆمان دا دژی دەوەستینەوە، بە ئەرکی حکوومەتی هەرێم و سەرجەم دەزگا پێوەندیدارە کانیشی دەزانین ڕێگر بێت لە بەرێوەچوونی هەرەشە و پیلانی تێرۆریستی لە دژی لایەنە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان کە لە هەرێمی کوردستان، گیرساونەوە. هەر وەها سەرنجی هاوپەیمانەتیی نێودەوڵەتی دژی تیرۆر بۆ لای تێرۆریزمی دەوڵەتی لە ناوچەکە بەرامبەر هێز و لایەنە خەباتکارەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان ڕادەکێشین و پیویستی و گرنگیی بەربەرەکانی لە گەڵ ئەم جۆرە لە تیرۆریزمیان وەبیر دێنینەوە.

وێڕای مەحکوومکردنی شەڕو لەشکرکێشی، تیرۆر و سەرکوت و تۆقاندن لە لایەن دەوڵەتانی ناوچە لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ پرسی کورد دا، بە قووڵی باوەڕمان بەوە هەیە کە خەباتی گەلی کورد و هێزە سیاسییەکانی لە ڕۆژهەڵات و هەر پارچەیەکی دیکەی کوردستان، بە شەڕ و سەرکوت و تیرۆر لە نێو ناچێ. لە کاتێکدا لە سەر پشتیوانیمان لە خەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان بۆ مافە ڕەواکانی لە هەموو بەشەکانی کوردستان پێ دادەگرینەوە، داوامان ئەوەیە سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستانو ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە نێوخۆی کوردستان و لە دەرەوەی وڵات، کەمپەین وچالاکیی هاوبەش لە دژایەتی لە گەڵ سیاسەت و بەرنامەو پیلانی تیرۆریستیدا وەڕێ بخەن.

## کۆبوونەوەی هاوبەشی نزیکەی ٣٠حیزبو لایەنی سیاسیی هەر چوار بەشی کوردستان

**لیستی لایەنەکانی بەشدار لە کۆبوونەوەی هاوبەشی حیزبە کوردستانییەکانی هەر چوار بەشی کوردستان بۆ مەحکوومکردنی کردەوەی تیرۆریستی**

**ناوەکان بە پێی تەرتیبی ئەلفوبێ:**

* بزووتنەوەی دێموکراتیکی گەلی کوردستان

- ❈ بزووتنەوەی رزگاریی دێموکراتی کوردستان
- ❈ پارتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سووریە
- ❈ پارتی دێموکراتی نیشتمانیی کورد لە سووریە
- ❈ پارتی دیموکراتی کوردستان
- ❈ پارتی دێموکراتیکی گەلان (هەدەپە)
- ❈ پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان
- ❈ پارتی ئازادی کوردستان
- ❈ پارتی یەکیەتی دیموکرات ( پەیەدە)
- ❈ پارتی یەکیەتی دێموکراتی کورد لە سووریە
- ❈ یەکیەتیی دیموکراتی کوردستان
- ❈ حیزبی پێشکەوتنخوازی کوردی سووریە
- ❈ حیزبی دیموکراتی کوردستان
- ❈ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
- ❈ حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
- ❈ حیزبی شیوعیی کوردستان
- ❈ حیزبی یەکیەتیی کورد لە سووریە
- ❈ ڕەوتی سوسیالیستی کۆمەڵە
- ❈ سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
- ❈ کۆما جڤاکێن کوردستان(کەجەکە)
- ❈ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
- ❈ کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان
- ❈ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان
- ❈ یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
- ❈ یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتیکی کوردستان
- ❈ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریا (ئەنەکەسە)

٢٥ی دیسامبری ٢٠١٦ - کۆیە

# پەیام و ئیدانەی حیزب، ڕێکخراو و کەسایەتەکان:

------------------------------------------------------------

## سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کردەوە تیرۆریستییەکەی شاری کۆیە ئیدانە دەکات

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی ١٢ی ٢٠١٦ لە ئەنجامی تەقینەوەی دوو بۆمبی چێندراو لەبەردەم دەفتەری سیاسیی حزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری کۆیە ژمارەیەک پێشمەرگەی حزبی دیموکراتی کوردستان و کارمەندی ئاساییشی شاری کۆیە شەهید بوون و ژمارەیەکی دیکەیش بریندارن بوون.

وێڕای ئەوەی زۆر بە توندی ئیدانەی ئەو کردەوە تیرۆریستییە دەکەین سەرەخۆشی لە کەسوکاری شەهیدانی ئەو ڕووداوە دەکەین و هیوای چاکبوونەوە بۆ برینداران دەخوازین. پێویستە دامودەزگە پەیوەندیدارەکان و ئاساییش بە زووترین کات ئەنجامدەرانی ئەو کارە تیرۆریستییە بدۆزنەوە و ڕادەستی یاسا بکەن و هەموو ڕێوشوێنێکیش بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی ڕووداوی هاوشێوە دووبارە نەبێتەوە.

ئامانجی تیرۆر دروستکردنی پشێوی و دڵەڕاوکێ لەنێو خەڵک و ناسەقامگیریی سیاسییە و پێویستە بە هەوڵی هەموو لایەک ڕێگەی لێ بگیرێت و بنبڕ بکرێت.

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان

٢١ی ١٢ی ٢٠١٦

## ڕاگەیەندراوی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بۆنەی تەقینەوە تیرۆرستییەکانی شەوی یەلدا

بەداخەوە شەوی رابردوو ٢٠ لە سەر ٢١ی کانوونی یەکەم، لە کاتی رێورەسمی "شەوی یەڵدا"دا دوو هێرشی تیرۆریستی لە نزیک یەکێک لە بنکەکانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری کۆیە رووی دا و بووە هۆی شەهیدبوونی پێنج لە ئەندامانی ئەو حزبە و کادیرێکی ئاسایش، هەروەها ژمارەیەک بریندار لێ کەوتەووە.

وێڕای بە توندی مەحکوومکردنی ئەو هێرشە تیرۆریستیانە و ئەوانەی لە پشتییەوەن، سەرەخۆشی لە کەسوکاری شەهیدان دەکەین و هیوای زوو چاکبوونەوە بۆ برینداران دەخوازین.

دووپاتی دەکەینەوە کە هەموو هەوڵ و توانای خۆمان دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە تیرۆرستییە بە سزای یاسایی خۆیان بگەن. بە ئەوانەیش کە لە پشتی ئەم تاوانە تیرۆرستییەوەن، رادەگەیەنین هەر هەوڵ و پیلانێکی نەخوازراو دژی گەل و نەتەوەکەمان بەدڵنیاییەوە رووبەڕووی شکست و پووچەڵکردنەووە دەبێتەوە.

**ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان**

**٢١ی کانونی یەکەمی ٢٠١٦**

# پەیامی بەڕێز یوسف محەممەد بە بۆنەی تەقینەوە تێرۆریستییەکانی بەردەم دەفتەری سیاسی ح د ک



بەڕێز: خالید عەزیزی سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک).

بەڕێزان: ئەندامانی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات

بەداخ و نیگەرانییەکی زۆرەوە، دوێنێ شەو لە کاتی بەڕێکردنی مەراسیمی یادی لەدایکبوونی شەهیدی سەرکردە د. عەبدولرەحمان قاسملو، لەلایەن ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکەتانەوە، نزیک بارەگای دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات لە شاری کۆیە، دوو تەقینەوەی تیرۆرستی ڕوویدا، لەئەنجامدا پێنج کادیری حیزبەکەتان و دو کارمەندی ئاسایش شەهید بوون.

بەناوی خۆم و پەرلەمانی کوردستانەوە، پرسەو سەرەخۆشی لە جەنابتان و خانەوادەی شەهیدان و هەمو ئەندامان و لایەنگیرانی حیزبەکەتان دەکەم. هیواداریـن لایەنە پەیوەندارەکان، بە زووترین کات لێکۆڵینەوە لە روداوەکە بکەن و ئەنجامەدرانی بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکەن.

لای بەڕێزتان ئاشکرایە، لە مێژووی خەباتی سیاسی کورددا، هەمیشە دوژمنان، ویستوویانە لە ڕێگەی تیرۆر و ڕەشە کوژییەوە خەباتی ئازادیخوازانەی گەلەکەمان سەر کوت بکەن. بەڵام هەمیشە خەباتی ڕەوای کورد بۆ ئازادی، لە گەشەکردن و بەرفراواندا بووە.

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی گەلەکەمان. نەفرەت لە تیرۆرستان.

د. یوسف محەمەد سادق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

٢١ - ١٢ - ٢٠١٦

## فوئاد مەعسووم ئیدانەی تەقینەوەکانی کۆیە دەکات



**رووداو - هەولێر**

**سەرۆککۆماری عێراق تەقینەوەکانی شەوی رابردووی شاری کۆیە بەتووندی ئیدانە دەکات و رایدەگەیێنێت، دەبێت لێکۆڵینەوەی پێویست بکەن، بۆ دۆزینەوەی ئەو لایەنەی بەرپرسیاری ئەم تاوانەیە.**

**رۆژی چوارشەممە ٢١ - ١٢- ٢٠١٦ فوئاد مەعسووم، سەرۆککۆماری عێراق لە بەیاننامەیەکدا تەقینەوەکانی شەوی رابردووی قەزای کۆیەی ئیدانە کرد.**

**لە راگەیێندراوێکدا کە وێنەیەکی بۆ (تۆڕی میدیایی رووداو) نێردراوە، هاتووە "دکتۆر فوئاد مەعسووم بەتووندیی تەقینەوە تێرۆریستییەکانی دوێنێ ئێوارەی کۆیەی سەر بە پارێزگای هەولێری ئیدانەکرد، کە بە هۆیەوە دوو کارمەندی هێزەکانی  ئاسایش و پێنج کەسی دیکەش شەهید بوون".**

**سەرۆککۆماری عێراق، داوای لە کاربەدەستانی ئەمنیی کرد زیاتر چاوکراوەبن و رێوشوێنی بەپەلە بگرنەبەر، بۆ پاراستنی خەڵکی مەدەنیی بێدیفاع و  لێکۆڵینەوەی پێویستیش بکەن بۆ دۆزینەوەی ئەو لایەنەی بەرپرسیاری ئەم تاوانەیە.**

**٢١ - ١٢- ٢٠١٦**

## ئەنترناسیونالی سۆسیالیست هێرشی تیرۆریستی دژی حیزبی دێموکراتی کورستان ئیدانە دەکات

ڕێکخراوی نێونەتەوەیی ئەنتێرناسیونالی سۆسیالیست  لە پەیامێکدا کردەوە تێرۆریستییەکەی شەوی یەڵدای مەحکووم کرد و لە گەڵ حیزب هاوخەمیی دەربڕێ.

لە بەشێک لە پەیامەکە هاتووە؛ ئاگادارکراینەوە کە لە شەوی ٢٠ی دێسامبر لە کردەوەیەکی نامرۆڤانەدا حیزب دێموکراتی کوردستان دەبێتە ئامانجی تێرۆریستان و لە ئاکامدا پۆلێک پێشمەرگەی ئەو حیزبە کە ئەندامی ئەنتێرناسیونالی سۆسیالیستە دەبنە قوربانی و گیانیان لەدەستدەدەن، ئەو هێرشە لە کاتێک روودەدا کە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان خەریکی ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە یادی لە دایکبوونی عەبدولرەحمان قاسملوو بوون کە لە ساڵی ١٩٨٩ لە ڤییەن تێرۆر کرا.

هەواڵەکان باس لەوەدەکەن لە کۆتایی ئەو رێورەسمەدا بە تەقاندنی دوو بۆمبی چێندراو، پۆلێک لە ئەندامانی ئەو حیزبە دەبنە قوربانیی ئەو کردەوە ترۆریستییە.

ئەنتێرناسیونالی سۆسیالیست وێڕای سەرەخۆشی کردن لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەی قوربانیان، پشتیوانیی بەهێزی خۆی لە سەرجەم ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دووپات دەکاتەوە.

ئەنترناسیونالی سۆسیالیست

٢١ی دسامبری ٢٠١٦

# دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە




کوردستان میدیا: دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە تەقینەوەی تێرۆریستی لە بەردەم بنکەی سەرەکیی هاوڕێیانی پێشوو ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە:

هاونیشتمانیانی بەڕێز،

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان،

ڕێکەوتی ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی، کاتژمێر ١٠ی شەو (٢٠ لەسەر ٢١ی دێسامبری ٢٠١٦)، لە بەردەم بنکەی سەرەکیی هاوڕێیانی پێشوومان لە قەڵای نزیک شاری کۆیە، دوو تەقینەوەی تێرۆریستی ڕوویان دا و لە ئاکامدا بەپێی زانیارییەکانی کە تا سەرلەبەیانیی ڕۆژی ١ی بەفرانبار(٢١ی دێسامبر) بڵاو بووەتەوە، بەداخەوە پێنج کەس لە پێشمەرگە و منداڵی بنەماڵەکان و مفەوزێکی ئاسایشی کۆیە لەم کارەساتەدا شەهید بوون و هەروەها چوار کەسی دیکەش بریندار بوون.

ئەوەی کە تائێستا بڵاو بۆتەوە و زانیارییە سەرەتاییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە کردەوەکە کردەوەیەکی تێرۆریستیی بەرنامە بۆدارێژراو بووە و تەقینەوەی یەکەم بۆ هاندان و سەرنج ڕاکێشان بووە، تاکوو لە تەقینەوەی دووهەمدا زیانی گیانیی زۆرتر بگەیەنن، و ئەم شێوە کردەوە دژە مرۆییە لە شێوازەکانی تەقینەوە و کردارەکانی کۆماری ئیسلامی دەچن کە ساڵانی پێشوو بە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزەکانی دیکەی دژبەری کۆماری ئیسلامی بەکاریان بردووە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات وێڕای هاوخەمی لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەمان، هاوسەنگەرانی ئەو شەهیدانە و بنەماڵەکانیان و هەروەها هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی ئەو کارمەندەی ئاسایشی کۆیە و هاوکارەکانی، هیوای هەرچی زووتر چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازین و جارێکی دیکە دەستی ڕەشی تێرۆر و سەرچاوەی تێرۆریزم لە جیهاندا، واتە ڕێژیمی

کۆماری ئیسلامی مەحکووم دەکەین.

ئەم کردەوە تێرۆریستییە جارێکی دیکە نیشانی دایەوە کە تێرۆر و سەرچاوەی تێرۆیزم لەگەڵ هەموو بنەمایەکی ئازادی و مرۆیی ناتەبایە و ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەڕەشەیەکی جیهانییە بۆ سەر ژیانی ئینسانی.

ڕۆحی شەهیدان شاد و هیوای چاکبوونەوە بۆ برینداران

نەمان بۆ تێرۆریستان و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی سەرچاوەی تێرۆر

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

١ی بەفرانباری ١٣٩٥ی هەتاوی

٢١ی دیسامبری ٢٠١٦ی زایینی

## کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

## هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر حیزبی دیموکراتی کوردستان بە توندی مەحکوم دەکەین

شەوی رابردوو (٢٩ی سەرماوەزی ١٣٩٥) لە هێرشو کردەوەیەکی تیرۆریستی بۆ سەر یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان پۆلێک فەرماندەو پێشمەرگەی ئەو حیزبەو کارمەندێکی هێزەکانی ئاسایش گیانیان بەختکردو ژمارەیەکیشان بریندارببوون.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە توندی ئەم کردەوە تیرۆریستییە مەحکوم دەکات. ئەم کردەوە نە یەکەمینو نە ئاخرین پیلانی تیرۆریستییە بۆ سەر حیزبە کوردستانییەکان، لەماوەی دەیان ساڵی رابردوودا کۆماری ئیسلامیو دوژمنانی گەلی کورد هیچ کات لە دارِشتنی پیلانو هێرشو تیرۆر بۆ سەر حیزبە سیاسییەکانی کوردستان غافڵ نەبوون.

ئێمە خوازیاری ئەوەینو ئامادەین کە بە هاوکاری لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان و لایەنە پەیوەندارییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ناسینی سەرچاوەو ناوەندی دارِشتنی ئەم پیلانە تیرۆریستییە هاوکاری تەواو بکەین.

ئێمە دڵنیاین کە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانو حیزبە سیاسییەکانی نەک تەنیا بەم جۆرە کردەوە تیرۆریستیانە کزو لاواز نابنو لە ئەرکەکانی خۆیان دەست هەڵناگرن، کە هەموو لایەک سورتر و قایمتر دەکات لە پێناو سەرکەوتنی ئەم بزوتنەوەیەو پاشەکشێکردن بە دوژمنانو داگیرکەرانی کوردستان.

پێویستە جارێکی دیکە ئاماژە بەوە بکەین کە هاوکاریو پێکەوە کارکردنی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان مەرجی سەرەکییەوە بۆ ئەوە پێش بەم جۆرە کردەوە تیرۆریستییانە بگیرێت یان پوچەڵ بکرێنەوە.
بەم بۆنەوە لەلایەن هەموو ریزەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی سەرجەم ئەندامانی سەرکردایەتیو کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانو بنەماڵەی گیانبەختکرادوان دەکەینو خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین. هەروەها هیوای زوو چاکبوونەوە بۆ بریندارەکانی ئەم کردەوە تیرۆریستییە دەخوازین.

هەیئەتی ئیجرایی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

١ی بەفرانباری ١٣٩٥ - ٢١ی دێسامبری ٢٠١٦

ڕێکەوتی: کانونی یەکەم ٢١ - ٢٠١٦

# کردەوەی تیرۆریستی بۆ سەر کادرو پێشمەرگەکانی حدک مەحکووم دەکەین

شەوی ٢٠ لە سەر ٢١ی دیسامبری ٢٠١٦ ی زایینی بە داخەوە ئاگادار بووین لە کردەوەیەکی تیرۆریستی بەرنامە بۆ دارێژراودا پۆلێک کادرو پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان شەهید و بریندار بوون.

ئێمە لە لایەن دەفتەری سیاسی کۆمەڵەوە ئەم کردەوە تیرۆریستیە بە توونـدی مەحکووم دەکەین و هیواخوازین لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستان لە درێژەی لێکۆلینەوەکانیاندا بە ئەنجامێک بگەن و بۆ ئاشکرا کردنی سەرچاوەی ئەم جۆرە کردەوانە هەنگاوی پێویست هەڵگرن و رای گشتی لێ ئاگادار بکەنەوە.

ئەمە یەکەم کردەوەی تیروریستی نیە بە دژی حیزبەکان و تێکۆشەرانی سیاسی و ئاخرین هەوڵیش نابێ. وەک هەمووان ئاگادارن ساڵ و نیوێک لەوەو پێش کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ کرایە ئامانجی کردەوەیەکی تیروریستی گەورەو کەم وێنە، بە خۆشیەوە پیلانەکە پوچەڵ کرایەوە. بەڵام بە داخەوە لە درێژەی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامیدا ئەم جارە پۆلێک تێکۆشەری حیزبی دیموکراتی کوردستان شەهید و بریندار بوون.

ئێمە دڵنیاین ئەم کردەوە زەبوونانە بە دژی حیزبەکان و تێکۆشەرانی سیاسی درێژەیان هەیە، بەڵام تیروریستانیش دڵنیا دەکەین ئیرادەی بە هێزی تێکۆشەران و حیزبەکان بە کردەوەی تیروریستی نەک لاواز نابێ بەڵکو هەموو لایەک سوورتر دەکا بۆ خەبات بە دژی دەوڵەتی تیرۆرو سێدارە.

لە کۆتاییدا بەم بۆنەوە سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆمان بۆ رێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵە تێکۆشەرەکانی ئەو شەهیدانە دەردەبڕین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین. هەروەها سەرەخۆشی لە بنەماڵەی " عەدنان عەبدوڵڵا" کارمەندی ئاسایشی کۆیە دەکەین و هیوای زوو چاکبوونەوە بۆ هەموو بریندارەکان دەخوازین.

دەفتەری سیاسیی

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

٢١ی دیسامبر ٢٠١٦

١ی بەفرانباری ١٣٩٥

## ڕاگەیاندنی دەبیرخانەی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بە بۆنەی تەقینەوەی تێرۆریستیی لەبەرامبەر مقەڕری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان




بە پێی هەواڵ و ڕاپۆرتی گەیشتوو، سەعات ٩ و ٥٠ دەقەی شەوی سێشەممە ٢٠ی مانگی دێسامبر و لەدوای کۆتایی ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە ساڵڕۆژی لەدایکبوونی دوکتور قاسملوو، لە حاڵێکدا کە بەشداربووان شوێنی ڕێوڕەسمەکەیان جێ دەهێشت، دوو تەقینەوە لە نزیک شوێنی چوونەژووری مقەڕری حیزبی دێمۆکرات ڕوویاندا. بەداخەوە بەهۆی ئەم تەقینەوانەوە، ٥ کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکرات بە ناوەکانی "عەلی قۆیتاسی"، "وەهاب میرخزریی"، "سالار باقری"، "ئەرسەلان عەباس نیا"، "ناسر کەریمی" و هەروەها کارمەندێکی هێزەکانی ئاسایش شاری کوی سەنجەق لە کوردستانی عێراق بە ناوی "عەدنان عەبدوڵلا"، گیانیان لەدەست دەدەن و چوار کەسی دیکەش بریندار دەبن. ئەم هێرشە تێرۆریستییە لەحاڵێکدا ئەنجام دراوە کە سەران و فەرماندەکانی سپای پاسدارانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی، لە ماوەی چەند مانگی دواییدا چەندەها جار هەڕەشەی ئەنجامدانی عەمەلیاتی نیزامییان لە حیزب و هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران کردووە. بەسەرنجدان بەم هەڕەشانە و هەروەها پێشینەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی لە ئەنجامدانی عەمەلیاتی تێرۆریستیی لە دژی هێزە ئۆپۆزۆسیۆنەکان و نەیارانی سیاسیی لە دەرەوەی وڵات و هەروەها بەسەرنجدان بە هەبوونی بەربڵاوی دەستوپێوەندەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی لە هەرێمی کوردستان، شک لەوەدا نییە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی، ئەنجامدەری ئەم عەمەلیاتە تێرۆریستییەیە. کۆمەڵە وێڕای مەحکووم کردنی ئەم عەمەلیاتە جەنایەتکارانەیە، خوازیاری

ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاشکاوانە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەم کردەوە تێرۆریستییە دەربڕێت. کۆمەڵە هەروەها سەرەخۆشیی دەکات لە بنەماڵە و خزم و کەسوکاری ئەو پێشمەرگانەی کە لەم هێرشە تێرۆریستییەدا گیانیان لەدەستداوە و لەم بابەتەوە سەرەخۆشیی لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیش دەکات و ئارەزووی چاکبوونەوەی خێرای بریندارانی ئەم ڕووداوە تێرۆریستییە دەکات.

دەبیرخانەی کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

یەکی بەفرانباری ١٣٩٥

بەرابەر لەگەڵ ٢١ی دێسامبری ٢٠١٦

## پرسەنامەی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی شەهیدبوونی ٧ پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئاسایش

سەعات ١٠ی شەوی ٣٠ سەرماوەز لەسەر ١ی بەفرانباری ١٣٩٥،  لە بنکەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان ٢ تەقینەوە ڕوویاندا کە بەداخەوە لە ئەنجامی ئەو تەقینەوانە ٧ پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات و کارمەندی ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان شەهید بوون و زیاتر لە ١٥ کەسیش بریندار بوون.

بە پێی ڕاگەیەندراوی سەرەتایی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لێکۆڵینەوەکان لەسەر چۆنیەتی و بکەرانی ئەو ڕووداوە هێشتا کۆتایی پێ نەهاتووە و چاوەڕێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەکرێ. بێگومان ڕووداوی لەو چەشنە بۆ جولانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و بەتایبەتیش سازمانی خەباتی کوردستان مایەی داخ و نیگەرانیەو بە

خەسارێکی گەورە دێتە ئەژمار.

بەپێی لێکدانەوە سەرەتاییەکان ئەو کردەوەیە بەرنامە بۆ دارێژراوەو هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی مێتۆد و سیاسەتی چەندین ساڵەی ئاخوندان لە راست نەیارانی خۆی، وا وێ دەچێ ئەو رووداوە کردەوەیەکی تیرۆریستی بێ و لەلایەن رژێمی ئاخوندییەوە پیلاندارێژی و جێبەجێ کرابێ.

لەگەڵ ئەو راستیەش هەر وەک لە راگەیەندراوی ١٦ی دیسامبری ٢٠١٦ی ناوەندی ئاسایش و دژەتیرۆری سازمانی خەبات دەردەکەوێ رژێم هەوڵەکانی بۆ کردەوە تیرۆریستیەکان بەرەوسەر بردووەو لە ماوەی مانگەکانی رابردوودا چەندین تۆر و کەسی سیخور لە ریزەکانی سازمانی خەبات ئاشکرابوون کە بۆ ئەنجامی دانی کردەوەی تیرۆریستی خۆیان خزاندبوویە ناو سازمانی خەبات.

ئەوەی جێگەی هەڵوەستەی بە پەلەیە، پێویستە سەرجەم لایەنە سیاسیەکان، بۆ پێکهێنانی ناوەندێکی هاوبەش بۆ رووبەرووبوونەوەی هەر جۆرە کردەوەی تیرۆریستی دەسەڵاتدارانی ئاخوندیی و کردەوەی لەم چەشنە پێکەوە هاوکاری بکەن.

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران پرسەو سەرەخۆشی خۆی بە حیزبی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵەی شەهیدەکان رادەگەیەنێ و لە خوای گەورە داواکارە رۆحی ئەو شەهیدانە بەبەهەستی بەرین شادبێ و سێبووری کەس و کاریان بدات.

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

کۆمیتەی ناوەندی

١ی بەفرانباری ١٣٩٥

# ڕاگەیەندراوی ڕێکخراوی خەبات.ی شۆڕشگێڕی کوردستان سەبارەت بە تەقینەوە لە بارەگای سەرکردایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

**بە ناوی خودای بەخشندەی مێهرەبان**

**شەوی سێشەممە ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٥ (٢٠ / ١٢ / ٢٠١٦) لە دوو تەقینەوەی تیرۆریستییدا لە نزیک بارەگای سەرکردایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆیە، پێنج پێشمەرگەی ئەو حیزبە و دوو کارمەندی ئاسایش شەهید بوون و چەند کەسی دیکەش بریندار بوون.**

**ڕێکخراوی خەبات.ی شۆڕشگێڕی کوردستان ئەو کردەوە تیرۆریستییەی ڕژیمی بەنێو ئیسلامیی تاران، کە بێگومان درێژەی سیاسەتی دژەئینسانیی و دژەئازادیی ئەو ڕژیمەیە، بە توندیی مەحکوم دەکا. ئەو تاقمە تاوانبارە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنە سەرکارییانەوە تا ئەمڕۆ بۆ تاوێکیش لە پیلانی پیسی تیرۆریستیی و خۆشکردنی ئاوری ئاژاوەگێڕیی و کوشتن و تیرۆرکردنی دژبەرانی خۆیان، بە تایبەتییش لەنێو ڕیزی خەباتگێڕانی کوردستاندا، دەستیان ڕانەگرتووە و سڵیان لە هیچ بەربەست و سنوورێک نەکردۆتەوە. هەموومان ئەوە باش دەزانین کە تیرۆر و تۆقاندن سیاسەتی سەرەکیی و هەمیشەیی سەرانی ڕژیمی ئێران لە ناوخۆ و دەرەوە بووە، هەر بۆیە هەر کەس و هەر باڵ و لاباڵێکیان لەسەرکار بووبێ و هەر کۆمەڵ و دەستەیەکیان دەستی ڕۆیشتبێ لە درێژەدانی ئەو بەرنامە و داڕشتنی ئەو جۆرە پیلانانە دەستیان نەپاراستووە.**

**وەک دەبینین ئەمڕۆش هەر ئەو دڵە ڕەش و چنگ و قامکە خوێناویانەی کە بە قسەی خۆیان باس لە ئازادییەکان و مافی هاووڵاتییبوون دەکەن و گەڵاڵەکردنی پڕۆژەیەکی لەو جۆرە دەبەنە مەجلیسەکەیان، ، کەچی هەر ئەوانە لە دووریی هەزاران کیلۆمیتر لە تاران و لە دەرەوەی سنوورەکانی ژێر دەسەڵاتی نەگبەتیشیان، نەک هەر مافی هاووڵاتییبوون و ئازادیی، بگرە مافی هەناسەدان و ژیانیش بەوانە ڕەوا نابینن کە دڵیان بۆ ئازادیی لێدەدا و گیانیان بۆ دابینکردنی سەرەتاییترین مافی**

گەلەکەیان بەخت دەکەن.

ئێمە هەمیشە باوەڕمان وا بووە کە سیاسەتی کوشت و کوشتار و پیلانە تیرۆریستییەکانی ڕژیم نەک هەر ڕاناوەستن، بگرە ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەدەستێنن و میتۆد و شێوەی ترسناکتر بەخۆوە دەگرن، هەر بۆیە خەباتی ئەم قۆناغە و ڕووبەڕووبوونەوەی بەرنامەکانی ڕژێم و بەتاڵکردنەوەی پیلان و پلانە دژەئینسانییەکانی حەوجێ بە وریایی زیاتر و، لەوەش گرنگتر بە هەماهەنگیی و هاوکاریی بە کردەوەی ئێمە، هێزە سیاسییەکانی کوردستان، و تێکۆشەرانی نێو ڕیزی بزووتنەوە هەیە.

بەو بۆنە دڵتەزێنەوە سەرەخۆشیی و هاودەردیی گەرمی ڕێکخراوەکەمان، ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان، بە دۆستانمان لە سەرکردایەتیی حیزبی دێموکڕات و هاوەڵان و هاوسەنگەران و بنەماڵە و کەسوکار و دۆستانی شەهیدەکان ڕادەگەیەنین و هیوای چاکبوونەوەی هەرچی زووتریش بۆ بریندارەکان دەخوازین.

ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان - کومیتەی ناوەندیی

١ی بەفرانباری ١٣٩٥ی هەتاویی

٢١ / ١٢ / ٢٠١٦ی زایینیی

## پارتی تەقینەوەکەی کۆیەی سەرکۆنە کرد، ئامانجیان پشێوی و تێکدانی سەقامگیری و ئارامیی هەرێمی کوردستانە

بەداخەوە کاتژمێر (١٠)ی شەوی ٢٠ / ١٢ / ٢٠١٦ دوو تەقینەوە لەبەردەم بارەگاکانی (حدک) لە شاری کۆیە روویداو لە ئەنجامدا ژمارەیەک شەهید و بریندار لێکەوتەوە، ئێمە وێرای سەرەخۆشیمان لە کەسوکاری شەهیدەکان و هیوای

**چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان، ئەو کارە نەخوازراوانە کە ئامانجیان پشێوی و تێکدانی سەقامگیری و ئارامی هەرێمی کوردستانە، زۆر بە توندی ئیدانە و سەرزەنشت دەکەین و، هاوخەمی خۆمان بە خوشک و براو کەسوکاری قوربانیەکان و تێکۆشەرانی حزبی دیموکراتی کوردستان، رادەگەیێنین و، هیواخوازین لەمەودوا ئەو رووداوانە دووبارە نەبنەوە و زیاتر ئارامیی و ئاسایشی هەمووولایەک پارێزراوتر بێت.**

**مەکتەبی سیاسیی**

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**٢١ / ١٢ / ٢٠١٦**

## مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئیدانەی تەقینەوەکانی بەردەم بارەگای حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکات

**مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا ئیدانەی تەقینەوەکانی بەردەم بارەگای حزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆیە دەکات کە ئەمە دەقەکەیەتی:**

**شەوی (٢٠١٦/١٢/٢٠) دوو تەقینەوە لەبەردەم بارەگای دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆیە روویدا، بەداخەوە (٧) شەهیدو (٤) بریندراری لێکەوتەوە.**

**بەتوندی ئیدانەی ئەم کردەوە تیرۆریستیە دەکەین، پرسەو هاوخەمیی خۆمان ئاراستەی حزبی دیموکراتی کوردستان و**

کەسوکاری شەهیدەکان دەکەین و هیوای چاکبونەوە بۆ بریندارەکانیش دەخوازین.

راشیدەگەیێنین پەرۆشی بەئەنجام گەیشتنی لێکۆلینەوەکان لەبارەی تەقینەوەکانەوە. داواش لە هەڤاڵانی حزبی دیموکراتی کوردستان دەکەین، هاوکاری دەزگاکانی ئاسایشی ناوخۆ بکەن، بۆ ئەوەی راِستی رووداوەکان بۆ رای گشتی ئاشکرا بکرێن و بکەرانی رووبەروی یاسا بکرێنەوە.

راگەیاندنی مەکتەبی سیاسی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

٢١ / ١٢ / ٢٠١٦

## پەیامی بزووتنەوەی گۆڕان بە بۆنەی کردەوە تیرۆریستییەکەی شەوی یەڵدا بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان

بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان

لە بزووتنەوەی گۆڕانەوە

بە داخ و خەمێکی قووڵەوە هەواڵی کردەوە تیرۆریستییەکەی شەوی ٢٠١٦/١٢/٢٠ مان بیست، هاوبەشی ماتەم و پرسەی تێکۆشەرەکانتانین، لە خوای گەورە داواکارین گیانی ئەوان بە بەهەشتی بەرین بەرینی خۆی شاد بکات، بریندارەکانیش ساغ و سڵامەت بن.

بە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگا تایبەتمەندەکانی(پۆلیس و ئاسایش) دەزانین هەرچی زوە بکەری راستەقینەی ئەو تاوانە بۆ بیرورای گشتی گەلەکەمان ئاشکرا بکات، بۆ ئەو مەبەستەش هەمووان هاوکار و پشتیوان دەبین.

هەر سەرکەوتوو بن.

بزووتنەوەی گۆڕان

٢١ / ١٢ / ٢٠١٦

## ئەمینداری گشتی تەقینەوەکاني بەردەم حزبی دیموکرات ئیدانە دەکات



ئەمینداری گشتی یەکگرتوو ئیدانەی دوو تەقینەوەکەی بەردەم بارەگای حزبی دیموکراتی کوردستان دەکات لە قەزای کۆیە و پرسەنامەیەک ئاراستە دەکات، بۆ شەهیدەکان لێخۆشبوون و شیفا بۆ بریندارەکان دەخوازێت .

مامۆستا سەلاحەدین محەمەد، ئەمینداری گشتی یەکگرتوو لە پرسەنامەیەکی هاوخەمیدا دەڵێت،" بۆ بەڕێزان لە حزبی دیموکراتی کوردستان جەنابی مامۆستا عەبداللە و کاک خالد، بە بۆنەی هەوڵی تیرۆیستی و و شەهیدبوونی پۆلێک لە برایانی حزب و بریندابوونی چەندین کەسی سڤیل و مەدەنی پڕ بە دڵ هاوخەمی خۆمان دەرئەبڕین ".

لە پرسەنامەکەدا ئەمینداری گشتی یەکگرتوو دەشڵێت،" ئەو دەستە تیرۆریستیە ئیدانە دەکەین و بۆ شەهیدانمان داوای لێخۆشبوون و بۆ بریندارەکانمان شیفا دەخوازین ".

شەوی رابردوو لە کاتی بەڕێوەچوونی مەراسیمی شەوی یەڵدا و یادی لە دایکبوونی عەبدورەحمان قاسملو سکرتێری پێشووی

حزبی دیموکرات، دوو تەقینەوە لەبەردەم بارەگای دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستان روویاندا و بەهۆیەوە ژمارەیەک شەهید و برینداری لێکەوتووە.

٢١ / ١٢ / ٢٠١٦

## کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان ئیدانەی تەقینەوەکەی کۆیە دەکات

پاش دوو رۆژ لە تەقینەوەکەی بەردەم بارەگای مەکتەبی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە ژمارەیەک پێشمەرگەو هێزی ئاسایش تێیدا شەهیدو برینداربوون، کۆمەڵی ئیسلامی لە بەیاننامەیەکدا ئەو کردەوەیە مەحکوم دەکات.

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان ئیدانەی تەقینەوەی شەوی ١٩- ٢٠ / ١٢ / ٢٠١٦ نزیک یەکێک لە بنکەکانی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئیدانەو مەحکوم دەکاتو ئەم کارە بە هەوڵێک بۆ تێکدانی باری ئەمنی کوردستان دەزانێت، بۆیە دەخوازێت دامودەزگا ئەمنییەکان پەلەبکەن لە لێکۆڵینەوەو گەیشتن بە دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی ئەو تەقینەوەیە.

ئەنجومەنی سیاسی

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان


٢٢ / ١٢ / ٢٠١٦

# حزبی شیوعی بەشداری پرسەی حزبی دیموکراتی کرد



رۆژی چوار شەممە ٢١ - ١٢ - ٢٠١٦ شاندێکی باڵای حزبمان بە سەرۆکایەتی دکتۆر کاوە مەحمود سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حزب و پەیوەندییەکانی ناوەندی، بەشداری مەراسیمی پرسەی ژمارەیەک پێشمەرگەی حزبی دیموکراتی کوردستانیان لە شارۆچکەی کۆیە کرد، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەکردن.

هەر بەم بۆنە خەمناکەوە شاندی حزبی شیوعی بروسکەی ماتەمینی حزبیان پێراگەیاندن ئەمەی خوارەوە دەقی بروسکەکەیە:



بەڕێز/ دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستان

ب/ پرسەی ماتەمینی

سڵاوڕێز ...

بەبیستنی ئەو کردەوە تیرۆرستیەی لە ٢٠١٦/١٢/٢٠ لەبەردەم بارەگای دەفتەری سیاسی حزبتان روویدا کە بوە هۆی شەهید بوونی ژمارەیەك لە پێشمەرگە تێکۆشەرەکانتان لە ناخەوە نیگەران و دڵگرانی کردین ، بەم بۆنە خەمناکەوە بەناوی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و سەرجەم کادیر و ئەندامانمان پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادە سەربەرزەکانیان و سەرجەم کادیر و ئەندامان و لایەنگرانتان دەکەین .

بەڕێزان / حزبە تێکۆشەرەکەتان لە مێژووی تێکۆشانیدا بە هەزاران شەهیدی پێشکەش کردووە لە پێناو ئازادی و سەرفرازی و مافی رەوای گەلەکەمان دوژمنانیش هەمیشە هەوڵیان داوە بەهەر شێوازێك بێت ئەو خەباتە لە باربەرن تا گەلی کوردستان بە ئاوات و ئامانجەکانیان نەگات ئەو کارە تیرۆرستیە ترسنۆکانە گەلەکەمان سل ناکاتەوە لە درێژەدان بە خەباتی بزاڤی رزگاریخوازی گەلەکەمان بەڵکو دەبێتە هۆکارێکی زیاتر بەو تێکۆشانە لە پێناو وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجی دێرینەی گەلەکەمان لە کوردستانی رۆژهەڵات .

دووبارە پرسە و سەرەخۆشیمان قبوڵ بفەرموون .

سڵاو بۆ شەهیدە نەمرەکان

حزبی شیوعی کوردستان
KCP
مەکتەبی سیاسی
حزبی شیوعی کوردستان

# کردەوەی تیرۆریستی بۆ سەر بنکەی حیزبی دێمکراتی کوردستان مەحکوم دەکەین

شەوی ٢٠ لە سەر ٢١ی دیسامبری ٢٠١٦ی زایینی تەقینەوەی تیرۆریستی لە نزیک یەکێک لە بنکەکانی دەفتەری سیاسیی حیزب، شەهیدو برینداربوونی ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لێ کەوتەوە.

ئێمە لە لایەن کومیتەی ناوەندی ڕێکخراوی یاری کوردەوە ئەم کردەوە تیرۆریستیە بە توندی مەحکووم دەکەین و هیوادارین کە لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستان بە جدی لێکوڵینەوە لە سەر ڕوداوەکە بکەن بۆ ئەوەی بە ئەنجامێکی باش بگەن . بۆ ئاشکرا کردنی سەرچاوەی ئەم جۆرە کردەوانە هەنگاوی پێویست هەڵگرن و رای گشتی لێ ئاگادار بکەنەوە ئەمە یەکەم کردەوەی تیروریستی نیە بە دژی ڕوڵەکانی نەتەوەکەمان و هێزە سیاسیەکانی ڕوژهەڵاتی کوردستان و بە دڵنیایەوە ئاخرین هەوڵیش نابێت.

ئێمە دڵنیاین ئەم کردەوە قیزەونانەی کاربەدەستانی تاران بە دژی ڕوڵەکانی نەتەوەکەمان و تێکوشەرانی ڕێگای رزگاری کورد و کوردستان درێژەیان هەیە ،بەڵام تروریستان و داگیرکەرانی خاکی پیروزی کوردستان دڵنیا دەکەین کە ئەو کردەوە قیزەون و ترسەنوکانە ناتوانێ ئیرادەی بە هێزی ڕوڵە و تێکوشەرانی کورد بە چوکدا بێنی بەڵکوو ئیرادەی گەل و پارێزەرانی وڵات بەهیزتر دەکا بۆ بەرنگار بوونەوەی زیاتر دژی تاریکپەرستانی تاران.

لە کۆتایدا بەم بۆنەوە سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆمان بۆ ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵە تێکۆشەرەکانی ئەو شەهیدانە دەردەبڕین و خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین.

سەرە خوشی دەکەین لە بنەماڵەی و کەس و کاری ئەو ئەندامەی ئاسایشی کویە کە خوێنی تێکەڵ بە خوێنی تێکوشەرانی روژهەڵاتی بوو چووە ڕیزی نەمرانی نیشتمانەکەمانەوە.

کومیتەی ناوەندی رێکخراوی یاری کورد

٢١ / ١٢ / ٢٠١٦

## هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر بارەگایەکی حزبی دیموکراتی کوردستان شەرمەزار دەکەین

شەپۆلی توند و تیژی و تیرۆر لەرۆژهەڵاتی ناوین و بە تایبەت کوردستان لەپێناو چەوساندنەوەو سەرکوت کردن و تۆقاندنی ئیرادەی ئازادیخوازی گەلانی ناوچەکە و بە تایبەت گەلی کورد لەسەرجەم بەشەکانی کوردستان لەپەرەسەندایە. ئەو شەپۆلە تیرۆرەی ناوچەکەی گرتووەتەوە مەترسییەکی جددییە بۆ سەرجەم هێزە ئازدیخوازەکانی جیهان و ناوچەکە. ئەو هێز و دەوڵەتانەی کە ئەمڕۆ پاڵپشتی تیرۆر و توندوتیژی لەناوچەکەدا دەکەن سام و ترسێکی مەزن یان لەتێکۆشانی رەوا و دیموکراتیکی گەلی کورد هەیە، تایبەت رۆژنامەنووسان، سیاسەتمەداران، پارێزەرانی مافی مرۆڤ و چالاکانی سیاسی، پێشمەرگە و گەریلا تێکۆشەرەکانی گەلی کورد کەوتوونەتە بەر ئامانجی ئەو هێرشە تیرۆریستیانە.

شەوی سێشەممە رێکەوتی ٢٠ی دسامبر هێرشێکی چەپەڵ کرایە سەر بارەگایەکی حزبی دیموکراتی کوردستان و بە دوو تەقینەوە پێشمەرگەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان بوونە ئامانج و بەداخەوە ٥ پێشمەرگەو دوو ئەندامی ئاسایش شەهید کران و ژمارەیەکیش بریندار بوون. ئێمە ئەو هێرشە تیرۆریستییە شەرمەزار دەکەین و هاوخەمی خۆمان بۆ بنەماڵەی ئەو شەهیدانەو حزبی دیموکرات دەردەبڕین و هیوای چاکبوونەوە بۆ برینداربووەکان دەخوازین.

ئەوەش لەکاتێکدایە کە سەرجەم پارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەقۆناخە جیاجیاکاندا بوونەتە ئامانجی کردەوە تیرۆریستەکانی رژێمی داگیرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران و بە رێگای تیرۆرەوە بەردەوام ئاستەنگی لەبەردەم تێکۆشانی رەوای گەلی کورد دروست کردووە. بۆیە ئەو هەوڵە تیرۆریستیانەیە شەرمەزار دەکەین و بۆ مایەپووچ کردنی ئەو تیرۆرانە

بانگی بە بەهێزکردنی تێکۆشان و یەکێتی نەتەوەیی دەکەین.

مەجلیسی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)

٢٢ / ١٢ / ٢٠١٦

## بزووتنەوەی کۆماریخوازان، کردارە تێرۆریستیەکەی بەردەم بنکەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، مەحکووم و ئیدانە دەکات

**هاوْنیشتیمانە خۆشەویستەکان**

**خەلکی مافخوازی کوردستان**

شەوی سێشەممە رێکەوْتی ٢٠ – ١٢ - ٢٠١٦، دوو تەقینەوە لەبەردەم دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شارۆچکەی کۆیە روویاندا،و بەداخەوە بوون بە هۆی شەهیدبوونی پێنج پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات و کارمەندێکی ئاسایشی هەرێمی کوردستان.

لەم پەیوەندییەدا:

بزووتنەوەی کۆماریخوازانی رۆژهەلاتی کوردستان، دەگەل ئیدانە و مەحکوم کردنی ئەم کردارە تێرۆریستیە، خۆی بەهاوْخەمی برایانی حیزبی دەزانێ،و بەم هۆیەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەریوەبەرایەتی حیزبی دیموْکرات،و برایانی ئاسایشی هەرێم، و گشت پێشمەرگە و ئەندامان،و بنەمالەی سەربەرزی شەهیدەکان دەکات،و هێوا بۆ

جێگیربوونەوەی هەرچی زووتری ڕەوشی تەندروستی بریندارەکان، دەخوازێ.

شورای هەماهەنگی/ بزووتنەوەی کۆماریخوازانی ڕۆژهەلاتی کوردستان

٢١ / ١٢ / ٢٠١٦

## تەقینەوەی دەوڵەتی تێرۆریستیی فارس لە بنکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان



دەوڵەتی دڕندەی فارس بە مەبەستی چراخان کردنی شەوی یەلدای خۆی، ئەمشەو بە هێرشێکی دڕندانە بۆ سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵکوژ کردنی پۆلێک لە تێکۆشەرانی ئەم حیزبە، شەوی یەلدای کوردانی تاریکتر و ساردتر و درێژتر کرد. دەوڵەتی فارس کە بە درێژایی تەمەنی خۆی، دڕندەیی داعش ئاسا و کڵپ و چنگی تیژ و خوێناوی خۆی هەرگیز لە کوردان نەشاردۆتەوە و ڕێگە و ڕێکار نەما بۆ لە ناو بردنی کورد نەگرێتە کار، بەم هێرشە دەیهەوێت پەیامگەلێکی ترسناک بە کورد بگەیەنێت.

ئەم هێرشە خوێناوییە کە دوای سالانێک وچانی تێرۆریستیی و ڕۆژێک دوای ڕاگەیاندنی 'جارنامەی مافی هاوولاتییان' ڕوو دەدات، لە لایەن داگیرکەری فارسەوە هەڵگریی سێ پەیامە.

پەیامی یەکەم، کردەوەیی کردنی هەڕەشەکانی هاوینی ئەمساڵی بوو کە بنکەی تێکۆشەرانی کورد لە هەموو شوێنێک دەکەنە ئامانج و بێگومان مەبەستیان تەنیا هێرشی لەشکەریی نەبووە و بەڵکوو دەستیان بۆ هێرشی تێرۆریستیش ئاواڵەترە و ئێستا ئەم تەقینەوەیە گێڕانەوە لە دەستپێکردنەوەی شەپۆلێکی نوێی تێرۆریستی لە دژ بەرهەڵستکارانی دەوڵەتی فارسی داگیرکەر دەکات.

**پەیامی دووهەمی** ئەم کردەوە تێرۆریستییە ئەوەیە کە ئێمەی کورد تێبگەیەنێت کە ئەوە برایەتیی و پێکەوە ژیانی کورد لەگەڵ نەتەوەی باڵادەست و داگیرکەرە کە 'خەونی شاعیرانەیە' و هەرگیز نایاتە دی. گەلیی نەتەوەی باڵادەست بە هەڵبژاردن و دەست نیشان کردنی دەوڵەتە فاشیستیی و داگیرکەرەکانیان هەستی ڕاستەقینەی خۆیان نیشانی کورد داوە و ئێستا بە هەموو زمانێکی کە تێرۆر یەکێک لە تیژترین زمانەکانیانە، پێشانمان دەدەن کە کورد نابێت چی دیکە بۆ دێموکراتیزە کردنی وڵاتی داگیرکەرانی خۆی قوربانی بدات، بەڵکو تاقە ڕێگا بۆ پاراستنی تەناهی نەتەوەیی و گیانی هاوڵاتیانی خۆی دەستەبەر کردنی سەروەریی نەتەوەیی و سەربەخۆییە.

کورد ئێستا ماوەی نیوسەدەیە بۆ دیموکراتیزە کردن یان یەکسانیی کۆمەڵایەتیی لە وڵاتی ئەواندا لە ژێر پاساوی دێموکراسیی بۆ ئێران، و حکومەتی کرێکاریی یان ئێرانی فێدراڵی تێکۆشان دەکات و قوربانیی دەدات و جەرگی دایکانی دەسووتێت، بێ ئەوەی فارس خۆی بەشداریی لەم خەباتانەدا بکات، بەڵام وەڵامی ئەوان بە کردەوە کوشتار و سەرکوت و تێرۆر یان هەر نەبێت نکۆڵیی شوناسی نەتەوەییمانە. بە گەواهی هەمووان فارس بە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزیسیۆنییەوە نەک تەنیا بەشداریی چالاکی لە خەباتی دێموکراتیزە کردنی وڵاتی خۆیدا نەکردووە، بەڵکوو هەمیشە تێکۆشەرانی کوردیان بە تێرۆریست زانییوە و ڕاستەوخۆ پشتگیریی دەوڵەتی دڕندەی خۆیان کردووە.

پرسیار ئەوەیە کە تا کەی کورد دەبێت بۆ خزمەتی وڵات و نەتەوەی داگیرکەر قوربانی بدات و خۆی بە کەمترین مافی هاووڵاتیی پلە دوو ڕازی بێت؟! ئەم هێرشە قیزەونە ئاگادار کردنەوەیەکە بۆ هەموو تاکێکی هۆشیاری نەتەوەیی و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتیی کوردستان کە کاتی توور دانی یوتوپیای 'پێکەوە ژیان' لەگەڵ نەتەوەی باڵادەست خەبات بۆ مۆدێلی فەرمانڕەوایی وەک فێدرالیسم، کۆنفێدرالیسم و دێموکراسی و سوسیالیسم بۆ ئەوان هاتووە.

پێویستە لایەنە سیاسییەکانی خۆمان گەرایشیان بۆ هەر مۆدێلێکی فەرمانڕەوایی هەبێت بۆ کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ و خاوەن سەروەریی نەتەوەیی بێت. سیاسەتوانانی کورد نابێت چی دیکە ببن بە تێئۆریسییەنی بێگانە و لاوانی کورد ببن بە سەربازی بە دیهێنانی دێموکراسیی و فێدرالیسم و کۆنفدرالیسم و سوسیالیسم بۆ ئەو دوژمنە بێگانانەی کە بە خوێنی سەرمان تینوون.

**پەیامی سێهەمی** ئەم هێرشە تێرۆریستییە ئەوەیە کە ئەم پرۆژەپیلانە مەترسیدارەی ئێران و تورکیا کە لە مانگی گەلاوێژی ئەمساڵدا هۆشداریمان دابوو لە ڕەوەندی جێبەجێ کردندایە و کورد دەرفەتی زۆر کەمی بە دەستەوە ماوە کە ئاجێندایەکی هاوبەش بۆ دەستەبەر کردنی یەکرێزی نیشتمانیی و یەکێتیی نەتەوەیی بە مەبەستیی ڕزگاریی نەتەوەیی ماوە.

جێگای سرنجە کە تەنیا ڕۆژێک دوای ڕاگەیاندنی جاڕنامەی مافی هاووڵاتییان، ئەم هێرشە قیزەونە بە دژی تێکۆشەرانی

کورد دەکرێت کە لە ڕاستییدا ئەو پەیامە بە کورد دەگەیەنێت کە بەشی کورد لە مافەکانی ئەم جاڕنامەیە و تەنانەت دێموکراسیی و فێدراڵیسم و حکومەتی کرێکاریی و هەر دەزگایەکی فەرمانڕەوایی فارس، تەنیا کۆمەڵکوژیی، زیندان و سێدارە و تێرۆر و قوربانیی دان و جەرگ سووتانی دایکانی کوردە.

پارتی سەربەخۆیی کوردستان وێڕای ئیدانە کردنی ئەم هێرشە و ڕیسوا کردنی دەوڵەتی داگیرکەری فارس ، سەرخۆشیی لە بنەماڵەی ئەم نەمرانە و حیزبی دێموکراتەکان و هەموو نەتەوەی کورد دەکات و هاوکات بانگەواز لە هەموو ئەو لایەنانەی کە لە پێناو یوتۆپیای 'پێکەوە ژیان'دا چەندین دەیەیە تێکۆشان دەکەن، ئەم جارە هێز و وزە بۆ تێکۆشان لە پێناو سەروەریی نەتەوەیی و ڕزگاریی نیشتمان گەیشتن بە سەربەخۆیی تەرخان بکەن. نەتەوەی باڵا دەست و دەوڵەتەکانیان بە هەزاران شێوە نیشانیان داوە کە خوازیاری ژێردەستی ئێمەن نەک 'پێکەوە ژیان'.

دەفتەر سیاسیی پارتی سەربەخۆیی کوردستان

٢٠ / ١٢ / ٢٠١٦

## پەیامی هاوخەمی سکرتێری گشتی یەکێتیمان بە بۆنەی تیرۆری ٦ پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان




بەڕێزان ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و کادر و پێشمەرگە خۆڕاگرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەواڵی دڵتەزێنی تیرۆرکردنی پێنج پێشمەرگەی حزبە تێکۆشەرەکەتان دڵی هەموو لایەکمانی هەژاند و بۆ جارێکی دیکەش فایلی ڕەشی کەڵەکەبووی ٣٧ ساڵی دەسەڵاتی ڕێژیمی تیرۆر و سێدارەمان خستەوە بەردەست.

ئەگەرچی لەو ٣٧ ساڵەی دەسەڵاتی پڕ لە تۆقان و خوێنڕشتن و تیرۆرکردنی بەرهەڵستکارانی خۆی لە هیچ کەرەستەیەک

درێغی نەکردوە بەڵام تیرۆرکردنی ئەو رۆڵە قارەمانانەی گەلەکەمان بەو چەشنە هەموو لایەکمانی تووشی شۆک کرد. هەربۆیەش وریابوونی زیاتر و بەردەوام پەروەندەی تیرۆریزمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر مێزی کارو بیرمان دەبێت لە ئەولەویەتی کارمان دابێت.

هەربەو بۆنە دڵتەزێنەوە بە ناوی خۆم و هاورێیانم لە ریزەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان هاوخەمی و سەرەخۆشی ئاراستەی تەک تەکی رێبەرایەتی حیزبە تێکۆشەرەکەتان و سەرجەم کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بەگشتی و بەتایبەتی بنەماڵەی سەربەرزی ئەو شەش شەهیدە قارەمانە دەکەم، هیوادارم خوێنی بەناهەق رژاوی ئەو شەش رۆڵە قارەمانە بکەینە هەوێنی لێک تێگەیشتن و پێکەوە سازان بۆ بەرەنگاربوونەوەی رێژیمی داگیرکەر و کۆنەپەرەست و تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی ئێران.

بژی کورد پایەداربێ کوردستان

سمکۆ یەزدانپەنا

سکرتێری گشتی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان

## راگەیێندراوی PAK سەبارەت بە رووداوە تێرۆریستییەکەی بەردەم بارەگای حدک

شەوی پێشوو، لە کاتێکدا ئەندامانی حدک، لە حاڵی بڵاوە کردن لە رێورەسمی شەوی یەڵدا بوون، لە بەردەم بارەگای سەرەکیی ئەو حیزبە لە قەڵای کۆیە، تەقینەوەی دوو TNT، بووە هۆی شەهید بوونی 5 پێشمەرگە و منداڵی یەکێ لە بنەماڵەکانیان و هەروەها کارمەندێکی ئاسایشی کۆیە.

ساڵی رابردوو کە پارتی ئازادیی کوردستان لە بەرەکانی شەڕی داعشدا، کەوتە بەر پەلامارێکی تێرۆریستیی تاران و لە ئاکامدا ٣ فەرماندە و پێشمەرگەی گیانیان بەختکرد؛ حدک لەو لایەنانە بوو کە لە جیاتی وریا بوونەوە و ئەزموون

وەرگرتن لێی، لە ژێر کاریگەریی ماشێنی چەواشەکاریی دام و دەزگا تێرۆریستییەکانی ئێران لە جیهانی مەجازییدا ، لەگەڵ چەواشەکارییەکاندا رۆیشتن و تەنانەت، لە دەربڕینی سەرەخۆشییەکی سادە لە کەس و کاری شەهیدە سەربەرزەکانی پارتی ئازادیی کوردستان، خۆیان بوارد.

بەڵام، ئێستا کە ئەو رووداوە قەوماوە و پۆلێک لە رۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە گیانیان بەختکردوە؛ پارتی ئازادیی کوردستان کە خۆ بە خاوەن و خوێنگری هەر رۆڵەیەکی کورد دەزانێ کە بە دەستی داگیرکەران خوێنی دەڕژێ، تەنیا تاران لە پشت ئەم کردەوە تێرۆریستییەوە دەبینێ.

بۆیە، پارتی ئازادیی کوردستان، بە توندی ئەو کردەوە تێرۆریستییەی ئێران مەحکووم دەکا و هاوخەمی خۆی لە گەڵ کەسوکار و هاوڕێیانی شەهید و بریندارەکانی ئەو رووداوە رادەگەێنێ.

پارتی ئازادیی کوردستان PAK

١ی بەفرانباری ٢٧١٦

٢١ی دیسامبری ٢٠١٦

## سەرەخۆشینامەی پارتی سەربەستیی کوردستان بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستان.

بەڕێز: حیزبی دیمۆکراتی کوردستان

زۆر بە داخەوەین بۆ کارەساتی تەقینەوەکەیی ٣٠ی سەرماوەزی ٢٧١٦ ی کوردی، کە لە بنکەی سەرکردایەتی حیزبەکەتان روویدا.

سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان بە توندی ئەو کردەوە تروریستییەی کە بەرامبەر بە حیزبی دیمۆکراتی

کوردستان کراوە، ئیدانە دەکات، هەر لەو پێوەندییەدا سەرەخۆشی ئاراستەی سەرکردایەتی حدک و بنەماڵەی شەهیدە سەربەرزەکانی ئەم کردەوە تروریستیە دەکات. هیواخوازین کە بریندارەکانی ئەو کردەوەش بە زووترین کات چارەسەریان بۆ بکرێت و بگەڕێنەوە نێو هاوسەنگەران و بنەماڵەکانیان.

وەک پارتی سەربەستیی کوردستان پێمانوایە کە بە پێی ئەزموون و کردەو تروریستیەکانی بەردەوامی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی ٣٧ ساڵەی حوکمدارێتیاندا بەرامبەر بە لایەنە سیاسیە کوردیەکان و گشت ئازادیخوازاندا، کە ئەم کردەوەش زۆر لە کردەوەی دەزگای داپڵۆسێنەری ئیتلاعاتەوە نزیکە.

هەر لەو پێوەندییەدا پارتیمان داوا دەکات لە لایەنی پێوەندیدیداری حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە ئەنجامدەران و دەستەکانی پشت ئەو کردەوە تروریستییە ئاشکرا بکرێت، و ڕێگە نەدرێت کە دەستەڕەشەکانی ڕێژیمی داگیرکەری ئێران بگاتە سەر بنکەو ژیانی کوردانی رۆژهەلات لە باشوری ولاتەکەیان کوردستان.

جارێکی دیکە سەرەخۆشیتان ئاراستە دەکەین، و نەفرەت لە هەموو کردەوەیەکی تروریستی دەکەین.

ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان

١ی بەفرانباری ٢٧١٦ی کوردی بەرامبەر بە ٢١ / ١٢ / ٢٠١٦ ی زاینی

## *ڕاگەیەندراوی "پارتی لیبرال دیمۆکراتی کوردستان" بە بۆنەی تەقینەوەکەی شەوی یەڵدا.*

پارتی لیبرال دیمۆکراتی کوردستان بە بۆنەی تەقینەوەی بەر درگای بارەگای حزبی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیندراوێکی

بڵاو کردەوە کە ئەمش دەقی راگەیەندراوەکەیە.

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە لە کاتێکدا ئەندامان و لایەنگرای حزبی دیموکراتی کوردستان، لە رێورەسمی شەوی یەڵدا و یادی لە دایکبوونی شەهیدی رێبەر دوکتور قاسملو دەگەڕانەوە لە دوو تەقینەوەی بە دوای یەکدا کە بووە هۆی شەهید بوونی ٥ پێشمەرگەوە ئەو حزبە و دوو کارمەندی هێزەکانی ئاسایش و بریندار بوونی چەند پێشمەرگەیەکی دیکە، وێڕای مەحکوومکردنی ئەو کردەوە تیرۆریستییە ، گۆمان لەوە دا نییە کە ئەم کردەوە جەنایەتکارانە کاری سوپای پاسداران و سوپای قۆدسی رژێم تێرۆریست پەروەری ئێرانە، کە بەسەدان کردەوەی لەو چەشنەی لە کارنامەی خۆیدا تۆمار کردوە، بێگومان ئەم کردەوانە نە یەکەم جارە و نە ئاخرین جاریش دەبێت، بە لەبەر چاو گرتنی بارودۆخی ناوچەکە و کوردستان بە تایبەتی پیویستە هەموو هێزو لایەنە سیاسیە کانی رۆژهەڵات یەکگرتوو بن و  بە یەکگرتووی رووبەرووی کۆماری تێرۆریست پەروەرئێران ببینەوە.

بەناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی " پارتی لیبراڵ دیمۆکراتی کوردستان" وێڕای محکوم کردنی کردەوە تیرۆریستییە، پشتگیری خۆمان لە خەباتی رەوای حزبی دیموکراتی کوردستان دووپات دەکەینەوە و سەرەخوشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵی سەربەرزی شەهیدان و حزبی دیموکراتی کوردستان دەکەین و هیوای چاکبوونەوەیش بۆ برینداەکان دەخوازیت،

سەرکەوێت جوڵانەوەی ئازادی خوازی گەلی کورد. مەرگ ونەمان بۆ دوژمنانی کورد وکوردستان

پارتی لیبراڵ دیمۆکراتی کوردستان

ئەنجومەنی سەرکردایەتی

٣٠سەرماوەزی ٢٧١٦ بەرانبەر بە ٢١ی دیسمبری ٢٠١٦ی زایینی

# تەقینەوەکانی بەردەم بارەگای حیزبی دیموکراتی کوردستان ئیدانە دەکەین

شەوی ٢٠ / ٢١ - ١٢ - ٢٠١٦ لەدوای ئەوەی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان(حدک) لە قەڵای دیموکرات لە شارۆچکەی کۆیە، بە پەرۆشەوە خەریکی ئەنجامدانی ڕێورەسمی یادی لە دایکبوونی شەهید د.قاسملوی سەرکردەبوون و، دوای کۆتایی بەرنامەکەیان بۆ ماڵەکانیان دەگەڕانەوە، دوو تەقینەوەی بەدوای یەک لە نزیک پرسگەی بەر دەرگای قەڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕوویاندا، لەئەنجامدا ژمارەیەک شەهید و برینداری لێکەوتووە.

ئێمە لە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK بەتوندی ئیدانەی ئەم کردەوە تیرۆریستیە دەکەین، بێگومان ئەو کارە نەگریس و چەپەڵە هەوڵێکە بۆ تێکدانی باری ئاسایشی باشووری کوردستان و مەترسییەکی گەورەشە بۆ سەر حیزب و لایەنەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، داوا لەدەزگاکانی ئاسایش و پۆلیسی باشووری کوردستان دەکەین بەزووترین کات ئەنجامدەرانی ئەو کردەوە تیرۆریستییە ئاشکرا بکەن، بۆئەوەی ریسوا بکرێن و بەسزای خۆیان بگەن، تاوەکو ڕووداوی لەم جۆرە دووبارە نەبێتەوە، لەهەمان کاتدا داوا لە لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵات دەکەین زیاتر هاوکارو پشتیوانی یەکدی بن، لەبەرئەوەی ئەوەی بەرامبەر حیزبی دیموکراتی کوردستان کراوە، دوور نییە بەرامبەر لایەنەکانی دیکەش بکرێ، بۆیە پێویستە لەژێر چەترێکدا کۆببنەوە و تواناکانیان یەکبخەن و درێژە بەکارو خەبات و تێکۆشانیان لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا بدەن و هەماهەنگ بن بۆئەوەی کارەساتی لەم جۆرە دووبارە نەبێتەوە.

هەر لێرەوە پرسە و سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆمان بەکەسوکاری شەهید و قوربانییەکان رادەگەیەنین و، هیوای چاکبوونەوەی خێراش بۆ بریندارەکان دەخوازین.

- نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی ڕێی ئازادی و سەرخۆبوونی کوردستان.
- مردن و رووڕەشی بۆ تیرۆریستان و دوژمنانی کورد و کوردستان.

مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

٢١ / ١٢ / ٢٠١٦ هەولێر - باشووری کوردستان

# ڕاگەیەندراوی سکرتاریای لاوانی حیزبی شیوعی کوردستان سەبارەت بە تەقینەوە تێرۆریستیەکەی شەوی یەلدا لە کۆیە:

بۆ ڕای گشتی

لە ئەمشەودا، بەشێکی زۆری دانیشتوانی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی گێڕانی مەراسیم و دەربڕینی خۆشی و شادین بە بۆنەی (شەوی یەڵدا)ەوە کە بۆنەیەکی نەتەوەییە، بەڵام شەم شەمە کوێرەکانی دژ بە مرۆڤایەتی بێ گوێدانە ئەم شەوە پیرۆزە کوردییە ، شارێک خەڵتانی خوێن دەکەن.

ئێمە لە سکرتارییەتی یەکێتی لاوانی کوردستان،

ئەم کردەوە تیرۆریستیە بەکارێکی قێزەون و ترسنۆکانەی ناو دەبەین کە دژ بە هاونیشتیمانیانمان لە شاری کۆیە و لەبەردەم بارەگای حزبی دیموکرات،دوژمنەکانی ئازادی و ئاشتی و پێکەوە ژیان، بۆ تێکدانی دۆخی برایەتی کارێکی وەحشیگەرییانەیان ئەنجامدا.

بەو بۆنە خەمناکەوە، بەناوی یەکێتی لاوانی کوردستانەوە،بە توندی ئیدانەی ئەو هەوڵە تیرۆریستیە دەکەین، کە دژ بە برایانمان لە حزبی دیموکراتی ئێران ئەنجامدراوە، لەگەڵ ئەوەشدا هاوخەمی خۆمان بۆ هاوکارانمان لە لاوانی ئەو حزبە دەردەبڕین لەبەرامبەر ئەو کارە چەپەڵە.

داواش لە لایەنە پەیوەندیدار و ئەمنیەکانی سنوری کۆیە دەکەین هەرچی زووە هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسانەی لە پشت ئەم کردەوە تیرۆریستیە نامرۆڤانەوە بوونە و ڕووبەرووی یاساییان بکەنەوە بۆ ئەوەی بە توندی بە سزای خۆیان بگەیەنرێن.

لە كۆتـایدا پرسە و سەرخۆشی خۆمان ئاراستەی حزبی دیموكرات و هاوپیشاكانمان لە لاوانی ئەو حزبە دەكەین و سەری ڕێـز و نەوازشیش بۆ ڕووحی پەپولە ئاسای ئـەو شەهیدانە دادەنـوێنین كە لـەم كردەوە تیرۆریستیە شەهید بوونـە و هیـوای زوو چاكبونەوەش بۆ بریندارەكان دەخوازین.

سكرتـارییەتی

یەكێتی لاوانی كوردستان

٢٠ - ١٢ - ٢٠١٦

---

## بزووتنەوەی دیموكراتی گەلی كوردستان،پەیامێكی ماتەمینی ئاراستەی حزبی دیموكراتی كوردستان دەكا

بەڕێز / دەفتەری سیاسی  حیزبی دیموكراتی كوردستان

بەداخ و دڵگرانیەكی زۆرەوە شەوی رابردوو ٢٠ لەسەر ٢١ / ١٢ / ٢٠١٦ هەواڵی دوو تەقینـەوەمان بیست لەبـەردەم بارەگـای دەفتـەری سیاسی حزبـی دیمـوكراتی كوردستان و لەمانـەش دلتـەزێنتر هـەواڵی شەهید بـوونی ژمارەیـەك پێشمەرگەی حزبـی دیموكراتی كوردستان و كارمەندێكی ئاسایشی هەرێمی كوردستان و برینداربوونی پۆلێك پێشمەرگەو هاوڵاتی.

بەم بۆنە خەمناكەوە وێرای سەركۆنەكردنی ئەم هەوڵە تیرۆریستیە سەرەخۆشی لە حزبی دیموكراتی كوردستان و خانەوادەی شەهیدەكان دەكەین و هیـوای چاكبوونەوە بـۆ بریـندارەكان دەخـوازین ،بـەرێزان وەك ئاشكرایە كـاروانی خـەباتی نەپسـاوەی

پێشمەرگایەتی و گیانفیدایی نەمران(پێشەوا قازی و دکتۆر قاسملۆ و شەرەفکەندی) و دەیان تێکۆشەری دیکە بەردەوامە و دوژمنان هەردەم لە پیلانگێرانن دژ بە خەباتگێران و ئازادیخوازانی گەلەکەمان بەڵام رێگای تێکۆشان و بەرخودان بەردەوامە تا گەیشتن بە ئاسۆ و بێگومانیشین لەوەی تیرۆر ئەم خەباتە ناوەستێنێ و تیرۆریستان هەرشێوازو کردەوەیەک بەکار بهێنن ناتوانن بەرخودانی گەلەکەمان بوەستێنن.

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی کورد و کوردستان

سەرکەوێ خەباتی گەلەکەمان لەپێناو ئازادی و گەیشتن بە مافە رەواکانی.

نەفرەت و رووڕەشی بۆ تیرۆر و تیرۆریستان.

مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان

کانونی یەکەم ٢٢ – ٢٠١٦

## کۆدار: کردەوەی تیرۆریستی سەر حزبی دیموکراتی کوردستان شەرمەزار دەکەین



کۆدار، هێرشەکانی سەر بارەگای حزبی دیموکراتی کوردستان شەرمەزار دەکات و داواش لە هەموو حیزب و لایەنە کوردییەکان و گەلی کوردستان دەکات، کە بە رۆحی یەکێتی و هۆشیاری نەتەوەیی بجوڵێنەوە بکەن و بۆ دووبارە نەبوونەوەی رووداوی هاوشێوە.

کۆمەڵگای دیموکرات و ئازادی رۆژهەڵاتی کوردستان (کۆدار)، لە راگەیەندراوێکدا کە ئەمڕۆ بڵاویکردوە، هێرشەکانی بەردەم

بارەگای حزبی دیموکراتی کوردستان-ی شەرمەزارکرد.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا، کە وێنەیەکی بۆ ڕۆژنیوز نێردراوە، هاتووە:" بەداخەوە هەواڵی کردەوەی تێکدەرانە و تێرۆریستی سەر بارەگای حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە لە ئاکامدا شەهید و برینداربوونی چەند پێشمەرگەی ئەو حیزبەی لێکەوتەوە تەڤگەری ئێمە و سەرجەم گەلی کوردستانی خەمبار کرد".

هەروەها هاتووە:" وەک تەڤگەری کۆدار بە توندترین شێوە ئەو ڕووداوە قیزونە شەرمەزار دەکەین و سەرساخی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان و سەرجەم پێشمەرگەکانی، بنەماڵەی سەربەرزی ئەو شەهیدانە و گەلی کوردستان دەخوازین و هیواداین بریندارەکانی ئەو کردەوەیەش تەندروستی خۆیان بە زووترین کات بەدەست بێنن".

کۆدار، دەشڵێت:" داوا لە هەموو حیزب و لایەنە کوردی و گەلی کوردستان دەکەین لەو کاتە هەستیارەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوین و گەلی ئیمە پێی تێپەر دەبێت بە ڕوحی یەکێتی و هۆشیاری نەتەوەیی حەرەکەت بکەن و بۆ دووبارە نەبوونەوەی ڕووداو گەلێکی ئاوا، هەنگاوی جدی بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان هەلێننەوە".

شەوی ٢٠ لە سەر ٢١ی ئەم مانگە، لە کاتی بەڕێوەچوونی ئاهەنگی شەوی یەڵدا و یادی دکتۆر قاسملۆ، دوو تەقینەوە لەبەردەم بارەگای دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) لە شارۆچکەی کۆیە، ڕوویاندا و بەوهۆیە پێنج پیشمەرگەی ئەو حزبە و دوو کارمەندی ئاسایش شەهیدبوون و سێ پێشمەرگەش برینداربوون.

ش.ف

٢٢ / ١٢ / ٢٠١٦

# کردەوەی تیرۆریستییەکەی سەر بنکەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆیە شەرمەزار دەکەین

**شەوی سێشەممە ٢٩ی سەرماوەزی ٢٧١٦ ی کوردیی (٢٠ / ١٢ / ٢٠١٦) لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا بۆ سەر بنکەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە قەراخ شاری کۆیەی باشووری کوردستان، شەش پێشمەرگەی "حدک" و کارمەندێکی ئاسایشی کۆیە شەهید بوون و چەندیین پێشمەرگەی تریش بریندار بوون.**

**کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان وێڕای مەحکوومکردنی ئەم کردەوە تیرۆریستییە، سەرەخۆشیی لە بنەماڵەی ئەم شەهیدانە و بەڕێوەبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی ئەم حیزبە دەکات و خۆی بە هاوبەشی خەم و پەژارەیان دەزانێت و هیوای زووچاکبوونەوە بۆ برینداره‌کان دەخوازێت.**

**ئاشکرایە کە ئەم کردەوە تیرۆریستییانە لە دژی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشوور تەنیا دەتوانێ کاری کۆماری ئیسلامیی ئێران بێ تا بەم شێوەیە هەوڵی سەرکوتی زیاتری بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدات. وەک بەڵگەیەکیش دەکرێ ئاماژە بە هەڕەشەکانی بەرپرسانی سپای پاسداران و سوپای قودسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی لەم دواییانەدا بکەین کە هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوەیان لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لەناو خاکی باشووری کوردستاندا کردبوو. لەم بابەتەوە ئێمە یەکگرتوویی، هاوکاریی و هاوهەڵوێستیی هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامییدا بە پێویست دەزانیین، بۆ ئەم مەبەستەش پێکهێنانی کۆنگرە یا بەرەیەکی بەرفراوان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە باشترین وەڵام لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیی دەزانیین.**

**سەرکەوێ خەباتی ڕەوای گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دژی کۆماری تیرۆر و سێدارەی ئیسلامیی ئێران**

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

١ی بەفرانباری ٢٧١٦ - (٢١ / ١٢ / ٢٠١٦)

# تەقینەوەکانی کۆیە مەحکوم دەکەین

شەوی ٢٠ی دیسامبر، دوو تەقینەوەی تیرۆریستی لەنزیک بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەشاری کۆیە روویدا، لەئەنجامدا (٦) پێشمەرگەی حزبی دیموکراتی کوردستانو کارمەندێکی ئاسایش شەهید بوونو چەندین برینداریشی لێکەوتەوە.

ئێمە لەحزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ئەو کردەوە تیرۆرستیە بەتوندی مەحکومو ریسوا دەکەینو بەمەترسیەکی گەورەشی دەزانین بۆسەر ئارامیو ئاسایشی هەرێمی کوردستان. سەرەخۆشیش لەحزبی دیموکراتی کوردستانو بنەماڵەی شەهیدان دەکەینو هاوخەمی خۆمانیان بۆ دەڕدەبڕینو داوای زوو چاکبوونەوەش بۆ برینداەرکان دەخوازین، هەروەها داوا لەلایەنە ئەمنیەکانیش دەکەین لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر ئەو رووداوە بکەنو بکەرانو تاوانبارانی ئەو کارە تیرۆرستییە ئاشکرا بکەنو بەسزای رەوەیان بگەیەنن.

ئەنجومەنی کارگێڕی

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

٢١ / ١٢ / ٢٠١٦

# تەڤگەری ئازادی: پرسەو سەرەخۆشی لە خانەوادەی شەهیدان و هەمو ئەندامانی حیزبی دیموکرات دەکەین

شاندێکی تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگای کوردستان بەشداری پرسەی پۆلێک لە شەهیدانی حیزبی دیموکراتیان کرد، لە ناوەندی سەرەکیان لە کۆیە.

ئەمڕۆ، پێنج شەممە ٢٢ی ١٢ی ٢٠١٦ شاندی تەڤگەری ئازادی کەپێک هاتبون لە هەڤالان" رەحمان رەسوڵ و عەبدولوەهاب ئەحمەد - جێگرانی هاوسەرۆک، ئەبوبەکر مەجید - بەرپرسی ناوەندی سیاسەتی دیموکراتیک" بەشداریان لە پرسەی مەراسیمی پۆلێک شەهیدی حیزبی دیموکراتی کوردستان کرد، کە لە ئەنجامی تەقینەوەی دوو بۆمبی چێندراو لەبەردەم مەکتەب سیاسیی حزبی دیموکرات لە شاری کۆیە، کەبوە هۆی شەهید بوونی ژمارەیەک پێشمەرگەی و کارمەندی ئاساییشی شاری کۆیە.

بەمەبەستی تەقینەوەکەی بەردەم مەکتەب سیاسی حیزبی دیموکرات عەبدولوەهاب ئەحمەد بەماڵپەڕەکەیانی راگەیاند: بەناوی خۆم و تەواوی هەڤالانمان، پرسەو سەرەخۆشی لە خانەوادەی شەهیدان و هەمو ئەندامان و لایەنگیرانی حیزبەکەیان دەکەین. هیوادارین لایەنە پەیوەندارەکان، بە زووترین کات لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە بکەن و ئەنجامدەرانی بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکەن.

هەروەها وتیشی: لە مێژووی خەباتی سیاسی کورد دا، هەمیشە دوژمنان، ویستوویانە لە رێگەی تیرۆر و ڕەشە کوژییەوە خەباتی ئازادیخوازانەی گەلەکەمان سەر کوت بکەن. بەڵام هەمیشە خەباتی ڕەوای کورد بۆ ئازادی، لە گەشەکردن و بەرفراواندا بووە. نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی گەلەکەمان. نەفرەت لە

تیرۆرستان.

٢٢ / ١٢ / ٢٠١٦

## شەش فراكسیۆنی پەرلەمانی كوردستان تەقینەوەكەی بارەگای حزبی دیموكرات شەرمەزار دەكەن




**فراكسیۆنی گۆڕان، یەكێتی، یەكگرتوو، كۆمەڵ و شیوعی و بزوتنەوەی ئیسلامی لە پەرلەمانی كوردستان، ئیدانەی تەقینەوەكەی ٢٠ / ١٢ / ٢٠١٦ ی بەردەم بارەگای حیزبی دیموكراتی كوردستان لە كۆیە دەكەن.**

**دەقی بەیاننامەكە؛**

**بەیاننامەی فراكسیۆنەكانی گۆڕان، یەكێتی، یەكگرتوو، كۆمەڵ و شیوعی و بزوتنەوەی ئیسلامی لە پەرلەمانی كوردستان.**

**ئێمە لە فراكسیۆنی گۆڕان، یەكێتی، یەكگرتوو، كۆمەڵ و شیوعی و بزوتنەوەی ئیسلامی لە پەرلەمانی كوردستان، ئیدانەی تەقینەوەكەی ٢٠١٦/١٢/٢٠ ی بەردەم بارەگای حیزبی دیموكراتی كوردستان لە كۆیە دەكەین. سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهیدەكان دەكەین و هیوای زوو چاك بوونەوەش بۆ بریندارەكان دەخوازین.**

**ئەركی دەزگا پەیوەندیدارەكانە بە زوویی بەدواداچوون و لێكۆڵینەوە ئەنجام بدەن و، بكەران و ئەوانەی پشتی رووداوەكە بۆ رای گشتی ئاشكرا بكەن.**

**بە ئامانج گرتنی هەر لایەنێكی سیاسی لە رێگەی پەلاماری تیرۆرستیەوە، پێچەوانەی بنەماكانی دیموكراسی و مافی مرۆڤەو خزمەتی پێكەوە ژیان ناكات.**

**فراکسیۆنی گۆڕان**

**فراکسیۆنی یەکێتی**

**فراکسیۆنی یەکگرتوو**

**فراکسیۆنی  کۆمەڵ**

**فراکسیۆنی شیوعی**

**فراکسیۆنی بزوتنەوەی ئیسلامی**

**٢١ / ١٢ / ٢٠١٦**

## فراکسیۆنی پارتی تەقینەوەکانی کۆیە سەرکۆنە دەکات




**کاتژمێر (١٠)ی شەوی سێشەممە ڕێککەوتی (٢٠ / ١٢ / ٢٠١٦) لە بەردەم بارەگای دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک)، لە شارۆچکە کۆیە، دوو تەقینەوە ڕوویاندا و بوون بە هۆی شەهیدبوون و برینداربوونی ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان.**

**ئێمە لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، وێڕای ئیدانەکردنی ئەو تەقینەوانە، هەروەها هاوخەمی خۆمان بۆ خەباتگێڕانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کەسوکار و هاوڕێیان و هاوخەباتانی شەهیدەکان دەردەبڕین و هیوای زوو چاکبوونەوەیش بۆ بریندارەکان دەخوازین.**

**هەروەها هیواداریین ئەو کردەوانەی کە ئامانجییان شێواندنی هێمنی و ئاسایشی هەرێمی کوردستانە دووبارە نەبنەوە،**

داواکاریشین دەزگە ئەمنییەکانیش بەوپەڕی بەرپرسیارێتییەوە بە ئەرکی خۆیان هەڵسن و ئەنجامدەرانی ئەو کردەوانە دەستگیر بکەن.

نەشوان بەرزنجی

فڕاکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارلەمانی کوردستان

٢١ / ١٢ / ٢٠١٦

---

## لیژنەی پێشمەرگە داوای بە سزا گەیاندنی ئەنجامدەرانی تەقینەوەکەی کۆیە دەکات

دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە پەرلەمانی کوردستان ئیدانەی تەقینەوەکەی کۆیە دەکات و داوا دەکات ئەنجامدەرانی ئەو کردەوەیە بدۆزرێنەوە و بدرێنە دادگا.

لە ڕاگەیەندراوێکدا لیژنەکە دەڵێت "داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم دەکەین ئەوانەی لە پشت ئەم کارە تیرۆرستییەوەن لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت و بدرێنە دادگا تا باجی تاوانەکەیان بدەن."



Kurdistan Parliament - Iraq
General Directorate of Divan
*Directorate of Parliamentary and Committees Affairs*
*Peshmarga, Martyrs, Genocide victims and Detainees Affairs Committee*
NO:
Date:

پەرلەمانی کوردستان – عێراق
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لیژنەکان
لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی
ژمارە: ت
بەروار: ٢٠١٦/١٢/٢١

**بۆ رای گشتی**

ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆ سایدو زیندانیانی سیاسی، ئیدانەی ئەو کردوە تێرۆستیە قێزەونەی شاری کۆیە دەکەین کە بەرامبەر حیزبی دیموکراتی کوردستانی ( ئێران) لە شەوی ٢٠١٦/١٢/٢٠ کرا. هیودارین خوای گەورە شەهیدەکان بە بە هەشتی بەرینی خۆی شاد بکات و، چارەسەری زوو بۆ بریندارەکان دەخوازین. داوا لە لایەنە پەیوەندیدار ەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکەین ئەوانەی لە پشت ئەم کارە قێزەون و تێرۆرستەوەن بدۆزرێنەوە و، بدرێنە دادگاو، بەسزای تاوانی خۆیان بگەیەنرێن.

**لەگەڵ ڕێزماندا..**

ئاری محمد هەرسین

سەرۆکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی

چاپ/ محمد

شەوی ڕابردوو ٢٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٦ دوو تەقینەوە لە بەردەم بارەگای حزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆیە ڕوویاندا و پەیامنێری ئێن ئار تی ڕایگەیاند، تەقینەوەکان بەهۆی دوو ماتۆڕ سکیلی بۆمبرێژکراوەوە ئەنجامدراون.

تەقینەوەکانیش پێش تەواو بوونی مەراسیمی شەوی یەلدا ڕوویانداوە، شەوی یەلدا کە هاوکات شەوی لە دایکبووی عەبدولڕەحمان قاسملو سکرتێری شەهیدکراوی ئەو حزبەیە و هەروەها بە درێژترین شەوی ساڵ دەزانرێت لە ناو حزبی دیموکراتدا بۆنەی بۆ بەڕێوە دەچێت، شەوی ڕابردووش بۆ ئەو بۆنەیە

مەراسیمێکیان بە بەشداری ژمارەیەک میوان و پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان بەڕێوە برد.

بەهۆی تەقینەوەکەوە حەوت کەس شەهید بوون ، کە پێنجیان پێشمەرگە و دووانیشیان کارمەندی ئاسایش بوون.

٢٢ / ١٢ / ٢٠١٦

## پەیامی فیدراسۆنی کۆمەڵەورێکخراوەکانی عێراق - کوردستان سەبارەت بە دوو تەقینەوەی تیرۆریستی بەردەم بارەگای حیزبی دێموکراتی کوردستان:

بۆ بەڕێز دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان - ئێران بەڕێز سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان

بەڕێزان بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان.

بابەت - پرسەنامە

بە رێزان... بەداخ و بەژارەیەکی زۆرە وە هەواڵی دووتەقینەوەی تیرۆرستیمان بیست لە شەوی ٢٠ / ١٢ / ٢٠١٦ لە شاری کۆیە کە لە ئەنجامدا پۆلێک شەهید وژمارەیەک بریندارى لێکەوتەوە ئێمە لە فیدراسۆنی کۆمەڵە و رێکخراوەکانی عێراق - کوردستان وێڕای نیگەرانیمان لەم شێوازە درندانەی تیرۆر و کردەوە تیرۆرستیە.

بە توندی ئیدانە دە کەین و هیواداریین لە زووترین کات ئەنجام دەران و بکەرانی ئەم کردەوە تیرۆرستیە بدۆزرینەوە و رووبەرووی دادگابکرینەوە تا بە سزای یاسای بگەیەنرێن وە هیوای چاکبونەوەی زووتر دە خوازین بۆ بریندارەکان . لێرە شەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستە هەریەک لە بەڕێزان دەفتەری سیاسی و سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران و بنەماڵەی سەربەزی شەهیدان دەکەین و بەشدار و هاوخەمتانین.

لەگەڵ ریزدا

سۆران ڕەمەزان علی

سەرۆکی فیدراسۆنی

کۆمەڵەوڕێکخراوەکانی

عێراق - کوردستان

٢٢ / ١٢ / ٢٠١٦

## *پەیامی کۆمیتەی کەمپینی یەکبوون بە بۆنەی شەهیدانی شەوی یەڵدا.*



بەشدارانی بەڕێز،

تێکۆشەرانی ڕێگەی رزگاری و ئازادی،

کردەوە تیرۆریستیەکەی یەڵدای خوێناوی بەر دەرگای قەڵای دێموکڕات لە کۆیە، ئێمەی لێرە کۆکردۆتەوە تا هاودەردی خۆمان لە گەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و کەس و کاری شەهیدان ڕابگەیەنین. کۆبووینەوە تا پەیمانی وەفاداری بە ڕێبازی شەهیدانمان نوێ بکەینەوە و بەڵێن بدەین کە ڕێگە و ڕێبازیان ڕێگەمانە و تا سەرکەوتن دەستبەرداری ئامانجە پیرۆزەکانیان نابین. کۆبووینەوە تا تێرۆر و تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی ئێران و تێرۆر بە هەموو شێوەکانیەوە مەحکووم و ریسوا و شەرمەزار بکەین.

جمهوری ئیسلامی لە دەرفەتی یەکنەبونمان و لاوازی ئەمنی و ناتەبایی هێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردوستان کەڵکیان وەرکرتوە و دور لەهەر بنەمایەکی مروڤایەتی و ترسنوکانە بە دانانی چەند بۆمبی سوتێنەر رۆڵە قارەمانەکانی دێمۆکراتیان کرد بە ئامانجی چەپەلی خۆیان.

ئێمە لێرەوە جارێکیتر تێرۆر و تێرۆریزم و کۆماری ئیسلامی ئێران مەحکوم دەکەین، لەم فرسەتە کەڵک وەردەگرین بۆ ئەوەی جارێکیتر داوا لە هەر دوو لایەنی دێموکڕات بکەین کە بۆ بەهێز بوون، بۆ بەگژداچوونەوەی دژمنانی سوێند خواردووی گەلەکەمان، بۆ بەرەنگاری و بەرپەرچدانەوەی پیلانەکانی دژمن، بۆ دڵخۆشی کەس و کاری شەهیدان، بۆ وڵامدانەوە بە داخوازیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لە سەرووی هەموویانەوە بۆ ئارامگرتنی روحی شەهیدەکانمان، پێویستە پرۆسەی یەکگرتنەوە درێژە پێبدەن و کۆسپەکانی سەر رێگەی وەسەریەک کەوتنەوەی بنەماڵەی دێموکڕات وەلا بنێن و لە یەک سەنگەردا درێژە بە خەبات و تێکۆشان بدەن.

هەروەها داوا لە سەروکایەتی هەرێمی کوردوستان دەکەین لەراست ئەو بێحورمەتیە کە بە خاکی کوردوستان دەکرێت بێدەنگ نەبن و لە ناساندنی دەستی چەپەل و نگریسی ترۆریستان هاوکار و هاودەنگی دێمۆکراتەکان بن.

مەرگ و نەمان بۆ تێرۆر و کۆماری ئیسلامی ئێران

سڵاو لە روحی شەهیدانی شەوی یەڵدا و هەموو شەهیدانی سوورخەڵاتی گەلەکەمان

کومیتەی کەمپینی یەکبوون

٢٥ / ١٢ / ٢٠١٦

## پەیامی هاوخەمی کومیتەی ح د ک، بە بۆنەی کردەوە تێرۆریستییەکەی شەوی ای بەفرانبار

شەهیدان مەشخەڵانی رێگای رزگاری و سەربەستیی نیشتمانن

لە کاتێکدا لە شار و گوندەکانی کوردستان و دەرەوەی وەڵات ڕۆڵەکانی دێموکرات سەرقاڵی کۆڕی شادی و شادمانی شەوی یەڵدا، شەوی لەدایک بوونی پێغەمبەری ئاشتی و هاوڕێی هەتاو دوکتور عبدولرەحمان قاسملو و هەروەها لە پێشوازی هاتنی سەری ساڵی نوێی زایینی دا بوون، هەواڵمان پێ گەیشت کە دەستی تاوان و بەرەی جەهل وتاریک پەرەستی دەستی لەهەتاو وروناکی وەشاندوە!

بەداخێکی زۆر گرانەوە بیستنی هەواڵی دوو تەقینەوەکەی بەردەرکی قەڵای دێموکڕات هەموومانی ماتەمباروغەمبار کرد، کە بوو بەهۆی شەهید بوونی حەوت ڕۆڵەی قارەمانی کوردستان، پێنج پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دوو ئەندامی ئاسایشی کۆیە و بریندار بوونی چوار تێکۆشەری تر.

بۆ ئەو مەبەستە لە حەولێکی ترسەنۆکانە و زەبونانەدا لە نیزیک دەرکی قەڵای دێموکڕات لە شاری کۆیە بە تەقاندنەوەی دوو بۆمبی بە دوای یەکدا قەڵافەتی حەوت ڕۆڵەی گەل حەوت پێشمەرگەی دوو پارچەی کوردستانی خەڵتانی خوێن کرد.

ئەوەش سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە کۆماری پەت و سێدارەی ئێران داعش ئاسا مەبەستی سەرەکی نەمان و فەوتانی ڕۆلەکانی نەتەوەی کوردە بێ جیاوازی.

هەربەو بۆنەوە کومیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەوڵاتی فینلاند بە نوێنەرایەتی سەرجەم ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو وڵاتە پرسە و هاودەردی وهاوخەمی خۆی ئاراستەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی یەلدای خوێناوی و هەموو خەڵکی کوردستان دەکا، لە هەمان کاتدا جارێکیتر لە گەڵ گیانی پاکی شەهیدانی سورخەڵاتی یەڵدا و هەموو شەهیدانی حیزب و گەڵ، بە تایبەت پێغەمبەری ئاشتی دوکتور قاسملوی هەمیشە زیندوو پەیمانی وەفاداری و ئەمەگناسیمان نوێ دەکەینەوە کە تا سەر و تا وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجی بەرزی شەهیدانمان درێژەدەری ڕیگا و ڕێبازیان دەبین و دەست لە خەبات و تێکۆشانمان لە دژی ڕژێمی پەت و سێدارەی ئیسلامی ئێران حکومەتی تاریکی و دژی مرۆڤایەتی هەڵناگرین .

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی یەڵدای خوێناوی

مەرگ و نەمان بۆ ڕژێمی تیرۆریست پەروەری جمهوری ئیسلامی ئێران

سەرکەوێ خەباتی ئازادیخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەموو بەشەکانی کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیتەی گشتی فینلاند

فینلاند - ٢٣ / ١٢ / ٢٠١٦

## پەیامی هاوەردی کومیتەی هەڤکاری پارتە کوردستانییەکان لە هولەند بە بۆنەی کردەوە تێرۆریستییەکەی یەلدا خوێناوی.یەوە

**بە ناوی خوای گەوەرە**

**شەهیدان روناکی رێگای رزگاری و ئازادین**

**جەماوەری کولنەدەری کوردستان**

**کورانی گەل و نیشتیمان**

**لە کاتێکدا دونیا سەر قالی گێرانی ئاهەنگ و خوشیە ،بە بونەی هاتنی سالی تازەی زاینی هەڤالانی حزبی دیموکراتی کوردسانیش خەریکی خوشی بون بە بونەی روژی لە دایک بونی شەهیدی سەرکردە دکتور عبدوالرحمن قاسملو و شەوی یەلدا ،بەلام بە داخەوە دەستی رەشی تیرور گەیشتە ناو پێشمەرگە قارەمانەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان و بە ئەنجام دانی دوو تەقینەوە دەیان کەس بو نە قوربانی. دلنیاین کە ئەمە یەکەم قوربانی و کوتا قوربانی نابێت لە ناو حزبی شەهیدان, ولە و بروایەداین خوێنی سوری شەهیدەکانمان لە سەر ئامانجەکانمان سوورترماندەکەن.**

**ئێمە وەک هەڤکاری پارتە کوردستانیەکان لە هولەندا ،وێرای پروتستو کردنی ئەم تاوانە و کردە تروریستیە ی بەردەرگای مەکتەبی سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستان دەلێین هەمومان پێشمەرگەی روژهەلاتی کوردستانین و و ئەو تاوانە قیزە وەنانە زیادتر هاندەرمانە بو زیادتر خەبات کردن بو ئازادی نیشتیمان . ،لە خودای گەورە داوا دەکەین شەهیدانمان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و هەرچی زوتر بریندارەکان بە تەندوروستیەکی باش بگەرن ناو کەسو کارو هاوسەنگەرانیان داوا لە دەزگایەکانی ئاسایش و هێزە ئەمنیەکانی هەرێمی کوردستان دەکەین کە بە دوا چونی جیدی بو دوزینەوەی تومەتباران و رادەست کردنیان بە دادگا بکەن بو ئەوەی بە سزایی یاسایی خویان بگەن. و لە م بوارەدا دلنیاین کە گەلی کوردستان بە گشتی و حزبەکانی باشوری کوردستان دەبن باشترین سەر چاوەی زانیاری بو دوزینەوەی تاوانباران ،و رێگە لە**

دووباره نه بونی ئەم جوره کارەساتانه.

روحی شەهیدان شاد

بژی کوردو کوردستان

یان کوردستان یان نەمان

هەڤکاری، پارته کوردستانیەکان له هولەندا

٢٦ / ١٢ / ٢٠١٦

## تەڤگەری جەوانانی کورد له رۆژئاوای کوردستان، وێڕای مەحکوم کردنی تەقینەوەی تیرۆریستی بەردەم دەفتەری سیاسی حدک، هاوخەمی خۆیان دەربڕی:

حركة الشباب الكورد :ندين التفجير الإرهابي الإيراني في مقر حدک و نتضامن مع اخوتنا في شرقي كوردستان

في احتفالية ميلاد القائد و الشهيد الكوردستاني الدكتور عبدالرحمن قاسملو ، التي كان يحييها اتحاد الشبيبة الديمقراطي الكوردستاني - إيران في مقر المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكوردستان- ايران (حدک) بمدينة كوية في إقليم كوردستان، أقدمت المخابرات الإيرانية على تفجيرين متتالين أمام المقر بشكل سافر و جبان و أديا إلى استشهاد ستة من عناصر البيشمركة و كوادر الحزب و إتحاد الشبيبة و عنصر أسايش و جرح آخرين .

إن هذه الأعمال الإرهابية الغادرة ليست بعيدة عن قيم و مفاهيم نظام الجمهورية الإسلامية الإرهابي القمعي التي ارتكبت عشرات الإغتيالات خارج إيران من اغتيال الشهداء القادة قاسلمو و شرفكندي في اوربا على هذه العملية في إقليم

کوردستان .

إننا في حركة الشباب الكورد نستنكر التفجير الإرهابي الذي نفذته ايادي الاستخبارات الإيرانية على أرض جنوبي كوردستان و نطالب المنظمات الإنسانية و الدول بالوقوف على أفعال هذا النظام المجرم أكثر الأنظمة فتنة و قتلا و فسادا و تسببا في عدم استقرار المنطقة و العالم، و نتضامن مع شعبنا في شرقي كوردستان و قواه التحررية ، و نعزي إتحاد الشبيبة الديمقراطي الشرقى الكوردستان و - لحزب الديمقراطي الكوردستان - ايران و ذوي و رفاق الشهداء و ندعو الله تعالى أن يلهمهم الصبر و السلوان و بالشفاء العاجل للجرحى .

الخلود لشهداء حركة التحرر الكوردستانية

النصر لقضية شعبنا و ثواره الأحرار

الخزي و العار لطغاة طهران و أذنابهم

حركة الشباب الكورد - TCK

قامشلو - غربي كوردستان

٢١ - ١٢ - ٢٠١٦




## به یەکگرتن و پێکهێنانی بەرەی یەکگرتووی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان. پیلانەکانی کۆماری سێدارە و تیرۆر پوچەل کەینەوە.

جاریکی کە تیرۆریستەکانی کۆماری سێدارەی ئیسلامی ئێران لە خاکی باشوری کوردستان دا، رۆڵە دڵسۆزەکانی گەلی کورد، پێشمەرگە قارەمانەکانی دیموکراتیان لە خویندا گەوزاند.

ڕۆژی سێ شەممە ٢٠ی مانگی دیسمبری ٢٠١٦ی زایینی، لە ئاکامی دو تەقینەوەی چینراو بە دەست تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ٦ڕۆڵەی قارەمانی گەلی کورد شەهید و چەند پێشمەرگەی قارەمان و خەڵکی سیویل برینـدار و ئازاریـان پێ گەیشتەوە.

بە پی ئەو هەواڵانەی کە لە سەر میدیاکان بڵاو کرایەتەوە، ئەم کارەساتە پـاش بـە ڕێوەچوونی ساڵیادی لـە دایک بـوونی شەهید دکتور قاسملوو لە بنەکەی سەرەکی حیزبی دیموکرات کوردستان لە کۆیە روی داوە. زور بە داخەوە ٥ ئەنـدامی حیزبـی دیموکرات کوردستان و یەک کەس لە مفەوەزی ئاسایشی کۆیە بەم قەرارە تا ئێستا شەهید بوون.

١- عەلی قۆیتاسی، کادری حیزب

٢- وەهاب میر خزری، پێشمەرگەی حیزب

٣- سالار باقری، پێشمەرگەی حیزب

٤- ئەرسەلان عەباس نیا، پێشمەرگەی حیزب

٥- ناسر کەریمی، ئەندامی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات،

٦- عەدنان عەبدوڵلا، مفەوەزی ئاسایش

٧- شەهید سەنگەر عەلی خزر

کومیتەی کوردەکانی نێشتەجی ئەمریکا ویرای مەحکوم کردنی ئەم کارەساتە، داوا لە بەرپرسـانی ئاسایش و ئەمنـی هەرێمـی کوردستان دەکات کە بەرپرسایەتی خۆیان بۆ لێکۆڵینەوە و بە دواچونەوی ئەم کارەساتە وەک ئەرکێکی نیشتمانی لـە ئەسـتو بگرن و تیرۆریستەکان و پیلان ریژانی ئەم کارەساتە ئاشکرا و دەستگیر بکرین و لـە مەحکەمەی کوردسـتان دا موحاکیمـە بکرین. بەرپرسانی هەرێمی کوردستان دەبێت بە چاوەدیریکی زیاتر ئاگایان لە دەستگای سیخوری و تیرۆری کۆماری ئیسلامی لە باشوری کوردستاندا بێت و ڕێگا نەدەن کە کۆماری ئیسلامی لە خاکی کوردستاندا ڕۆڵە قارەمانەکانی کورد تیرۆر کات.

ئەمە جاری یەکەم نییە کە کۆماری ئیسلامی ئێران پێشمەرگە و کادیری شۆڕشگێڕی کورد تیرۆر دەکات و تـا ئێسـتا بـە دەیـان جار هەوڵی تیرۆری کادر و ئەندامانی رێکخراوەکانی ئۆپۆزسیونی کوردی رۆژهەڵاتیـان داوە و لـە ئاکـام دا پتـر لـە ٢٨٠ ئـە ئەندامی ئۆپۆزسیونی کوردی رۆژهەڵات لە نێوان ساڵانی ١٩٩٣ تا ٢٠٠٦ تیرۆر کراون.

ئەم کارەساتە، دیسان دەیسەڵمینیت کە دوژمنانی گەلی کورد هیچ چرکە ساتیک لـە پیلان رشتن دژ بـە بـزوتنەوەی رزگـاری خوازی کەلی کورد نەوەستاوەن و بە هەموو شێوازیک هەوڵ بۆ لە ناو بردنی خەباتی گەلی کـورد و پێشـمەرگە قارەمانەکـانی ئەم گەلەیان هەیە.

ئەم کارەساتە دیسان ئەرکی هەرە گرینگی ئێمە بۆ پێکهاتنی بەرەیەی یەکگرتووی گەلی کورد و هەروها پێکهاتنی بەرەی یەکگرتووی رۆژهەلاتی کوردستان وەبیر دینیتەوە. رۆڵە قارەمانەکانی دیموکرات بە یەکگرتنەوە دەتوانن پیلانەکانی دژی گەلی کۆماری سێدارە و تیرۆری ئێران پوچەل کەنەوە و ئەرکی خۆیان بۆ خەبات لە رێگای سەربەخۆیی و ئازادی گەلەکەمان بەجی بێنن.

بەخەم و پەژارەیەکی زورەوە سەرخۆشی لە گەلی کورد، لە بنەماڵەی شەهیدانی و لە هەموو هاورێیان و هاوسەنگەرەکانی ئەم رۆڵە قارەمانانە دەکەم و ئاواتی سەبوری و سوکنایی دڵم بۆ بنەمالەی دڵسۆز و دڵسوتاوی ئەم ٦ پێشمەرگەی شە شەهیدی گەل هەیە.

د. ئازاد مورادیان

بەرپرسی کومیتەی کوردەکانی دانیشتوی ئەمریکا بۆ دیموکراسی و مافی مرۆڤ

لوس ئەنجلیس

٢١ی دیسمبری ٢٠١٦ی زایینی

## پەیامی خەباتکار و کەسایەتیی لەمێژینەی دێموکرات، سەبارەت بە کارەساتی شەوی یەڵدا



بەرێز مەلا حەسەن شیوەسەڵی کەسایەتیی و خەباتکاریی بەناوبانگی دێموکرات سەبارەت بە رووداوی کارەساتباری شەوی یەڵدا، پەیامێکی پێشکەش بە حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد.

ناوبرا لەو پەیامەدا روو بە سکرتێری گشتیی حیزب دێموکراتی کوردستان و جێگری سکرتێری حیزب هاوخەمیی و هاودەردی

خۆی دەربڕیوە. دەقی پەیامی بەڕێزیان بەم شێوەیە؛


کاک خالید عەزیزی و کاک مستەفای مەولوودی وێڕای سڵاوی گەرمی برایانەم شەهادەتی بە کۆمەڵی تێکۆشەران، ئەویش لە ئاهەنگی شادیی و خۆشیی شەوی یەڵدا دا، جێگای داخ و کەسەری گەورە بوو.

بەم بۆنە تاڵەوە وێڕای دەربڕینی هاودەردیم سەرەخۆشی گەرمی خۆم بە ئێوە و هەموو هاوسەنگەران و بنەماڵەو کەسوکاری بێتاوانیان ڕادەگەینم، ڕووزەردی و سەرشۆڕی بۆ تێروریستان و ئۆباڵی مێژوویی بە ئەستۆی ئەو کەسانەی کە لە ڕاست هەر چەشنە تێرورێکدا بێدەنگ دەبن و گەردەنی ئەو کەسانەش ئازا نەبێ کە بە مەبەستی تاکەکەسیی و تایبەتی تاوانە ڕەشە تێروریستییەکان دەشارنەوە و، دانیان پێداناهێنن.

ئەم جار و هەزاران جارێکی دیکەش سڵاو لە تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری و دوعا و شیفای هەرچێ زووتر چاکبوونەوە بۆ برینندارەکان دەکەین و ڕۆحی شەهیدەکان شاد بێت، سەبر و سەبووری بۆ کەسوکاریان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

٢١ دیسامبری ٢٠١٦

## د. مەحموود عوسمان، لە بارەی تەقینەوەکانی شەوی یەلدای بەر بنکەکانی حدک پێویستە بەهەموو شێوەیەک ڕیسوا بکرێ.



دوکتور مەحموود عوسمان سیاسەتمەداری کورد دەڵێ کە ڕێژیمی ئێران لە سەر تێرۆریزمی دەوڵەتی بەرامبەر بە کورد بەردەوامە و دەبێت حیزبە کوردییەکانی هەموو بەشەکان بەرامبەر بەم تێرۆریزمە دەوڵەتییە یەکگرتوو بن.

سیاسەتمەداری ناوداری کورد و پارلمانتاری پێشووتری عێراق ، دوکتور مەحموود عوسمان ڕایگەیاندووە کە ڕێژیمی ئێران لەگەڵ لە سێدارەدانی چالاکوانانی کورد، دەری دەخات کە ئەو ڕێژیمە بەردەوامە لەسەر بەکارهێنانی تێرۆریزمی دەوڵەتی بەرامبەر بە کورد چ لە ئێران یان لە دەرەوەی سنوورەکانی، داواش دەکات کورد بەرامبەر نەیاران و دوژمنەکان، یەک بن.

د. مەحموود عوسمان، سیاسەتمەداری ناسراوی کورد، لە بارەی تەقینەوەکانی شەوی یەلدای بەر بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە چەندین شەهید و برینداری لێکەوتەوە، ڕایگەیاند کە پێویستە بەهەموو شێوەیەک ڕیسوا بکرێ.

دوکتور مەحموود عوسمان هەروەها باسی لەوە کردووە کە ئەو هێرشە تێرۆریستییە کە ڕێژیمی تاران لەپشتیەوەیەتی، دەوڵەتی تورکیەش بەردەوامە لەسەرهەمان تێرۆر دژی کوردی باکوور و کورد لە دەرەوەی سنوورەکانی، ئەم سیاسەتە هەمیشە زەرەربەخش بووە بۆ هەموو لایەک و ئەوەش سووربونی نەتەوەی کوردی زیاتر کردووە لە سەر خەبات بۆ مافە ڕەواکانی.

ئەو سیاسەتمەدارەی کورد هەروەها باس لەوە دەکات: ئەوەیکە جێگەی داخ و سەرسوڕمانە ئەوەیە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بێدەنگە وهەندێک دەوڵەت پشتگیری ئەم سیاسەتە ئەکەن، لەکاتێکدا کە بە شاهێدیی هەموو لایەک کورد چالاکترین شەڕکەر دژی تێرۆریزمی داعشن.

ناوبراو لەو پێوەندییەدا باس لەوە دەکات کە حیزبە کوردییەکانی هەموو پارچەکان بەرامبەر بەم تێرۆریزمی دەوڵەتییە بەهەموو شێوەیەک یەکگرتوو بن و دەوڵەتی تورکیە و ئێرانیش دەستی لێ هەڵگرن وە پەیڕەوی دیالۆگ بکەن بۆ ئاشتی، کە کوردستان ئامادەن بۆی.

هەروەها کۆمەڵگای نێونەتەوەیش پێویستە بێدەنگی خۆی بشکێنێت و گوشار بۆ سەر ئەم ڕێژیمانە بێنن بۆ وەستاندنی سیاسەتی شەڕخوازی و دانیش بەمافی چارەنوسی نەتەوەی کورد دابنێن.

ڕۆژهەلاتی ئازاد - ٢٥ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## هاوخەمی پۆلێک لە مامۆستایانی شاری پیرانشار لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان




پۆلێک لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی شاری پیرانشار بە ناردنی نامەیەک بۆ دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەلامارە تێرۆریستییەکەی شەوی یەڵدایان مەحکووم کرد و، لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانیش هاوخەمییان نواندوە.

بە پێی زانیارییەکانی کۆمیسیۆنی تەشکیلات، مامۆستایانی چەند قوتابخانە لە شاری پیرانشار بە نووسینی نامەیەک کە پێشکەشیان بە دەفتەری سیاسیی حدک کردوە، وێڕای مەحکومکردنی کارەساتی تێرۆریستی بەردەم قەڵای دێموکرات لە گەڵ حیزب و بنەماڵەی قوربانیان هاوخەمییان دەربڕیوە.

لە بەشێک لە نامەی مامۆستایان کە گەیشتووتە ناوەندی کوردستان وکورد" هاتووە ئێمە پۆلێک لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی شاری پیرانشار هاوخەمیی و سەرەخۆشی خۆمان پێشکەش بە حیزبی دێموکرات دەکەین و ڕاشیانگەیاند کە خوێنی شەهیدان بە دڵنیاییەوە دەبێتە هەوینی یەکگرتنی زیاترو سوورتر دەبین لەسەر ئامانجەکانی حیزب و ئەرکدارمان دەکا کە بە هەموو توانایەکەوە پشتگیری و پاڵپشتی لە پێشمەرگەکان بکەین.

٢٦ - ١٢ - ٢٠١٦

# ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئێرانی ئیدانەی تەقینەوەکانی شەوی یەڵدای کرد



ئەحمەد رەئفەت، رۆژنامەنووسی بەئەزموونی ئێرانی لە هەڵویست گرتنێکدا تەقینەوەکانی بەردەم بنکەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی شەرمەزار کردو لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەتایبەتی بنەماڵەی شەهیدان هاودەردی و هاوخەمیی دەربڕیوە.

ناوبراو بە ناردنی پەیامێک بۆ ناوەندی کوردستان و کورد وێڕای مەحکوومکردنی کردەوەی تێرۆریستی بەردەم بنکە و بارەگای حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئاماژەدان بە هەڕەشەکانی ئەم دواییانەی کاربەدەستانی نیزامی و بەرپرسانی بالآی سپای پاسداران قامکی تاوانباری لەسەر کۆماری ئیسلامی داناو،

لە بەشێک لە پەیامەکەی ئەحمەد رەئفەتدا هاتووە؛ هەرچەشنە کوشتن و تێرۆرکردنی ئۆپۆزسیون بە پێچەوانەی بنەما پەسند کراوەکانی مافی مرۆڤەو، دەبێ هەموو لایەن و کەسایەتییەکان کە باوەڕمەندن بە دێموکراسی بە هەڵویست گرتن دژ بە ئەو کردەوە تێرۆریستییە، تێبکۆشن جینایەتیەکانی کۆماری ئیسلامی لە قاو بدەن.

٢٦ - ١٢ - ٢٠١٦

# محەمەد نەزەری لە زیندانەوە کردەوەی تیرۆریستیی شەوی یەلدای مەحکووم کرد+نامە




محەمەد نەزەری یەکێک لە بەپێشینەترین زیندانیانی سیاسی لە ئێران، لە زیندانی رەجایی شاری کەرەجەوە لە نامەیەکدا کردوەی تیرۆریستیی شەوی یەلدای شاری کۆیەی بە دژی ژمارەیەک لە پێشەرگەکانی (حدک)، مەحووم کرد.

محەمەد نەزەری، کە بە زیندانی هەتاهەتایی مەحکووم کراوە، ماوەی ٢٣ ساڵە بەبێ مەرەخەسی لە زیندانەکانی رژێمی ئیسلامیی ئێراندایە و یەکێک لەو دەگەن زیندانییە سیاسیانەیە کە لەمەڕ هەموو رووداوە هەستیارەکانی کوردستان، بوێرانە هەڵوێستی نواندووە.

محەمەد نەزەری بە تۆمەتی ئەندامەتی لە حیزبی دیـۆکراتی کوردستانی ئێراندا دەستبەسەر کراو دواتر حوکمی لەسێدارە درانی بۆ برایەوەو سەرئەنجام سالی ٧٨ ئەو حوکمە بۆ زیندانی هەتاهەتایی گۆڕدرا و بۆ زیندانی رەجایی شاری کەرەج دوور خرایەوە.


### دەقی نامەی محەمەد نەزەری:

ئەو کردەوە قێزەونە و شەهید کردنی ژمارەیەک لە هێزەکانی حیزبی دیمۆکرات مەحکووم دەکەم و سەرەخۆشیی ئەو رووداوە دڵتەزێنە لە بەرپرسانی حیزبی دیمۆکرات و هەروەها بنەماڵە و کەسوکاری بەرێزی ئەو شەهیدە دەکەم و دلنیام کە دوژمنی مرۆڤایەتی ناتوانێ بەو کردەوە دڕندانەیەی خۆی هیچ ەبربەستێک بۆ بەرەوپێشڤەچوونی هێزە ئازادیخوازەکان دروست بکات.

محەمەد نەزەری، کوری حەمدوڵڵا

زیندانی رەجایی شاری کەرەج

١ / ١٠ / ١٣٩٥



عمل مذبوحانه دشمنان آزادی را در به شهادت رساندن چندین تن از
نیروهای حزب دمکرات را محکوم و این ضایعه دردناک را به مسئولین
حزب دمکرات و همچنین به خانواده معظم این شهیدان تسلیت عرض
می کنم و مطمئن هستم که دشمنان بشریت نمی توانند با این اقدامات وحشیانه
خود خللی در پیشرفت نیروهای آزادیخواه انجام بدهند
محمد نظری فرزند حمدالله
زندان رجائی شهر

## دەقی نامەی سەرەخۆشیی سێ کچە بەندکراوی کورد لە بەندیخانەی کرمان بە بۆنەی ڕووداوی تیرۆریستیی کۆیە




**ڕۆژی کورد: ئەفسانە بایەزیدی، هاجەر پیری و سوهەیلا مینایی، سێ کچە کوردی بەندکراوی سیاسی لە بەندیخانەی کرمان، لە ڕێگای نامەیەکەوە کە بە زمانی فارسی بۆ ناوەندی ڕۆژی کورد نێردراوە، هاوخەمی و سەرەخۆشیی خۆیان بە بۆنەی شەهیدبوونی ٥ پێشمەرگە و ٢ ئەفسەری ئاسایش لە ڕووداوی تیرۆریستیی شەوی سێ شەممە ٣٠ی سەرماوەزی قەڵای دێموکرات، ڕاگەیاندووە.**

**دەقی نامەکە:**

**بەداخەوە ئاگادارکراینەوە کە دژبەرانی چاو بە حیزبە کوردییەکان هەڵنەهاتوو، لە ڕێوڕەسمی شەوی چلەی ئەمساڵ لە**

بنکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆمبیان ناوەتەوە و بەو هۆیە، چەند کەسێک لە خەباتگێڕانی ڕۆژهەڵات و ئەفسەرانی ئاسایشی کۆیە، تێکەڵ بە کاروانی سوورخەڵاتی شەهیدان بوون و چەند کەسێکیش بریندار بوون.

ئێمە، ٣ کەس لە بەندکراوانی سیاسیی کورد لە بەندیخانەی کرمان، ئەو هێرشە تیرۆریستی و مەرگهێنەرەی شەوی یەڵدا لە مەقەڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە توندترین شێوە مەحکووم دەکەین و ڕاشیدەگەیێنین کە بکەرانی ئەو کردەوە نامرۆڤانەیەیە و فەرماندەرانی ئەو هێرشە تیرۆریستییە، بێ وڵام نامێننەوە.

ئێمە سەرەخۆشیی خۆمان لە ناخی دڵەوە لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب و بنەماڵەی ئەو پێشمەرگانە کە شەهیدبوون دەکەین و هیوای لەشساغی و چاک بوونەوە بۆ برینداربووەکانی ئەو کردەوە تیرۆریستییە دەخوازین.

ئەفسانە بایەزیدی - سوهەیلا مینایی - هاجەر پیری

٢٣ - ١٢ - ٢٠١٦

## سالار مەحمود ئیدانەی تیرۆرکردنی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات دەکات



ڕۆژنیوز - ناوەندی هەواڵەکان

سالار مەحمود، ئەندامی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ئیدانەی تیرۆرکردنی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات دەکات و دەشڵێت: پاراستنی گیانی پێشمەرگەکانی پارچەکانی تری کوردستان لە هەر هەڕەشەیەک ئەرکی حکومەتی کوردستانە.

سالار مەحمود، ئەندامی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە فراکسیۆنی سەوز، ڕاگەیەندراوێکی سەبارەت بە تەقینەوەکەی شەوی ڕابردووی بەردەم بارەگای حزبی دیموکرات لە لە کۆیە بڵاوکردەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە:"لە شەوی لەدایکبوونی سەرکردەی تیرۆرکراوی کورد د .عەبدولرەحمانی قاسملۆ، چەندین پێشمەرگەی دیموکرات بوونە ئامانجی کردەوەی تیرۆریستی و شەهید و بریندار بوون، خوێنی شەهیدان شەوی نوتەک و دەیجوور و یەڵدای کورد ڕووناک و کورت دەکاتەوە".

هەروەها، هاتووە:"تیرۆرکردنی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات ئیدانە و مەحکوم دەکەم".

هەر لە ڕاگەیەندراوەکەداهاتووە:" پێشمەرگەکانی پارچەکانی تری کوردستان ڕۆڵیان هەبووە لە دژایەتی تیرۆر و ڕووبەڕوو بوونەوەی تیرۆریستان لەهەرێمی کوردستان بەتایبەتیش تیرۆریستانی داعش، بۆیە پاراستنی گیانیان لە هەر هەڕەشەیەک ئەرکی حکومەتی کوردستانە".

لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەشیدا، سالار مەحمود، دەڵێت:" نەمری بۆ شەهیدانی کورد و کوردستان سەرکەوتن بۆ خەباتی ڕەوای گەلەکەمان لەکوردستانی لەتلەت و دابەشکراو".

٢١ - ١٢ - ٢٠١٦

## هاوخەمیی لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان



**خەلیل عەبباسی**

کردەوە تیرۆریستییەکەی ٢٠ / ١٢ / ٢٠١٦ لە بارەگای سەرەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆیە کە بوو بە هۆی شەهیدبوونی پوڵێک کادر و پێشمەرگەی حیزب و کارمەندێکی ئاسایش، نەک هەر بۆ حدک بەڵکوو بۆ کوردستان بەگشتی و بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی بۆتە جێگای داخ و خەم و پەژارەیەکی زۆر...! ئەو کردەوە قێزەون و ترسەنۆکانە لەو

کاتەدا هەڵگری چەند پەیامێکە.

**یەکەم** ئەوەیە کە سیاسەتی ڕژێم سەبارەت بە پرسی کورد نەگۆڕە و بە ئاڵ و گۆڕی مۆرەکانی حکومەت ئەو سیاسەتە دژە کوردییە ناگۆڕدرێ.

**دووەم** ئەوەیە ،سیاسەتی تیرۆر و تۆقاندن لە سیاسەتە سەرەکییەکانی ئەو ڕژێمەیە و نەمانی ترۆر بەمانای نەمانی ڕژێمە. **سێهەم** ئەوەیە کە ڕژێمی ئێران دەیهەوێ بە هەموو شێوەیەک ئارامی باشووری کوردستان تێکبدا ،بەتایبەت ئێستا کە پارتەکانی باشوور لە حاڵی وتووێژ و لێکنیزیکبوونەوە دان دەیهەوێ ئاژاوە بنێتەوە.حەسەنی ڕوحانی بەناو جارنامەی مافی هاوەڵاتی بوونە کەی بە خوێنی کوردان مۆرکرد...!

بە بۆنەی شەهیدبوونی ئەو پێشمەرگە سەربەرز و قارەمانانە، لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆم بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدەکان و تێکرای گەلی کورد دەگەیەنم و هیوای چاکبوونەوە بۆ برینندارەکان دەخوازم.

هەزاران سڵاو لە گیانی ئەو پۆلە شەهیدە و هەموو شەهیدانی کوردستان.

٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## ئۆجەلان: تەقینەوەکەی کۆیە داوەتنامەیە بۆ شەڕی دراوسێییەک



**عوسمان ئۆجەلان**

عوسمان ئۆجەلان برای عەبدوڵا ئۆجەلانی دامەزرێنەری پارتی کرێکارانی کوردستان رایدەگەیەنێت، “دخشەی ناوچەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و، ساڵی دابێ بۆ میللەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ساڵێکی قورس دەبێت”.

عوسمان ئۆجەلان، یەکێک لە سەرکردەکانی پەکەکە کە ئێستا بەهۆی بوونی رای جیاواز و نەچوونە ژێر هەژموونی ئێران لەو حزبە وەلانراوە دەڵێت، "ئەوەی لە کۆیە رووی دا بەرانبەر بە حزبی دیموکرات بەشێکە لەو گۆڕانکارییە".

ئۆجەلان بەماڵپەڕی فەرمی پارتی راگەیاندووە، "تا دێت کات کەم دەبێتەوە بۆ گۆڕینی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەوهۆیەوە ئاڵۆزیی سیاسی و ئابووری لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست زیادی کردووە، میللەتانی ناوچەکە بە کورد و عەرەب و تورک و فارسەوە ماندوو دەبن بەهۆی گۆڕینی نەخشەی ناوچەکە".

هەروەها دەشڵێت، "ساڵی دابێ ساڵێکی قورس دەبێت بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی دەکرێت، چونکە پێویستە میللەتانی ناوچەکە بە نەخشەی تازەی ناوچەکەیان رازی بکرێن".

عوسمان ئۆجەلان لەبارەی تەقینەوەکانی کۆیە پێیوایە، "ئەوەی شەوی رابردوو بەرانبەر حزبی دیموکراتی کوردستان کرا و ژمارەیەک کادیر و پێشمەرگەیان شەهید و بریندار بوون، ئەوە وەک داوەتنامەیەک بوو بۆ حزبەکانی رۆژهەڵات و پێیان دەڵێ، ئێوەش هەستن بۆ دروستکردنی ئاڵۆزی لە نێو ئێراندا".

دەشڵێت، "پێموایە ئەو تەقینەوە و کردارە تیرۆریستیانە لە هەرشوێنێک بکرێت هەر داعش دەیکات ئینجا لە تورکیا بێت یان لە هەرێمی کوردستان، مەرجیش نییە داعش خۆی بیکات، بەڵکو لە رێگەی پەکەکەوە یان لە رێگای جەماعەتی گولەنەوە بێت، گرینگ ئەوەیە ئەوان دەیانەوێ ئامانجەکەیان بپێکن".

ئۆجەلان روونکلادنەوەی زیاتریدا لەبارەی رووداوەکە و گووتی، "رووداوەکەی کۆیە من بە دوو هۆکار دەیزانم ئەنجام درابێت، جا یان دەستی حکوومەتە نەیارەکەی ئەو حزبەی تێدایە، یان گرووپی تیرۆریستی داعش بووە، چونکە بەرنامە هەیە گۆڕانکاری بکرێت و هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە بگرێتەوە، لای هەموو لایەکیش ئاشکرایە (دۆناڵد ترەمپ) دژی ئێرانە و ئەوانەیشی دەیانەوێ نەخشەکە بگۆڕن چاویان بڕیوەتە ئێران بۆ ئەوەی لەوێیش گۆڕانکاری بکرێت".

دانەر هەڤاڵ کوردی لە - خواکورک

٢٢ / ١٢ / ٢٠١٦

# سەرکردەیەکی یەکێتی: تەقینەوەکانی کۆیە دیاریی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە

**ڕۆژانە هەواڵ**

**سەرکردەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەڵێت: تەقینەوەکانی شەوی ڕابردووی کۆیە، دیاریی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە بۆ کورد.**

**شوان داودی، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە پێگەی تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (فەیسبووک) بڵاوی کردەوە: "ڕووداوەکەی دوێنێ ٢٠ / ١٢ / ٢٠١٦ ی کۆیە، دیاریی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو بۆ کورد، بەبۆنەی مافی هاووڵاتیبوون لەو وڵاتە کە هەر دوێنێ ڕاگەیاندرا".**

**پێشتر ئیسماعیل شەرەفی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی دیموکراتیی کوردستان ڕاگەیاندبوو: "ئێمە گومانمان لە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیە و لە ساڵی ڕابردووەوە بەرپرسانی ئەمنی و سیاسیی ئێران بە ئاشکرا هەڕەشەی ئەم جۆرە دەستوەشاندنانەمان لێ دەکەن".**

**کاتژمێر ١٠ی شەوی ڕابردوو، دوو تەقینەوە لەبەردەم بارەگای حزبی دیموکراتیی کوردستان (حدک) لە شاری کۆیە ئەنجام دران کە بەهۆیەوە ٥ پێشمەرگەی حزبەکە و کارمەندێکی ئاسایشی کۆیە شەهید بوون.**

**دوێنێ شەو ڕۆژانە هەواڵ لە بڵاوکراوەیەکیدا ئاشکرای کرد کە ئێران مەبەستیەتی کارتی حزبی دیموکرات لە بەرامبەر ئەمریکا بەکار بهێنێ کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بە فەرمی داوای چوونە دەرەوەی پەکەکەی کرد لە شنگال کە پێشتر لەسەر ڕاسپاردەی ئێران هاتونەتە ئەو قەزایە بۆ پشتیوانی کردن لە هێلی هیلالی شیعە، بۆیە ئێران لەو کردارە ئەو پەیامەی بە ئەمریکا و هەرێمی کوردستاندا کە دەرکردنی پەکەکە لە شنگال، بەرامبەر دەرکردنی حدکایە لە زۆنی سەوز.**

***یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان راگەیەندراوێکی سەبارەت بە تەقینەوەی تێرۆریستی لە بەردەم بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڵاوکردەوە.***

**بۆ رای گشتیی!**

**هەمووساڵێ ڕێکەوتی ٢٠ی دێسامبر وەک نەریتی ساڵانە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان یادی لەدایکبوونی رێبەری هەڵکوتووی کورد دکتوور قاسملوو دەکاتەوە، ئەمساڵیش وەک ساڵانی پێشوو شەوی سێ شەمە لەسەر چوارشەمە ئەم یادە لەناو ئاپۆڕای تێکۆشەرانی دێموکرات و کادر و ئەندامانی یەکیەتیی لاوان لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات کرایەوە کە بەداخەوە تووشی هێرشی تێرۆریستی رێژیمی ئێران هات.**

**بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی دوابەدوای کۆتایی هاتنی رێوڕەسمەکە و بڵاو بوونی خەڵکەکە، دوو بۆمبیان لە دووکاتی جیاوازدا بەرووی خەڵکدا تەقاندەوە کە بەداخەوە بوو بە هۆی شەهید بوونی ٦ هاوڕێی ئازیز و بریندار بوونی چواری دیکەش..**
**شەهیدەکانی ئەم ڕووداوە بریتین لە:**

**١- عەلی قۆیتاسی، کادری حیزبی دێموکرات**

**٢- وەهاب میر خزری، کادری حیزبی دێموکرات**

**٣- سالار باقری، پێشمەرگەی حیزب و ئەندامی یەکیەتیی لاوان**

**٤- ئەرسەلان عەباس نیا، پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات**

**٥- ناسر کەریمی، کادری یەکیەتیی لاوان**

**٦- عەدنان عەبدوڵلا، مفەوەزی ئاسایش**

ئـێمە وێـڕای مەحكـوم كردنـی ئەم كـردەوە تێرۆریسـتیە وەبیـر هەمـوو كـۆڕ و كـۆمەڵە نێونەتوەییەكـان دێنیـنەوە كە كۆمـاری ئیسـلامی ئێـران دەمـێكە دەسـتی كـردوە بە هەڕەشـەی لەنـاوبردنی ئۆپۆزیسـیۆن و هیچكـاتیش بـۆ لەنـاوبردنی نەیـارانی خـۆی دەسـتی لە هـیچ شـتێك نەپاراسـتوە و تێـرۆری كـردۆتە پیشـەی خـۆی، هەر بـۆیە بـانگەواز لە كـۆڕ و كـۆمەڵە نێونەتەوەییەكـان دەكەیـن كە ڕێژیمـی ئێـران سـەبارەت بەم كـردوە تێرۆریسـتیە و بـاقی كردەوەكـانی دیـكەی مەحكـــوم بـــكەن و هەروەهـــا بـــانگەواز لە ئەنـــدامان و لایەنگرانـــی یەكیەتیـــی لاوان دەكەیـــن كە لە وڵاتـــانی ئورووپـایی بـۆ مەحكـوم كردنـی ڕێژیمـی ئێـران لە هەمـوو شـێوازێكی مەدەنـی كەڵـك وەربگـرن و دەنگـی مـافخوازنەی ئازادیخوازنی كورد و روخساری تێرۆریست پەروەری ڕێژیمی ئێران بە جیهانیان نیشان بدەن.

روحی شەهیدان شاد بێ و سەنگەری خەبـاتیان ئاوەدان

سێبوری و سەربەرزی بۆ بنەماڵە و كەسوكاری شەهیدان

سكرتاریای یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی ڕۆژهەڵاتی كوردستان

٢١ / ١٢ / ٢٠١٦

---

## ئەو ڕێکخراو و کەسایەتی‌یانەی دیکەش کە هێرشە تێرۆریستیەکەی شەوی یەلدایان ئیدانە کردووە کە بەداخەوە دەقی پەیامەکانم دەست نەکەوتوون بریتین لە:

١- پارتی سوسیالیستی کوردستان باکووری کوردستان
٢- پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان
٣- یەکیەتی ئافرەتانی کوردستان ئەنجومەنی قەزای کۆیە
٤- ڕێکخراوەکانی ژنان لە قەزای کۆیە
٥- حیزبی یەکیەتیی کورد لە سووریە
٦- پارتی دێموکراتی کوردستان ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای سلێمانی لقی٢١
٧- بەرەی دێموکراسی گەل
٨- تۆری هەماهەنگی ڕێکخراوەکان بۆ بەرژەوەندی گشتیی

٩- تەڤگەری لاوانی کورد ڤامیشلوو

١٠- رەوتی سوسیالیستی کۆمەڵە

١١- پێوەندییە گشتییەکانی رێکخراوی فیداییانی خەڵکی ئێران

١٢- بەرەی دێموکراتیکی ئێران

١٣- مەکتەبی سیاسیی حیزبی جمهوری کوردستانی

١٤- کۆمەڵێک لە پارلمنتارانی کورد لە پارلمانی کوردستان و پارلمانی عێراق

١٥- نوێنەرایەتی پەیەدە لە هەرێمی کوردستان

١٦- سکرتێری حیزبی بەیت نەهرەین لە هەرێمی کوردستان

١٧- نوێنەری هاوپەیمانیی دیموکراتی نیشتمانی کورد لە سووریە

١٨- الهيئة القيادية لحزب آزادي الكوردستاني

١٨- المكتب السياسي للحزب الجمهوري الكوردستاني

١٩- مەڵبەندی هونەری ماملێ

١٨- فیدراسیۆنی رێکخراوە نا حکومیەکانی دەڤەری سۆران

١٩- مەکتەبی سیاسی پارتی سەوزی کوردستان

٢٠- سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان

٢١- دەستەی بەڕێوەبەریی رۆژهەڵات تایمز

٢٢- مەکتەبی سیاسی پارتی سەوزی کوردستان

٢٣- سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان

کەسایەتیەکان؛

٢٤- دوکتور مەحموود عوسمان کەسایەتی سیاسی کورد

٢٥- هونەرمەندی گەورەی کورد مامۆستا مەزهەر خالقی

٢٦- هۆشیار زێباری

٢٧- عەلی مێهرپەروەر

# دید و بۆچوون

---

## تەقەیننەوەکانی بەردەم قەڵای هەرمۆتە و دوارۆژی پارتە رۆژهەڵاتییەکان لە باشووری کوردستاندا




عەزیز شێخانی

رووداوی تێرۆریستی ئێوارە درەنگانی ٢٠ مانگی بەردەم قەڵای هەرمۆتە، کە بە قەڵای دێموکڕات ناسراوە، جێگای داخ و کەسەرە. لەو رووداوەدا پێنج پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و دوو کەس لە کارمەندانی ئاسایش شەهید بوون. هێشتا بەڵگەیەکی ئاشکرا لە سەر بکەرانی ئەو رووداوە دڵتەزێنە بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام حیزبی دیموکڕاتی کوردستان، ئێران بە ئەنجامدانی ئەو رووداوە تێرۆریستیە دەناسێنێ. شایانی باسە، کە ئەو کردەوە تێرۆریستییە پێویستی بە کەرەسە و فاکتەری جێبەجێکەر هەیە، کە رەنگە لە داهاتوودا وردەکاری زیاتر لەوبارەوە ئاشکرا بکرێن. لێکدانەوە سەرەتاییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەو کردەوەیە راگەیاندنی پەیامێکە، کە پارتی کوردییەکان رۆژهەڵات لە باشوور ناکرێ لەبیری بکەن. لە دوای روودانی کارەسات و کردەوە رەشەکوژییەکان کۆمەڵێک پرسیار دەورووژێندرێن، کە زیاتر پێوەندیان بە سروشتی مرۆڤەوە هەیە. لە پێوەندی لە گەڵ رووداوی بەردەم قەڵای هەرمۆتە پرسیارەکان زۆرن و رەنگە بەشێکی زۆریان لۆژیکی بن. هەموومان رەنگە پرسیار بکەین، دەبێ چ کەسانێک لە پشت ئەو کردەوەیە بن؟ بۆچی بواری ئاسایش و پارێزگاری لەو شوێنە توندوتۆڵ نییە؟ رووداوەکان چەندە و چۆن لە رێگای کامێرای شاراوە تۆمار کراون؟ چەندە لە پەروەردەی پێشمەرگەدا باس لە چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن و بەرەنگاری لە گەڵ رووداوە نەخوازراوەکان دەکرێ؟ لێرەدا

راستییەکی حاشاهەڵنگر هەیە، کە دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی وڵامی ئەو پرسیار و ئاکامی لێکۆڵینەوەی تەقینەوەکانی بەردەم قەڵای هەرمۆتە. خەباتی رەوای گەلێکی ژێردەست و روخساری بێزراوی نەتەوە و دەسەڵاتێکی سەردەست، کە باوەڕی بە بوونی و مافی نەتەوەی کورد نییە.

رەشەکوژی بە یەکێک لە کێشە نێونەتەوەییەکانی سەردەم دەژمێردرێ. کردەوە تێرۆریستییەکان ئەمڕۆ بە شێوازی جیاواز لە جیهاندا دەبینرێن و بە ئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێن. لە روانگەی جیاواز باس لە رەشەکوژی دەکرێ و تاریفێکی تۆکمە بۆ ئەو دیاردەیە نییە. خوێندنەوە تیۆری و نووسراوەکان لەو پێوەندییەدا جاروبار لە گەڵ خەیاڵ و شێوازە نەگونجاوەکان پرسەکە ئاڵۆز دەکەن. ئەوان لە دەوری رێکخراو و گروپە چەکدار و ئایدۆلۆژیەکان دەسووڕێنەوە و کەمتر باس لە تیرۆریزمی دەوڵەتی دەکەن، کە ماکەی سەرەکی رۆژرەشییەکانی مرۆڤایەتییە. بەشێکی بەرچاو لە دەوڵەتەکان بە بیانووی سەروەری و پارێزگاریکردن لە سنوورەکان خەڵکی ئازادیخواز و نەیارە سیاسییەکانیان بە ئاشکراو و نهێنی لەنێودەبەن. ژمارەیەک لەوان وەکو دەسەڵاتە سەردەستەکانی کوردستان بێجگە لە سڕینەوەی جەستەیی نەیارە دیارەکانیان بە چەک و شێوازی جیاواز ناسنامە، کولتور، زمان، هەستی بڕوابەخۆبوون و زۆر سەرمایەی نەتەوە و کەمایەتییەکان دەخنە ژێر پاڵەپەستۆی شێکێنەر.

کۆماری ئیسلامی ئێران لە دامەزرانەوە هەتا ئەمڕۆ راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەرەپێدەری تیرۆریسمی دەوڵەتییە. رێژیم بۆ سەرکەوتن لەو پیلان و کردەوانەدا و هەروەها شاردنەوە و پووش بەسەرکردنیان لە زۆر کەرسە کەڵک وەردەگرێ. یەکێک لەو چەکانە بەکرێگرتنی خەڵکی خۆماڵی و کوردە، کە بە ئاسانی دەستەمۆ دەبن و ئامادەن دژ بە خۆیان و نەتەوەکەیان هەنگاوی دوژمنکارانە هەڵگرن. رێژیمی تاران زیاتر لە رێژیمەکانی دیکەی زاڵ بەسەر کوردستاندا لە کەیسی تیرۆر و رەشەکوژی لەو کوردانە سوود وەردەگرێ. هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی رابردوو و سرووشتی دەسەڵات لە ئێرانی کۆن و نوێدا دەیسەلمێنێ، کە تیرۆر و رەشەکوژی بەشێکە لە کولتوری ئەو دەسەڵاتە. ئەوان لە مێژووی هاوچەرخی خۆیاندا نیشانیان داوە، کە بۆ سڕینەوەی دژبەر و سەرکردەی ئۆپۆزیسیۆن و تێکۆشەرە ئازادیخوازەکان هیچ سنوورێک ناناسن. لە کەیسی تێرۆر و رشەکوژیدا، ئێران لە نێو وڵاتانی ناوچە و بە تایبەت دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا تاقانەیە و هیچ کام شان لە شانی نادەن. دیرۆکی سیخوڕیی و هەروەها کوشتن لە سەر مێزی بەناو دیالۆگ، لە دەرەوەی وڵات و لە نێوخۆی ئێران بۆ کوردەکان پرسێکی ساغبۆوەیە. لیستی تیرۆری تێکۆشەرانی رۆژهەڵات لە باشووری کوردستان، لە دوای راپەڕین دەرخەری سیاسەتی دوژمنکارانەی دەسەڵاتدارانی تاران بەرامبەر بە کورد و کوردستانە. وتەی نەوەی کۆن و باپیرانی کوردە رۆژهەڵاتییەکان هێشتا لە گوێی نەوەی ئەمڕۆدا دەزرینگێتەوە، کە "عەجەمەکان" شایانی (داگیرکەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان) باوەڕپێکردن نین.
دیاردەی تیرۆر لە ئێراندا بابەتێکی ئاڵۆز و چەند روخسارییە، کە رەگ و ریشەی قوڵی لە خانە تاریکەکانی مێژوودا هەیە. ژێرخانی پتەوی تیرۆرە سیاسییەکانی ئێران بۆ سرووشت و کولتوری دەسەڵاتدارانی ئێران و بەتایبەت تێکەڵاوکردنی

مەزهەبی فەرمی لە گەڵ سیاست و دەسەڵاتدارەتیدا دەگەڕێتەوە. لە مەیدان و گۆڕەپانی ڕۆژانە و پڕاکتیکیدا کوردەکانی ڕۆژهەڵات و نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە ستایلی جیاواز شاهیدی ڕووداوانی بەشێک لە تیرۆرەکان بوون. لە ئەنجامدا سێبەری ڕەشی تیرۆر و ڕەشەکوژی باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشاوە. کۆماری ئیسلامی ئێران لە ژێر ڕێبەرایەتی ئاخوندە فێڵباز و ڕووناکبیرە ونبووەکانی قوتابخانەی ناسیۆنالیزمی کوێرانە و ویلاتی بەناو فەقیهی نامرۆڤانەدا ساڵانێکی زۆرە لە نێوخۆ و دەرەوەدا ڕاهێنان لە سەر تێرۆریزم دەکا و زۆر ڕوخساری ناسراوی بەو شێوازە لەنێوبردوە. ناردنی شیرینی و خواردنی ژاراویکراو، پەڕتوکی بە بۆمب و کەرەسەی تەقینەوە ئاخنراو، کەسانی فریوخواردو بە ژار و دەرمانی کوژێنەر، ناردنی سیخوڕە خۆماڵییەکان بۆ ناسین و هەڵسەنگاندنی دۆخی نیوخۆیی و لێدانی بنکە و بارەگاکان و کوشتنی ئەندامەکان بە هۆی دەستوپێوەند و سیخوڕە کوردەکان لە ڕۆژهەڵات و باشوور بەشێکی بچووک لە کردەوەی تیرۆریستی ڕێژیمی تاران دەژمێردرێن. جێگای باسە، کە کەمتەرخەمیی و نەبوونی هونەر بۆ پوچەڵکردنەوەی کردەوە تیرۆریستیەکانی ڕیژیم دیوێکی دیکەی ڕووداوەکانە، کە وردکردنەوە و هەڵسەنگاندنی شارەزایانە دەخوازێ. بێجگە لەوە، وانەوەرنەگرتن لە ڕووداوە مێژووییەکان و خۆشباوەڕی بەرامبەر بە دەسەڵات و نوێنەرەکانی وەک بەشێک لە کولتوری کاری سیاسی، ڕۆڵی بەرچاوی لە سەرکەوتنی کردەوە ڕەشەکوژییەکان دژ بە کوردان گێڕاوە.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا خەباتی ڕزگاریخوازانە لە پارچەکانی کوردستان بە تەوژمی جیاوازدا تێدەپەڕێ. هەر پارچەیەی بە جۆرێک پرسە نێوخۆیی و دەرەکیەکان تەتەڵە دەکا و ڕێڕەوێکی هەڵبژاردوە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو سێ پارچەکەی دیکەدا چارەنووسی دژوارترە، چوونکە ئەوان لە خەباتێکی گەرم و گوڕ بۆ خەباتێکی پەراوێزخراو داکشاون. کۆماری ئیسلامی ئێران وەک دوژمنی ڕاستەقینە و تاقانەی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک گەمەکەرێکی چالاک لە ناوچەدا ئەکتیڤە و وێڕای تورکیە لە کاروباری عێراق و سوریە و تەنانەت هەرێمی کوردستاندا ڕۆڵ و دەورێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕێ. ڕۆژهەڵاتیەکان و پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات زیاتر لە هەموو پارچەکانی کوردستان لە ماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردوودا کپ و بێدەنگ کراون. ئەوان لە پێناوی باشووردا زیاتر لە دوو دەیە وازیان لە خەباتی چەکداری هێنا و کەوتنە بازنەی چاوەڕوانی، کە سەرئەنجام دۆخێکی نالەباری لێکەوتەوە. لە پێوەندی لەگەڵ دوارۆژی پارتە ڕۆژهەڵاتییەکان لە باشوور و جێگە و پێگەی ڕۆژهەڵات لە تەرازووی ڕووداوە کوردستانیی و ناوچەییەکاندا چەند پرسیارێک هەن، کە بۆ ورووژاندن گونجاون و تەتەڵەکردنیان بە قازانجی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. گرینگترین پرسیار ئەوەیە، کە دوارۆژی کوردەکان چییە و ڕۆژهەڵاتییەکان لە باشوور چاوەڕوانی چ چارەنووسێک دەکەن؟ ئەوان دەتوانن چی بکەن و چەندە دەرفەتی کراوە بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە چەقیوە هەیە؟ ئایا مانەوە و چاوەڕوانی کردن دەرەقەتی مەترسییە دیار و نادیارەکان دێت؟

چارەنووسی کوردەکان لێکگرێدراوە و داهاتووی پرسی کورد لە باشوور و پارچەکانی دیکە کاریگەری لە سەر تەوژمی خەباتی کوردانی ڕۆژهەڵات دەبێ. بە گوێرەی وانە مێژووییەکان، چارەنووسی کوردەکان لە ئەگەری تێکچوونی بارودۆخی باشووری

کوردستان ڕەنگە باشتر لە دەیەی ٦٠ی زایینی نەبێ! ئەو سەردەمەی کە تێکۆشەران و شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵات لە پێناوی بەرژەوەندییە کورتماوەکانی بە ناو شۆڕشی باشور تووشی گرتن، ئەشکەنجە، ڕاوەدوونان، کوشتن و ڕادەستکردنەوە ئێران بوونەوە. سەردەمانێک، کە سیاسەت لە مۆڕاڵ و تەنانەت دابونەریتە کورییەکان شۆرایەوە و لە پێناوی مانەوەی خۆدا، کوردەکانی دیکە لە گۆڕەپانەکە دەرپەڕێندران و خەونە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانیان کرایە کۆشکی هەورین.ئەوە ڕاستە، کە جیهان گۆڕاوە و کوردەکان بە بەراوەرد بە چەند دەیەی ڕابردوو دۆخێکی باشتریان هەیە، بەڵام ناکرێ ئەگەرە نەخوازراوەکانی دوای شەڕە گەورەکان لەبیر بکەین.

پارتە ڕۆژهەڵاتییەکان و ئەندامەکانیان پێویستیان بە هەڵسەنگاندنێکی ورد و دووربینانەی دۆخ و دوارۆژی خۆیانە. ئەگەر خوازیاری دوارۆژێکی باشترین، گونجاوە کە لە سەر بنچینەی زانیاریی و تێگەیشتن دەرفەت و هەڕەشەکانی بەردەم کورد و بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات تاوتوێ بکرێ. سەرکردایەتی هێزە سیاسییە ڕۆژهەڵاتییەکان لە قۆناغیکی دژواردان و گۆڕەپانی جوڵەکردنیان بەرتەسکە، بۆیە پێویستیان بە خوڵقاندنی دەرفەتی لەبار هەیە. دەرفەتەکان بە پلان و بەرنامە و کاری بەردەوام دەخوڵقێن و ئەو ئەرکە وەک هەموو پلانەکانی دیکە لە هەڕەشە و مەترسی بەدوور نییە. ئێستا پارتە ڕۆژهەڵاتییەکان دەبێ بیر لەوە بکەنەوە، کە لەو بەشەی کوردستاندا بەو شێوازە دەمێننەوە یان خوازیاری ئاڵوگۆڕن؟ ئەگەر خوازیاری مانەوەن، چ زمانەتێک بۆ دوارۆژی ئەوان هەیە و چەندە دەتوانن پارێزگاری لە خۆیان و ئەندامەکانیان بکەن؟ ئەگەر نیازی تێپەڕاندنی ئەو دۆخەیان هەیە چ میکانیزمێک هەیە و چەندە دەتوانن هێزی لاو و تازە هاتوە لە سنوورەکان ڕێکخراو و پەروەردە بکەن؟ ئایا ئیمکانی ئەوەیان هەیە، کە خاوەن ژن و منداڵەکان بە جۆرێک ڕێگای هەندەران بگرنە بەر و لە ماوەیەکی ٥ ساڵەدا وەرچەرخان لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازنەی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا بخوڵقێنن؟

پەرتەوازەبوونی نەتەوەی کورد دیاردەیەکی نامۆ نییە و زۆربەی نەتەوە ژێردەستەکان کەم و زۆر بە دەست ئەو دەردەوە ناڵاندوویانە، بەڵام ئەوەی کوردان لە سنوور تێپەڕیوە. کوردەکان جیاوازن و مێژوویەکی پڕ لە چەرمەسەریان هەیە و لە ماوەی چەند سەدەی ڕابردوودا ئاسانتر لە نەتەوەکانی دیکە کەوتوونە ژێر شوێنەواری ناسنامەی ئایینی و زەڕەناسنامەی دەوڵەتی مۆدێرنی ئێرانی، تورکی، عێراقیی و سوری. تێپەڕاندنی دۆخەکە پێویستی بە هەموو لایەکە، بەڵام بۆ بە ڕیکخراوکردنی ڕەوتی تاوتوێکردنی ئەو پرسیار و بابەتانە، پارتە سیاسییەکان باشترە هەنگاوی بەکردەوە هەڵگرن. وەسەریەککەوتنەوەی هێزەکان و کۆبوونەوەی وزە پەرتەوازەکان نوختەی وەرچەرخانە و دەللاقەیەکی تازە بەرەو داهاتووی خەباتی کوردان لە ڕۆژهەڵاتدا دەکاتەوە. ناسینی لایەنە بەهێز و لاوازەکانی ڕابردوو، وانەوەرگرتن لە هەڵە چەند پات کراوەکان و ڕەچاوکردنی بنەماکانی بەژوەندی نیشتمانی بە هەنگاوی گرینگ پێناسە دەکرێن. کات بە پەلە تێدەپەڕێ و ناکرێ لەو سەردەمەدا ڕێگا، مەبەست و ئامانج مژاوی بن و لە بازنەی کەوتن و شکستەکانی دوینێدا سەرگردان بین.

٢١ / ١٢ / ٢٠١٦

# ڕۆژهەڵاتم برینێکە



ئومێد حەمە عەلی

هێشتا پەتی سێدارەی پێشەوای نەمر لەملمان نەبووەتەوە، هێشتا خوێنی تیرۆرکرانی قاسملۆو و شەرەفکەندی لە جەستەمان نەشۆردراوەتەوە، هێشتا برینی شەهیدبوونی کاک فوئاد مستەفا سوڵتانی لە ڕۆحماندا گینگڵدەدا. بەم هەموو هێشتایەمانەوە ئێوەش ڕۆیشتن و ئەم هەموو زامەتان لەوجودماندا کولاندەوە. ئێوە پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵات لەشەڕدا نەبوون، لەسەر جەنازەی کوژراوی هیچ داگیرکەرێک نەوەستابوون، لە کەمپێک و لەچوارچێوەی کۆمەڵێک ماڵی ئاوارەییدا لەنیشتمانەکەی خۆتاندا ژیانتان بەرێدەکرد، ئێوە کاتێک تیرۆرکران لەمیانەی چالاکی پێشمەرگانە و هەڵمەتی سەر هیچ داگیرکەرێکی ڤین لەدڵدا نەبوون، تەنیا ویستبووتان لەشەوێکی درێژی ئەم وەرزەدا ئاسایی ئاسایی، ئارام ئارام لەتەنیشت هاوڕێ و خێزانەکانتانەوە بژین.

ڕۆژهەڵات لەقوڵایی مێژووی ئێمەدا تا ڕەگوریشەمان ئامادەن. ئێوە ئێمەن و ئێمەش لەئێوە زیاتر نین. یەک وجود، یەک ڕۆح و یەک مێژوو و یەک چارەنووس ئەمە ئێوە و ئێمەین. خۆشیتان خۆشی ئێمەیە، برینتان برینی ئێمەیە و خوێنی ڕژاوتان خوێنی ئێمەیە. هەروەکو چۆن هەموو ڕۆژێک بە ئازاری قەنارەی پێشەوای مەزنەوە هەناسەمان تا نزیکی مردن دەچێ، هەروەکو چۆن خوێنمان لەگەڵ خوێنی شەهید قاسملۆدا تا کرماشان دەچێ و لەگەڵ ئازاری دایکی کاک فوئادی نەمردا تا سنە و سابلاغی سەربەرز بڵند دەبێ، لەئێستاشدا لەگەل ئێوە پێشمەرگە خۆشەویستەکانی ڕۆژهەڵات تا هەر کوێیەک ئامانجەکانتانی لێ بێبێت دێین، سەرمان بۆ خوێن و ڕۆحتان نەویدەکەین.

ئەم تیرۆر و ڕەشەکوژییەتان برینێکە بەهەزار ساڵ سارێژ نابێت وەک هەموو برینە قوڵەکانی ترمان، تەنیا ئارامییەک بۆ

**ئێمە و کەس و کـاری شەهیدان یەکخستنی هێزی سیاسیتان و یەکێتی و یەک گوتاریتانە ئەی پێشمەرگە و سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات. ئەگەر هەموو شتێک، هەموو هێز و بەرژەوەندییەک لێکمان دووربخاتەوە، خوێن و ئەم هاوچەرەنوسییەمان یەکماندەخات. باشترین قەرەبوکردنەوەی ئەم خوێنە ڕژاوە یەکێتی و یەکگرتووییمانە. سڵاو بۆ قەترە قەترەی خوێنی بەناهەق ڕژاوتان. سڵاو بۆ گۆڕانی و شەوی یەڵدای ئەبەدیتان.**

٢١ / ١٢ / ٢٠١٦

## به ئامانجکردنی بنکەکانی حیزبی دیمۆکرات و مەبەستەکانی پشت پەردە.



**شێرکۆ پاڵانیجافی**

دەستپێکردنەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران و دیسانەوە بە ئامانجکردنی کوردانی ڕۆژهەڵات لە سایەی مرۆڤە ساویلکەو بەکرێگیراوەکانیانەوە.

شاراوە نییە کە دەزگای تروریسمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە هاوکاری خۆفرۆشەکان پلانیان داناوە بۆ دەرکردنی حزبی دیمۆکرات و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستان، هەروەک چۆن بە هاوکاری مالکی و چەندین لایەنی ئێراقی توانیان مۆجاهیدینی خەلق لە سەر خاکی ئێراق وەدەر بنێین ناچاریان بکەن ئاوارەی وڵاتی سێیەم ببن. ئایا حیزبەکانی دیمۆکرات و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیریان لەوە کردووەتەوە، کە ئەگەرکەوتنە ژێر فشارێکی هاوشێوەی ئەوەی سەر موجاهیدینی خەڵک لە لایەن وڵاتانی ئێران و ئێراقەوە، یا فشار و موئامەرەکەی دیکەی دژواریان هێنا بۆ سەر باشوری کوردستان بەمەبەستی وەردەرانی ڕۆژهەڵاتیەکان لەو خاکە، بە هەموویانەوە هێزێکی نیزامی هاوبەش و یا هێزێکی لە یەک نزیک و هاوپەیمان دروستبکەن، و بریار بدەن شاخی قەندیل و باقی شاخەکانی سنووری دەستدروستی ڕۆژهەڵات و باشور بکەن بە شۆێنی سێیەمان و تا گەرانەوەی یەکجاری بۆ ڕۆژهەڵات لەوێدابن، وبەردەوام لە خەباتی پارتیزانیدابن و ئاگایان لە خەڵکەکەیان بێت. هەر لەو ڕێگەشەوە لە ڕێگەی کوردانی ڕۆژهەڵاتی تاراوگەنشین دەتوانن باشترین پشتیوانی سیاسی، سەربازی و مادی و مرۆڤایەتی نێونەتەوەیی و لە ڕێگەی جیهانەوە یا لە ڕێگەی وڵاتانی نەیاری ئێرانەوە بۆ خۆیان کۆکەنەوە.

بەردەوام کارەسات بە دوایی کارەسات دەبینین و کە چی بەداخەوە لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە سەر یەک قسەو قسەڵۆک و پروپاگەندە دەکەن و ئاواتیان لاوازکردنی یەکترە.

ڕێژیمی ئاخوندی ئێران بە پێی هیندێک گۆرانکاری لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ خۆی بەمەبەستی پشتیوانی لە مانەوەی بەشار ئەسەد لە سەر حوکم و بە مەبەستی بە کارهێنانی سوریا وەک مۆڵگەی مەبەستە تروریستیەکانی خۆی، ڕێکەوتنەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ٥ زاید ١ وە، وایکردوە کە ئەم ڕێژیمە دژە مرۆڤایەتیە تۆزیک ئاسوودەیی بە خۆیەوە ببینێت. جا لەو کاتانە زیاتر دەکەوێتە زەربە وەشاندن لە ئازادیخوازان و نەیارانی.

ناشتوانین ئەو ڕاستیە نادیدە بگرین کە دەزگا جاسووسیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە مێژساڵە دەزەیان کردوەتە چەندین شارو ناوچەی باشوری کوردستان، بە دەیان ملیارد پارە خەرج دەکەن لە پێناو ئامانج و مەبەستەکانیان، وەک لاوازکردنی دەستکەوتەکانی باشور، دروستکردنی ناکۆکی بەردەوام لە نێوان لایەنە سیاسیەکانی ئەو بەشەی کوردستان. ئەوان بە تەواوی کۆنترۆڵی ئێراقیان کردوە بەڵام نەیانتوانیوە بەو شێوە کۆنترۆڵی تەواوی هەرێمی کوردستان بکەن، هەر بۆیەش پلانەکانیان بۆ ئەو مەبەستە زیاتر لە ٢٠١٤ زەقبووەتەوە بۆ ئەوەی هەوڵبدەن دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان بە ناچاری بخەنە ژێر دەسەڵاتی بەغداوە. هەر لە سیناریۆی برینی موچە لە بەغداو قۆزتنەوەی ناکۆکی و قەیرانەکانی باشوری کوردستان بۆ خۆشترین ئاگرەکە دەستی سەرەکی ئەم ڕێژیمە مەترسیدارەی تێدایە.

پێویستە هەموو لایەنەکانی باشوری کوردستان زۆر وردتر لەوەی ئاگاداری پلان و مەبەستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بن لە ناوچەکانی باشوری کوردستان، و ڕێگە نەدەن ئێران بە هیچ شێوەیەک دەستبخاتە نێو کاروباریانەوە.

٢١ / ١٢ / ٢٠١٦

# سپێدەیەکی ڕەشی تر



مەریوان قانیع

چ سەردەمێکی پڕ تاوان و کوشتن و وێرانکارییە، چ ڕۆژگارێکی پڕ هێزی تاریک و تۆقێنەرە؟ کە سبەینان لەخەو ڕادەبیت بوێرییەکی تایبەتی دەوێت سەیری لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکان و شاشەی تەلەفیزۆنەکان و تۆڕە ئەلکترۆنیەکان بکەیت.

چونکە دەزانیت هەواڵی نوێی کوشتن و ڕژانی زیاتری خوێن و بێڕێزیکردنی گەورەتر و قووڵتر بەرامبەر بە مرۆڤەکان دەخوێنیتەوە، دەزانێت چیرۆکی بێنان و بێماڵ و بێنیشتینمانکردنی زیاتر و زیاتر دەبیستیت، جارێکی تر ڕووت بە ڕووی ئەو کارەساتانەدا دەتەقێتەوە کە پێشتر دەیان و سەدان جار بینیوتە و بیستوتە و ناسیوتە. شەهیدکردنی ئەم پۆلە پێشمەرگە گەنجەی حیزبی دیموکرات تاوانێکی تری ناو ئەم ساتەوەختە ترسناکە پڕ تاوانەیە، بەشێکە لە وردەکارییەکانی ئاوسانی بەردەوامی ئەو دونیا ناشیرینە، هەنگاوێکە لە کێشانی ئەو نەخشە گەورەیەی کوشتن و وێرانکاریی کە ڕۆژانە لەو ناوچەکەدا سەرلەنوێ وردتر و شارەزایانەتر دەکێشرێتەوە. هەرکەسێک ئەم تاوانەی ئەنجامدابێت، لە ئێرانی ئایەتوڵاکانەوە بیگرە بۆ سەرجەمی ئەو هێزە ترسناکانەی تر کە لەو ناوچەیەدا تەڕاتێن بە ژیانی مرۆڤەکانەوە دەکەن، بەهێزە کوردییەکان خۆشیانەوە، دەیەوێت پێمانبڵێت کە کوشتن و تاوان بەردەوام دەبێت، ئەمە دواهەمین بەدکاریی و دواهەمین هێرش بۆسەر ژیانی مرۆڤەکان نابێت. تاوانی تر و خوێنی تر و وێرانکاری تر بەڕێوەن. بەرزڕاگرتنی یاد و خەون و کۆششی ئەم پۆلە شەهیدە، لەبیرنەکردنی ئەو ڕاستییە کە خەڵکانێک هەن خەونی گۆڕینی ئەو دونیایەیان هەیە، ئەرکێکی ئینسانیی گرنگە، بەر لەوەی ئەرکێکی سیاسیی بێت. ئەرکێکی ئەخلاقیی گەورەیە بەرلەوی ئەرکێکی نەتەوەیی یان نیشتیمانی بێت. تاقە شتێک بکرێت لەناو ئەم تاریکییەدا هاریکارمان بێت بۆ بەردەوامبوون ئیرادەیەکی ئازاد و بەرپرسیارە، ئەم ئیرادەیەش بەر لەوەی ئیرادەیەکی سیاسیی بێت ئیرادەیەکی ئینسانییە، بەر لەوەی بەشێکبێت لە پرۆژەیەکی سیایی ئیرادەیەکی ئەخلاقییە مرۆڤ لە هەستکردنی بە مرۆڤبوونی خۆیەوە و لە بەتەنگەوەهاتنی کەرامەتی

خۆیەوە وەک مرۆڤێکی بەرپرسیار هەڵگریەتی. ئەم ئیرادە ئەخلاقییە یەکێکە لەو شتە کەم و دەگمەنانەی لەمرۆدا ماوەتەوە بۆئەوەی مرۆڤ بتوانێت مرۆڤبوونی خۆی پێبپارزێت و نەهێڵێت ببێت بەبەشێک لە هەندەسەی ئەو تاریکساتە گەورەیەی لەو ناوچەیەدا دروستدەکرێت.

٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٦  فەیس بووک

## هەزار سڵاو لە گیانی پاکی تازەترین شەهیدانی نیشتمان ، شەهیدانی شەوی یەلدای خوێناوی.



### رامبود لوتفی پوور

یەلدا شەوی شادیمان بوو، درێژترین شەوی ساڵ و شەوی لە دایک بوونی گەورەترین ڕێبەری مێژوومان بوو . یەلدا شەوی قاقا و خۆشی و هەڵپەڕکێمان بوو. بەڵام دیسان دەستی گڵاو و تاوانباری داگیرکەری دڵ ڕەش ئەو شادییەی لێ کردین بە شین و لێوی پڕ لە بزە و خەندەمانی تەڕ کرد بە فرمێسکی خەمین. یەلدایەکی خوێناوی بۆ دروست کردین. جارێکیتر دەسەڵاتی تیرۆریست و مرۆڤکوژی ئێران سەلماندی کە ئەوەی لێی نازانێ زمانی دیالۆگە و ئەوەی پێی نامۆیە دەستی سازان و ئاشتییە. تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە شەوی یەلدادا جارێکیتر ئەو راستییەیان بۆ هەموو دونیا دەرخست کە لە شێوازی کوشتن و سڕینەوەو و تیرۆر بترازێ بڕوایان بە هیچ چارەسەرێکیتر نیە.

کەوابوو ئێستا پتر لە جاران و هەموو کاتێک ڕێگای داهاتوومان روونە. لە نێو خۆماندا یەکگرتن و تەبایی ، بەرامبەر بە داگیرکەریش توند و بێبەزەیی. وەک مامۆستا پەشێو دەڵێ دەبێ پێیان بڵێین:

" قوڕتان بەسەر...
شایی دانێن دەیکەین بە شین
پرسە دانێن کاستان دەکەین بە پێکەنین.."

دوژمنی ئێمە دڕندەترین دوژمن و دەسەڵاتی سەردەمە ، دەستێکی نیە بۆ نەرمی و سازانی درێژ کاتەوە ، نەرمیت نواند ئەو هار دەبێ. ئەم دوژمنە لە لۆژیکی شەق و فیشەک بەولاوە هیچ تێناگا. بۆیە دیسان دەڵێمە دەبێ یەکبگرین و تۆڵە

بکەینەوە، هەر رۆڵەیەکی قارەمانی لێ شەهید کردین دەبێ دەیان جاش و پاسداری لێ بتۆپێنین. ئاوا نەبێ تێدا دەچین ، نابێ رێگا بدەین چیتر دوژمن هەڵۆی ئەم نیشتمانە راو بکا. رێگا تەنیا یەکگرتن و تۆڵەیە تۆڵە.

هەزار سڵاو لە گیانی پاکی تازەترین شەهیدانی نیشتمان ، شەهیدانی شەوی یەلدای خوێناوی.

٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٦  فەیس بووک

# داوا و پێشنیارێکی دۆستانە



**برایم جەهانگیری**

هاوڕێیان، دۆستان، خۆشەویستان، نیگەران بن

هاوڕێ و دۆستانی ئازیز، کوردانی نیشتمانپەروەر. ڕێژیمی ئیسلامی ئێران دوای سڕینەوەی موجاهیدنین و بێکەڵک کردنیان لە عێراقدا و دوورخستنەوەیان لە سنوورەکانی خۆی و دوای ئەوە ی گوێی بە هیچ کەس ولایەنێکی نێودەوڵەتی نەدا و ئەوەی ویستی دەگەڵ موجاهیدنی کرد وتێیدا سەرکەوت، ئیتر یاخی بووە و ئێستا ئەو سەرکەوتنە ئەوی وەها مەست وسەرخۆش کردووە کە بە دڵنیاییەوە ڕێگایەکی لەو شێوە یان هاوشێوەی بۆ سڕینەوەی دێمۆکراتەکان، کۆمەڵەکان و باقی هێزەسیاسیەکانی ڕۆژهەلات لەبەرنامەی کاری خۆیدایە وهەڕەشەکانی فەرماندەکانی سوپای پاسدارانیش لە چەند مانگی رابردوودا شاهیدی ئەم راستیەن، ئیستا ئیتر یەکەم چەخماخەی ئەو پاکتاوکردن وسڕینەوەیە شەوی یەڵدای رابردوو لە بنکەی سەرەکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لێدراە و تێیدا وەک باس دەکەن تا ئێرە ٦ هاوڕێی حدک و پێشمەرگەیەکی ئاسایشی هەرێمی کوردستان شەهید بوون.

بەڕیزان، من هەر دەس بەجێ دوو داوام ئاراستەی لایەنە پیوەندیدارەکان کرد، یەکەمیانم ئەمە بوو کە داوام کردبوو دێمۆکراتەکان هەرچی زووتر ئەو ئەسڵ و فەرعە ریازیە وەلابنێن ولە بەرەیەکی دێمۆکڕاتیکی کوردستانیدا یەک بگرن، لەم داوایەدا کوتبووم کە ئەمە تاکە ڕێگا و کۆتا ڕێگای بەردەمی هێزەکانی ڕۆژهەلاتە.

دووهەم داوام ئاراستەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و برایانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان کرد. داوام کرد کە کومیتەیەکی هاوبەش دەگەڵ حدک پێک بێنن و هەرچی زووتر سەرداوی ئەو جنایەتە بۆ رای گشتی و خەڵکی کوردستان

ئاشکرا بکەن. گومانتان نەبێ ئەمەی ئەو کارەی کردووە پشت ئەستوورە و دەنگی لەجێی گەرمەوە دێ. ئەو دەستە چەپەڵ و ئەو گەلفرۆش و نیشتمانفرۆشانە وا بەهاسانی ناهێڵن ئەو باندە مرۆڤ کوژە بدۆزرێتەوە، هەر لە ئێستاوە ئاسەواری بەلارێدابردن و هەتڵەکردنی مەسەلەکە ئاشکرا بووە. کەوایە خوینی بە ناهەق ڕژاوی ئەم پۆلە پێشمەرگەیەش وەک ئەو نزیک ٢٠٠ کەسەی هەر لەم باشورە و بەدەستی هەمان باند و مافیا ئینسانکوژەکان بزر وبێ سەروشوێن کران ئەگەر هیممەتی ئێنمە نەبێ بزر دەکرێ.

هاوڕێم، ئەگەر خوازیاری ئەمەی کە گوشارێک بخرێتە سەر حکوومەتی هەرێم و بە تایبەتی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان تکایە سەرنج بەو خالانەی خوارەوە بدەن.

١- کۆیە دیارە لەکوێ هەڵکەوتووە، ئەو شارە ئاسایش و قایم مقام و بەرپرسی خۆی هەیە. ئەو کارەساتە ڕاستە لەبن دەستی ئەو شارەدا روویداوە. ناکرێ تۆ داوا بکەی سەرداوی ئەم کارەساتە لە دهۆک بدۆزرێتەوە؟! کەوایە شتەکان تێکەڵ مەکەن و بە وردی وبێ ئەوەی کەس بە هیچ بیانوویەک بۆ هیچ لایەکت هەڵدێرێ فوکوس لە سەر ئەسڵی شوێنی جنایەتەکە بکە.

٢- ڕاستە ئەو شوێنەی باشوور واتە بنکەو بارەگاکانی حدک وحدکاش کەوتوونە چەند کیلۆمێتری کۆیە وئەو شوێنەش لە ژێر دەسەلاتی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان دایە بەڵام هیچ کەس ناتوانێ ئەنگوستی ئیتیهام بۆ لای یەکیەتی نیشتمانی ڕادێرێ مەگەر ئەو کردارانە لەسەر یەکیەتی یان هەر لایەنیکی دیکە ساخ ببنەوە. هەر وەک حدک لە ڕاگەیاندنی فەرمی و لە زاری بەرپرسانی ئەو حیزبە تەنیا باس لە ئێران وەک تاوانباری سەرەکی ترۆرەکە دەکات تۆش دەبێ قورسایی دژایەتی وتاوانبارکردنەکەت هەمان ئێرانی فاشیستی بێ نەک کەسی دیکە.

٣- دەبێ ڕوانگەمان بەرامبەر ئەو رووداوە لە فرمێسک ڕشتن و کڕووزنانەوە بۆ ئیدانەکردن و داواکاری دیتنەوەی تاوانباران بگوێزینەوە، بەداخەوە تازە باشترین ڕۆڵەکانی کوردستان لە پیلانێکی ترۆریستیدا گیانیان بە خاکی نیشتمان بەخشی. ئێمە ئەگەر خۆمان بە هاوڕێ و هاوسەنگەری ئەوان دەزانین، ئەگەر خۆمان بە دژبەری ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی ئێران دەزانین دەبێ ئەو کارە ترۆریستییە بکەیە ئامانج لە دژی ڕێژیمی فاشیستی مەسەبی ئێران و لە هەموو وڵاتانی دنیا بۆ ئیدانەکردن دەبوو بەردەرکی سەفارەت و جاسووسخانەکانی ڕێژیمتان گرتبا. ئەو کارە تەنانەت هیچ پێوەندی بە تەشکیلاتی حدکیش نەداوە و دەکرێ لە ژێر ناوی" کومیتەی نا بۆ ترۆری هێزەسیاسیەکان " دەست بەچالاکی و بەرخۆدانی مەدەنی بکرێ. بەڵێ ڕۆژی کردارە نەک قسە و فرمێسک هەڵڕشتن. وا نەکەین بەخاترجەمی دەبێ خۆمان بۆ بیستنی هەواڵی دڵتەزێنتر و کارەساتبارتر ئامادە بکەین.

٤- هەر کەس هەر بۆچوونێکی هەیە سەبارەت بەو مەسەلە دەبێ تا ئاکامی لێکۆڵینەوەکان لە تاوانبار کردنی ئەم وئەو جگە لە فاشیزمی مەسەبی ئێران خۆ بپارێزێ، ئەو ئەگەرش دابنێین کە ڕێژیمی دوژمن بە کورد ئەو کارەی بە کڕینی چەندکەسی نیشتمانفرۆش ئەنجامدابێ تا نێوان یەکیەتی و دێمۆکراتەکان ناخۆش بکات و ئاژاوەوناخۆشی بنێتەوە، دەی لەو ئاژاوە و دووژمنایەتییە دا ئەوەی خێر دەکات و قازانج دەبێنێ تەنیا ریژێمی فاشیستی مەسەبییە خۆ کورد خێری لێنابینێ.

٥- تکایە زمانی ڕەخنەگرتن، گلەیی و گازندە و داواکاری با زمانیک بێ شایستەی دێمکۆڕات و شایستەی رۆژهەڵاتی کوردستان و خۆتان لە هەر چەشنە بێڕیزی و سووکایەتیەک بپارێزن. ئێمە دەبێ ئامانجمان لەکار خستنی ماشێنی ترۆری رێژیم بێ کە بە دڵنیاییەوە زۆر بە بەرنامە خەریکە وەگەڕ دەکەوێ.

بژی کورد، بژی کوردستان

بژی برایەتی هەموو هێزە سیاسییە کوردستانیەکان لە هەر چاوارپارچەک کوردستان.

٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٦ فەیس بووک

# کۆماری ئیسلامی ئێران دایکی گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکانە



## سامڕەند عەتری

لە کەس شاراوە نییە، کە کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکارییەوە دروشم و ستراتیژیی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی گرتە بەر، کە لەڕاستیدا هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بە واتای لەکارهێنانی توندوتیژی و کوشتار و تیرۆر و توقاندنە لەژێر ناوی ئاینی ئیسلامدا بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجە تایبەتەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، کە لە بەرزترین ئاستی خۆیدا دروستکردنی هیلالی شیعە یان ئیمپراتۆریای شیعە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدایە.

کاربەدەستانی ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران، سەرەتا لەنێو شیعەکانی ناوچەکەدا دەستیان بە پێکهێنانی گرووپەیلی توندڕەوی تیرۆریستیی وەکو حزبوڵڵای لوبنان کرد، بەڵام دواتر پێوەندییان لەگەڵ گرووپە توندئاژۆ سوننەکانی وەکو حەماسی فەلەستینیش دروست کرد و، بە لەکارهێنانی سامانی ئێران، کە بەپێی ئامارە نێوخۆییەکانی ڕێژیم، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خەڵکی ئێران بۆی ڕەجاڵن، یارمەتیی سەرلەبەری ئەو گرووپە توندئاژۆیانەی داوە، کە لە ناوچەکەدا بە ناوی ئیسلامەوە کاری ترساندن و تیرۆر ئەنجام دەدەن. لەڕاستیدا ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی لە توندوتیژی و تیرۆردا دەبینێت.

دواین بابەتی پێوەندیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە گرووپە تیرۆریستییەکانەوە، ددانپێدانانی باڵوێزی ڕێژیمە بە هەبوونی پێوەندی لەنێوان ڕێژیمی تاران و گرووپی تیرۆریستیی تاڵەباندا.

هەرچەند باڵوێزەکەی تاران پاش ئاشکراکردنی ئەو پێوەندییە، گوتوویەتی، پێوەندییەکەیان "بۆ کۆنترۆڵی هەواڵگرییە"، بەڵام لەڕاستیدا پێوەندییەکەیان لەگەڵ گرووپێکی توندئاژۆی ئیسلامیی سوننەدا تەنیا بۆ درێژەدانە بە کەشی ترس و تیرۆر لە ناوچەکەدا. دەنا هیچ دوور نییە، سەودا بە تاڵەبانیشەوە بکەن، ئاخر پێشتر ئاشکرا بوو، کە پێش کوژرانی لە پاکستان، مەلا ئەختەر مەنسوور، ڕێبەری تاڵەبان، چەند مانگێک لە ئێران بووە و چەند سەعاتێکیش پێش کوژرانەکەی بە پەساپۆرتی ڕەسمیی ئێرانییەوە، لە خاکی ئێرانەوە چووبووە نێو پاکستان.

محەممەدڕەزا بەهرامی، باڵوێزی ئێران لە ئەفغانستان، ئەم ددانپێدانانەی لە وتووێژێک لەگەڵ تەلەڤزیۆنی "ئاریانا"ی ئەفغانستان درکاندووە و گوتوویەتی: "کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ تاڵەبان تەماسی هەیە، بەڵام پێوەندیی نییە."

بالوێزەکەی ڕێژیم، کە دیارە نەیتوانیوە حاشا لە پێوەندیی ڕێژیمەکەی لەگەڵ ئەو گرووپە تێرۆریستییە بکات، پەنای بۆ گەمەی زمانی بردووە و "هەبوونی تەماس"ی لەگەڵ "هەبوونی پێوەندی" لێک جودا کردووەتەوە. بەڵام ئاخۆ حوزووری ڕێبەری گرووپی تاڵەبان لە ئێران و هاتوچۆکردنی بە پەساپۆرتی ئێرانییەوە، هەر "تەماس"ە و "پێوەندی" نییە؟

پاش کوژرانی مەلا ئەختەر و دیارکەوتنی پەساپۆرتە ئێرانییەکەیشی، وەزارەتی دەرەوەی ئێران حاشای لە حوزووری ڕێبەرەکەی تاڵەبان لە ئێراندا کرد، کەچی ماڵپەڕێکی بناژۆخواز بەناوی "جیهان‌نیوز" باسی لەوە کرد، کە مەلا ئەختەر لە ماوەی ڕابردوودا دوو مانگ لە ئێران ماوەتەوە و چەندین وتووێژی لەگەڵ دەستگا جۆربەجۆرەکانی ڕێژیم ئەنجام داوە.

جەهان‌نیوز ئیشارەی بە کۆمەڵێک سازان و بەڵێن لەنێوان مەلا ئەختەر و کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کردبوو، کە یەک لەوان "پێشگرتن لە لکانی بەدەنەی تاڵەبان بە داعشەوە" بووە، بۆ ئەوەی "تاڵەبان شوناسە تایبەتەکەی خۆی بپارێزێت."

بەگوێرەی جیهان‌نیوز، یەکێکی دیکە لە بەڵێنەکانی نێوان ڕێژیمی تاران و مەلا ئەختەر "قاچاغچییەتیی ماددەی هۆشبەر بووە و لەو بوارەشدا بە ئەنجامی زۆر باش گەیشتبوون."

ماڵپەڕی جیهان‌نیوز، کە ماڵپەڕێکی سەر بە باڵی بناژۆخوازانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو، دوو حەفتە پاش لەقاودانی ئەم ڕاستییانە، بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی "هەواڵی ئاسایشی و ئەمنییەتی" داخرا.

ئاشکرابوونی پێوەندیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکانی دنیاوە، بابەتێکی نوێ نییە و لەڕاستیدا ڕیژیمی ئیسلامیی ئێران دایکی سەرلەبەری گرووپە توندئاژۆ و تیرۆریستە ئیسلامییەکانە لە سەرانسەری دنیادا و، هەموو پشتیوانییەکی لۆجستیکی، وەکو پارە و چەک و پێداویستی و پەنادان بە ئەندامانی ئەو گرووپانە لە ئێرانەوە

دابین دەکرێت. ئەگەر پێویستیش بکات، وەکو مەلا ئەختەر سەودایان پێوە دەکات و بەکوشتیان دەدات، تەنیا لەپێناو ئامانجەکەی ڕێژیمی تاراندا، کە دروستکردنی ئیمپراتۆریای شیعەیە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.

ڕۆژهەلاتی ئازاد - ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## ئێران بە بەردەوامیی تیرۆرەکانی ڕیسواتر دەبێ!




**سالار حیسامی**

لەدرێژترین شەوی ساڵ و یەلدای چاوەڕوانی سپێدەی درێژبوونەوەی ڕۆژی هیواکاندا، جارێکی دی دەستی ڕەشی تیرۆرو بەکرێگرتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران گەیشتە گیانی پاکی ڕۆڵەکانی خۆرهەڵات و لەبەردەم بارگەی دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستان لەنزیک کۆیە-ی باشووری وڵاتدا، بەدوو کردەی ترسنۆکانەی دانانی بۆمبی چێنراوو تەقینەوەیان، ئەوەندەی دی پێشینەو کارنامەی ڕەشی خۆیان تاریکتر کرد.

تیرۆریستپەروەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران هەرگیز پەند لەڕابردووی ڕەش و نەگریسیان وەرناگرن. ئەوان چاک دەزانن کۆمەڵگەی جیهانی چیدی ئەو دەسەڵاتە تیرۆریستپەروەرە قبووڵ ناکا. بۆیە ئەوەی بۆیان بلوێ، بۆ ئاڵۆزکردنی دۆخی ناوچەکە دەیکەن و، بەپەلەقاژە هەوڵی دوورخستنەوەی شەڕ لەسنوورەکانی دەسەڵاتیان دەدەن.

ئەو لافاوی خوێنەی خەڵکی شڤیل لەعێراق، سووریە، یەمەن و وڵاتانی دی، بەرهەمی بیرۆکەی فاشیلی پیلانگێڕانی مەزهەبگەرای ئێرانە، کە دەخوازن بەهەر نرخێ بووە، سیاسەتی شکستخواردووی ویلایەتی فەقیە هەناردەبکەن، بۆ ئەوەی دەسترۆیشتوویی هیلالی شیعە بەرفراوانتر بکرێ! کە ئەوەشیان بۆ ناچێتەسەرو دەشزانن گەلانی بندەستیان لەئێراندا، بەدەست نەهامەتی و بێدەرتانییەوە وەزاڵەهاتوون و گڕکانی قینیان لەتەقینەوەدایە، سەرکوتی دڕندانەیان لەناوخۆدا گشتگیرتردەکەن و بە تیرۆرەکانی دەرەوەی سنوورەکەشیان هەوڵی دوورخستنەوەو سستکردنی چالاکیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەدەن. ئیدی ئاوڕ لەو ڕابردووە نادەنەوە کە تیرۆری تەنانەت سەرکردەکانیش نەک نەیتوانیوە تواناو بڕستی هێزی

دژبەریان کەم بکاتەوە، بگرە بەپێچەوانەوە لێبڕاوانەتر قۆڵی هیممەتیان لێ هەڵماڵیووەو مەیدانی خەبات و کارو چالاکیی سیاسییان گەرموگوڕتر کردووەو هەتا زیاتر تیرۆرکراون، پتر بەزەبرتر دەرکەوتوونەتەوە.

پێگەی کۆماری ئیسلامی ئێران لەهاوکێشە سیاسی و سەربازییەکانی جیهانیدا زۆر لەرزۆک بووە. بۆیە دەیانەوێ بۆ خۆقیتکردنەوەو خۆبەتەیار نمایشکردن، هەندی مانۆڕی جۆراوجۆر ئەنجام بدەن، هەتا بەخەیاڵی خاویان بیسەپێنن کە دەکارن جێی هەڕەشەو مەترسیی زیاتر بن.

ئەگەر لەو ناکۆکی و ناتەبایی و ئاڵۆزییانە بڕوانین کە لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستاندا بۆ ماوەی زیاتر لەدوو ساڵە بەردەوامە، هەروەها بە پێی هەندێ بەڵگەی باوەڕپێکراو، گومانی تێدا نەهێشتووەتەوە کە لەپەلاماردان و سووتاندنی بنکەو بارگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسنووری سلێمانی، (کە بەهەڵە هەر هەمووی خراوەتە ئەستۆی لایەنگرانی بزووتنەوەی گۆڕان)، کۆمەڵێک کەسی ناسراوی سەربە لایەنێکی ئیسلامی و ژمارەیەک نەناسراوی بەکرێگرتە خۆیان خزاندە نێو خۆپیشاندانەکان و دەنگێ ناڕازییەکانیان بەلاڕیدا برد، کە بەهیچ شێوەیەک ئامانجیان پەلاماردانی هێزەکانی پارتی لەو سنوورە نەبوو. ئەوان گلەوگازاندەیان لەبەڕێوەبەرانی ئیدارەی سلێمانی بوو، بڕواشیان وابوو کە بڕیاری پارتی بۆ ئیدارەدانی سلێمانی لە سنووری "دێگەڵە" تێناپەڕێ، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێران کە بەهۆی بانگەشەی سەربەخۆیی کوردو جاڕدانی دامەزرانی دەوڵەتی کوردستان لەسەر دەستی بارزانی، قەستەسەری پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی کوردستانە ڕزگارکراوەکەشیان کردبوو، بەکرێگرتەکانی خۆیان بەکارهێناو پیلانەکەشیان سەری گرت و قوڕی دووبەرەکییان خەستتر کردەوەو بەشێک لەمیدیاکانی کوردشیان کردە بانگەشەکاری شەڕەگەڕەک! هەر ئەوەشە وایکردووە، کێشەکانی نێوانیان تا هەنوکەش بەچەقبەستوویی ماوەتەوە.

ئەو نموونەیە دەرسێکی باش بەکورد دەدا، بۆ ئەوەی پەندی لێ وەربگرن و چیدی ئەو دەرفەتە نەڕخسێنن کە نەیارانی کوردو دەستکەوتەکانی وا بەئاسانی لەو کون و قوژبنانەوە بێنەوە ژوورێ، کە لەسەردەستی پەرتەوازی و ناتەبایی ناوخۆیی دروست دەبێ.

پیلاندوورانی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران لەم دۆخەدا بێ پلان و لەخۆڕا پەلاماری حزبی دیموکراتی کوردستان-یان نەداوە. ئەوە کردە تیرۆریستییە ترسنۆکانەیەشیان تەنیا بەربەرچدانەوەی خەباتی چەکداری و حزووری زیاتری هێزی پێشمەرگە لەقووڵایی خاکی وڵاتەکەیدا نییە، بگرە بەشێکی گەورەی ئامانجەکەیان بە مەبەستی سەرقاڵکردنی میدیاو ڕای گشتی و دوورخستنەوەی مەترسییەکانە لەدەسەڵاتی سەرەڕۆیان، بەشێکی مەبەستەکەشیان ئەوەیە چۆن یەکڕیزیی کوردیان لە باشووری کوردستان شێواندووە، ئەوهاش متمانەی کوردی ڕۆژهەڵات بە سیاسەتمەدارانی باشووری وڵاتەکەیان خەوشدار بکەن! دەکرێ ئەو کردە تیرۆریستییەی بەردەم دەفتەری سیاسیی(حدک)، کە بەداخەوە شەش شەهیدو چوار بریندارى لێکەوتەوە،

لەلایەک ببێتە هەوێنی یەکگرتنەوەی (حدک) و حدکا)و بەو ڕێکارە سیاسییە ڕەوایە هەم ڕۆحی شەهیدان شاد بکەن، هەم خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستان پتر تەیاربکەن و گورزو زەبری کاریگەرتریان لێ بوەشێنن. لەلایەکی دیکەشەوە دەکرێ ببێتە هۆکارێ بۆ دەرکی پتری هاوچارەنووسیی کورد لەسەرلەبەری بەشەکانی کوردستانی داگیرکراو، بۆ ئەوەی بە هەموو لایەک هەوڵی یەکخستنی کوردو وەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانی بدەن.

لەکۆتایی ئەم نووسینە کورتەدا ماوە بگوترێ، ئەگەرچی کوردان هەرگیز وەڵامی تیرۆریان بەتیرۆر نەداوەتەوە، بەڵام لەخوێنی گەشی تیرۆکراوان و قوربانییانی دەستی تیرۆریش خۆش نەبوون و ناشبن. کۆماری ئیسلامی ئێران بە بەردەوامیی تیرۆرەکانی ڕیسواترو لەفەوتان نزیکتر دەبێتەوە، کوردیش بەتایبەتی لەم چاخەدا کە ناوی کوردو پێشمەرگە تێکەڵ بە پیرۆزییەکانی گەلانی جیهان بووە، بەیەکرێزی و یەکگوتاری و هەنگاوی مکۆمتر لەداوێنی چیای ڕزگاری بەرەو سەرکەوتنی یەکجاری هەنگاو دەنێ.

رۆژهەلاتی ئازاد - ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## بۆ تێرۆرەکەی شەوی یەلدا کاری کۆماری ئیسلامی ئێرانە؟



**سمایل شەرەفی**

لە پێوەندی لە گەڵ تەقینەوەکانی شەوی یەلدای بەردەم قەڵای دێموکراتدا، ناوهێنانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، نەتەنیا ناکرێ وەک "بڕیاردانی بەپەلە" لێک بدرێتەوە، بەڵکوو نیشان لە ناسینی درووستی ئادرەسێکە کە، جیا لە تاران ناتوانێ هیچ کوێی دیکە بێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەت لە ماوەی نزیک بە ٤٠ دەیە لە دەسەڵاتدارێتی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، جیا لە رێژیمی ئێران هیچ دەوڵەت و لایەنێکی دیکەی بە دوژمنی خۆی نەزانیوە. هەروەها لە ماوەی ئەم چەند دەیەدا هەر کردەوەیەکی تێرۆریستی دژ بە رێبەران و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات کرابێ، بە بێ ئەملاوئەولا جیا لە رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئیرانی هیچ لایەنێکی دیکە نەبووە.

کەوابوو لە بەگشتی ئادرەسی هەموو ئەو دەستوەشاندنانە لە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی نەتەوایەتی خەڵکی رۆژهەڵاتەی کوردستان تا ئێستاو لەمەوبەدوایش هەر رێژیمی تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی ئیرانە.

هەرەشەی ئاشکراو پەیتاپەیتای بەرپرسانی ئەمنییەتیی رێژیم لە چەند مانگی رابردووی ئەمساڵدا لە حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەڵگەیەکی ئاشکراو حاشاهەڵنەگری دیکە کە تەقینەوەکانی شەوی یەلدای بەردەم قەڵای دێموکرات تەنیاو تەنیا کاری ئەم رێژیمەیە.

حوسێن سەلامی، جێگری فەرماندەی گشتیی هێزەکانی سپای پاسدارانی ئێران ڕۆژی ٩ی خەزەڵوەری ئەمساڵ لە کۆبوونەوەیەکیدا لە گەڵ بەرپرسانی ئەمنییەتی ڕێژیمەکەی لە ورمێ راشکاوانە رایگەیاند کە؛" بۆ بەدواداچوون و تێکشکاندنی هێزەکانی دژە شۆڕش هیچ هێڵێکی سوور ناناسین و لە هەر کوێی ئەم جیهانە بن دەیانکوژین". ئەم پاسدارە وێڕای ئاماژەدان بە حزووری پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە شارو ناوچەکانی کوردستان، کە ئەو بە "تێرۆریست"یان ناو دەبات، هەڕەشە لە حیزبی دێموکرات دەکات کە تۆڵەی ئەو "سنوور بڕین"ی لێ دەکەنەوە.

ئەوە بەڵگەیەکی ئاشکرایە کە دەسەلمێنی ئەمجارەیشیان وەک هەموو جارەکانی دیکە ڕێژیم توانی لە کردەوەیەکی تیرۆریستی دا دەست لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوەشێنێ.

راستە کە ڕێژیم توانی وەک بەرپرسانی ئەمنییەتی ئیدیعایان کردبوو، دەست لە حیزبی دێموکرات بوەشێنن و ئەمجارەیشیان گیانی ٥ کەس لە پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە بستێنن. بەڵام وەک لە رابردوویش دا دەرکەوتووە، ئەم ڕێژیمە ئەگەر بە سەدان جاری دیکەیش دەست لە حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە بوەشێنێ، ناتوانێ بە ئامانجی سەرەکی خۆی، کە بەچۆکداهێنانی ئیرادەی خەبات و تێکۆشانی ئەم حیزبە و تێکۆشەرانییەتی بگات.

٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٦

# ڕاسان، جاڕنامەی شارۆمەندی، تەقینەوەی بەر قەڵا






ئاگری ئیسماعیل نەژاد

ئایا دەکرێت لە نێوان ڕاسان و جارنامەی شارۆمەندی کە رووحانی لە رۆژی ٢٩ی سەرماوەز بڵاوی کردەوە پەیوەندییەک هەبێت؟ ئایا دەکرێت لە نێوان ڕاسان و تەقینەوەی بەر قەڵا پەیوەندی هەبێت؟ ئایا دەتوانین بەدوایی سەرەداوێک دابین کە ڕاسان، جارنامەی شارۆمەندی رووحانی و تەقینەوەی بەر قەڵا پێکەوە گرێ بدات.

پێم خۆشە پێش هەموو شتێک خوێنەر بگەڕێنمەوە بۆ دەقی وتوێژێکی نێوان موحسین هاشمی رەفسنجانی و بیژەن فەرهوودی کە لە هاوینی ١٣٩٣ لە ماڵپەری "کیهان لندن" بڵاوبۆوە، وتوێژەکە بە گشتی هیچ قسەیەکی نوێ تێدانەبوو، بەڵام دوایین پرسیاری وتوێژەکە بۆ کورد گرینگییەکی زۆر تایبەتی هەیە، لە دوایین دێڕییدا و لە وڵامی ئەو پرسیارە کە "ئەگەری ئەوە هەیە کۆماری ئیسلامی بڕووخێت؟" میهدی هاشمی دەڵێت: "چەند ئەگەری رووخانی کۆماری ئیسلامی هەیە، بەڵام ئەوەی لە هەمووی زیاتر ڕێگای تێدەچێت، هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ئێران و بەکارهێنانی هێزی کوردەکانی نێوخۆ لەسەر زەوییە".

پێشترین لە چەند وتاردا باسم لەوە کردووە، کە گرینگی ئەو قسەیە لەوەدایە قسەکەرەکە کوری کەسێکە کە دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی و کەسی دووهەمی نێو کۆماری ئیسلامی بووە و دەتوانین بڵێین ئێستاش هەر کەسی دووهەمی نێو کۆماری ئیسلامییە؛ کە وایە ئەو لێکدانەوەیە و ئەو ڕوانگە ئەمنییە کە موحسینی هاشمی باسی لێدەکات، ڕوانگەیەکی ئەمنیی ڕەژیمی کۆماری ئیسلامییە.

ئەگەر لە دەلاقەی ئەو ڕوانگەیەوە بڕوانینە بابەتی ڕاسانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە ڕوونی هۆکاری شەڵەژانی هێزی نیزامی و سیاسی کۆماری ئیسلامی و دژکردەوەی توندی چەکداری لە دوو حماسەی کۆساڵان و قەرەسەقڵ مان بۆ دەردەکەوێت و ڕوون دەبێتەوە کە ئەو دژکردەوە توندەی کە لە حەماسەکانی کۆساڵان و قەرەسەقل لە دژی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لەلایان کۆماری ئیسلامییەوە و هەرەشەی بەردەوام و هەڵماڵدراوی بەرپرسانی چەکداری کۆماری ئیسلامی لە حیزبی دێموکرات، دەچێتە چوارچێوەی ئەو ڕوانگەیەوە کە ناوەندە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی لەو باوەڕەدان پڕۆژەی رووخانی کۆماری ئیسلامی دەستی پێکردووە و دەیانەوێت هێزی پێشمەرگە وەک یەکێ لە یاریزانەکانی نێو ئەو پڕۆژەیە لە نێوبەرن.

جارنامەی شارۆمەندی ڕووحانی چ پەیوەندییەکی بە ڕاسانەوە هەیە؟ بڵاوکردنەوەی جارنامەی شارۆمەندی ڕووحانی لە کاتی ئێستادا بۆ کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵات هەڵگری دوو ئامانجی لە پشتە:

١: کات کرین، کۆماری ئیسلامی لە مێژووی دەسەڵاتداری خۆیدا هەمیشە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بە دوای کات کرینەوە بووە، لە دانیشتن لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان لە ساڵی ١٣٥٨ هەتا رێککەوتنی "بەرجام" هیچ ململانێیەکی نێوخۆی و نێودەوڵەتی نییە، کە کۆماری ئیسلامی تێدا باوەری بە کات کرین نەبووبێت، بۆ وێنە لە سەرەتای ئالۆزییەکانی سووریا لە ساڵی ٢٠١١دا کۆماری ئیسلامی وەک لایەنگری رەژیمی ئەسەد ئەوەی هێناگۆڕێ کە با بەشار ئەسەد هەتا ٢٠١٤ سەرۆککۆمار بێت، ئەو کات کە ماوەی سەرۆککۆمارییەکەی تەواو بوو، لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆمارییدا بەشداری ناکات. کە دیتمان ئەو قسەیە تەنیا هەوڵێک بوو بۆ کات کرین لە بەرهەڵستکارانی ئەسەد

## ڕەنگە لێرەدا بگوترێ کات کرین بە چ مەبەستێک؟ کات لە کێ کڕدرێت؟

لە کۆمەڵگای ئێراندا، بیری نەتەوەی لە نێو نەتەوە ژێردەستەکانی ئێراندا روو لە گەشەیە، و ئێران وەک وڵاتێک کە ٦ نەتەوەی تێدا دەژیت، نەتەنیا وڵاتێکی چەند پارچەیە، بەڵکوو هەبوونی ئەو ٦ نەتەوەیە، لە نێو سنوورەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا وای کردووە، ئێران لە ململانێ ناوچەیەکاندا، وەک قووڵای ستراتژیکی هەموو وڵاتەی ناوچەکە سەیر بکرێت. هاوکات لەگەڵ ئەو دێموگرافییە ئێتنیکییەی کە ئێران هەیەتی ، شەرێکی بەوەکالەت هەموو ناوچەی

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گرتۆتەوە و کۆماری ئیسلامی لایەنێکی سەرەکی و بەڕێوەبەری ئەو شەرە بەوەکالەتەیە کۆی ئەوە بابەتانە وای کردووە کە کۆماری ئیسلامی ترسێکی تەواوی لە سەرهەڵدانی جەماوەری لە نێوخۆی ئێران لێنیشێت.

لەگەڵ دۆخی دێمۆگرافی - ئێتنیکی و گەشەی بیری نەتەوەی لە نێو نەتەوەکانی ئێراندا و دۆخی ئەمنی ناوچەکە، ئێران تووشی قەیرانێکی ئابووری قووڵ هاتووە و سەرەڕایی ئەو قەیرانە ئابوورییەش سەرکوتی دۆخی نێوخۆی و بەشداری لە شەرە بەوەکاڵەتەکان لە ناوچەکەدا قوورسایییەکی زۆری خستۆتە سەر ئابووری کۆماری ئیسلامی و ڕۆژبە ڕۆژ ئەو ئابوورییە بەرو هەڵدێر دەبات.

جیاوازی ئەو بابەتانە لە باسی سەرکوتی نێوخۆی و تەنانەت شەری بەوەکالەتی ناوچەیش هەموو لایەنە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی جێگای باوەر و متمانەی بەرپرسانی سیاسی ئەو رەژیمە نییە و تەنیا بەشێکی تایبەت لە هێزە چەکدارەکانی رەژیم وەک هێزی ئیدۆلۆژیک و جێگای باوەر و متمانەی ئەو رەژیمە دەناسرێت، کە ئەو بەشە لە رووی رێژەوە بەشێکی زۆر کەمە لە ئەگەری گەشەی خەباتی چەکداری کۆماری ئیسلامی ناچارە کە ئەو هێزە لە نێوان نێوخۆی و ناوچەکەدا دابەش بکات کە لە ئێستادا هیچ ئەو کارە بە قازانجی نییە و چون مەترسی شکستی ناوچەیی زۆر زۆر دەکات و شکست ناوچەیش بەو واتاییە نییە، کە شکستەکە هەر لە دەرەوەی سنووری ئێران بێت، بەڵکوو کاتێک دەگوترێ: ئێمە شەر لە دەرەوەی سنوور دەکەین بۆ ئەوەی شەر نەیەتە نێو سنوورەکانمانەوە کە وایە هەر چەشنە شکستێکی ناوچەی بێ گمان هەتا نێو سنوورەکانی کۆماری ئیسلامیش دێت ئەگەر بمانەوێت گردوکۆیی بکەین کۆماری ئیسلامی بە هۆی لاوازی لە توانایی سەرکوتی نێوخۆی پێویستی بە کات هەیە بە بەڵاوکردنەوەی جارنامەی شارۆمەندی لە لایان رووحانییەوە دەیەوێت بە گشتی ئەو کاتە لە کۆمەڵگای نەتەوەنافارسەکان و بە تایبەتی لە کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵاتی بکرێت.

٢: دووهەمین ئامانج کە لەڕاستییدا ئامانجی دووهەمیش لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی یەکەمە ئالۆزی نانەوە لە نێو رای گشتی کوردستان دایە.

بۆ ڕوونبوونەوەی ئەو بەشە دەبێ بڵێین، لەگەڵ ئەوەی شۆرشی کوردستان بەروە ١٠٠ ساڵەی خۆی دەچێت، بەڵام لە ئاستی کۆمەڵگا و ڕای گشتی کوردستاندا هەمیشە لە نێوان دو بیرۆکەی "کورد وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ کە مافی نەتەوایەتی هەیە" و کورد وەک "هاوڵاتییەکی ئێران کە دەبێ مافی شارۆمەندی هەبێت" ململانێ بووە و هەیە هێنانەگۆرێی جارنامەی شارۆمەندی لە کاتی ئێستادا ڕوو بە کوردستان و تەنانەت ڕوو بە نەتەوە نافارسەکانیتری ئێران پتر بە ئامانجی ئەوەیە کە ئەو ململانێی قووڵترو ئالۆزتر بکات بە مەبەستی ئەوە کۆمەڵگا لە دۆخێکی دردۆنگی و سەرلێشێوایدا ڕاگرێ چون ئەوەی کە ڕەنگە هەتا ئێستا بە ڕوونی باسی لێنەکرابێت ئەوەیە هەلومەرجی ناوچەی و نێوخۆی ئاراستەیان وا وێک کەوتووە کە دەرفەت سازبێت بۆ ئالوگۆری زۆر گرینگ لە ئێراندا بۆیە کۆماری ئیسلامی دەیەوێت ئەو ئالۆزییە بەمەبەستی تێکدانی ئەو

ئاراستەیە بنێتەوە.

پاش ئەو لێکدانەوەیە ئەگەر بمانەوێت، لە دەلاقەی ئەو ڕوانینە ئەمنییەوە، سەیری کردەوەی تێرۆریستی بەر قەڵا لە کۆیە بکەین، ئامانجێکی روونمان لە کردەوەیە بۆ دەرد دەکەوێت، ئامانجەکە سازکردنی ترس و تۆقاندن، لە نێو ریزەکانی لایەنی بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامییە مەبەستیش لەو کارە ئەوەیە ئەندام و لاینگری لە هێزە کوردستانییەکان بتەکێندرێتەوە و لێ دورخرێتەوە.

ڕەنگە لێرە بگوترێ کە ئەو کردەوەیە روو بە لایەنێکی سیاسی کراوە، کە نەک لەگەڵ ڕاسان نییە، بەڵکوو هەتا ئێستا لانیکەمی لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە وەک لایەنی ڕەخنەگری ڕاسان دەرکەوتووە، لێرەدا پێویستمان بەوە هەیە، لە بابەتی ڕاسان و کردەوە تێرۆریستەکەی بەر قەڵا زیاتر شی بکەینەوە.

بۆ ڕاسان دەبێ بڵێین ڕاسان بەر لەوەی کۆی چالاکی ڕێکخراوەیەکی سیاسی بێت، فکر و ڕێبازێکی سیاسی - شۆڕشگێرییە کە وایە ئەگەر ئەو ڕێباز و فکرە ببێتە هێژمۆنی نێو سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەری زۆری هەیە لایەنە سیاسییەکانیتر لە چوارچێوەی ئەو ڕێبازەدا بێ ئەوەی وەک هاوپەیمان لەگەڵ حیزبی دێموکرات دەربکەن ئەوانیش ببن بە یاریزانی نێو ڕێبازەکە.

لەسەر کردەوە تێرۆریستییەکەی بەر قەڵا دەبێ بڵێین سەرەتا ڕواڵەتی تەقینەوەی بەر قەڵا پێمان دەڵێت ئامانج لە ئەو کردەوە تێرۆریستییە ئەوە نەبووە کە کەسێکی تایبەت بپێکرێ، بەڵکوو ئامانج ئەوە بوو لە ڕێژەی شەهید و بریندار بچێتە سەرێ، چون مێتۆدی دوو تەقینەوە لە مەودای زەمانی چەند چرکەدا تەنیا بۆ ئەو کاتەنە بەکار دێت، کە بیانەوێت ڕێژەیەکی زۆر بریندار و شەهید هەبێت، دیاریشە کاتێک تێرۆر دەچێتە، چوارچێوەی ڕەشەکوژی کردن ئامانج لە تێرۆرەکە خوڵقاندنی ترس و دڵەخورپە لە نێو بەرهەڵستکارانی کۆماری ئیسلامییە.

## لێرە پێویستی بە ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر هەیە

کۆی ڕووداوەکە بەو شێوەیەیە، شەوی یەلدا لە قەڵا ڕێورەسمێک بۆ یادی لە دایکبوونی شەهید دوکتور قاسملو و هەر وەها جێژنی چلە بەرێوە دەچێت، ئەو بۆنەیە لە ڕاستییدا بۆنەیەکی حیزبی نییە بەڵکوو لاوان و بنەماڵەی پێشمەرگەکان خۆیان بەرێوەی دەبن و زیاتریش ئامانج کۆبونەوە و ڕابواردنی شەوێکی خۆش لە لای یەکە هەر بەو هۆیەش لەو ڕێورەسمەدا خەڵکانێکی زۆر لە بنەماڵەی ئەندامان، لاینگر و دۆست بەشداری دەکەن، کە وایە ئەو شوێنەی کە کردەوە تێرۆریستییەکەی تێدا کراوە، وەک ڕێژەی جەماوەر شوێنێکی قەرە باڵغە و وەک بەشدار بوو پتر لەوەی پێشمەرگە بەشدار بێت بنەماڵە و

لایەنگری بشدار دەبن.

**لەسەر شوێنی تەقینەوەکە دەبێ بڵێم ئەو جێگای ئەو تەقینەوەی تێداکراوە ئەو تایبەتمەندیانەی هەیە:**

یەکەم: شوێنێکی بەتاڵە کە لە بۆنەوەکاندا ماشێنی بەشداربووی بۆنەکە لەوێ رادەگیرێ کەوایە جۆرێک پارکینگە و بە پێی دابی هەموو بۆنەیەک پاش کۆتایی بۆنەکە پارکینگی ئەو شوێنەی بۆنەکەی لێدەگرێ قەرباڵغ دەبێت.

دوو: بمبی چێندراو لە شوێنێک داندراوە کە تەنیا رێگای چونە ژوور و هاتنەدەرێ بۆ قەڵایە، واتە ئەگەر بۆنەیەک بەرێوە بچێت و کەسانێک لەو بۆنەیەدا بەشدار بن ئەو کەسانە تەنیا لەو شوێنەوە دەتوانن هاتووچۆ بکەن.

سێ: کاتی تەقینەوەکە رێک هاوکات بووە، لەگەڵ کۆتایی بەرنامەی شەوی یەڵدا کە لە قەڵا بەرێوە چووە.

**ئێستا ئەگەر بمانەوێت ناسنامەیە بۆ کردەوە تێرۆریستیەکەی بەرقەڵا بنوسین ناسنامەکە دەبێتە ئەوە**

کات یەکەم: شەوی چلە بۆ هۆی ئەوەی لە شەودا رێورەسم دەگیرێت و خەڵکێکی زۆرە لە بنەماڵە و ئەندام و لایەنگر کۆدەبنەوە

شێوەی کردە: دو تەقینەوە بە مەودای ٧ چرکە لە نێوانی تەقینەوەی یەکەم و دووهەم دا

شوێن: پارکینگ و تەنیا خاڵی هاتوچۆیی میوانەکان

کات سیفر: کاتی کۆتایی هاتی رێورەسمەکە

**بەردەنگی تەقینەوەکە: بەشداربووان لە شەوی چلە کە زۆربەیان بنەماڵەن.**

ئەو ناسنامەیە بە تەواوی بۆمان روون دەکاتەوە کە ئامانج لە تەقینەوەکە ئەوە بووە خەڵکانێکی زۆر بریندار و شەهید بن، هەر وەها ترس بکەوێتە دڵی بنەماڵەی پێشمەرگەکان بۆیە ئەو جێگایە و ئەو کاتە هەڵبژێردراوە و چون بۆیان گرینگ بووە رێژەی شەهید و بریندار زۆر بێت.

بۆ دەڵێم ترس بکەوێتە نێو دڵی بنەماڵەکان زۆر ئاشکرایە کە بنەماڵەکان بەتایبەتی منداڵی پێشمەرگەکان ڕۆژانە بە مەبەستی خوێندن و ژیانی ئاسایی هاوتوچۆی دەرەوەی ناوەندە حیزبییەکان دەکەن و ئەوەش وا دەکات ئەو کەسانە بەردەوام ترس و نیگرانی لە خۆیان هەبێت دوپاتبوونەوەی ترس و دڵەڕاوکە ئەو ترسە لە ناخی مرۆڤدا جێگیر دەکات و ئەوەش وا دەکات مرۆڤ بەردەوام هەست بە خۆبەکەمزانینێک بکات.

بەو لێکدانەوەیە دەگەینە ئەو ئامانجە کە بێ گومان یەکەم ئامانج و سەرەکیترین ئامانج لە تەقینەوەی بەر قەڵا سازکردنی دڵەخۆرپە و ترس لە نێو ریزەکانی هێزە و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی رۆژهەڵات بە تایبەتی خوڵقاندنی ترس لە نێو بنەماڵەی پێشمەرگەکاندا بووە.

ئەگەر بمانەوێت باسەکە پاش ئەو لێکدانەوانە پۆلێنبەندی و گردوکۆ بکەین، دەبێ بلێین ترس لە سەرکەوتنی راسان وای کردووە کۆماری ئیسلامی هاوکات هەم هەوڵ بدات، کۆمەڵگای رۆژهەڵات تووشی باسی هیلاککەر و ئالۆزکەری "مافی نەتەوەی" و "مافی شارۆمەندی" بکات و هەمیش هەوڵبدات هاوکات ترس و خۆف لە نێو ریزەکانی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی رۆژهەڵات بڵاو و جێگیر بکات.

کردەوە تێرۆریستییەکەی بەرقەڵا پێمان دەڵێت کە لە داهاتوودا، هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵات زۆر زیاتر لە جاران بەرەورووی تێرور و تۆقاندن دەبنەوە، باشترین بەڵگەش بۆ ئەو قسەیە قسەی عەلی شەمخانی بەرپرسی ئەنجومەنی ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامییە کە پێش ڕاسان و لە کاتی گەرانەوەی حیزبی دێموکرات بۆ سنووری رۆژهەڵات گوتی: "ئێمە لە قوڵایی ستراتژیکدا لەگەڵ دوژمنانمان بەرەڕوو دەبینەوە".

٢٢ / ١٢ / ٢٠١٦

# تیرۆر نامان ترسێنێ هەرەشە هەنگاومان پێ شل ناکا



لوقمان مێهفەر

کۆماری ئیسلامی ئێران، کۆماری پەت و سێدارەیە،دێوەزمەی نەکبەت و نەهامەتی گەلانی ئێرانە. کە وەک موتەکە سواری سەر شان و ملی نەتەوە ماف زەوت کراوەکان بووە.

لەسەر بنەمای فەلسەفەی رەشی کوشتن، شەر و نانەوەی ئاژاوە ،چەنگی لە کورسی دەسەڵات گیر کردووە بۆمانەوەشی لەو دەسەڵاتەدا دەست لە هیچ جنایەتیک ناپارێزێ. بەڵام مێژوو ئەو راستیەی سەلماندوە و ئەزموونیش دەریخستوە کە چارەنووسی ئەم جۆرە حکومەت ودیکتاتۆرانە، چارەنووسێکی رەشە زوو یا درەنگ بەروکیان دەگرێ..زەلیل و داماو دەکەونە بەر شەقی کۆمەڵانی وەزاڵە هاتووی وڵات. ئەو کات ئیدی پەشیمانی و پارانەوە دادی زوڵم کەر نادا و دەبێت سزای گەل وەربگرێ.. دڵنیام چارەنووسی سەرانی کۆماری ئیسلامی لە چارەنوسی دراوسێکانی باشتر نابێ..

چونکە پێناسەی ئەم رژیمە لە یەک رستەدا "رژیمێکی بێ پرنسیپ،ترسنۆک و بێ ئەخلاقە" بەو مانایە بێ پرنسیپە کە هیچ ئووسول و پێوانەیەکی نێودەوڵەتی رەچاو ناکا. دەست درێژی دەکاتە سەر سەروەری وڵاتانی جیهان. سەروەریان پێشێل دەکات و لەخاکی ئەوەندا جنایەت دەکات و کردەوەی تیرۆرستی ئەنجام دەدا. بەڵگەی سەلمێنەریش بۆ ئەو راستیە "دادگای میکۆنووسە" سەرانی ئێران لەو دادگایەدا بە عامل وبریاردەری سەرەکی ئەم قەتڵە دادەنرێن،. ئەوانەی قەتڵەکەیان ئەنجام داوە ئامرازی جێبەجێکردنی قەتڵەکەن کەواتە تاوانباری سەرەکی سەرانی کۆماری ئیسلامین..

ترسنۆک بەو مانایە شەهامەتی روبەرو بوونەوەی لەگەڵ رەقیبی خۆی نیە. چ لەناوچە چ لە نێوخۆدا، لەناوچەدا لە ژێر

ناوی جۆراو جۆر و بریقە دار دەست تێوەردان لە کارو باری ئەو وڵاتانە وەر دەدا و ئاژاوەو ناکۆکی دەنێتەوە، لە پشتی ئەم سناریۆیە نیەتە گڵاوەکانی خۆی تەحقیب دەکا و ئامانجی خۆی دەپێکێ.

لەئاستی نێوخۆیشدا لە روبەروبونەوە و بەربەرەکانی راستەوخۆ، لە گەڵ تێکوشەرانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بە گشتی و رۆڵەکانی کورد بە تایبەتی زندەقی چووە.

کاتێک دەڵێن ئەم رژێمە بێ ئەخلاقە، بەو مانایەیە کە راستی بە زماندا نایە، درۆ کردن لە مەزهەبی ئەودا شتێکی رەوایە بروای بەهیچ ئاین و رێوشوێنێکی یاسای و نەریتی نیە بۆ سەرکوت کردنی جیابیرانی دژ بە خۆ ی لە هیچ کردەوەیەکی جنایەت کارانە خۆی نەبواردوە. لەو پەیوەندیەدا چەند نموونەیەک دەخەینە روو. ئەوکچانەی بە تۆمەتی سیاسی دەگیرێن و حوکمی ئیعدامیان لەسەر دەدرێ بەر لە جێبەجێکردنی حوکم لەزینداندا دەست درێژی جنسیان دەکرێتە سەر. چونکە بەپێی شەریعەتی ئیسلام ئەو کچانە کە خاوەن شەرەفی کچێنین ئەگەر ئیعدام بکرێن بەهەشتین، چون پاکن . بەلێکدانەوەی بیری چەوتی خۆیان ئەو مرۆڤە هەم لە دونیای فانی و هەم لە دونیای ئاخرەت سزا وەربگرێ،. بەرلە ئیعدام بە زۆر دەست درێژی دەکرێتە سەر و شەرەفی کچێنی لێدەستینیری.

ئەو گەنجانەی تەمەنیان لە خواروی ١٨ ساڵە ئەگەر توشی تاوانیش بووبن بە پێی یاسا حوکمی ئیعدام نایان گرێتەوە، کەچی کۆماری ئیسلامی رێز بۆ ئەو رێساو یاسانە دانانێ،، بۆ چاو ترساندنی گەنجەکان ئەوان ئیعدام دەکا. بەبێ لە بەرچاو گرتنی مافەکانی دێل لە یاسا نێونەتەوەیەکاندا ئەوان زیندانی و دواجار بە بێ موحاکمە ئیعدام دەکرێن. زیندانیە سیاسیەکان لە مافی یاسای بێبەرین تەنانەت رێگا نادرێ پارێزەری دڵ خوازیخۆیان هەبێ، لەگەڵ تاوانبارانی قاتڵ،دز،موعتاد تێکەڵاو دەکرێن بەوجۆرە تەحقیر دەکرێن و کەسایەتی مەعنەویان دەشکێنێ. لەجیاتی زانست و خوێندن پیشەو کار بۆ بەندیەکان دابین بکا، کار ئاسانی دەکا بۆ بردنی مادە بێهۆش کەرەکان بۆ نێو بەندیەکان هەتا ئەوان توشی نەخۆشی موعتاد بوون بکرێن، بەوەش تواناو غوروری شۆرشگێرانەیان لێ دەستێنێ. رژێمێک کە چاوی بە ئاشتی و ئارامی و، خۆشی وشادی هاوڵاتیانی هەڵنای.چون دەتوانی مایە ی بەختەوەری بێ ، چونکە ئەوان ئاشقی تاریکی و شین گێرانن، بروانن شەوی یەڵدا لە دێر زمانەوە لەنێو فەرهەنگی ئێرانەکاندا بەشەوی خۆشی وشادی کۆبونەوە لە دەوری یەک پێناسە کراوە، ئەو رۆژە بۆئێرانیەکان بەگشتی رۆژێکی خۆشی مێژوییە. بەڵام بۆ ئێمەی کورد جیا لەوەش لایەنێکی دیکەشی هەیە، کە یادەکە خۆشتر و کۆرەکە رازاوەتر دەکا، بەتایبەتی بۆ تێکوشەرانی دێموکرات. چونکە لەو رۆژەدا رێبەری هەڵکەوتووی کورد دوکتۆر عبدارحمن قاسملوو لە دایک دەبێ، بازی شانس لەسەرشانی نەتەوەی کورد هەڵدەنیشێ. دوکتور قاسملوو بە درێژای تەمەنی سیاسی خۆی خەباتی بۆ رزگاری نەتەوەکەی کرد، هەموو هەوڵ و توانای ئەوە بوو پرسی کورد لەرێگای سیاسی و دانوستانەوە چارەسەر بکا،کۆماری ئیسلامی لە نیەت پاکی ئەو کەلکی خراپی وەرگرت. لە جیاتی ئەوی پەیامی ئاشتەوای لێ وەر گرن، کۆتای بەشەر و خوێن رێژی بێنن. بە پێچەوانە بەشێوەیکی نا جوانمێرانە لەسەر مێزی وتووێژ

شەهیدیان کرد. بەو مەبەستە کە جوڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵات کۆتـایی پێدێ و حیزبی قاسملووش فاتیحای دەخوێندرێ. سەرانی کۆماری ئیسلامی لەوەدا بەهەڵە چوون نەتەوەی کورد و حیزبی قاسملوو هەر زیندوو لەسەر پێن. رێبوارانی مەکتەبی قاسملوو هەموو ساڵی لە شەوی یەڵدادا یادی لەدایکبوونی رێز

دەگرن، پەیمان لەگەڵی نوێ دەکەنەوە.بۆیە رژێم لەویادەش دەترسێ. بە پێچەوانەی هەموو یاسا و نەریتێکی ئایینی وسیاسی شەوی یەڵدای ١٣٩٥هەتاوی خەڵتانی خوێن کرد بەم کردەوە جنایەت کارانەیە. سەلماندی کە رژیمێکی تێرۆریستە. راستە لەو کردەوەیەدا ٧ کەس لە رۆڵەکانی کورد لە رۆژهە ڵات و باشور بونە قوربانی ،بەڵام هۆشمین گوتەنی ئێمە وەک داری سنەوبەرین هەتا زیاتر لکو پۆمان لێبکەن زیاتر چرۆ دەردەکەین . تێکۆشەرانی دیموکراتیش لە وەڵامدارو بەدوژمن ئەو وتە بەنرخەی ئەو ریبەرە دەڵێنەوە "باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژە دانی رێگایانە " هەر لەو راستایەدا رۆژانە کچان وکورانی نیشتمان خۆیان دەگەینە بنکە سەر سنوریەکانی حیزبی دیمکراتی کوردستانی ئێران تا بەرگی پیرۆزی پێشمەرگە لە بەر بکەن ئەمرۆ ٢ی بەفرانباری ١٣٩٥ بۆ گوتنەوەی وانەی ئەزموون و خەبات بەندە شانازی ئەوەی پێبرا کە لەخزمەت پۆلێک لەو کچ و کورانەدا بم. ئەوان بە تامەزرۆوە گوێیان دەگرت هەتا لە بەهاری داهاتودا بە بیر و هزرێکی پێشکەوتوانە بەبیر و باوەرێکی شۆرشگێرانەوە، لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی رۆژهەڵاتدا حوزور پەیدا بکەن خەباتی شارو شاخ لە ژێر ناوی راسان پێکەوە گرێ بدەن. بە شەهیدەکان بڵێن مەشخەڵی داگیرساوی راسانی دەستی ئێوە نەک لە گەشە نەکوتووە بەڵکو لە گەشانەوەدایە، بەسەرانی رژێمی سەدەکانی نێونجیش دەڵێن ئێمە رۆڵەکانی دیموکراتین خاراوی کورەی کۆستەکانینن قاسملووی مەزن فێری کردوین لە تەنگانەدا دەستەوەستان نەبین لە سەرکەوتندا لە خۆبای نەبین بۆیە ئەمرۆش تیرۆر نامان ترسێنێ هەرەشەی رەشەبا هەنگاومان پێ شل ناکات.

٢٢ - ١٢ - ٢٠١٦

# ئایا ئێران دەستیکردووەتەوە بە سڕینەوەی نەیارانی لە دەرەوە؟



شەهید کردنی عەبدولڕەحمان قاسملو و یاوەرانی لە نەمسا ساڵی ١٩٨٩

دوای تەقینەوەکانی کۆیە و بە ئامانجگرتنی حزبی دیومکراتی کوردستان (حدک) و شەهیدبوونی حەوت کەس لەو هێرشەدا، جارێکی دیکە چاوەکان چوونەوە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران کە لە ڕابردوودا چەندین کردەوەی لە دەرەوەی خاکی خۆی بەرامبەر نەیارانی ئەنجامداوە.

هەفتەی ڕابردوو جێگری فەرهەنگی هێزە چەکدارە دەریاییەکانی ئێران ڕایگەیاند "نەیارانی ئێران لە هەر کوێ بن دەناسرێنەوە و حسابیان لەگەڵ دەکرێت.

لەم ماوەی رابرووددا بەرپرسانی سایتی ئومێد نیوز کە نزیکە لە چالاکانی بزووتنەوەی سەوزی ئۆپۆزسیۆنی ئێران ڕایانگەیاند کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی دادوەرییەوە کەیسی جۆراوجۆریان بۆ درووست دەکرێت و هەرەشە لەسەریانە.

لەم نێوەندەدا غلام حسێن محسنی، جێگری یەکەمی دەسەلاتی دادوەری لە ئێران سێ ڕۆژ پێش ئێستا لە وتەیەکدا ڕایگەیاند "سیستمی دەرەوەیی ئێران هەندێک لە نەیارانی خستووەتە ژێر چاودێرییەوە و پەلەمان نییە لە چاودێریکردنیان".

ئەو بەرپرسە ڕاشیگەیاند "هەندێک کەس پێیان وایە مادام لە دەرەوەی ئێرانن ئیتر کەس دەستی بەوان ناگات".

بەرپرسێکی دیکەی سەربازی ئێران مەسعود جەزایری، جێگری سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی ئێران لەم مانگەدا رایگەیاندبوو "نەیارەکانی دەستکەوتی شۆڕشی ئیسلامی چ لە دەرەوە و چ لە ناوەوەی ئێران لە کاتێکی گونجاودا ڕووبەڕوویان دەبینەوە".

ئەو بەرپرسە سەربازییەی ئێران ئاماژەی بەوەشکردووە ئێران ڕێگا نادات لە دەرەوەی وڵاتیش هەندێک کەس پەیدابن مەترسی بۆسەر ئاسایشی وڵات درووست بکەن.

بەشێک لە نەیارانی حکومەتی ئێران ئاماژە بەوە دەکەن کە ئێران لە دەرەوەی وڵاتەکەش مەترسی بۆسەریان درووست دەکات و لە مێژوودا چەندین تیرۆری دەرەکی ئەنجامداوە.

ڕۆژی ١٣ی تەمووزی ١٩٨٩ و ٢٦ ساڵ پێش ئێستا د. عەبدولڕەحمان قاسملو سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و دوو کەس لە یاوەرەکانی لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵ تیمی دانوستانکاری حکومەتی ئێران لە وڵاتی نەمسا، تیرۆر کران.

دواتر حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئێرانی بە بەرپرسیاری ئەو کردەوەیە دانا.

لە دوای زیادبوونی هەژموونی ئێران لە ناوچەکەدا جارێکی دیکە ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە ئایا ئێران بە هاوکاری دۆستەکانی دەست دەکاتەوە بە لەناوبردنی نەیارانی لە دەرەوەی خاکی ئێران؟

ب.ح - ماڵپەڕی ئین ئار تی

٢٢ / ١٢ / ٢٠١٦

# کۆماری ئیسلامی ماکەی تیرۆر




## ڕەسووڵ سوڵتانی

کۆماری ئیسلامیی ئێران بوختانی پێ نەکراوە کە وەک ڕژێمێکی شەڕانشۆ و تیرۆریست و تیرۆریستپەروەر باسی دەکرێ، بگرە ئەوە پێناسە روون و دیارەکەی ئەو ڕژێمەیە و بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەوەندە زۆرن، کە خۆماندووکردنی ناوێ.

ئەگەر لە ستراتیژی دوورمەودای ئەو ڕژێمە ورد بینەوە و بە میتۆدی راڤەکردن بچینەوە سەر پەیامی هەناردەکردنی شۆڕش لە ئێرانەوە بۆ دەرەوەی وڵات، دەبینین چاوگەی هەموو ئاژاوەکان و تیرۆر و جەنایەتەکانی ئەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە سەر بنەمای ئەو بڕیار و ستراتیژەی ڕژێمە ئیسلامییەکەی تاران.

ئاخر هەناردە کردنی شۆڕش واتە کارکردن بۆ دەستەبەسەرداگرتنی هەموو ئەو شوێنانەی کە شۆڕشەکەیان بۆ دەنێردرێ، هەر بۆیەش لەو شوێنانەوە بەربەرەکانێی ئەو پەیامە دەکرێ. ئەگەرچی ڕژێمی ئێران و دامەزرێنەرەکەی ئەو ڕژێمە واتە ئایەتوڵا خومەینی هیچ سنوورێکی بۆ گەیاندنی شۆڕشەکەیان دیاری نەکردووە و بەپێی بڕیارەکەیان بێ، تا دوورترین خاڵی گۆی زەویی بەڕێ دەکەن.

ئیتر کاتێک هەناردەکردنی شۆڕش دەبێتە ستراتیژی ڕژێمێک، ئەوە بەو مانایەیە کە ئەو ڕژێمە بەشێکی هەرە زۆر لە سەرمایە و تین و وزەی خۆی لەو پەناوەدا تەرخان دەکات و بۆ سەرکەوتنی بەرنامەکانیشی لە هیچ تاکتیک و تەکنیکێک ناپرینگێتەوە و سڵ لە هیچ کردەوەیەک ناکاتەوە. هەر وەک دیتمان لە یەکەم مانگەکانی دامەزرانی ڕژێمی ئیسلامی لە تاران، دەست کرا بە پاکتاوکردن و لەناوبردنی هەموو دەنگە ناڕازییەکان و تەنانەت ئەو کەسایەتییە روونـاکبیر و دیارانەی سیستەم و ڕژێمە ئیسلامییەکەیان قبووڵ نەکرد و پەرتەوازەی هەندەران بوون. تیرۆری دکتۆر شاپووری بەختیار و

دکتۆر قاسملوو و شەرەفکەندی و سەدان کەسایەتی و چالاکی سیاسیی ئێرانی کە دژی ئەو حکوومەتە بوون، رەنگە تەنیا بەشێکی کەم بێ لە کارنامەی پڕ لە پەڵەی شوورەیی ئەو رژیمە.

کۆماری ئیسلامی بۆ تیرۆر و لەناوبردنی نەیارانی خۆی، هیچ سنوورێکی دانەنا هەتا ئەوەدەمەی دادگای میکۆنووس بڕیارێکی مرۆڤانە و ئازایانەی دا و تۆزە ئیستۆپێکی بەو ئاشی تیرۆرە کرد، کە بەرهەڵستکارانی رژیمی لە دوورترین و بگرە لە ئازادترین وڵاتانی جیهانیشدا دەکردە ئامانج و دەیهاڕین. هەڵبەت تیرۆری زیاتر لە 300 کادر و پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات لە باشووری کوردستان و، تەنانەت لە ناوخۆی ئێرانیشدا لە سێدارەدرانی لاوانی کورد بە تاوانی کوردایەتی، بەشێکی دیکەن لە لاپەڕەکانی کارنامەی پڕ لە شوورەیی ئەو رژیمە. تیرۆر یەکێک لە رێگە و تاکتیکە هەرە ناسراوەکانی رژیمی ئێرانە، تەنانەت زۆر دڕندانەش دەکەونە تیرۆر و لەناوبردنی نووسەران و شاعیران و رووناکبیرانی ناوخۆی ئێران و لە هیچ جێیەک دەنگی ناڕەزایەتی تەحەمول ناکەن و بۆ کپکردنی ئەو دەنگانەش زۆربەی جاران هەر لە تیرۆر کەڵک وەرگیراوە، چونکە سیستەمەکە سیستەمی دیالۆگ و تێگەیشتن نییە.

تازەترین کردەوەی تیرۆریستیی ئەو رژیمە، چاندنی دوو بۆمب و تەقاندنەوەیان بوو لە بەردەم بارەگای دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتدا، کە مخابن لە ئەنجامی ئەو کردەوە قێزەونانەیەدا، پێنج پێشمەرگەی ئەو حیزبە شەهید بوون. جا بە پێی ئەو کارنامە روون و دیارەی رژیم لە تیرۆر و لەناوبردنی دژبەرانی خۆی و، هەر بە پێی هەڕەشەکانی چەند مانگ لەوەپێشی جێگری فەرماندەی گشتیی سوپای پاسداران کە گوتی دژبەرانمان لە هەر جێیەکی دنیا بن، لەناویان دەبەین و بۆ زەبرلێوەشاندنیان سنوورێکمان نییە، کەوابوو ساویلکەیی و گەمژەییە جگە لە کۆماری ئیسلامی تەنانەت بەگومانیش پەنجەی تۆمەت بۆ لایەکی دیکە رابکێشرێ.

رۆژهەلاتی ئازاد - ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## کردەوە ترۆریستیەکەی کۆماری ئیسلامی لە شەوی یەلدا دا، نامان ترسێنێ.



### ئەحمەد مەکڵاوەیی

کۆماری ئیسلامی کە بۆ جارێکیتر بە دژی حیزبی دێموکرات دەستی دایەوە تیرۆر، ویستی وێڕای تیرۆرکردنی کادرو پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرێ رێبەری، ژن و مندالی بنەماڵەکانیشیان تیرۆر کات.

لە شەوی یەلدا دا کە ساڵۆنی کۆبوونەوەکان حیزب لە منداڵە شل و ناسک و جوانەکان مەوجی دەدا و هاتبوون بە یادی لە دایک بوونی قاسملوو رێبەری شەهید کراویان تێر بۆی پێپکەنن و پێ بڵێن بە ئاسوودویی بنو و رێبازەکەت چۆل نیە،کۆماری ئیسلامی ئێران بە هەڵوێستی نامەردانەی بە تیکەو دەنگ و گرمەی بۆمب و کاری تیرۆریستی، باوک وبراکانیان لێ شەهید کردن وخۆشی و پێکەنین و هەڵپەڕکەیان لی کردنە شین.بەڵام کۆماری نا ئیسلام با باش بزانێ کە بە رشتنی خوێنی شەهیدەکانی ئێمە ،بەو کارە تیرۆریستیە لە بە ر دەرکی قەڵای دێموکرات قوڕی بۆ سەری خۆی گر تەوە وبە گشتی لە نیو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا زیاتر روو رەش بوو.

کۆماری نا ئیسلامی پێی وا بوو دەتوانێ منداڵەکانی ئێمە بترسێنێ، بەڵام نا خیاڵت خاوە نامرد، منداڵەکان دێموکرات وەک تۆ ترسەنۆک نین کە لە ترسەنۆکی خۆت دەست بۆ کاری ترسەنۆکانە دەبەیت.دوێنی منداڵە نۆ ساڵەکەم کە لە شەوی یەلد دا ولە کاتی تەقینەوەکە دا لە ساڵۆنی کۆبوونەوەکە دەبێ وتەقەو گڕو رمبەی بۆمبی کۆماری ئیسلامی رایدەچڵەکێنێ، گوتی بابە ئەمڕۆ من دێم بۆ قەڵا و چاو لە جێی بۆمبەکان (خامنەیی )دەکەم.

هۆ کۆماری نا ئیسلام،ویستت خەڵکی دێموکرات بترسێنێ ، نا نا خیاڵت خاوە، هەر تیکێکی بۆمبەکانت کە لە جەستەی

شەهیەکانمان دراون نەوەکانی داهاتوومان کە ویستت بیانترسێنی دەیانکە نەوە بە ئەقڵی سەلیم بۆ گژداچوونەوەت ولە مەیدانی سەرەڕۆییت دەرتدەپەڕینن.

هۆ خوێن ڕێژەکانی کۆماری نا ئیسلام، دیتتان پێرێ و دوێنی و ئەمڕۆ چۆن دونیا لە هەزاران میدیاورۆژنامەو گۆڤارەوە باسیان لە ترسەنۆکی ئێوە و،سەربەرزی وخۆراگری کورانی دێموکرات کرد، دوێنێ دیتتان کە چۆن بە هەزاران کەس لە رووناکبیر ومامۆستا وشەخسییەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و خەڵکی ئاسایی ودەسەڵاتدارانی باشووردەیان حیزب و ڕێکخراوی جیاجیا سەریان لە بنکەکان دێموکرات دا و لەو خەمە دا خۆیان بە شەریک زانی.

هۆ کۆماری نا ئیسلام، بۆ جاریکی تر کە خوێنی بە ناحەق رژاوی کورانی کورد ی  رۆژهەڵات و باشووربە دەستی تۆ رژان و تێکەڵ بە یە بوونەوە، باش بزانە کە بێشک ئەم خوێنان میژووی یەک نەتەوەیی گەلەکەمانی پێ دە نوسرێتەوەو زیاتر رووی تۆو گشت دوژمنانی نەتەوەکەمانی پێ رەش دەکەن.

هۆ دوژمن باش بزانە کە ئەمجارەیان پۆلە ئەستێرەی حەوتەوانە لە سەر ئاسمانی قەڵای دێموکرات دەردەکەوێت وروناکی دەداتەوە نێو رۆژهەڵاتی کوردستان و دەسەڵاتی رەشی تاریکپەرستان رادەماڵێ و ئاڵقەی پێوەندی حیزب و خەڵکی کورد پتەوتر دەکات و هەناوی دوژمن دەسووتینێ.

٢٣ی کانونی یەکەم ٢٠١٦

# خەمی لە دەستدانی پۆلێک تێکۆشەری دێموکرات



**عەبو راد**

وێڕای هاوخەمی دەربڕین لە گەڵ هاوسەنگەران و کەس وکاری ئەو پۆلە شەهیدە داوای ساخ و سڵامەتی بۆ بریندارەکان دەکەم . ڕوحی شەهیدەکان شاد و ڕێگای گەیشتن بە ڕزگاری و ئامانجەکانیان بەردەوام بێ و ئاواتەکانیان بێنەدی.

دووژمنان خەیاڵیان خاوە کە پێیانوابێ بە کوشتن و گرتن و پەت و سێدارە دەتوانن تێکۆشەرانی گەل و نیشتمان و کۆمەڵانی ستەمدیدەی کوردستان بە چۆکدابێنن و لە خەبات و بەرخۆدان بۆگەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی سڵیان بکەنەوە.

ڕاستە لە دەستدانی تێکۆشەرانی گەل و نیشتمان بە گشتی وئەوپۆلە تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شەوی یەلدا دا خەسارێکی گەورەیە ، بەڵام ئازادی و ڕزگاری قوربانی دەوێ. بێگوومان ئەو قوربانیدانانەش تێکۆشەرانی گەل و نیشتمان وکۆمەڵانی وە زاڵەهاتووی کوردستان وریاتر دەکاتەوە و لە گەیشتن بە مافەکانیان سوورتریان دەکات. بە گشتی هەموو چین و توێژەکانی کوردستان و بزووتنەوەکانی کوردستانیش بۆ تێکۆشان لە پێناو سەربەستیدا یەکگرتووتردەکات. ئەگەرچی ئەمڕۆ هەلوومەرجی دەرەکی تا ڕادەیەکی زۆر بۆ یەکلاکردنەوە و چارەسەری کێشەی کورد لە ڕابردوو لەبارترە، بەڵام نابێ ئەوڕاستییە لە بیر بکەین کە بارووDۆخی ئێستای ناوچەکە و بە تایبەت کوردستان گەلێک ناسکە. دووژمنانیش وەک پیشەی هەمیشەیی خۆیان کە ترسیان لە دێمۆکراسی و ئازادی هەیە، هەستیان بەو ڕاستتە کردوە. دیکتاتۆران و دەسەڵاتدارانی تاران ، ئانکارا ، بەغدا و دیمەشق وەپەلەقاژە کەوتوون و لە هەموو کاتێک زیاترخەریکی پەرەپێدانی پیلانەکانیانن. بە ناو هاوکاریەکانیشیان بۆ هێزێک یا چەند هێزێکی کوردی لە بەشەکانی کوردستان هەر لەو ڕاستایە دایە. ئەو ڕاستیەش باش دەزانن کە کێشەی کورد گەیشتۆتە ئاستێک کە ناکرێ و ناتوانن چیدیکە حاشا لە بوونی بکەن و نەتەوی کورد بوونی

هەیە و ناتوێتەوە. کە وابوو با بە ڕوحێکی نەتەوەیی و کوردانە، پشتی یەکتربگرین و پەنا بۆ یەکتر بەرین و لە ڕێگای دیالۆگەوە هەنگاوی بە کردەوە بەرەو یەکڕیزی، تەبایی، کۆدەنگی ویەک بوون خێراترهەڵگرین . بە بڕوای من لە هەلوومەرجی ئێستادا باشترین ڕێگا پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەشی کوردستانییە لە هەمووبەشەکانی کوردستان، هاوکات پێکهێنانی زەمینەی وەسەریەکخستنەوەی ڕیزەکانیانە. هاوکات هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی سەرانسەرییە بۆهەر چوارپارچەی کوردستان. بێگوومان بڕیار وهەنگاوی بە کردەوە و بوێرانە و بەرپرسانە بۆ ئەم مەبەستە لە بەرژەوەندی نەتەوەی کورد و گشت ئەویندارانی ڕێگای ڕزگاری لە هەموو بەشکانی کوردستاندایە. تێکۆشان لەوبوارەدا دوژمنانی گەل و نیشتمان بە چۆک دادێنێ و پشتیوانی و هاوکاری دەرەکی بە هێزتردەکا وهێزەکانی تێکۆشەری ناو گۆڕەپانی خەبات باشتر دەپارێزێ و بەهێزتریان دەکات. کۆمەڵانی خەڵک و ئەویندارانی ڕێگای ڕزگاری یەکگرتووتر و هیوادارتر دەکات. گڕوتینی زیاتربە خەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەبەخشێت و ئاسۆی سەرکەوتن نێزیکتر دەکاتەوە.

٢٣ / ١٢ / ٢٠١٦

# وەرن با هەموومان بۆ یادی ئازیزانی شەهیدمان مۆم داگیرسێنین



**نیعمەت مەلا**

له ماڵەکانمان, له ژورەکانمان, لەشوێنی شەهید بوونیان, مۆم بۆ زیندووڕاگرتنیان هەڵکەین

وەرن لەشوێنی شەهیدبوونیان تاجەگوڵینه دانێین, مۆم داگیرسێنین و سروودی نیشتمانی بخوێنینەوه و بانگیان کەین. بەڵێن نوێ کەینەوه و هەتاهەین لەیادیان نەکەین.

هەرچی دەکەم و رووه و هەرلایەک دەڕوانم دڵم هێور نابێتەوه و خەمم بەکۆتا ناگا. ویستم به کورته مۆسیقایەک یادی هاوڕێ و براکانم زیندووکەمەوه, کەچی خۆم به بچووکتر لەوه دەزانم لەم خەم و ماتەمەدا به دەنگی ناخۆش و دەست و پەنجه لەرزۆکەکانی خۆم, پەنجه به سێ تارەکەمدا بێنم و شتێ بڵێم.

دو رۆژه ژانی پڕ لەتاو و تینی لەدەستدانی ئازیزانم هروژمی بۆ هێناوم و ویستی دیتن و دوباره بیستنی دەنگیان, ئۆقرەی لێ هەڵگرتووم.

ئاخر بەقوربانتان بم چۆن دڵتان هات ئێمه تاسەباری خەمی خۆتان کەن؟ لەغوربەتەوه بەدائیم چاوێکم له کوردستانه و دڵ و روحم لەوێ جێهێشتووه, چاوەکەی تریشم گۆمی خوێنی لەدەستانی ئێوەیه و هەتاوی گەڕانەوەی بۆ نیشتمانم رۆژبەدوای رۆژدا کزتر دەکەن.

تاسەبارم و خەمین. خاک دەپێوم و خاک, خاکی من نیه. دڵ و دەرونم دەسووتێ و لەشی زامارم, هەرساتەو برینێکی نوێی

دەکەوێتە سەر.

شەلاڵی خوێن و غەرقی فرمێسکم و تاکووچاو لەسەریەک دادەنێم ئێوەم لەلایە. یادەکانتان هەرساتەو زیاتر لەجاران لەباوەشم دەگرن. نە خەو لە چاوم ماوە و نە هەناسەیەک بۆ دەربڕینی ئەم ئازارە. پەنجەم لەرزۆک و دڵم بەگڕ دەمسووتێنێ.

مێشکم تاساوو و پێم شکاو.

تف لەمن کە لەم چەند مانگەی دواییدا بڕیارم دابوو لێتان نەپرسم, یادتان نەکەم, نەتانناسم, دوور بم لێتان. تف لە من و نەفرەت لەمن کە قەت ناتوانم خۆم ببەخشم. چۆنەکایی ئەم بڕیارەمدا؟ گەردنم ئازاکەن, تۆکوردستان گەرنم ئازاکەن, زۆر بێ وەفا و بێ ئەمەگ بووم بەرامبەرتان. چۆن دڵم هات لێتان دوور کەومەوە چۆن؟
هەتاکوو هەم, خۆڵی بەرپێی هەموو ئەو تێکۆشەرانەم کە ڕێبواری ڕاستەقینەی ئازادین. هەتا هەم قۆچی قوربانی یەک بە یەکی پێشمەرگەکانم.

تۆ کوردستان بمبوورن نەمتوانی ڕۆڵەیەکی باشی نیشتمان بم. بمبوورن

وشەم زۆر و دڵ پڕ, یادەکان بەرز و یاران بەرزترن لەجاران. خۆزگە نەمردبام و دیسان ئێوەم لەباوەش دەگرتەوە.
ڕوحتان شاد بێ ئازیزانم, شەهیدان کاک عەلی گیان, مامۆستا و گەورەم, کاک وەهابی ئازیزم, برای خۆشەویست و شیرینتر لەگیانم, کاک ئەرسەلان, هاوڕێی نازەنینم, ناسری لاوچاک و شۆڕشگێر, سالاری ڕوح سوک و دڵپاک, کاکە عەدنان عەبدولا و سەنگەر ستاری ئازیزم, دوو شەهیدی ئاسایش کە پارێزەری ئازیزانی من بوون, ڕوحتان شاد ئازیزانی خۆشەویست و هەڤالانی من. خۆزگە خۆڵی دەوری گۆڕتان بام.

قەت لەیادتان ناکەم

...

مۆم بۆ زیندووڕاگرتنی یادی ئازیزانم لە ماڵەکەی خۆم و بەرگی پێشمەرگایەتی و سێ تارێک کە ئەم شەوانە هەڤاڵی بێ کەسیمە

۲۳ / ۱۲ / ۲۰۱٦

## بۆ پەلامارە تێرۆریستییەکەی سەر حدک دەستی کۆماری ئیسلامیی لەپشتە؟



**عەلی بداغی**

دوای پەلامارە تێرۆریستییەکەی شەوی یەڵدا بۆ سەر بنکەیەکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە نیزیک شاری کۆیە هەموو قامکەکان چوونەوە سەر کۆماری ئیسلامی. بەڵام ئایا ئەوە هەر لەبەر ئەوەیە کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کۆماری ئیسلامی بە تاکە دوژمنی خۆی دەزانێ؟ یان بەڵگەی لەوەش قایمتر هەیە؟

تێرۆر هەموو کاتێک بەشێک لە مێژووی سیاسیی مرۆڤ بووە، کەم نیزامی سیاسی بووە کە تێرۆری دژبەرانی خۆی، یان ئەو کەسانەی ئێستعدادی ئەوەیان بووە ببنە مخالیفی بە ئەرکی خۆی نەزانیبێ و ئەوەشی لە پێناو پاراستنی دەسەڵات و سەقامگیریی نیزامەکەی نەکردبێ. بەڵام لە دنیای هاوچەرخی ئێمەدا ئەو شێوازە بە شتێکی دژبەایەخ سەیر دەکرێ و نیزامی سیاسیی خەڵکی و دێموکڕاتیک زۆر بە دەگمەن پەنا بۆ تێرۆر دێنن.

لەو نێوەدا کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی زۆر بەرین شێوازی تێرۆری نەیارانی گرتۆتە بەر. نموونەی نیزامی سیاسیی تێرۆریست لە ناوچەدا کەم نەبوون، کۆرەی باکوور، عێراقی سەردەمی سەددام، بەڵام ئەوانە هیچ کام بە دڕندەیی و بە توند و تیژیی وەک کۆماری ئیسلامی نەبوون، ئەوان لە نێو خۆی وڵاتەکەیاندا دژبەرانی خۆیان گرتوە، لە دادگا یان بێدادگاکاندا محاکەمەیان کردوون و ئیعدامیان کردوون، بەڵام لە ئێران سەرەڕای بەکاربوونی دەزگا ئەمنیەتییەکان و دەزگای قەزایی لە سەپاندنی حوکمی ئێعدام و جێبەجێکردنی، لە دەیەی ٦٠ ڕا هەتا نیوەی دەیەی ٧٠ و هەتا هەراکانی قەتڵە زنجیرەییەکان، لانیکەم ١٨٠ چالاکی سیاسیی دژبەری خۆی تێرۆر کردوە.

لە دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ڕا تا ئیستا زۆر وڵات، زۆر ڕێکخراو و دادگای دەوڵەتان ئێرانیان سەبارەت بە دەست تێداهەبوون لە کردەوە تێرۆریستییەکان یان پشتیوانی لە گرووپە تێرۆریستییەکان مەحکووم کردوە. ئاڵمان،

ئەمریکا، ئارژانتین، بریتانیا و ئیسرائیل بەشێک لەو وڵاتانەن.

وڵاتی ئەمریکا وەک زلهێزی جیهان هەر لەم دواییانەدا جارێکی دیکە لە ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەیدا لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ ئێران ڕێککەوینی ئەتومییان ئیمزا کردوە، بەڵام ڕایگەیاند کە تەنیا وڵاتی پشتیوانی ترۆریسم لەئێستادا لە جیهان، کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. هەروەها هەر ئێستا وەزارەتی بەرگریی ئێران و هەروەها سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لەلایەن ئەمریکاوە لە لیستی ڕەشی گرووپە تێرۆریستییەکان خراون، بەڵام بۆ؟ ئایا هەر لەبەر دوژمنایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، یان بەڵگەی قانوونی بۆ ئەوە هەیە؟ بەڵێ بەڵگە هەیە کە هەوڵە تێرۆریستییەکانی ئێران هیچ جێیەک ناناسن، لە ئاسیا، لە ئورووپا و لە ئەفریقا تۆڕە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی کاری خۆیان کردوە.

## چەند بەڵگەیەک لەو پێوەندییەدا:

### دادگای میکونوس

گرینگترین بڕیارێ کە لەلایەن دادگایەکی سەربەخۆ بە دژی ئێران دراوە. لەو تێرۆرەدا دوکتور شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات، فەتاح عەبدوڵی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و هۆمایون ئەردەڵان بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی ئالمان و نوردی دێهکوری، یەکێک لە دۆستانی کورد و لە دژبەرانی کۆماری ئیسلامی تێرۆر کران.

### تەقینەوەی ئامیا

ساڵی ١٣٧٣ ناوەندی جوولەکەکان لە ئارژانیتین تەقێندرایەوە. لەو ڕووداوەدا ٣٨٥ کەس کوژران و بریندار‌بوون. دادگای ئارژانتین ئێرانی بە دەست تێداهەبوون لەو پەلامارە تێرۆریستییەدا مەحکوم کرد.

### بۆمب دانانەوە لە بانکوک

لە ساڵی ٢٠١٢ دا زنجیرەیەک تەقینەوە لە بانکوک، پایتەختی تایلەند کران. بەرپرسانی دەزگای قەزایی تایلەند ڕایانگەیاند کە ئێران لە پشتی ئەو تەقینەوانە بووە و دوو ئێرانیی ئەندامی سپای پاسداران بە ناوەکانی سەعید مرادی و محەممەد خەزایی بە زیندانی ئەبەد مەحکوم کران.

### تەقینەوە لە دێهلی

ساڵی ١٣٩١ ی هەتاوی پۆلیسی وڵاتی هیند، ئێرانی بەوە تاوانبار کرد کە بەرپرسی تەقینەوەیەکی دێلی بۆ کوشتنی دیپلۆماتەکانی ئیسرائیلی بووە.

## پیلانی تیرۆری باڵوێزی عەرەبستان لە ئەمریکا

ساڵی ١٣٩٠ دادگوستەریی ئەمریکا دوو تیرۆریستی ئێرانیی وەک تاوانبار لە پەروەندەی تیرۆری سەرنەکەوتووی عادل ئەلجوبەیر، باڵوێزی عەرەبستان لە ئەمریکا ( وەزیری دەرەوەی ئێستای عەرەبستان) ناساند. مەنسوور ئەرباب سیر یەک لەوان بوو کە گیرا و ئێستا لە زیندانە/ غولام شکووری ڕایکردوە و لە ئێرانە/ دەزگای قەزایی ئەمریکا دەڵێ غولام شکووری ئەندامی سپای قودسی سەر بە سپای پاسدارانە.

## هەوڵە تیرۆریستیەکان لە بەحرەین

ساڵی ١٣٩٤، پارەکە، ناوەندە ئەمنیەتییەکانی بەحرەین کارخانەیەکی گەورەی بۆمبسازییان لەو وڵاتەدا دەۆزیەوە. ئەوانەی لەوێدا کاریان دەکرد و دەسبەسەر کران هەموویان دانیان بەوە دانا کە لەگەڵ سپای پاسداران پێوەندییان هەیە/ بەحرەین دوای ئەو ڕووداوە باڵوێزی خۆی لە ئێران کێشایەوە و باڵوێزی ئێرانی لە وڵاتەکەی وەدەرنا.

## کردەوە تیرۆریستییەکان لە عێراق

سەرچاوەکانی هەواڵ و ناوەندەکانی توێژینەوە دەڵێن کە میلیشیاکانی سەر بە ئێران دوای شەڕی کەنداوی زیاتر لە ١١٠ سەربازی ئەمریکاییان لە عێراقدا تیرۆر کردوە.

## کاری تیرۆریستی لە وڵاتی کێنیا

ساڵی ٩١ پۆلیسی کێنا دوو تیرۆریستیی ئێرانی بە ناوەکانی ئەحمەد ئەبولفەتحی و سەید محەممەد موسەوی دەسبەسەر کرد. دەزگای قەزایی کێنیا کوتی ئەو دوو کەسە ئەندامی سپای قودس بوون و یەک تۆن تەقەمەنیی بۆمبیان لێگیراوە.

## هاوکاری لەگەڵ ئەلقاعیدە

ئێرانی شیعە دوای رووخانی تالیبان لە ئەفغانستان هاوکارییەکی زۆر نیزیکیان لەگەڵ ئەلقاعیدەی سوونني بووە، هەتا شەڕی سووریە کە مەرزبەندییەکان جۆرێکی دیکەیان لێهات/ ئەمریکا بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٣٩٠ دا ئێرانی تاونبار بەوە

کرد کە لەگەڵ ئەلقاعیدە هاوپەیمانە. دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا ڕایگەیاندبوو کەو ڕێبەرانەی ئەلقاعیدە کە ئێران دالدەی داون، توانیویانە لە ڕێگەی ئێرانەوە تۆڕێکی ماڵی و ئابووریی زۆر بەرین بۆ بەرنامە تێرۆریستییەکانیان بەرنە پێشێ.

## تێرۆری کەسایەتییە ئێرانییەکان

لە دەرەوەش کە لە هەموویاندا پێی ئێران هاتۆتە پێشێ، وەک تێرۆری دوکتور قاسملوو و شەهیدانی دیکەی ڤییەن لەو ڕووداوەدا، تێرۆری دوکتور سادق و شەهیدانی دیکەی بەرلین لەو ڕووداوەدا، تێرۆری شاپوور بەختیار، دوایین سەرۆک وەزیرانی حکومەتی پاشایەتی لە پاریس، شەهریاری شەفیق، کوڕی ئەشرەف پەهلەوی لە پاریس؛ ئەرتشبود غولامعەلی ئۆوەیسی لەگەڵ غوڵامحوسێنی برای لە پاریس، فەرەیدون فەروخزاد لە وڵاتی ئاڵمان، عوبدورەحمان برومەند لە پاریس، کازم ڕەجەوی لە سویس و دەیان تێرۆری دیکە لە وڵاتانی ئورووپایی دا.

ئەوانە کۆمەڵە فاکتێکن کە پێمان دەڵێن تێرۆر و کۆماری ئیسلامی ئاوەڵدوانەی یەکترین و تێرۆر کاڵایەکە کە تەنیا بە بەژنی کۆماری ئیسلامی دەبڕێ.

٢٤ - ١٢ — ٢٠١٦

# کەڵاشی خوێناوی چمان پێدەڵێ؟،



**ئەحمەد شێربەگی**

کردەوەی تێرۆریستی شەوی یەڵدای بەردەم بارەگای "حدک" سەرەتای دەستپێکی هەوڵێکی نوێی تێرۆریستییە کە ڕێژیمی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی ئێران

لە دوای نەوەدەکان لە دژی ئۆپوزیسیونی کوردی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان بەڕێوەی برد.

ئەوەی کۆماری ئیسلامی لەم شەوەدا کردی مەبەستێکی تایبەتی لە پشت بوو. زۆر سرووشتی بوو کە ڕێژیم لە دوای چالاکیەکانی ڕاسانی هاوینی ڕابردووی پێشمەرگەی دێمۆکرات کە هەیمەنەی تێک شکا بوو بە دوای زەبر لێدان لە حیزبی دێمۆکرات دابگەڕێ، بەڵام بۆچی شەوی یەلدای بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژارد؟

شەوی یەلدا لە فەرهەنگی میترایی دا شەوێکی پیرۆزە و بۆ کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش پیرۆزێکی تایبەتی هەیە کە لەودا گەورەترین وخۆشەویسترین ڕێبەری کورد، دوکتور قاسملوو تێیدا لە دایک بوە، بۆ ئەم مەبەستە کۆماری ئیسلامی بە پیلانێکی جینایەتکارانەی دارێژراو توانی ئەم شەواهەنگە شادیهێنەرە بکاتە شەوی شین و ماتەمین، بە خەیاڵی خاوی خۆی وابیر بکاتەوە کە لە شەو ییەلدای ساڵانی داهاتوو دا کەس یادی دوکتور قاسملووی مەزن بە خۆشی نەکاتەوە...

بێگۆمان ئەم هەنگاوەی کۆماری ئیسلامی لەم ساتەوەختەدا دەبێ بە جیددی هەڵوێستی لەسەر بگیردرێ و بە هیچ شێوەیەک نابێ وەپشت گوێ بخرێ. ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کە پسپۆری دۆزینەوەی ئەمجۆرە کردەوانەیە ئەرکێتی هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ ناساندنی بکەرانی ئەو کردەوە تێرۆریستیە بخاتە گەڕ و بە بێ هیچ ساتو سەودا و

شاردنەوەیەک کۆمەڵگای کوردستان وجیهان لە ناساندنی بکەرانی ئاگادار بکاتەوە...

ئەم کەڵاشە خوێناوییە کە پەڵەیەکی نەنگە بە تەوێلی کۆماری ئیسلامی پێمان دەڵێ: لەم ساتە هەستیارە دا کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوڤین پێیدا گوزەر دەکات و ئاڵوگۆڕەکان بە خێرایی برووسکە تێدەپەڕن، کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ ناوماڵی خۆی ڕێکخات.

پێماندەڵێ بوونی بەرەیەکی هاوبەش بە بێ هیچ بەندو مەرجێک لە نێوان هەموو هێزە ڕەسەنەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمرێکی حەیاتیە.

ئەم کەڵاشە لە خوێن دا شەڵالە پێمان دەڵێ، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کوردو بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەگەری هەرکردەوەیەکی ئیحتمالی تێروریستیی دیکەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هەروەها بۆ کاراکردنی زیاتری خەباتی جەماوەری بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناکۆکیەکان وەلانێن و یەکبگرن ...

سڵاو لە ڕوحی شەهیدانی یەلدا شەوی خوێناوی....

وەرگیراو لە لاپەڕەی فەیسبووکی کاک ئەحمەد

٢٥ - ١٢ - ٢٠١٦

# شرۆڤە: تەقینەوەی تیرۆریستی لە بەردەم یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆیە.



حشمەت خوسرەوی

پێش وتن: لەم بابەتدا هەوڵ دەدرێت کە بە بیانوی ئەو تەقینەوە تیرۆریستیە، هۆکارەکان، باکراوند و رێگار چارەکان لە روانگەیەکی تاکە کەسی و ئوبژکتیڤەوە، شرۆڤە بکرێت.

جێگای باسە کە لە شەوی یەلدای ئەو ساڵدا لە دوو تەقینەوەی تیرۆریستیدا لە بەردەم قەڵا شوێنی سەرەکی حیزبی دێموکراتی کودستان، بەداخەوە چەند پێشمەرگەی ئەو حیزبە و کارمەندێکی ئاسایش شەهید بوون و چەند کەسی دیکەش بریندار بوون.

پێش ئەوەی بە قوڵی بچمە نێو بابەتەکەوە، بە ئەرکی نەتەوەیی و مۆراڵی خۆمی دەزانم کە لە رێگای ئەم بابەتەوە هاوخەمی خۆم لە گەڵ بنەماڵەیٚ ئەو شەهیدانە، خەڵکی ئازادیخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان و رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەربرم و هەروەها هیوای چاکبونەوە بۆ برینداەرکانیش دەخوازم.

## ١- تیرۆریزم Terrorism

جێگای باسە کە دەستەواژەی تیرۆریزم مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ لای شۆڕشی فەرانسە و دەستەواژەکەش لە وشەی terreur

ی فەرانسی وەرگیراوە کە بە واتای خوڵقاندنی ترس یان توقاندن دێت.

فرەڕەهەندی و چۆنیەتی بە کارهێنانی ئەو دەستەواژە یە کارێکی کردوە کە هەم لە باری یاسایی و هەمیش لە بواری زانستیدا نەتوانرێت پێناسەیەکی ئیستاندارد بۆ تیرۆر بکرێت کە ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوە بێت کە هەر دەوڵەت یان لایەنێک تیرۆر بۆ ئامانج و مەبەستی تایبەت بە کار دەهێنن کە تێدا هەوڵ دەدرێت بە ڕێگای ئەنجام دانی کاری تیرۆریستی کاریگەری لە سەر کۆمەڵگایان سیاسەتی وڵاتێک دروس بکەن بە بێ ڕەچاوکردنی ژیانی خەڵکی سڤیل یان مەدەنی.

ئەگەر تەقینەوەکانی بەردەم قەڵا بچێتە خانەی کارێکی تیرۆریستی ئەوە مانای ئەوەیە کە لایەنێک هەوڵی داوە کە لە ڕێگای بە کارهێنانی تیرۆر وەکوو مێتودێک بۆ گەیشتن بە ئامانجێک یان کۆمەڵێک ئامانج و ئستراتیژیکی دیاریکراو کەڵک وەربگرێت.

جێگای باسە وڵاتێک، لایەنێک یان ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بە کەڵک وەرگرتن لە شێوازی تیرۆر دەیهەوێ بە خوڵقاندنی ترس و تۆقاندن بەرانبەرەکەی بە چۆکدا بێنێت و لەو ڕێگاوە هەژموونی و دەسەڵاتی خۆی بەرفراوان بکات کە دواتر هەوڵ دەدرێت بە بیانوی تەقینەوەکانی بەردەم (قەڵا) هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو کارە تیرۆریستیە، شرۆڤە بکرێت.

**٢- باکراوند Bakground**

دیاردەی تیرۆریزم و شەپۆلی مەزهەبی لە ئێراندا هاوکاتە لە گەڵ شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئیران لە ساڵی ١٩٧٩دا.

لە ڕاستیدا لەو کاتەوە تاکوو ئێستا تاران بوە بە سەنتەری بە ڕادیکاڵکردنی ئیسلامی سیاسی و پاشان ڕێکخستنی گرۆپی جوراوجور کە دواتر بە ئیسلامیەکان ناوبانگیان دەرکردوە.

ڕێژیمی تاران هێدی هێدی شەپۆلی تیرۆری موخالفینی خۆی دەستپێکرد کە بەسیج، سۆپای پاسداران، حیزب الله لوبنان و زۆر گرۆپی دیکە نموونەی ئەو ڕێکخراوەنەن کە بۆ پراکتیزە کردنی قانونی شەرعیەت لە لایەن کاربەدەستانی پایە بەرزی کۆماری ئیسلامی وە ئورگانیزە کران.

کاربەدەستانی تاران لە ڕێگای ئەم گرۆپانەوە کردەوە تیرۆریستیەکانی خۆیان هەم لە نیوخۆی ئێران و هەمیش لە دەرەوەی

سنورەکانی دەستپێکرد و لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی شەمسی بە دەستوری رێبەری نیزام واتە خومەینی یەکەمین جیهادی سیاسی بە بیانوی شەڕ بە دژی (کفار) دژ بە خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان دەستپێکرد و بەم جۆرە دەیان کەس لە خەڵکی سڤیل هەر لە کرماشان تا ماکۆ کۆمەڵکوژ کران.

پاش کۆتایی هاتنی شەڕی چەند ساڵە لە نێوان ئێران و ئێراق، کۆماری ئیسلامی لە رێگای وتوویژەوە توانی لە ساڵی ١٩٨٩ لە وییەنی پێتەختی ئوتریش موتور، مێشک و تئوریسیونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران واتە د.قاسملوو تیرۆر بکات و چەند ساڵ دواتریش واتە لە ١٧ی سپتامبری ١٩٩٢ی میلادی جێگری قاسملوو واتە د. سادق شەرەفکەندی لە بەرلینی ئەڵمانیا لە لایەن دیپلۆمات تیرۆریستەکانی تارانەوە، تیرۆر کرا.

لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩١ تا کوو کۆتاییەکانی ٢٠٠٠ی میلادی دەیان کەس لە کادر، پێشمەرگە و ئەندامانی لایەنە سیاسییە کان و خەباتکارانی رۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی حیزبی دێموکرات لە باشووری کوردستان بە دەستی قەرارگای سوپای قودس و هاودەستانی لە باشووری کوردستان تیرۆر کران.

بەم جۆرە ماشینی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی توانی بە چەند بەشێک لە ئامانجەکانی خۆی بگات، واتە شۆڕشی رۆژهەلاتی کوردستان تا رادەیکی زۆر کپ کرایەوە و هێزە ئەکتیڤەکانیش بە تایبەت حیزبی دێموکرات پاسیڤ کرا.

کۆماری ئیسلامی لە تەواوی ئەو دەورانە دا هەوڵی سەرەکی ئەوە بووە کە بە هەر قیمەتێک بووە شوێن و کاریگەری دێموکراتەکان لە رۆژهەلاتی کوردستان کەمرەنگ بکاتەوە کە ئاخرەکەشی بە بەشێک لەو ئامانجە گەیشت.

ئێستا پاش ٢٠ ساڵ دیسان کۆماری ئیسلامی ئێران لە رێگای سوپای قودس و چەند لایەنی دیکەوە، ماشینی تیرۆری دژ بە دێموکراتەکان بەکار خستووتەوە و یەکەمین کردەوەی ترۆریستی خۆیان لە شەوی یەڵدا بۆ مێژوو تۆمار کرد.

ئەم رێژیمە پاش ٢٠ ساڵ دیسان لە هەمان کەرەستە و مێتود کەڵک وەردەگرێت دژ بە مۆخالفینی خۆی، چونکە ئەم مێتودە پێشتر ئەنجامی باشی هەبووە بۆ دەوڵەتی مەلاکان لە تاران و تەنانەت لە هەڵبژاردنی سات و کاتی تیرۆرەکەش زۆر بە باشی دقەت کراوە کە ئەو رۆژە لای دێموکراتەکان و بەشێک لە کوردەکانی رۆژهەلات بە رۆژی لە دایک بوونی د.قاسملوو ناسراوە. رێژیمی تاران راست لەو شەوە دا زەربەی تیرۆریستی لە دێمۆکراتەکان دەدات کە رۆژی لە دایک بوونی رێبەرەکەیانە.

## هۆکارەن Factors

دیاره تاکوو ئێستا هیچ لایەن یان وڵاتێک راستەوخۆ تەقینەوەکانی شەوی یەڵدای لە بەردەم قەڵا بە ئەستۆ نەگرتوە، بەڵام زۆربەی خوێنـدنەوەیان هیپـۆتیزە فەرزییەکـان بـاس لەوە دەکەن کـە لەوە دەچێـت کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران و جیرەخۆرەکانی لە پشتی ئەو کارە تیرۆریستیەوە بێت. ئێستا وا دابنرێت کە بە پێ خوێندنەوەیکی فەرزی ئەو کارە لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و لە رێگای سوپای قودس یان حەشدی شەعبی کە راستەوخۆ لە ژێر کاریگەری کۆماری ئیسلامی ئێرانە، ئەنجام درابێت ئەی کە واتە هۆکارەکانی ئەم کارە لەم ساتەوەختە دا بە دژی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کامانەن؟

## ١- کەمکردنەوەی هێزی ئینسانی

سوپای قـودس لـە دەیەی نەوەدەکـان تـاکوو ئاخرەکـانی سـاڵی ٢٠٠٠ی میلادی بـە رێگـای جۆراوجـور تـوانی دەیـان کەس لـە مۆخاڵفەکـانی خـۆی لـە باشـووری کوردسـتان تیـرۆر بکـات کـە دیـاره تیـرۆری ئەنـدامان، پێشـمەرگە و کادرەکـانی حیزبـی دێموکرات لـە ئەولـویەتی یەکەمی ئەو سوپایە لـە باشووری کوردستان بـووە کە تـوانی بە کەڵک وەرگرتن لـە کۆنفلیکتە ناوخۆییەکانی باشووری کوردستان زەربەی وا لە هێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی حیزبی دێموکرات بـدات کە رۆژ لە دوای رۆژ هێزی ئینسانی ئەو حیزبە بە دوو شێوەی جیاواز روو لە دابەزین بکات. لە لایەک کادر و پێشمەرگە کانی بە دەستی سوپای قـودس لە باشـوور تیـرۆر دەکران و لـە لایەکی دیکەشەوە کاریگەرییە سایکۆلوژیی و رەوانیەکـانی تیرۆر کارێکی وایان کرد کە دەیان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی دێموکرات بە تـاک و بنەمـاڵەوە رێگـای ئورووپایـان گرتـە بەر کە خەسارەکانی ئەم کۆچە تاکوو ئێستاش بە روونی کاریگەرییان لە سەر هێزی ئینسانی دێمۆکراتەکان هەبووە.

کەواتە هەر جورەکاری تیروریستی دژ بە لایەنەکـانی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان و تـایبەت دێموکراتەکـان درێـژەدەری سیاسـەت و ئستراتیژیکیەکانی رابردووی سوپاسی قودسە لە باشووری کوردستان بـە لـە بەرچـاوگرتنی سـەر لـە نـوێ ئەکتیـڤ بـوونەوەی دێمۆکراتەکان پاش بیست ساڵ.

بـە مانـایەکی دیکە، کۆمـاری ئیسلامی لـە رێگـای سوپاسـی قـودس و بـە کەڵـک وەرگـرتن لـە مێتـودی رابـردوو(زەربەدان لـە لایەنەکـانی مۆخـاڵف) لـە رێگـای کەم کـردنەوەی هێـزی ئینسـانی لایەنەکـان بـە تـایبەت دێموکراتەکـان دەیـهەوێ بـە هەر قیمەتێک بووە ئەو شێوازە جارێکی دیکە دژی مۆخاڵفەکانی تاقی بکاتەوە.

هەڵبەت نابێت لـە بیـر بچێت کـە سـەردەمی ئێسـتا هەم بـۆ دیموکراتەکـان و هەمیش بـۆ هەرێمی باشووری کوردسـتان زۆر جیاوازە لە دەیەی نەوەدەکان، بەڵام ئێستاشی لە گەڵ بێ کۆماری ئیسلامی لـە رێگـای حەشدی شـەعبی لـە باشـووری ئێـراق و سوپای قودس لە هەرێمی ژێر دەسـەڵاتی یەکیەتـی نیشـتمانی کوردسـتان نفـوزی سیاسـی، نیزامی، کـۆمەڵایەتی و فەرهەنگـی

هەیە و لە لایەکی دیکەوە قەیرانی ئابووری و سیاسی لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت لە هەرێمی سەوزدا ڕێگای بۆ دەخاڵەتی کۆماری ئیسلامی لەو هەرێمە دا هەر وەکوو رابردوو ئاوەڵا کردوە. راستە ئێستا دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان بە پێچەوانەی رابردوو شەڕی ناوخۆ ناکەن، بەڵام کۆماری ئیسلامی بە بیانوی شەڕی داعش، قەیرانی قوڵی ئابووریی و سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا و پشتیوانی لە بنەماڵە ی تاڵەبانی دەتوانێ باشتر لە جاران لە ڕێگای سوپای قودس، حەشدی شەعبی و هاودەستەکانی لە وێنەی (حاجی مەسیفی) یەکان و شیعە دەستروێشتووەکانی ناو یەکیەتی، ئامانجە ئستراتیژیکییەکانی خۆی لە باشوور کوردستان بپێکێت.

بۆیە بە کار هێنانی ماشینی تیرۆر لە لایەن کۆماری ئیسلامی دژ بە دێموکراتەکان بۆ سەر لە نوێ خوڵقاندنی ترس و دروس کردنی کاریگەرییە سایکۆلۆژییەکانی دوای هەر تیرۆرێکە کە لەو ڕێگاوە هەوڵدە دات هێزی ئینسانی دێمۆکراتەکان وەکوو دەیەی نەوەدەکان بە شێوازێک دابەزێت کە ئیتر نەک نەتوانن ببن بە فاکتورێکی بەهێز لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەڵکوو هەوڵی گەراندنەوەی ئەوان بۆ قوناخی پاسیڤ بوون دەدات و لە لایەکی دیکەشەوە بەم کارانەی دەیهەوێ ئیرادەی کادر و پێشمەرگەکانی دێموکرات بشکێنێت و خەڵکی رۆژهەڵاتیش نائومێد بکات، بەڵام مەحاڵە کۆماری ئیسلامی ئەم جارە بتوانێت وەکوو دەیەی نەوددەکان بە ئامانجی خۆی واتە کەم کردنەوەی هێزی ئینسانی و دروستکردنی ترس و توقاندنە لە ناو دێمۆکراتەکان بگات.

**٢- سازکردنی کۆنفلیکت - Create conflict**

دەکرێت یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی ئەو کردوە تیرۆریستیە سازکردنی ناکۆکی لە نێوان دێموکراتەکان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بێت بە لە بەرچاوگرتنی ئەو راستیەی کە یەکیەتی هێزی باڵادەستە لە کۆیە و تەنانەت پێوەندییەکی باشی هەم لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەمیش لە گەڵ کۆماری ئیسلامیدا هەیە.

هەڵبەت نابێت لە بیر بچێت کە کۆمای ئیسلامی لە مێژە هەوڵی داوە کە بە ڕێگای کاری تیروریستی کارێک بکات کە پێوەندییەکانی نێوان دێموکرات و لایەنی میزبان (یەکیەتی) بگاتە ئەو شوێنەی کە مەرام و ئامانجی کۆماری ئیسلامی بووە، واتە دەرکردنی دێمۆکراتەکان لە هەرێمی ژێر دەسەڵاتی یەکیەتی، بەڵام تاکوو ئێستا لەم پلانە دا سەرکەوتوو نەبووە بۆیە لەوە دەچێت جارێکی دیکە هەوڵی تاقیکردنەوەی ئەو مێتودە بدات.

**٣- گوزەر لە دیسکۆرسی پاسیڤ بوون بۆ دیسکۆرسی ئەکتیڤ بوون**

دێموکراتەکان پاش ٢٠ساڵ لە پاسیڤ بوون بە هۆکاری جوراوجور دیسان گوتار یان دیسکۆرسی ئە کتیڤ بوونیان

هەڵبژاردوە و حوزووری کادرو پێشمەرگەکانی دێموکراتەکان لە سنورەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان پاش ٢٠ ساڵ لە بێدەنگی، دەتوانێ زەهینیەتی رۆژهەڵاتیەکان بە قازانجی دێموکراتەکان بگۆرێت و زەرەری دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لێ بکەوێتەوە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دێموکراتەکان تەنیا لە بواری سیاسیدا خۆیان ئەکتیڤ نەکردوە، بەڵکوو هەوڵی ئەوە دەدەن کە وەکو پارتی کرێکارانی کوردستان خەباتی شاخ و شار پێکەوە گرێ بدەن کە هەڵبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان سیاسەتێکی نەرمتری هەیە بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی لە چاو جیرانەکەی واتە حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێران، بەڵام لەوەش دەچێ تەقینەوەکانی شەوی یەڵدا لە بەردەم قەڵا کارێک بکەن کە حدک روانگەی خۆی بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی بگۆرێت.

حوزووری فیزیکی دێموکراتەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان نیشانەی بێ کاریگەر بوونی پلانەکانی کۆماری ئیسلامی دژ بە ئەوانە و گەڕاندنەوەی ئیرادە و ئومێدە بۆ کاراکردنی خەباتێکی سیاسی، مەدەنی و تەنانەت نیزامی بە پاڵپشتی شانە نوستوو و زیندووەکانی خۆیان لە ناو جەرگەی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بە تایبەتی لە هەرێمەکانی موکریان و ئەردەڵاندا.

بە گشتی سەر لە نوێ هەستانەوەی دێموکراتەکان واتە سەر لە نوێ ئەکتیڤ بوونەوەی هێزێک کە کۆماری ئیسلامی بۆ تیرۆری رێبەران، کادرو پێشمەرگەکانی ئەو هێزە هەزینەی زۆری داوە بۆیە باش دەزانێت کە ئەم هێزە بە هۆی هیژمۆنیی بەرفراوانی لە هەرێمەکانی مۆکریان و ئەردەڵاندا دەتوانێ ببێتە مەترسییەکی گەورە بۆ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ئاڵۆگۆڕەکانی داهاتوودا.

بە گشتی مرۆڤ دەتوانێ بێژێ کە تەقینەوەکانی شەوی یەڵدا پراکتیزە کردنی هەڕەشەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە دژی دێموکراتەکانە کە چەندین جار لە زمانی کاربەدەستانی پایەبەرزی ئەو رژێمەوە لە میدیاکاندا، بلاو دەکرایەوە.

**رێگاچارەکان Solutions**

١- پێکهێنانی کۆمسیونێک بە مەبەستی خەسارناسی بۆ ئەم کارەساتە و دانانی مکانیزم و رێگا چارەی زانستی و سەردەمیانە بۆ پێشگرتن لە خەسارەکانی دەستی تیرۆر. بۆ ئەنجام دانی ئەم کارەش رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەتوانێ لە لایەک کەڵک لە تواناکانی کەسانی مینەوان یان شارەزا لە بوار تیرورناسی وەربگرێت و لە لایەکی دیکەشەوە داوا لە لایەنەکەی جیرانی واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکات کە پێکەوە ئەم کۆمسیونە ئەکتیڤ و چالاک بکەن.

ئەو کات دێمۆکراتەکان دەتوانن لە بواری زانستی و ئەکادیمی وە خەسارناسی بۆ ئەو کردەوە تیرۆریستیانە بکەن کە لە رابردوودا بە دژیان ئەنجام دراوە هەر لە تیرۆری زندە یاد د.قاسملوو تا کوو تەقینەوەکانی شەوی یەڵدای ٢٠١٦.

٢- رەنگە یەکێک لە رێگا چارەکان ئەوە بێت کە حیزبی دێموکراتی کوردستان شێوازی ژیان و خەبات لە یەکتر جیا بکاتەوە یان سنورێک لە نێوان ژیانی مەدەنی و نیزامی دابنێت و بۆ ئەم کارەش مۆدێلی پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) بە نموونە بگرێت، واتە هەرێمی پاراستن ئاوا بکات. بە مانایەکی روونتر حدک دەتوانێ بنەماڵەکانی خۆی واتە ئەوانەی کە تەحەمولی ژیانی شۆڕشگیری و پڕ لە سەختی ناکەن رەوانەی دەرەوە وڵات بکات و ئەوانەی دیکەش ببن بە شۆڕشگێڕی تەواو وەخت و تەنانەت چالاکتر لەو زەمانەی کە دێمۆکرات لە قەندیل بوو. یان بە واتایەکی دیکە دێمۆکراتەکان دەتوانن بە دوای ئالترناتیڤی باشتر دا بگەرێن بۆ جێگیر کردنی هێزەکانی خۆیان.

یەکیک لە قازانجەکانی ئەم کارە ئەوەیە کە ئیتر کەسانی تیرۆریست ناتوانن بە ئاسانی واردی موحتێکی نیزامی و شۆڕشگێری بن، بەڵام حزوری خەڵکی مەدەنی و ژن و منداڵ و تێکەڵکردنی ژیان و خەبات لە گەڵ یەکتر لە باری ئەمنیەتییەوە زەربەی گەورەت لێ دەدات کە تەنانەت مەترسی ئەوەش هەیە کە رۆژێک خەڵکە مەدەنیە کەش ببنە قوربانی ماشینی تیرۆری سوپاس قودس و تەنانەت حەشدی شەعبی.

٣- بۆ دروست کردنی سیستمی بەرگری یا خۆپاراستن پێویستە دێموکراتەکان لە زووترین کاتدا هیزێکی تایبەتی دژە تیرۆر پەروەردە بکەن و بۆ ئەم کارەش داوا لە وڵاتانی ئورووپای و بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە خۆیان بە دۆستی خەباتی رۆژهەڵاتی کوردستان دەزانن یارمەتیان بدەن. واتە لە بواری بارهێنان، ئاشنابوون بە کەرەستەکانی دژە تیرۆر و چۆنیەتی بە کارهێنانیان یارمەتی وەربگرن.

لە لایەکی دیکەوە داوا لە ئەندامان و لایەنگرانی خۆیان بکەن کە لەم قۆناخە سەخت و پڕ مەترسیە دا حیزبەکەی قاسملوو بپارێزن ئەویش بەو مەرجەی زۆربەی ئەندام و لایەنگرانی دێموکراتەکان واز لە ژیانی ئیگویستی و قازانجە شەخسیەکانی خۆیان بهێنن و لە بەرانبەر دا ببن بە وڵاتپارێز و خەباتکاری راستەقینە لە وێنەی کوردەکانی باکوور و رۆژئاوا.

٤- رەنگە هیچ رێگا چارەیان مکانیزمێک بۆ دروست کردنی سیستمی بەرگری و خۆپاراستن بە ئەندازەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لەم قۆناخە دا کاریگەریی نەبێت، بۆیە نابێت لە بیر بچێت کە یەکیک لە هەوڵە بەردووامەکانی کۆماری ئیسلامی دروست کردنی کۆنفلیکت لە ناو رێزەکانی هێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی دێموکراتەکان بووە، هەر بۆیە ئەوان دەتوانن بە پێکهێنانی کۆنگرەیەکی هاوبەش و هەڵبژاردنی جووت سەرۆک (ژنێک و پیاوێک) لە وێنەی پەکەکە و پژاک لە لایەک قەیرانی پۆستی سکرتێری چارەسەر بکەن و لە لایەکی دیکەوە کاری سیاسی و تەشکیلاتی خۆیان بگەرێننەوە بۆ سەردەمی د. قاسملوو کە زۆرتر باوەری بە رێبەرایەتی بە کۆمەڵ بوو نەک تاقە شەخس و شتی تر.

مرۆڤێکی سیاسی و ژیر ئەگەر بە چاوێکی زەرەبینیانەوە بەرنامە و ئیدولوژی هەر دووک دێموکراتەکان بخوێنێتەوە ئەو کات

ڕەنگە لەوە تێبگات کە ئەو دوو لایەنە خاڵە هاوبەشەکانیان زۆرترە تا خاڵی ناکۆک و جیاواز. کە واتە باشترین گارەنتی بۆ خۆپاراستنیان لەو قوناخە دا یەکگرتنە نەک پێچەوانەکەی.

بێگومان ئاماژە و شرۆڤەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە پلانێکی ترسناک دژ بە دێموکراتەکان بەرێوەیە و لەوانەیە ڕۆژێک بێت کۆماری ئیسلامی هێژمونیی خۆی بە بیانوی پشتگیری لە بنەماڵەی تاڵەبانی لە هەرێمی سەوزدا زۆرتر بکات و ئەو جار مەترسی ئەوە هەیە کە لە ڕێگای سوپای قودس و حەشدی شەعبی یەوە پەلامار ی بنکە و بارەگای دێموکراتەکان لە کۆیە بدات.

بۆیە ڕەنگە باشترین ڕێگا چارە بۆ خۆپاراستن لە ئەگەرەکانی ئەو سیناریویە یەکگرتنی خودی دێموکراتەکان لەو شەرایەتە سەختە دا.

**ئەنجامەکانی بابەت**:

- باکراوندی تەقینەوەکانی شەوی یەلدا لە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستان پراکتیزە کردنی هەڕەشە زارەکییەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و هەمیشە درێژەی ماشینی تیرۆری ئەو ڕێژیمەیە هەر لە جیهادی ١٣٥٨ تاکوو پاسیڤ کردنی دێموکراتەکان لە ٢٠ ساڵی رابردوو دا.

**هۆکارەکان**:

- کەمکردنەوەی هێزی ئینسانی دێموکراتەکان
- دروست کردنی ترس و توقاندن.
- دروست کردنی کاریگەریی سایکۆلۆژیی دوای هەر تیرورێک بۆ ماوەیەکی دوورو ردرێژ.
- سازکردنی کۆنفلیکت لە نێوان دێموکراتەکان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان.
- پاسیڤ کردنی دیسکورسی ئەکتیڤ و ریتورێکی سیاسی و نیزامی دێموکراتەکان هەروە کوو رابردوو.

**ڕێگا چارەکان:**

- **ئاواکردنی کۆمسیونێک بۆ لێکوڵینەوەی زانستی و ئەکادیمی لە بارەی تیرۆر بە تایبەتی ماشینی تیرۆری کۆماری ئیسلامی ئێران.**

- **ئاواکردنی هێزی دژە تیرۆر**

- **یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لە کۆنگرەیەکی هاوبەش و پراکتیزە کردنی سیستەمی جووت سەرۆکی بە مودێلی پەکەکە و پژاک.**

**سەرچاوە:**

**/https://al-lodenius.com/rapporter-utredningar-2/terrorism-rotter-orsaker-och-atgarder**

**٢٦ی کانونی یەکەم ٢٠١٦**

## کێ هێندە گێلە بڕواتان پێ بکا؟

### لە پەراوێزی حاشاکردنی ئێران لە تیرۆر




### ڕەسووڵ سوڵتانی

ئێران دەڵێ تیرۆری پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دیموکرات لە شەوی یەلدادا کاری ئێمە نەبووە و ئێمە بەرانبەر دژبەرانی خۆمان کەلک لەو جۆرە کردەوانە وەرناگرین.

بۆ سەلماندنی درۆ و راستیی ئەو قسانە پێویستە ئاوڕێک لە کار و کردەوەی ئەو رژیمە و هەڵسوکەوتی بەرانبەر دژبەرانی بدەینەوە. هەتا ئێستا دەگمەن کردەوەیەکی تیرۆریستی هەبووە لە ناوچەو جیهاندا راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سەرچاوەکەی نەچووبێتەوە تاران.

تەقاندنەوەی بنکەی جوولەکەکان لە ئارژانتین و تیرۆری رێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڤیەن و بەرلین و تیرۆری شاپووری بەختیار لە پاریس و، تیرۆری دەیان نووسەر و جیابیری فارس لە نێوخۆی ئێران و تیرۆری زیاتر لە دووسەد کادر و پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات و دەیان کادر و پێشمەرگەی هێزە کوردییەکانی دیکە، هەموو بەڵگەی حاشاهەڵنەگری کۆماری ئیسلامیی ئێرانن لەسەر ئەوەی کە ئەو رژیمە بۆ سڕینەوەی فیزیکیی بەرهەڵستکارانی خۆی جگە لە هەڵخستنی سێدارە لەناوخۆی وڵات بگرە سنوورەکانیشی بەزاندووە و دەبەزێنێ و تیرۆری لە تاکتیکەوە کردووەتە بەشێک لە کوڵتووری دەسەڵاتەکەی و بەردەوام کەڵکی لێ وەرگرتووە.

لە مەسەلەی تیرۆری دکتۆر قاسملوو و شەرەفکەندییشدا ئەوان حاشایان لە کردەوی پڕ لە شوورەیی خۆیان کرد، بەڵام بەڵگەکان و بڕیاری بوێرانە و مرۆڤدۆستانە و بەرپرسیارانەی دادگای میکۆنووس بۆ هەموو دنیای سەلماند کە ئەو تیرۆرە

نەک هەر کاری بەرپرسەکانی رژیمە ئیسلامییەکەی ئێرانە، بگرە کولتووری دەسەڵاتەکەیان و لەوەش روونتر، کۆڵەکەیەکی بەهێزی راگرتنی دەسەڵاتەکەیانە.

ئەوان کاتێک لەسەر مێزی دانوستان و بە ناوی دانوستان و لە جلوبەرگی دیپلۆماسیدا دەستیان دایە تیرۆری دکتۆر قاسملوو، ئیتر نیشانیان دا بەتاڵن لە هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی و، درندەیی و بێ پرەنسیپییەکەیان هیچ سنوور و کەوشەنێک ناناسێت.

ئێستاش کە لە تازەترین کردەوەی تیرۆریستانە و دژەمرۆیانەیاندا کۆمەڵێک تێکۆشەر و پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان تیرۆر کردووە، بێشەرمانە و چاوقایمانە هاتوون حاشا لەو کردەوەیەی خۆیان دەکەن. هەڵبەت بۆ سەلماندنی ئەو کردەوە تیرۆریستییە پێویست نییە کۆماری ئیسلامی بیگرێتە ئەستۆی و گێلانە و ساویلکانەشە کەسانێک وەها چاوەڕوانییەکیان لێیان هەبێ، هەرچەندە ساویلکانەتریشە ئەگەر یەکێک چاوەڕوانی بێ کۆماری ئیسلامی حاشای لێ نەکا.

لەسەر یەک، کۆماری ئیسلامی لەوەتەی هەیە لە شادەمای ئەو فیتنە و ئاژاوانەوە هەناسە دەدات کە لە ناوچەکە و جیهاندا دەیانخوڵقێنێ و، تیرۆریش بووەتە بەشێک لە کولتووری ئەو رژیمە و، هەرەشەکانی موحسینی رەزایی و جێگری فەرماندەی گشتیی سوپای پاسدارانیش بەڵگەیەکی دیکەن بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونانە.

رۆژهەلاتی ئازاد - ٢٦ی دێسەمبەری ٢٠١٦

# تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران

## (بەبیانووی کردەوە تێرۆریستییەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شەوی یەلدای خوێناویی دێموکراتدا)



وریا رەحمانی

تیرۆر یان کردەوەی هێرشبەرانە بە مەبەستی سڕینەوە (حذف)ی فیزیکیی کەس یان چەند کەسێکی دیاریکراو لە مێژووی سیاسی ئێران و بە تایبەت کۆماری ئیسلامیدا، رابردوویەکی کۆنی هەیە و ڕەنگە لە کەمتر وڵاتێکی دیکەی دنیادا لە بەرەوروو بوونەوە لە گەڵ هاوکێشە سیاسیە جۆراوجۆرەکان بەم رادەیە لەم ئامرازە نەخوازراوە کەڵک وەرگیرابێ. دیارە پێناسەی تیرۆر بەپێی ئەو پارامێترە گشتیانەی کە لە پانتایی مێژووی سیاسیی نێونەتەوەیی بەتایبەت لە چەند سەدەی رابردوودا دیاری کراوە، ئاستێکی بەرینتر و بوارێکی بەرفراوانتر لە خۆدا دەگرێ و تەنیا لە چوارچێوەی تیرۆری سیاسیی مۆدێلی سڕینەوەی فیزیکیدا بەرتەسک نابێتەوە. بەڵام ئەوەی کە بەگشتی جێی سەرنجی ئەم نووسینەیە کرداری سڕینەوەی فیزیکی یە، کە نەخوازراوانەترین و نامەردانەترین جۆری تیرۆرە کە پێکهاتەگەلێکی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران هەمیشە وەک یەکێک لە گرینگترین چەکەکانی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ هاوکێشە جۆراوجۆرەکان، چ لە ئاستی نێوخۆیی و چ لە ئاستی دەرەکیدا، کەڵکی زۆری لێ وەردەگرن.

لە راستیدا بۆ دۆزینەوە و پەیبردن بە سەرەداوەکانی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و ئەو سەرچاوە مەعریفیانەی کە پێکهاتەیەکی سیاسیی لەم چەشنە شەرعییەت و پاساوی کردەوەیەکی لێ وەردەگرێ، پێویستە ئاورێک لە ڕەوتی ئیسلامی سیاسی و دەور و کارکردی تیرۆر لە بەستێنی سیاسیی ئێراندا بدەینەوە. دیارە ئیسلامی ئێرانییش کە ڕیشەی لە ڕەوتی بناژۆخوازی شیعەگەریدا هەیە وەک زۆربەی پێکهاتە ئیدیۆلۆژیکەکانی دیکە لە دەروونی خۆیدا پێی وایە ئامانج ئامراز

دیاری دەکا و چییەتیی گەیشتن بە ئامانج پاساوی چۆنییەتیی ئامرازەکەیەتی. ئەم باوەڕە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە هەناوی هێزە ئایینی و چەپە رادیکاڵەکاندا درەوشاوەتەوە و بە شێوەی جۆراوجۆر خۆی نیشان داوە کە خود رەنگە یەکێک لە پاساوە هەرە پشت قایمەکانی کردەوەیەکی نەخوازراوی وەک تیرۆر بێ.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شرۆڤەی چۆنیەتیی پێکهاتنی خۆیدا، نایشارێتەوە و راشکاوانەش خۆی بە وامدار و میراتگری راپەڕین و بزووتنەوەگەلێکی وەک "فەدائیانی ئیسلام" و ... دەزانێ، کە خود بوارێکی گرینگ و بەرچاوی کرداریی ئەو چەشنە حەرەکەتانە لە تیرۆر و سڕینەوەی نەیارانی سیاسی و ئایینیدا خۆی دەدیتەوە. لە ئەدەبیات و میتۆدی سیاسی کۆماری ئیسلامیدا لە تیرۆرستانێکی وەک ( میرزا ئاقاخانی کرمانی) بکوژی"ناسرەدین شای قاجار" و "خالید ئیسلامبولی" بکوژی "ئەنوەر ساداتی میسری" وەک قارەمانانێکی گەورەی مێژوویی یاد دەکرێتەوە. کۆماری ئیسلامییش وەک هەموو حکومەتە دیکتاتۆرییە ئینقلابییەکانی دیکەی هاوشێوەی خۆی بەمەبەستی شەرعییەت بەخشین بە سەرکوت و بێدەنگکردنی هەر سازێکی ناکووک هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کارەوە بەردەوام لە هەوڵی دوژمن داتاشین و وێناکردنی وەهمی مەترسیی ئەنواعی دوژمنی نێوخۆیی و دەرەکیدا بووە. ئەو جۆرە حکوومەتانە بەپێی ئەو چوارچێوە تایبەتانەی کە هەیانە، ئەساسەن ناتوانن کرانەوەیەکی ئەوتۆ بەخۆیانەوە ببینن و نەرمی بنوێنن. چون هەر چەشنە پاشەکشەیەکی هەرچەند کەمیش لەوانەیە تا لێواری هەڵدێرەکانی نەمانیان بەرێ و مەترسیی جیدی بۆ مان و مەوجوودییەتیان پێک بێنێ . هەربۆیەش لە هیچ چەشنە کردەوەیەکی نامرۆڤانە و هەندێ جار بەپێچەوانەی باوەڕەکانیشیانەوە ناپرنگێنەوە و تەنانەت پاساویشی بۆ دێننەوە. کاتێک سەیری ماشێنی تیرۆر لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا دەکەین بەراشکاوییەوە دەبینین کە بە پێی قۆناغە جۆراوجۆرەکان و زەروورەتەکانی سەردەم، لە روانگەی ئەم رێژیمەوە، شێوازی جۆراوجۆریشی لە خۆدا گرتووە و تەنیا بوارێکی تایبەت ناگرێتەوە.

بەشێکی زۆر لە دەرکەوتەکانی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی شەڕی نێوخۆیی دەسەڵات و رەوتی یەکدەست کردنەوە و دەرکردن و سڕینەوەی ناخودییەکانی نێو دەسەڵات لە پێکهاتەی گشتی سیاسی وڵاتدا بوو. مەرگی گوماناوی تاڵەقانی و ئەحمەد خومەینی، تەقینەوەیی نێوخۆیی حیزبی کۆماری ئیسلامی، بێ سەروشوێن کردن و کوشتاری بەهەزاران زیندانیی سیاسی لە دەیەی شەست، کوشتارە زنجیرەییەکانی سەردەمی ئیسلاحات و ... لە نموونە بەرچاوەکانی ئەم چەشنە رووبکردەی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامین.

لایەنێکی دیکەی تیرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی رووی لە هێزی ئۆپۆزسیۆنی ئەم نیزامە بوو کە پاش چەند ساڵێک لە دوای شۆڕشەوە ئیتر ئیمکانی کارکردن لە نێو خۆی وڵاتیان بۆ نەمایەوە و بەناچار پەرتەوازەی ئەودیوی سنورەکان و دەرەوەی وڵات بوون. کەچی بەم حاڵەشەوە ترسی ئەم رێژیمە لە پێگە و کاریگەریی ئەو کەس و لایەنانە لە نێو کۆمەڵگادا وای لێکرد کە بە ئەنجامی تیرۆر و سڕینەوەیان هەستێ. لە لەبەرچاوترین نموونەکانی ئەم شێوازەی تیرۆری کۆماری ئیسلامی

دەتوانین بە تیرۆری شەهیدانی سەرکردەی کوردی ئێرانی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی، تیرۆری شاپوور بەختیار و بەسەدان کەسایەتی و دژبەری دیکەی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات ئاماژە بکەین. جێی وەبیرهێنانەوەیە کە زیاتر لە ۳۰۰ پێشمەرگە و کەسایەتیی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکرات لە خاکی باشووری کوردستاندا لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە تێرۆر کراون و کوژراون.

رەهەندێکی دیکەی دەزگای تیرۆری کۆماری ئیسلامی رووی لە دژبەران و نەیارانی ئەم رێژیمە لە ئاستەکانی جیهانی دایە و زیاتر ئەو وڵات و لایەنانە دەگرێتەوە کە لە بەرەی دژ بە کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی هاوکێشە نێونەتەوەییەکان دان. ئینجا سەرەڕای ئەوەیکە بەشێکی ئەم کردەوە تیرۆرستیانە لەڕێی دەست و پێوەندەکانی خۆیەوە وەک سپای قۆدس و ...

ئەنجام دەدات کەچی بەشێکی زۆریشی لە رێی گرووپ و تاقمە تێرۆریستییە هاوپەیمانەکانی وەک" حەماس"ی فەلەستینی و "حیزبوڵڵا"ی لوبنانی و... بەئەنجام دەگەیێنێ. تەقاندنەوەی ناوەندی فەرهەنگی جولەکەکان لە (بۆئێنۆس ئایرێس)ی پێتەختی ئارژانتین لە ساڵی ١٩٩٤، تیرۆری سەفیری عەرەبستان لە ئامریکا لە ساڵی ٢٠١١، هەوڵی تیرۆر و تەقاندنەوەی دیپلۆمات و سەفارەتەکانی ئیسرائیل لە چەندین وڵات، پەیوەندی و یارمەتیدانی بەردەوامی گروپە توندئاژۆ و تێرۆریستیە جۆراوجۆرەکان لە ئاستی نێونەتەوەییدا و... لە نموونە بەرچاوەکانی ئەو بەشە لە کرداری تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن کە بەگشتی لە چوارچێوەی تیرۆرزمی نێودەوڵەتیدا خۆی دەبینێتەوە.

سەرنجدان بەو مەسەلەیە کە کۆماری ئیسلامی هەمیشە لە تێرۆر وەک ئامرازێکی کارا و کارتێکی یاری لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا لە راستای داسەپان و هەندێ جار بۆ "فرافکنی" و بەلاڕێ بردنی ڕای گشتی، چ لە ئاستی نێوخۆیی و چ لە ئاستی دەرەکیدا، کەڵک وەردەگرێ گرینگییەکی تایبەتی هەیە و رەنگە لە ناسینی پێکهاتەی ئاڵۆزی ئەم رێژیمەدا یارمەتیدەر بێ.

٢٦ - ١٢ - ٢٠١٦

# تێرۆرەکەی شەوی یەلداو، لەسەر پێبوونی میللەتێک



سمایل شەرەفی

تەقینەوە تیرۆریستییەکەی شەوی یەلدای ئەمساڵ جیا لە دەرخستنەوەی رووی راستەقینەی رێژیمی تێرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی ئێران، سەلمێنەری ئەو واقعییەتە روون و ئاشکراو حاشا هەڵنەگرەیە کە، بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان هەروا لە سەر پێیە.

رێژیمی دژ بە کوردی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاکانی هاتنەسەرکاریەوە بەگرتنە پێشی سیاسەت حاشا لێکردن، سەرکوت، ئاسمیلاسیۆن و تێرۆر و... نیشانی دا کە نە تەنیا ناتوانێ بانگی مافخوازانەی نەتەوەی کوردی گوێ لێ بێت، بەڵکوو بە هەموو شێوەیەکی نامرۆڤانە هەوڵ دەدات کە ئەم میللەتە ئەگەر لە ناو نەبات، لانیکەم دەستەمۆی بکات.

بەڵام ئەوەی کە تا ئێستایش دەسەڵاتدارانی ئەم رێژیمە لە توانایاندا نیە دەرکی پێ بکەن و لە سۆنگەیەوە مل بو راستییەکان رابکێشن، ئیرادەی میللەتێکە کە نیشانی داوە لە جەوهەری دا شتێک بە ناوی کەوتن و تەسلیمبوون بوون و وجوودی نیە. لەم پێناوەدا ئەم میللەتە بە هەزاران شێوە هەزینەی داوە؛ ماڵی لێ وێران کراوە، حیزبی لێ دەربەدەر کراوە، رێبەری لێ شەهید کراوە، قەڵەمی لێ شکێندراوە، زیندانی لێ پڕ کراوە، زمان و کلتووری لێ قەدەغە کراوەو... بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم هەزینە قورس و گرانانە نەیانتوانیوە ئیرادەی لێ زەوت بکەن.

زۆر جار هەبووە کە تەنانەت دۆستان و هێندێک لە براکانمان لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش تانەی ئەوەیان لێ داوین کە "لە رۆژهەڵات شۆڕش نەماوە"، کە دەکرێ بڵێین ئەم بیرکردنەوە لە جۆرێک لە تێنەگەیشتن لە رەفتاری سیاسی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێ. خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان نیشانیان داوە کە سەرەڕای لێبڕاوبوونیان لە خەبات

بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان، پابەند بە جۆرێک لە مەعرەفەو تێگەیستنی تایبەتن کە بە پێی هەل و مەرج کاریگەریی بەرچاوی لە شێوەی رەفتاری سیاسیی و خەباتکارانەیاندا هەیە. لە هێندێک قۆناغی تایبەتی دا ئەگەر چاو لە رواڵەتی پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، هەست بە سستی و جۆریک لە کپبوون و بێ دەنگی دەکرێ کە ئەگەر شارەزا بە خسڵەتەکانی خەبات لە رەفتاری ئەم خەڵکەدا نەبین لەوانەیە تووشی لێکدانەوەی هەڵە بین.


لەم نێوەدا حیزبی دێموکرات(دێموکراتەکان)* هەم لە رەفتاری خەڵک و هەم لە جۆری دژکردوەی رێژیم دا قسەی یەکەم دەکات. ئەوە ئیدیعایەکی دەمارگرژانە نیە کە بەم جۆرە باس لە رۆڵ و پێگەی حیزبی دێموکرات دەکەین. لە گەڵ ئەوەیکە هەر بەتەنیا دڵسۆزان و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات دەزانن کە ئەم حیزبە خاوەنی زۆر کەموکوڕی و کەمایەسی‌یە کە هەرکامەوە هۆکاری تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام دیسانیش خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە چاوی هیواو هومێدەوە دەڕوانن سیاسەت و هەڵوێستەکانی ئەم حیزبە.

گرینگی‌دانی ئەم حیزبە بە سەرجەم بوارەجۆراوجۆرەکانی خەبات و هاندانی خەڵک بۆ هاتنە مەیدانی زیاترو کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکان و هەروەها حزووری بەرچاوی هێزی پێشمەرگەی لە نێو خاک و خەڵکی خۆی‌داو، لە هەموو گرینگتر وڵامدانەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە داواو گوتاری حیزبی دێموکراتو پێشوازیی گەرمی خەڵکی پێشمەرگەپەروەری کوردستان لە رۆڵە پێشمەرگەکانیان لە ناوخۆی وڵات، بۆ جارێکی دیکە ترسی خستە دڵی کاربەدەستانی رێژیمی دژ بە کوردی کۆماری ئیسلامی.

بەرپرسانی رێژیم زۆر راشکاوانە بە هەڕەشەکردن لە حیزبی دێموکرات، دەیانزانی کە ئادرەسی وەجووڵەخستنی زیاتری چین و توێژەکانی خەڵک لەم ماوەی چەند ساڵی رابردوودا کوێیەو چ لایەنێکە. ئەاوان باش دەزانن کە حیزبی دێموکرات هۆکاری سەرکیی لە سەر پێ بوونی ئەم میللەتەیە. بۆیە هەروەک هەڕەشەیان کردبوو، بەڵام ترسەنۆکانە بۆ جارێکی دیکە دەستیان لە حیزبی دێموکرات وەشاند.

٢٦ - ١٢ - ٢٠١٦

# لەسەر کارەساتە خوێناوییەکەی شەوی یەڵدا



**حوسێن بەخشی**

شەوی ٢٠ لەسەر ٢١ی دێسامبری ٢٠١٦ی زایینی، واتە شەوی یەڵدا کە هاوکاتە لەگەڵ رۆژی لە دایکبوونی دوکتور قاسملوو، دوای تەواوبوونی بەرنامەکە و گەڕانەوەی خەڵک بۆ ماڵەکانیان، لە ئاکامی دوو تەقینەوە لە نزیک بارەگای ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆیە،٧ کەس گیانیان لە دەستدا. پێنج پێشمەرگەی حیزب و دوو ئەندامی ئاسایشی هەرێمی کوردستان. گومانی تێدا نییە کۆماری ئیسلامی ئێران دەستی لەو کردەوەدا بووە. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ پێشینەی ٣٨ ساڵ دەسەڵاتداری ئەو رێژیمە. دەسەڵاتدارانی شیعەی ئێران، لە سەرەتای هاتنە سەرکاریان، بە هێرش بردن بۆ سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران، دیاردەی تیرۆریزمیان وەک ئامرازی پاراستنی دەسەڵات لە نێو هێزە ئەمنییەکاندا نەهادینە کرد و کردیانە قەڵغانی بەرگری لە نیزامی ولایەتی فەقیە.

تیرۆریزمی دەوڵەتی بە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی بوو بە هۆی ئاژاوەنانە و شڵەژانی هەرچی زیاتری ئاسایش و هێمنی لە رادەی جیهانیدا و کەمتر وڵات و شوێن لە گۆی زەوی ماوە کە کۆماری ئیسلامی دەست تێوەردانی تێدا نەکردبێ و بە رێگای جۆراوجۆردا، نەبووبێتە هۆی نانەوەی شەڕ و کێشە و ماڵوێرانکاری.

لە پێوەندی لە تەک رۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئێسلامی کێشە و ناتەبایی لە نێوان خواست و مافەکانی کورد و نکوڵی کردنی دەسەڵاتدارانی ناوەند، لە ئارادا بوو و هەتا ئێستاش وەڵامی داخوازە رەواکانی کورد بە زیندان، ئەشکەنجە، راودوونان و گوللە دەدرێتەوە.

هێزە داکۆکیکارەکانی کورد لەو پارچەیەی کوردستان زیاتر لە شوێنەکانیتری ئێران، بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان بوونە ئامانجی هێرش و تێرۆری کۆماری ئیسلامی.

لەو چەند دەیەی رابردوودا، وێڕای داسەپاندنی شەڕێکی نابەرابەر دژی جووڵانەوەی رزگاریخوازنەی کورد، بە یارمەتی دۆست و هاوپەیمانانی لە نێو بەشێک لە رێکخراوەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان، توانیویەتی دوو سکرتێر و سەدان کادر و پێشمەرگەی حیزب لەسەر خاکی ئورووپا و باشووری کوردستان، تێرۆر بکا و جگە لە رووداوی برلین کە لە لایەن دادگای ئاڵمان بەدواداچوونی بۆ کرا و بوو بە هۆی لە قاودان و زیاتر ریسوا بوونی کۆماری ئیسلامی، تێرۆرەکانی دیکە، نە تەنیا بەدواداچوونی بۆ نەکرا، بەڵکوو بە تێپەڕبوونی زەمان خەریکە تۆزی فەرامۆشیان لەسەر دەنیشێ.

دەیەی هەشتا و نەوەدەکانی زایینی بۆ حیزبی دێموکرات، رەنگە ناخۆشترین دەوران بێت. کۆماری ئیسلامی دوای شکستهێنانی لەشەڕ لەگەڵ عێراق و خواردنەوەی جامی ژەهر لە لایەن خومەینی، پلانی لاوازکردن و لەنێوبردنی هێزە بەرهەڵستکارەکان و یەک لەوان حیزبی دێموکراتی بە کپ کردنی جووڵانەوەی چەکداری لە بەرنامەدا بوو. لەو ساڵانەدا بە سەدان کادر و پێشمەرگەی حیزب کەوتنە بەر هێرشی تێرۆریستی ئێران و شەهید کران .

لە رێکەوتی ٨ ی دێسامبری ١٩٩٧ی زایینی لە نزیک شاروچکەی دوکان چەند کەس لەبەرپرسانی دێموکرات کەوتنە بەر پەلاماری تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و بووبە هۆی شەهید بوونی مەنسووری فەتاحی و بریندار بوونی ٣ کەسیتر. ئەو کەسانەی توانیان لە چنگ تێرۆریستەکان دەرباز بن و خۆیان بگەیەنە سێڕای کۆیە، لە وێندەرێ دەکەونە بەر دەسڕێژی گوللە و هەر چواریان شەهید دەکەن. هەر لەو رووداوەدا دوو کەس لە پێشمەرگەکانی یەکیەتی شەهید دەکرێن (وەک رووداوی شەوی یەڵدا).


رووداوی دڵتەزێنی شەوی یەڵدا پێوەندی راستەوخۆی لە لایەک بەجموجۆڵی سیاسی و نیزامیی حیزب و حوزووری زیاتری لە نێو خەڵکدا و لە لایەکی دیکە بە مەبەستی نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی و هەروەها نیشاندانی سیمایەکی ناسەقامگیر و نائەمن لە هەرێمی کوردستانە، بە تایبەت ئێستا کە دەزانن مەسەلەی راگەیاندن و داوای رێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی دوای کۆتاییهاتنی شەڕی موسڵ گرینگی زیاتری پێدەدرێت.

دوای رووداوی شەوی یەڵدا پێویستە حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بیرێکی جیدی لە حاڵی خۆیان بکەنەوە و رێگای چارەسەرێک بدۆزنەوە کە کەمترین هەزینەی بۆ بدەن. کاربەدەستانی سپای پاسداران و هێزە ئەمنییەکان لە چەند مانگ لەوە پێشەوە هەرەشەی کوشتن و لەنێو بردنی نەیارانیان کردوە لە هەر شوێنێک بن. ئەوان پابەندی هیچ چەشنە یاسا و رێسایەکی مرۆڤایەتی نین و نابن. ئەگەر لە لایەک بۆ فریوی خەڵک باس لە "مەنشووری مافی شەهروەندی" و "جیاوازییە" "قەومی" و "مەزهەبی"ییەکان لە ئێراندا دەکەن، لە هەمانکاتدا پلان و بەرنامە بۆ کوشتن و تێرۆرکردنی جیابیران وئازادیخوازان دادەڕێژن.

**لە هەلومەرجێکی ئەوتـۆدا و بـۆ رووبەروو بـوونەوە لەگەڵ سیستـەمێکی ئەوپەڕی دواکەوتـوو و دڕنـدە وەک کۆمـاری ئێسلامی، حیزب و رێکخراوەی ئازادیخواز و بەرپرس، پێویستە بەیەک هەڵوێستی ، یەکریـزی ، تەبـایی و وردبینـی سیاسـی بەرەرووی دوژمن بێتەوە و پیلانەکانی پووچەڵ کەنەوە.**

**٢٦ - ١٢ - ٢٠١٦**

# تیرۆری شەوی یەڵدا



د. کامران ئەمین‌ئاوە

حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بە درێژایی مێژووی دەستەڵاتدارییی خۆی لە ئێران نیشانی داوە کە بۆ لەنێو بردنی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی خۆی لە هیچ کارێکی نائینسانی کۆتایی ناکات و لە تەواوی ئامرازەکان و یەک لەوان تیرۆر کەڵک وەردەگرێ. هەر لە سەرەتای شۆڕشی ٥٧وە یەکێک لە هەوەڵین کارەکانی حکوومەتی تازەپێکهاتووی ئێران، سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ساواک لە جلوبەرگی تازەی ساواما، هەروەها پێکهێنانی هێزی تیرۆر لە دەرەوەی وڵات و بە تایبەتی کەڵک وەرگرتن لە تێرۆریستە نەئێرانییەکان بووە. لەم ڕەوتەدا ئێران توانی زۆر بە باشی بە تایبەتی لە عەرەبەکانی لوبنان و فلستین کەڵک وەربگرێ. بەڵام لە باشووری کوردستانیش بە پێی پێگە و نفووزی خۆی لەوانەی کەڵک وەرگرتووە کە لە جلوبەرگی کوردایی‌تی‌دا خزمەت بە نەیارانی نەتەوەکەی خۆیان دەکەن. تیرۆری سەدان کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە لە کوردستانی ئازادکراو نموونەیەکی بەرچاو لەم هەوڵانەی حکوومەتی ئیسڵامیی ئێرانە. تا ئەم دواییانە و هەتا پیلانی سەرنەکەوتووی تیرۆری تێکۆشەری کورد کاک ڕەزا کەعبی و پووچەڵبوونەوەی تەقاندنەوەی بارگای کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، حیزبە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات بە چەشنێک ئارخەیان بوون کە بە تایبەتی پاش دادگای میکۆنۆس و تاوانبار ناساندنی حکوومەتی ئێران، وێچوونی کاری تیرۆریستی ئێران وەکو جاران لە کاردا نییە و، ئاوا دێتە بەرچاو کە تا ڕادەیەکیش لە ڕوانگەی ئەمنییەتی‌یەوە کەمترخەمی‌یان کردبێ. کەم نەبوون ئەوانەی کە کۆمەڵکوژیی موجاهیدینی خەڵکیان لە لاییبێرتی وەکو زەنگێکی مەترسیدار بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێناسە کرد، بەڵام بەشێک پێیان وابوو باشووری کوردستان جیاوازی لەگەڵ بەشی عەرەبی هەیە و ڕادەی ئەم مەترسی‌یە لە ئاستێکی نزم دایە. لە لایەکی دیکەشەوە مێژووی دەستەڵاتدارییی مەلاکانی ئێران نیشانی داوە ئەگەر کاربەدەستانی ئێران بە هۆی جۆراوجۆر پاشەکشەیەکی کاتیشیان لە سیاسەتی تیرۆری ڕۆشنبیران و ئازادیخوازانی ئێرانی و بە تایبەتی کورد کردبێ، قەت لە جەوهەری سیاسەتی تیرۆر و گرتن و لە بەندیخانە خستن و هتد پاشگەز نەبوونەتەوە و تەنیا بە پێی

گۆڕانکارییەکانی ناوچە و جیهان شێوەی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی خۆیان گۆڕیوە. لەم دواییانەدا ڕەوتی ناردنەوەی بەشێک لە پێشمەرگەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پڕۆپاگەندەی میدیایی و هتد، بۆ حکوومەتی ئیسلامی ئەمرێکی نەخوازیار بووە و هەڕەشە و گورەشەی فەرماندەکانی سپای پاسداران و میدیاکانی ئێران لێ کەوتۆتەوە. ئەم پیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە حکوومەتی ئیسلامی ترسی لە هێزەکانی کوردی ڕۆژهەڵات هەیە کە لە باشووری کوردستان جێگیر بوون. لێرەدا پێویستە حیزبێکی کوردستانی کە باس لە زیندووکردنەوەی خەبات چەکداری دەکا یان بە ناردنی پێشمەرگە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەنێ شێوەی کار و چالاکیی حیزبەکەی لە دەرەوەی ئێران، هاوئاهەنگ لەگەڵ سیاسەتەکەی بکات و تێبکۆشی بە سەرلەنوێ خۆڕێکخستنەوەی ڕێکخراوەکانی لە نێوخۆ و دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئەو ڕادەیەی کە دەکرێ هێزەکانی خۆی لە ژێر مەترسی کارەساتی وەکو شەوی یەڵدا بکێشێتە دەرێ. ئەم ڕووداوە و پیلانی تیرۆری کاک ڕەزا کەعبی و بۆمبڕێژکردنی بارگای کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، کارەساتی شەوی یەڵدا و شەهیدبوونی پێشمەرگەکانی حدک و دوو کارمەندی ئاسایش، گرتن و کوشتنی خەباتکارانی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هتد تەنیا نیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە بوونی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران کۆسپێکی گەورە بۆ گەیشتنی کوردی ڕۆژهەڵات بە ئامانجە نەتەوەییەکانیەتی و بێ ڕووخانی حکوومەتی تێوکراتیکی تاران و دابین بوونی حکوومەتێکی سکوڵار و باوەڕمەند بە مافی نەتەوکان لە ئێراندا هیچ ئاسۆیەک بۆ گەیشتن بە وڵاتێکی ئازاد و دێموکراتیک نابیندرێ. لەم ڕەوتەدا پێویستە حیزبەکان و کەسایەتی‌یەکانی ڕۆژهەڵات بە دوور لە پاوانخوازی بەرەیەکی هاوبەش دژ بە حکوومەتی ئیسلامی ئێران پێک بێنن تا بتوانن ئەرکی مێژوویی خۆیان باشتر بە جێ بهێنن.

پیرۆز بێ یادی شەهیدانی شەوی یەڵدا و تەواوی تێکۆشەرانی ڕێگەی ئازادی نیشتمان

٢٧ / ١٢ / ٢٠١٦

## تیرۆری ڕۆژهەڵاتییەکان لە باشوور دەست پێ دەکاتەوە



ماوەی نۆ مانگە بەرپرسە باڵاکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر ئاستی سیاسی و سەربازی لە میدیاکان هەڕەشەی هێرش و لەناوبردنی ئۆپۆزسیۆنی ڕۆژهەڵات و بە تایبەت "دیموکراتەکان" لەناو خاکی هەرێمی کوردستان دەکەن، لە دوای تەقینەوەکانی شەوی ٢٠ی کانوونی یەکەم - دیسێمبەری قەڵای دیموکرات، چاودێران و سیاسەتوانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باس لە مەترسی دەست پێکردنەوەی تیرۆری ئۆپۆزسیۆنی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان دەکەن لەلایەن ئێرانەوە.

لە نەوەتەکانی سەتەی رابردوو، لەناو خاکی هەرێمی کوردستان زیاد لە ٣٢٠ ئەندامی ئۆپۆزسیۆنی ڕۆژهەڵات لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران لە باشووری کوردستان تیرۆر کراون کە ١٨٠ کەسیان پێشمەرگە و کادر و ئەندامی سەرکردایەتیی حزبی دیموکرات بوون. ئەو حزبە لە دوای تەقینەوە تیرۆریستییەکەی شەوی یەڵدا، لە بەیاننامەیەکدا هۆشداری دا "کۆماری ئیسلامیی ئێران هاوشێوەی نەوەتەکانی سەتەی رابردوو شەپۆلێکی نوێی تیرۆری ئۆپۆزسیۆنی ڕۆژهەڵات" لە هەرێمی کوردستان دەست پێ بکاتەوە.

حدکا بە فەرمی داوای لە حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کرد، "تەقینەوەی تیرۆریستی لە دژی حزبی دیموکراتی کوردستان وەک زەنگێکی مەترسی و سەرەتایەکی بە کردەوە دەستپێکردنەوەی پیلانە تیرۆریستییەکانی ڕژێمی ئێران لە هەرێمی کوردستاندا، چاو لێ بکەن".

قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حزبی دیموکراتی کوردستان بۆ "وشە" رای دەگەیەنێت "حزبی دیموکراتی کوردستان لە تاوانبارکردنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ئەنجامدانی ئەم تەقینەوە تیرۆریستییە، پشتی بە کۆمەڵێک بەڵگە و هۆ بەستووە. ئەو ڕژێمە، هەر لە هەرێمی کوردستان لە دەیەی نەوەتی زایینیدا، دەیان تاوانی تیرۆریستیی گەورەی لە دژی لایەنە سیاسییەکان و تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی و بنەماڵەکانیان ئەنجام داوە".

دەستپێکردنەوەی شەپۆلێکی نوێی تیرۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە باشووری کوردستان لە بەیاننامەکەی حدکدا، وەک "زەنگیی مەترسی" وەسف کرابوو. لای خۆیانەوە چاودێرانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەقینەوەکەی بەردەم بارەگای دەفتەری سیاسیی "حدک" بە سەرەتای دەست پێکردنەوەی ئەو شەپۆلە دەزانن.

قادر وریا هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی لەو پێناوەدا ئاشکرا دەکات و رای دەگەیەنێت "کۆماری ئیسلامیی بۆ چالاککردنەوەی نیازە تیرۆریستییەکانیان لە هەرێمی کوردستان و لە دژی حزبی دیموکرات و لایەنە سیاسییەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێوەندییان لەگەڵ ژمارەیەک لە هاودەستانی خۆیان لە دەیەی نەوەتی هەتاویدا بەستووەتەوە و داوایان لێ کردوون بۆ ئەم مەبەستە هاوکارییان بکەن".

ئەو تیرۆرانەی کۆماری ئیسلامیی لە نەوەتەکانی سەتەی رابردوو لە هەرێمی کوردستان دژ بە ئۆپۆزسیۆنی رۆژهەڵات ئەنجامی داون، لەکاتێکدا بووە هەرێمی کوردستان بە دۆخی قورسی شەڕی ناوخۆییدا تێدەپەڕی. چالاکێکی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئاماژە بەوە دەدات، پێشمەرگەی رۆژهەڵات لە باشووری کوردستان تەنیا نییە.

ناسر باباخانی مامۆستای زانکۆ و چالاکی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ "وشە" دووپاتی دەکاتەوە "زۆر فاکتەر رۆڵیان هەیە و ئەگەری دووبارە بوونەوەی نەوەتەکانی سەتەی رابردوو کاڵ دەکاتەوە. بۆ وێنە پێمان وابێ ڕێک ئەو کارەی ئێران بە یارمەتی دەستوپێوەندەکانی لەگەڵ موجاهیدینی خەڵق کردی بتوانێ بەسەر هێزەکانی ڕۆژهەڵاتیشیدا بێنێ، ئەوە روو نادات، چونکە لە ڕاستیدا نە کوردستان بەغدایە و نە پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات وەک موجاهدین بێ کەسە. هەر ئەو ئاماژانەی لە ناوخۆی باشوور چ لەلایەن خەڵک و چ لەلایەن هەندێک حزبی سەرەکیی باشوورەوە دەبینرێن، سەلمێنەری ئەوەن ڕۆژهەڵات پێگەی خۆی هەیە".

"نابێ هاوکێشە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان لە هەرێمی کوردستان وەک دیفاکتۆی سیاسی لە بیر بکەین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گومانم نییە لەوەی کۆماری ئیسلامی بەردەوام دەبێ لەو کردەوە تیرۆریستییانە بە هۆی دەستوپێوەندەکانی لە خاکی باشووردا، وەک پێشەی ساڵانی ڕابردووی" باباخانی وای گوت.

مەترسی دەست پێکردنەوەی تیرۆری کوردانی رۆژهەڵات لە باشووری کوردستان، ٣٠ حزب و لایەنی هەر چوار پارچەی کوردستانی لە مەکتەبی سیاسیی حدک کۆ کردەوە و لە ٢٥ی کانوونی یەکەم/دیسێمبەردا بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بۆ پاڵپشتیکردن لە حزبی دیموکرات و خەباتی نەتەوەیی لە رۆژهەڵات بڵاو کردەوە.

لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوە دراوە: "لە نەوەتەکانی سەدەی بیستدا بە داخەوە سەتان کادر و پێشمەرگە و ئەندام و

**لایەنگری حزبەکانی ڕۆژهەڵات و بنەماڵەکانیان لە باشووری کوردستان بوون بە قوربانیی پیلانە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران". هاوکات رونیش کراوەتەوە، "چۆن دەتوانین ڕێگە بدەین ڕۆڵەکانی بەشێکی تری کوردستان لەسەر خاکی هەرێم ببن بە ئامانجی تیرۆر".**

**وشە - هیدایەت جان**

**٢٨ / ١٢ / ٢٠١٦**

# وەرزی نوێی تیرۆری ئێران لە هەرێمی کوردستان.



## هاوار بازیان

٢٠ ساڵ بوو رێکەوتنێکی " شاراوە" لە نێوان هێزە کوردییەکانی نەیاری دەسەڵاتی ئێران و حکوومەتی تاراندا هەبووە لەسەر ئەساسی "کپکردنی چەکەکانی شۆڕش"ی کوردان و "بێدەنگکردنی چەکەکانی تیرۆر"ی ئێران. هەرێمی کوردستانیش وەک هێڵی سێیەمی ئەو سێ گۆشە سیاسییە ئەرکی ناوەندگیری و راگرتنی رێکەوتنەکەی دەگێڕا، بەڵام لەناکاو هەموو شتێک گۆڕا و کوردەکان دەستیان بۆ چەک بردەوە و لایەنی جمهوری ئیسلامیش بەناوی وەڵامدانەوە گورزی وەشاند و لایەنی هەرێمیش تا ئێستە راشکاو نییە. بەڵام بەڕاستی ئەو گۆڕانکارییانە بەرەو کوێ هەنگاو دەنێن؟ ئایا دووبارە بوونەوەی ساڵانی ١٩٩٢ - ١٩٩٨ و هێرشە جۆراوجۆرەکانی ئێران بۆ سەر هێزە رۆژهەڵاتییەکانی نیشتەجێی باشوور دیسان دەستپێدەکەنەوە؟ ئاخۆ حکوومەتی هەرێم لەنێوان رۆژهەڵاتییەکان و ئێرانییەکاندا دەبی چی بکا؟

### بیرهێنانێکی کورت

لایەنی ئێرانی هەر لە سەرەتای گۆڕانکارییەکانەوە بە نیگەرانی و زمانی هەڕەشەوە هاتە مەیدان. بەتایبەت پاش راگەیاندنی بەرەنگاربوونەوەی سەربازی و چوونەوە سەر سنووری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە جەژنی نەورۆزی رابردوو کە تێیدا سکرتێری ئەو حیزبە بە ئاشکرا بانگەشەی "راسان" دژی جمهوری ئیسلامی کرد. دواتر لەسەر دەستی هەردوو لایەنی دیموکرات (حدکا و حدک) چەندین شەڕ و پێکدادان لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای ئێران لەناو کوردستانی ئێراندا رووی دا کە بەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە شەهید بوون و قۆناخی نوێی هەڵسانەوەی کوردی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بەرامبەر جمهوری ئیسلامی هاتە راگەیاندن.

ئێران، سەرەتا و تا ئێستەش هەوڵی داوە بەڕوالەت وا پیشان بدا کە "کێشەیەک لە ئارادا نییە" و ئەوەی هەیە "تەنیا چەند چەکداری لایەنگری سعوودیە و پارتی دیموکراتن" کە لەسەر راسپاردەی "سعوودیە" خەریکن "ئاسایشی ئێران دەشێوێنن". شتێک کە بەرپرسانی ئێرانی خۆیان بڕوایان پێ نییە و باشتر لە هەمووان مێژوو و خواست و پێگەی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە و سەرجەم هێزەکانی تری رۆژهەڵاتی کوردستان دەزانن و لێدوانەکانیان تەنیا شەڕی راگەیاندن بوو تا تەقینەوەکەی هەفتەی رابردوو (٢١ - ١٢ - ٢٠١٦)ی بەردەم بارەگای سەرەکیی حیزبی دیموکرات لە کۆیە کە ٧ شەهیدی لێکەوتەوە و دۆخەکەی تەواو شێواند و چەند پەیامی ترسناکی لەخۆ گرتبوو:

١- ئێران کە سەرقاڵی شەڕەکانی تری وەک مووسڵ، سووریا و یەمەن و بەشێک لە ئەفریقایە، هەرگیز پێیوانەبوو لەوکاتەدا بەرەیەکی کۆنی شەڕی بۆ زیندوو دەبێتەوە کە ئەویش کوردانی ئێرانن. هەربۆیە زیاتر لە هەمیشە وەک "سەرئێشەیەکی درووستکراو"ی دوژمنانی گەورەی خۆی لە ناوچەکە سەیریان دەکا و بەنیازە بە توندترین شێوە وەڵامی ئەو کوردانە بداتەوە و مەسەلەکە زۆر گەورەتر لە تەنیا "خەبات بۆ مافی کورد لە ئێران" دەبینێ. شەڕ و ناکۆکییەک کە بێگومان هەرێمی کوردستان و کورد بەگشتی تێیدا بێ زیان نابێ.

٢- لە قۆناخی یەکەمدا بەرپرسانی بالآی ئێرانی هەڕەشەی گەورەیان وەک "لێدانی بنکەکان" و "تیرۆرکردنی رێبەران"ی دیموکراتیان کردووە و بەئاشکرا باسیان دەکرد، ئەو هەڕەشانە مایەی مەترسی و نیگەرانین کاتێک کوردانی رۆژهەڵات رووداوەکانی هێرش و تۆپباران و سەدان تیرۆر و کوژرانی پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرانی خۆیان وەبیر دێتەوە کە لەنێوان ساڵانی ١٩٩٢ - ١٩٩٩ لەسەر دەستی مۆرەکانی ئەمنیی ئێرانی لە باشووری کوردستان تووشی هاتن و دواتریش هیچ کام لە سکاڵا و لێژنەکانی نزم و باڵا نەیانتوانی کەس تاوانبار بکەن!

٣- ئاماژەکان وا دەردەخەن کە بەرپرسانی ئێرانی بەنیازن شەڕێکی تایبەت دژی دیموکراتەکان دەست پێبکەنەوە. شەڕێک کە لەسەر ئەساسی تیرۆرکردن و تۆقاندنی کوردانی ئێرانی و فشارهێنانی هەرێمی - سیاسی و ئەمنی دەبی و مەبەستی سەرەکیش ئەوەیە کوردی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی دەرفەتی خۆ رێکخستنەوە و دانانی پلانی چالاکیی چەکدارییان دژی ئێران نەبی.

٤- تیرۆر هەمیشە چەکی یەکەمی جمهوری ئیسلامی بووە و بەرامبەر نەیارانی پەنای بۆ بردووە. کوردانی ئێران ئەزموونێکی پڕ لە ناخۆشییان لەگەڵ تیرۆرەکانی دەسەڵاتی ناوەندا هەیە. هەر لە تیرۆرکرانی رێبەرانی ئەو حیزبە لەسەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ تاران تا دەگاتە جۆرەها شێوازی تیرۆر و کوژران بە تەقینەوە و ژەهراوی بوون و کوشتن و رفاندن و ئەشکەنجەدان. بەپێی ئامارێکی رەسمی، تەنیا لەماوەی چەند ساڵی نیشتەجێبوونی دیموکرات و کەمپەکانی لە هەرێمی کوردستاندا ٢١٧ حاڵەتی تیرۆرکردنی کادر و ئەندامی دیموکرات لە باشووری کوردستان تۆمار کراوە کە بە وردەکاریی تەواو

لەبەردەستدا هەیە و سەرجەمیان ئێران و مۆرەکانی لە هەرێم ئەنجامیان داوە.

٥- ئەزموونی رابردووی نێوان دیموکرات و ئێران پەیامێکی تاڵمان پێدەدات کە بریتییە لەوەی دەستپێکی جووڵەی دیموکرات و هێزەکانی رۆژهەڵاتی دژی ئێران بە گشتی، پاساوی ئەوە بە لایەنی ئێرانی دەدات کە بەناوی "پاراستنی بەرژەوەندییەکانی باڵا" دەست بۆ تیرۆر و کوشتنی نەیارانیان لە هەرێمی کوردستان ببەنەوە. دۆخێک کە ساڵانی سەرەتای پەرپوە بوونی دیموکرات و کۆمەڵە بۆ باشووری کوردستان رۆژانە شاهیدی دەبووین. دەستپێکی جووڵەی دیموکراتەکان، لایەنی ئێرانی هان دەدا تا دیسان دەست بە چالاکیی تیرۆریستی لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە و بەجۆرێکی پیشان بدات ئەوەی روو دەدا، تەنیا دیموکراتەکان و کوردانی ئێرانی لێ بەرپرسن! لایەنی ئێرانی بەنیازە هێزی تیرۆری خۆی بسەپێنێ بەسەر هێزێکی سیاسی کە ٧١ ساڵە داوای مافەکانی لە دەسەڵاتەکانی ئێرانی دەکا، بەڵام هەمیشە وەڵامەکەی هەر بە تیرۆر و کوشتن دراوەتەوە.

٦- ناکۆکیی لایەنەکانی باشووری کوردستان، خاڵێکی بەهێزە بۆ جمهوری ئیسلامی تا نیگەران نەبی لەوەی هەرجۆرە رەفتارێکی تیرۆر و کوشتنی لە باشوور تووشی شەرمەزاری یان مەحکوومکردنێکی کاریگەر و بەهێز ببیتەوە. هەروەک چۆن ساڵانی ١٩٩٥ - ٢٠٠٠یش هێزە ئەمنییەکانی ئێرانی سوودی زۆریان لە دۆخی سیاسیی باشوور و دواتر شەڕی ناخۆیی نێوان یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکرات بینی و جگە لەوەی نائارامییەکانیان وەک دەرفەت بەکار هێنا، کەمتریش تووشی مەحکوومبوون دەبوونەوە. هەرچەندە بەداخەوە ئێستاش ئەو دوو هێزەی هەرێمی کوردستان بەرامبەر ئێران راشکاو و بوێر نین، بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بەو کۆبوونەوە بەربڵاوەکەی هێزە کوردستانییەکان بکەین کە رۆژانی پاش تەقینەوەکەی بەردەم بارەگای دیموکرات لەسەر بانگهێشتنی حیزبی دیموکرات بەرێوە چوو، بەڵام هیچ کام لە حیزبەکانی پارتی و یەکێتی و گۆڕان بەشدارییان نەکرد کە تایبەت بوو بە خستنەڕووی بەڵگەکانی تێوەگلانی ئێران و شەرمەزارکردنی ئەو هێرشە تیرۆریستییە. (ئەو ٣ لایەنە سەرەکییەکەی باشوور پێشتر بە نووسراو و بەیاننامە مەحکوومی هێرشەکەیان کردبوو)

## بەکورتی

ئێران بەرنامەیەکی مەترسیداری تیرۆریستی بەدەستەوەیە و پێویستە بەردەوام چاوەڕێی کردەی تری دژی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لە باشوور بین، بەتایبەت کە تاران خەریکە بەناوی بەرپەرچدانەوەی دوژمن، پاساوی کارە تیرۆریستییەکانی بهێنێتەوە و هاوکات نەیارانی خۆی تیرۆر بکا و زەمینەی ئەوە خۆش بکا وەک چۆن لە رێگەی هێزەکانی سەر بە سوپای قودس توانی ئەندامانی موجاهیدینی خەلق بە "مایەی ئاژاوە و ئاڵۆزی" بە عێراقییەکان پیشان بدا و لە کەمپی ئەشرەف و دەوروبەری بەغدا دەریان بکا، هێزە کوردە نەیارەکانیشی تووشی ئەو چارەنووسە بکا، ئەگەرچی بەراوردی موجاهیدین لە عێراق و دیموکرات لەسەر خاکی کوردستان جیاوازییان زۆرە، بەڵام رەنگە نامومکین نەبی.

سەرچاوەکان:

http://www.kurdistanukurd.com/?p=15778
http://www.kurdistanukurd.com/?p=15833

٣٠ی دێسەمبەری ٢٠١٦

# تەقینەوەکانی شەوی یەڵدا و قووڵایی دیفاعی ئیستراتیژیک



**حەسەن شێخانی**

هەمووومان چەمکی دیفاعی ئیستراتیژیکمان بیستووە کە بەرپرسانی ئێران لەم ساڵانەی دوایی‌دا بە کاری دێنن. ئێران بە پێی ئەم چەمکە، یان باشترە بڵێم لە چوارچێوەی ئەم ئیستراتیژییەدا سنوورە ئەمنییەتی‌یەکانی خۆیان زۆر ئەولاتر لە سنوورەکانی ئێران وێنا دەکەن و دەڵێن ئەگەر زۆر ئەولاتر لە سنوورەکانمان بەرەڕووی "دوژمنان" نەبینەوە، ئەوە دوژمنان لە سنوورەکانی ئێران و تەنانەت لە نێوخۆی ئێران پەلاماری کۆماری ئیسلامی دەدەن و شەڕەکە دەکێشنە نێو چوارچێوەی جوغرافیایی ئێران. ئەساسی ئەم ئیستراتیژییە لەسەر ئەوە بینا کراوە کە دەبێ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و، لە قووڵایی خاکی دراوسێکانی ئێران، لە دژبەرانی "بلفعل و بلقوە"ی ئەو وڵاتە بدەرێ، لاواز بکرێن یان لەنێو ببرێن، بۆ ئەوەی کە نەتوانن لەسەر سنوورەکان و ئەولاتر لەوەش لە نێوخۆی ئێران، ببنە سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی.

هەرچەند ئەم ئیستراتیژییە لە ژێر ناوی "قووڵایی دیفاعی ئیستراتیک"دا فورمولە کراوە و وا دەنوێنن کە ئەوەی کە ئێران لەم ساڵانەی دوایی‌دا لە دژی داعش و نەیارانی خۆی و هاوپەیمانەکانی، بە تایبەت لە سووریە و عێراق ئەنجامی داوە، "دیفاعی ئیستراتیژیک" لە خۆی بووە و ئەگەر وای نەکردبا، داعش و نەیارەکانی، لەسەر سنوورەکان و لە نێوخۆی ئێران بەرۆکیان دەگرت. بەڵام ئەم چەمکە لە ڕاستی‌دا "هێرشێکی پێشگیرانە"یە بۆ سەر دژبەرانی "بلفعل و بلقوە"ی کۆماری ئیسلامی. واتا پێش ئەوەی کە ئەوان زیان بە کۆماری ئیسلامی بگەیەنن، کۆماری ئیسلامی پێشدەستی بکا و زەربەیان لێبدا.

کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە هەوڵی دا ئەم خوێندنەوە بۆ پاراستنی ئەمنییەتی ئێران، لە کۆمەڵگەشدا جێ بخا و کۆمەڵانی خەڵک لەگەڵ خۆی بخا. ئەگەر سەیری بۆچوون و هەڵوێستی کۆمەڵێک لە ڕووناکبیرانی ئێرانی بکەین، بۆمان

دەردەکەوێ کە تا ڕادەیەک لەم بوارەدا سەرکەوتوو بووە؛ ئاڵوگۆڕ و شەڕی نێوخۆیی وڵاتانی سووریە و عێراق لە چەند لاوە بە قازانجی کۆماری کۆماری ئیسلامی شکاوەتەوە:

یەکەم: شەڕ و ماڵوێرانی لە سووریە و عێراق و، درێژەکێشانی، وایکرد کە خەڵکی ئێران بە پارێزەوە و بە ڕێگای دیکە داوای مافەکانیان بکەن و لەوە بترسن کە ئێرانیش وەک ئەو وڵاتانەی لێبێ.

دووهەم: کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی شاندنی هێزێکی زۆر بۆ وڵاتانی سووریە و عێراق، بۆ بەرگری لە هاوپەیمانەکانی و سەرکوتی دژبەرانیان، ئەزموونێکی زۆری بە تایبەت لە بواری شەڕی نێوخۆیی و چۆنیەتیی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ شەڕی نێو شارەکان، بەدەست هێناوە و لە داهاتوودا بەکەڵکی دێت. شکی تێدا نییە کە یەکێک لە ئامانجەکانی ئێران بۆ شاندنی ئەو هێزە زۆرە و دانی ئەو هەموو تێچووە ماددی و مرۆییە بۆ بەدەست هێنانی ئەزموون و کەڵک لێوەرگرتنی لە کاتی خۆیدا، دەگەڕێتەوە.

سێهەم: ئێران لە ڕێگەی هەڵخڕاندنی هەستی ناسیۆنالیستی و مەزهەبی، تا ڕادەیەک توانی حزوور و بە واتایەکی دیکە دەستێوەردانەکانی لە وڵاتانی سووریە و عێراق پاساو بدا و هەمووی ئەمانەش بە ناوی پاراستنی ئەمنیەتی ئێران، لە قالب بدا.

چوارەم: خۆتێوەگلاندنی لە کێشەیەکی ئەمنی، کەش و بەستێنی مانۆڕی زیاتر بۆ دەسەڵاتی پاوانخواز دەخوڵقێنی هەتا پەرەی زیاتر بە پاوانخوازێتی خۆی لە نێوخۆ بدات و هەموو دەرگاکانی دەسەڵات بە بیانووی ئەمنییەتی دابخا.

بەم شیکردنەوانەی سەرەوە، ئەگەری ئەوە هەیە ئێران ئیستراتیژی "قووڵایی دیفاعی ئیستراتیژیک" یان "هێرشی پێشگیرانە"، لە ئاستی دیکە و لە بواری دیکەدا بەکار بێنێ. واتە ئەمجارە ئەو ئیستراتیژییە لە هەمبەر داعش و گرووپە توندڕەکانی دیکەی دژبەری خۆی و هاوپەیمانەکانی، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و زەربە لێدان لە ئەحزابی ئازادیخواز و ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیەوە، "نا"یان پێگوت و خەباتیان لە دژی دەست پێکرد، بگوازێتەوە و پەرەی پێبدا. لەوانەیە کۆماری ئیسلامی پێی وابێ مادام ئەو ئیستراتیژییە لە ئاستێکی بەربڵاوتر و لە دژی داعش و نەیاری خۆی و هاوپەیمانەکانی، ئەنجامی بەدەست هێناوە، بۆچی لە ئاستێکی دیکەدا و لە دژی حیزبەکانی دژبەری خۆی، کە نوێنەرایەتیی خەباتێکی بەرحەقی گەلێک دەکەن، بەکار نەهێنێ! تەقینەوەکانی شەوی یەڵدا لە بەردەم بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەکرێ لەم دەلاقەوە لێک بدرێنەوە. ئەگەر ئەم شیکردنەوەیەمان بۆ تەقینەوە تیرۆریستیەکانی شەوی یەڵدا قبوو بێت، دەبێ وەک دەسپێک لێی بڕوانین و چاوەڕوانی ڕووداوی دیکە، لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە بۆ زەربە لێدان لە بەتایبەت حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بین. ئەگەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە بەرنامەیان دابێ بەشێوەیەکی مەیدانی و جیددیتر لە نێو خەڵکی خۆیاندا حزووریان هەبێ، ئیحتمالی هەیە

کۆماری ئیسلامی لەمەوبەدوا لەجیاتی ئەوەی کە لە وەرزە گەرمەکاندا چاوەڕوانی چوونەوەی پێشمەرگە بێ و بە قەولی خۆیان، لە "زەمینی خۆیدا" رووبەڕوویان بێتەوە، ئەمجارە پێشدەستی بکا و دوورتر لە "سنوورەکانی خۆی" و لە هەر شوێنێک کە بتوانێ، زەربەیان لێبدا. ئەوەی ئەمجارە لە تەقینەوەکانی شەوی یەڵدادا بەرجەستە بوو و، لەوانەیە پەرەش بستێنن، هەڵگری هەندێک توخمە کە لە ساڵان و دەیەکانی رابردووشدا تاقی کراوەتەوە و دیتوومانە؛ بەو جیاوازییەوە کە ئامانجدارتر لە پێشوو و، لە چوارچێوەی فورمولی دەقیقتری "هێرشی پێشگیرانە"دا جێ دەگرن.

کۆماری ئیسلامی بیجگە لە ئەزموونەکانی لە سووریە و عێراقدا، کە لە ژێر تیشکی قووڵایی دیفاعی ئیستراتیژیکدا بەدەستی هێناون، چاوی لە مۆدێلی دەرپەڕاندنی موجاهیدینی خەڵقە لە عێراق. هەرچەند نموونەی موجاهیدین و حیزبەکانی رۆژهەڵات، لە زۆر رووەوە بەراوردێکی "معالفارق"ە؛ بۆ نموونە حیزبەکانی رۆژهەڵات لە نێو میللەتی خۆیان دان، بەڵام دوور نیە کۆماری ئیسلامی ئەگەر بتوانێ بیەوێ بە چەشنێک شەڕی رەوانی لە دژی حیزبەکانی رۆژهەڵات بکا و، واوەتر لەوەش بە شێوازی جۆراوجۆر، زیانیان پێ بگەیەنێ.

لە خۆشبینانەترین حاڵەتدا، تەقینەوەکانی شەوی یەڵدا هۆشدار و زەنگی مەترسین بۆ حیزبەکانی رۆژهەڵات؛ کە ئەگەر بیانەوێ بەتایبەت لە نێوخۆی رۆژهەڵاتدا چالاک بن، پێویستە هەموو ئەگەرەکان لەبەرچاو بگرن و بە رەچاو کردنی میتۆدی نویی خەبات و بە هاوئاهەنگی، رووبەڕووی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی ببنەوە کە هەرجارەو پەردەیەک لەو پیلانانە دەبینین.

٣٠ی دێسەمبەری ٢٠١٦

# تێرۆریزمی دەوڵەتیی و پەرچەکرداریی بزاڤی نەتەوەیی کورد



**سامان فەقێ نەبی**

لە روانگەی کۆماری ئیسلامی ئێران، تێرۆر بەکەڵک ترین ئامرازە بۆ گەیشتن بە ئامانجە قێزەونەکەی کە بریتییە لە پووکاندنەوەی جوڵانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

ئاورێکی خێرا لە مێژووی بزاڤە نەتەوەییەکانی گەلانی بندەست لە سەرانسەری جیهان، ئەوە دەردەخا کە لە زۆربەی ئەم کێشە میللی یانەدا، ئەوە گەلی چەوساوەیە کە بە قەولی "فرانتێس فانۆن" ناچارە لە شەرێکی نابەرامبەردا لەگەڵ داگیرکەر تەنانەت پەنا بۆ تێرۆریش ببا، بۆ ئەوەیکە لە ئۆغدەی پەنگ خواردووی خۆ بە کەم زانین خۆی دەرباز بکا. بەڵام راستییە تاڵەکە ئەوەیە کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەم هاوکێشەیە بە پێچەوانەی شێوازی خەباتی زۆربەی نەتەوە ژێردەستەکانی جیهان بە ئاقارێکی پێچەوانەدا تێپەر بووە؛ بەو واتایە کە ئەمە دەوڵەتی داگیرکەری کۆماری ئیسلامییە کە لە تێرۆریزم وەکوو مێکانیزمی لاوازکردنی خەباتی گەلی کورد بە گشتی و حیزبی دێموکرات بەتایبەتی کەڵکی وەرگرتووە.

کۆماری ئیسلامی بۆ ئەم مەبەستەش رێگایەکی تاقیکراوی هەڵبژاردووە کە لە مێژووی هاوچەرخی کوردستان دا، دوژمنانی ئەم نەتەوەیە بەردەوام لێی سوودمەند بوون. ئەم رێگایەش بریتییە لە ئەنجام دانی کردەوەی تێرۆریستی لە دژی شۆرشگێرانی کورد لە رێگای کەسانی خۆجێیی؛ واتا تێرۆر لە چوارچێوەی خەیانەتی نەتەوەیی و لە کانالی خەیانەتکارانی بە رەواڵەت کوردەوە.

لە راستییدا هەبوونی کۆمەڵگایەکی رۆچوو لە نێو هەژاریی و بێ شوناسیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، دۆزینەوە و دەستنیشان کردنی کەرەستە و مۆرەی خائین بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەم سازوکارە نامرۆییەی رێژیمی دەستەبەر کردووە.

حاشا هەڵنەگرە کە نەبوونی شوناسێکی بەهێزی تاکەکەسی و ژیان لە نێو کۆمەڵگای ناسەقامگیر و بەرێکخراو نەکراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆتە هەوێنی هاتنە ئارای کەسانی خائین بە نەتەوە و نیشتمان کە لە سۆنگەی ڕێکارەکەی "سوون تزۆ" لە پێناوی سەرکەوتن لە شەڕدا، نەک لە شەڕی ڕاستەوخۆ بەڵکوو لە نێو ریزی خەباتگێرانی کوردەوە تەداروکی گورز وەشاندن لە شۆڕشی کوردستان بدرێ.

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نزیک بە چوار دەیەیە کە لە شەڕێکی هەمەلایەنەی نیزامی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئابووری لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران دایە و لەو ماوەیەدا، ڕێژیم لە هیچ چەشنە پیلانێکی تێرۆریستی و کرەوەیەکی ناجوانمێرانە کە بە "هونەری جەنگ" ناوزەدی کردوون، خۆی نەبواردووە. بە داخەوە گەلی کورد بە گشتی و بزاڤە نەتەوەییەکەشی بەتایبەتی، لەو نێوەدا تەنیا بوونەتە تەماشاکەری قوربانی دانی مرۆڤە شۆڕشگێرەکانیان و بە پاساوی پەنا نەبردن بۆ تێرۆر هەر لە بازنەی فیدابوون قەتیس ماونەتەوە و لە پراکتیک دا ئیقدامێکی شۆڕشگێرانەی بەربڵاو بۆ ڕاگرتنی تێرۆریزمی دەولەتیی کۆماری ئیسلامی لە ئارادا نەبووە.

لە مێژووی خەباتی نەتەوە بندەستەکان دا، بزاڤی گەلی چەوساوە لە پێناوی پەرەپێدان بە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی بە مێتۆدی وەڵامدانەوەی ڕادیکاڵ لەهەمبەر تێرۆریزمی دەوڵەتیی، پشتیوانی یان لانیکەم بێ لایەنی زۆرینەی خەڵکی وەدەست هێناوە. ئەم مێتۆدە لە کوبا لە لایەن چێگڤارا و دواتر لە وێتنام، ئەلجەزایر، ئیرلەندی باکوور، باسک و زۆر شوێنی تر سەرکەوتنی بۆ گەلی بندەست بە دیاری هێنا؛ کەچی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی نەبوونی کاردانەوەیەکی پلان مەند لە لایەن جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردەوە بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەم مێکانیزمەی ڕێژیم، پەتای خەیانەت وەکوو هەورێکی ڕەش هەروا باڵی بە سەر وڵات دا کێشاوە.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە زۆرینەی فیلسوفان و تەنانەت پێغەمبەرانیش ڕەوایەتییان بە شەڕی دیفاعی و کاردانەوە بەرامبەر بە پیلانەکانی دوژمن داوە؛ تا ئەو جێگایە کە موسا پێغەمبەری جوولەکەکان دەڵێ:"خودا شەڕکەرە" یان مۆنتێسکیۆ بیرمەندی فەرانسەیی لە سەر ئەم بڕوایەیە کە مافی پاراستن مافێکی سرووشتییە و زامنی عەدالەتە. ماکیاوێلیش پێی وایە کە شەڕی پێشگیرانە و دیفاعی شەڕێکی لۆژیکی یە و مائۆ ڕێبەری شۆڕشی چینیش بەردەوام ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە "پێویستە بە شەڕ لە دژی شەڕ ڕاوەستین."لەو نێوەدا هێگل تەنانەت ئارەزووی ئاشتی بە ڕۆیا و خەون لە مێژووی مرۆڤایەتی ئەژمار دەکا.

هەموو ئەم فاکتانەی کە ئاماژەیان پێکرا،ئەوە دەسەلمێنن کە بزاڤی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و حیزبی دێموکرات بە تایبەتی، پێویستی بە سەر لە نوێ دارشتنەوەی ستراتیژی خۆی لە بەرامبەر دیاردەی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە و پێویستە مێژووی خەباتی گەلانی بندەست لە جیهان وەک پارادایم لەبەرچاو

بگیرێ و ئەم ئەسڵە بە هەند وەربگیرێ کە وەڵامدانەوە بە تێرۆری دەوڵەتیی بە شێوەی رادیکالە کە پاسیڤیتە و بێ هیوایی لەناو دەبا و ماشێنی تێرۆری رێژیم دەوەستێنێ.

فەیس بووک

۱ی جانێویری ۲۰۱۷

## “بەرلە ماڵئاویی” و یەڵدای خوێناوی!



### هەیاس کاردۆ

گوێم لە قرچەی دڵی ئەو دایکە بوو کە رۆڵەی پێشمەرگەی نەیتوانی تێوەرسووڕانی ساڵی دەگەڵ نوێ کاتەوە. هەستم بەخەمی ئەو کوڕە پێشمەرگەیە کرد کە لەدوا ساتەکانی ساڵدا لەشی باوکی خەڵتانی خوێن کرا. دەگەڵ ئازاری ئەو پێشمەرگەیە ژیام کە فەرماندە ئازاکەی لێ دوور کەوتەوە. هەستی هەموو ئەو خەباتکارانەم خوێندەوە کە جەستەی هاوسەنگەرانیان دەنێو گڕی ئاگری “تیرۆر”دا چزەیان لێ هەستا. ئەوەشم بیست کە قاسملوو لە پێرلاشێزەوە پەیامی بۆ شەهیدەکان ناردوە و شەوی یەڵدای بەناو کردوون. خەبەرم هەبوو کچە خۆڕاگرەکانی زیندان خۆیان و زنجیرەکانی دەستیان لەبیر کرد و بوون بە بەشێک لەو لافاوی ئەو رقە کە بەرامبەر خودایانی ترس و وەحشەت هەموو وڵاتی کوردانی داگرت. ساڵێکی دیکەشمان لە خەبات و خوێن و خەڵات تێپەڕ کرد. کارنامەیەکی دیکەش هاتە سەر دەفتەرێکی ٧١ لاپەڕەیی بەخوێن نووسراو و بە فرمێسک تەڕ کراو. ئەمساڵێش وەک هەموو ساڵەکانی تەمەنمان کەوتینە بەر تەوژمی بێ ئەمانی شەپۆلە بێ بەزەکانی دەریای دڵڕەقی دوژمن. ئەمساڵێش وەک هەموو ساڵەکانی ژیانمان وەبەر داسی دروێنەیان داین، بە تەوری دووسەر بەربوونە جەستەمان، رووباری خوێنیان بۆ هەڵبەستین و ئاگریان دەجەنگەڵستانی پڕ دارودرەختی مانەوەمان بەردا. ئەوان دیسان هاتن قەڵای بڕوامان بڕووخێنن، کانیی بوونمان کوێر کەنەوە، گەرووی هەناسەمان رێک بگوشن و هەموو پردەکانی پەڕینەوەمان لێ بڕووخێنن. ئەوان وەک هەموو ساڵانی بوونمان و چوونە پێشمان، ویستیان تۆوی ناهومێدیمان دەنێودا بچێنن، ژاریماندوو بوونمان بە گەرووودا بکەن، وزەی هەنگاونانمان ببڕن و باڵای بەرزمان بچەمێننەوە. ئەوان لە هەموو رۆژەکانی ئەمساڵدا، وەک هەموو رۆژ ومانگەکانی رابردوو رووی دوژمنکارانەی خۆیان زیاتر نیشان داین و قەت بۆ ساتێک لەو ئەرکەی خۆیان خافڵ نەبوون. ئەوەی بۆ ویشک کردنی داری خەباتمان لە دەستیان هات کردیان و کۆتا هەوڵیشیان سوور هەڵگێڕانی یەڵدای نازدارمان بوو.

بە پێچەوانەی هەوڵی نەیار، ئێمە شارێگای خەباتمان ون نەکرد، سەری بەرزمان نەوی نەکرد، چاوی هیوامان نەقووچاند،

باوەڕی پتەومان لەبن نەهات. هەرچەند دووریان تەنین، کەچی لە جووڵە نەکەوتین، دەستی تەسلیممان هەڵ نەهێنا، ئەژنۆی هیوامان نەشکا و خرۆشی پێشمەرگانەمان قەت بێدەنگ نەبوو. لە هەموو رۆژ و مانگەکانی ئەمساڵدا، خەباتمان وەک هەمیشە بەردەوام بوو، پلانی چوونە پێشمان نوێ دەکرایەوە، خوێنی تازە دەدەمارەکانمان دەگەڕا، مەیدانی نوێترمان بۆ خۆنواندن دەدیتەوە و هەوڵی زیاترمان بۆ بەرین کردنەوەی خەباتەکەمان دەدا. ئێمە و ئەوان دوو دنیای لێک جیاوازمان هەیە. ئێمە و ئەوان هیچ شتێک وەک یەک نابینین. ئەوەی لە باوەڕی ئێمەدا جوان و رازاوە بەدی دەکری لای ئەوان نەفرەتی بۆ دەبارێ. ئەوەی بۆ ئێمە هاندەر و پاڵپێوەنەرە لای ئەوان بەربەستە. ئەوەی مانای ژیان بە ئێمە دەبەخشێ مزگێنیی مەرگی بۆ ئەوان پێیە. هەربۆیە هەتا ئێمە لەجوانی‌یەکان نیزیکتر دەبینەوە، ئەوان دەنێو تاریکیی زۆرتردا نوقم دەبن. هەتا ئێمە زیاتر دەکەوینە سەر شاڕێگای بەرەوپێشچوون، ئەوان لە کەندەڵانی خلۆربوونەوە نیزیکتر دەبنەوە. هەوڵی ئێمە ئەوەیە شەوی یەڵدا بکەینە چراخانی شادی و بزە، پیلانی ئەوان وەڕێخستنی جۆگەی خوێن بەسەر لەشی یەڵدا خۆشەویستاندایە.

ئێستا کە بیر لە شەوی یەڵدا و پەیامی یەڵدا خوڵقێنان و کۆتایی ئەو شەوە دەکەمەوە، بەخۆم نیە دەگەڕێمە دوورە زەمەنێکی سەرەتای وەرێ کەوتنی ئەم کاروانە. ئەوەندەی زەین یارمەتیم دەدا وەبیرم دێتەوە هەتا رێڕەوانی ئەم کاروانە ویستوویانە مۆمێک داگیرسێنن، تاریک پەرستان وەخۆ کەوتوون و گەردەلوولی تاوانیان وەڕێخستوە. هەتا گەشبینانی دنیای داوارۆژ دەلاقەیەکیان بۆ ژیان کردۆتەوە، رەشبینان پەردەیەکی ئەستووریان بەسەر کشاندوە. هەرکات پارێزەرانی خۆر چاویان دەڕووناکی بڕیوە، سوپای شەوپەرستان ئۆقرەیان لێ هەڵگیراوە. لەوەتا ئێمە هەین و ئەوان هەن قەت سنووری نێوان کار و بیر کردنەوەمان لێک نیزیک نەبۆتەوە. ئەوەی ئێمە بەدوویدا گەڕاوین ئەوان لە خۆیان دوور کردۆتەوە. ئەوەی ئێمەی شاد کردوە ئەوانی وەگریان خستوە. هەرچی هاندەری ئێمە بوە رووخێنەری بیر و ئەندێشەی ئەوان حیساب کراوە. بۆیە ئێمە سەر بە دوو عێل و تەبار و مەخلووقی جیاوازین. ئەو دوو دنیا لێک جیاوازە ناتەبایە زەحمەتە وێک هەڵکەن. یان ئێمە دەبێ پشت لەخۆر و دەستەملانی تاریکی بین و مل بۆ نەریتی خوێن خۆری ئەوی بکەین، یان ئەوان دەبێ سوژدە بۆ ڕووناکی بەرن و باوەڕ بە بزە بێنن.

ئێمە کە لە قوتابخانەی لەدایکبووی شەوی یەڵدا دەرسی جوانپەرستیمان خوێندوە و بە پەیامی ئومێدبەخشانەی ئەو گۆش کراوین، کوا دەتوانین بچینە سەر دینی تاریک پەرستان؟ ئێمە کە کۆڵەپشتیی خۆمان لە ئازووقەی باوەڕ و هیوا و هەنگاونان بۆ گەیشتن بە مەنزڵی ئاسوودەیی پڕ کردوە کوا دەتوانین لە نیوەی ڕێگایە بگەڕێینەوە؟ ئێمە کەڕوومان لە تیشکی خۆرە کوا ئاوڕ لە تاریکی دەدەینەوە؟ نانا، ئەوە پیشەی مۆم بەدەستانی شەوی یەڵدا نیە. ئێمە پەپوولەئاسا بە دەوری ئەو مۆمە داگیرساوەدا دەخولێینەوە، خۆمانی فیدا دەکەین بەڵام نایەڵین بکوژێتەوە. کاروانێک کە قەدەر عەیامێکە وەرێ کەوتوە و سەدان پێچ و خەمی بڕیوە و لە دەیان هەورازی حەستەم سەرکەوتوە، کوا بیر لە گەڕانەوە دەکا؟ ئەم رێیە هەر دەبێ بپێورێ، ئەم کاروانە هەر دەبێ بگاتە مەقسەد، ئەم ئاواتە هەر دەبێ وەدی بێ. روونە هەروەک زۆری خوێن

لەپێناودا رژاوە و گەلێک جەفای بۆ کێشراوە کە دوایین قوربانیی ئەو رێبازە شەهیدانی شەوی یەڵدا بوون، دەبێ خۆمان بۆ زەحمەتی زیاتر و کارەساتی گەورەتریش ئامادە بکەین. گرینگ ئەوەیە نەسلێک خۆی فیدا دەکا و نەسلێک جێی دەگرێتەوە. گرینگتریش ئەوەیە کە هەر دڵۆپە خوێنێک لەو قارەمانانە دەڕژێ تینوگوری زیاتر بە رێڕەوانی ئەو رێگایە دەبەخشێ. "ئەی قارەمانان، ئەوە خوێنی ئێوەیە کە لەدڵم دا وەک ئەستێرە خوشی و ئەوینی لەمندا پەروەردە کرد. چ لەشێک بەو خوێنە ئاڵە پاک نابێتەوە؟

لە ژمارە ٦٩٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٤ی جانێویری ٢٠١٧

# باڵادەستیی ئەهریمەنیی تاران لە کوێ تێکدەشکێ؟



**ئالان بەهرامی**

راستی‌یەکی روون و نکۆڵی‌لێنەکراوە کە دەزگا سیخورییەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران لە پشت کردەوەی تیرۆریستیی شەوی یەڵداوەن. چونکە جگە لە سەرەداوە بەڵگە سەلمێنەرەکان، دەیان و سەدان کردەوەی هاوشێوە لە دژی بەرهەڵستکاران و جیابیران و بەتایبەتی رێبەران و تێکۆشەرانی کورد، تەنانەت لە وڵاتانی رۆژئاواییش، سەلمێنەری ئەم راستی‌یەن کە تیرۆر، سیاسەت و شێوازێکی هەمیشەیی ئەم رێژیمەیە.

ئامانجی ئەم دەزگا سیخوری و سەرکوتکەرەکانی حکوومەتی تاران جۆراوجۆرە. خوڵقاندنی ترس و دڵەڕاوکە لە نێو دژبەران و لاوازکردن و بێتواناکردن و تەنانەت لەبەریەکهەڵوەشاندنی رەوت و رێکخراوە دژبەرەکان لە هەر جێگایەک (لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات) بەشێک لە ئامانجەکانی سیاسەتی تیرۆری ئەم رێژیمەن. رێژیمی ئێستای تاران هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە بە گرتنەبەری سیاسەتی تیرۆر لەراستی‌دا ویستوویەتی پازێلی سیاسەتی باڵادەستیی ئەهریمەنیی خۆی کە لە سێکوچکەی ئیعدام، بەندکردن و تیرۆر پێکهاتوە، بخاتەوە سەر یەک.

بزووتنەوەی مافخوازانە و شوناسخوازانەی کوردستان و حیزبی دێموکرات بەو پێیە کە لە هەر هەلومەرجێکدا توانای خۆڕێکخستن و بەرەنگاریی خۆی لە بەرانبەر دەسەڵاتی سەرەڕۆ و سەرکوتکەری تاراندا پاراستوە زیاتر لە هەر لایەنێکی دژبەر بۆتە ئامانجی سیاسەتی باڵادەستیی ئەهریمەنیی ئەم رێژیمە. لیستی دووورودرێژی کردەوە تیرۆریستی‌یەکانی رێژیمی تاران سەلمێنەری راستیی ئەم لێکدانەوەیەن. بۆیە دەکرێ کردەوەی تیرۆریستیی شەوی یەڵدا لە چوارچێوەی پەرچەکرداری دەسەڵاتی ئیسلامیی تاران لە ئاست بەرەوپێشچوونەکانی بزووتنەوەی کوردستان و حیزبی دێموکراتدا لێکبدەینەوە. دیارە هەروەک لە کردەوەدا دیتوومانە و لە ئاخاوتنی بەرپرسانی سیاسی و تەناهیی حکوومەتی تارانیشدا بەبەردەوامی باسی لێوەکراوە، لە پلانی تەناهیی ئەواندا زەبرلێدان لە نەیارەکانیان(هێزە ئازادیخوازەکان و دژبەران) و ئاژاوەنانەوە و

خۆش کردنی ئاگری شەڕی نێوخۆیی لە وڵاتانی ناوچە سەرەتییەکی تایبەتی هەیە. ئەوەش دەتوانێ لەم راستییەوە سەرچاوە بگری کە ئەوان زۆر لەوە نیگەرانن هەر هەنگاوێک و چالاکییەکی هێزە دژبەرەکان و لە سەروویانەوە هێزە کوردییەکان لە نێوخۆی وڵات، چرژ بخاتە ئەو تەناهییە پڕ لە ترسەی کە ئەوان بەسەر وڵاتیاندا زاڵ کردوە. لەم پێناوەدا رێژیمی تاراران تەنانەت هیچ بایەخێک بۆ تەناهی و سەروەریی ئەو وڵاتانەی دەستێوەردانیان تێدا دەکا یان کردەوەی تیرۆریستیان تێدا ئەنجام دەدا، دانانێ. لەم پێوەندییەدا هەرێمی کوردستان و عێراقی دوای رووخانی حکوومەتی بەعس دوو نموونەی بەرچاون کە هەر لە دەیەی ٩٠ی زایینییەوە بوونەتە مەیدانی تەراتێنی سیخور و تیرۆریستەکانی رێژیمی ئیسلامیی تاران. هەروەک لە دەیەی ٨٠ و ساڵانی سەرەتای دەیەی ٩٠ی زایینی وڵاتانی ئورووپایی ببوونە مەیدانی تیرۆری دژبەران و جیابیران. لەو ماوەیەدا بە دەیان کەس لە کەسایەتی و تێکۆشەرانی سیاسیی کورد و ئێرانی لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی ئورووپا تیرۆر کران. کە بەرچاوترینیان تیرۆری د. عەبدولرەحمان قاسملوو، د. شاپوور بەختیار و د.سادق شەرەفکەندی بوو.

هەرچەند بەخۆشییەوە بریاری لێبڕاوانە و دادپەروەرانەی دادگای میکوونووسی ئاڵمان (دادگای تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی) لە نێوەڕاستی دەیەی ٩٠دا سەرانی تارانی تووشی ریسواییەکی نێونەتەوەیی کرد و لانیکەم لە ئاستی ئورووپادا بەربەستێکی بەهێزی لە بەردەم باڵادەستیی ئەهریمەنیی حکوومەتی تاران دروست کرد، بەڵام بەداخەوە ئەم چاوەڕوانییە ناکرێ لانیکەم لە کورت ماوەدا حکوومەتی تاران بەربەستێکی جیددی لە بەرانبەر سیاستی تیرۆر و ئاژاوەنانەوەی خۆیدا لە وڵاتانی ناوچەدا بەدی بکا.

کەواتە دەبێ رێگای دیکە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ تیرۆریسمی نێودەوڵەتیی رێژیمی تاران بدۆزرێتەوە. هەرچەند لەقاودانی کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەم رێژیمە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، پێکهێنانی هاوئاهەنگیی ئەمنییەتی و زانیاری پتەو لەنێوان هەموو حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، هاوئاهەنگیی پتەو لەگەڵ دامودەزگا ئەمنیەتییەکانی هەرێمی کوردستان لانیکەمی ئەو رێوشوێنانەن کە دەبێ لەبەرچاو بگیرێن، بەڵام بەدڵنیاییەوە بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونەکانی تائێستا ناتوانن بەتەواوی وڵامدەر بن. چونکە لە کردەوەدا دەرکەوتوە ناکرێ بەبێ پێکهێنانی بەربەستێکی کردەیی بەر بە ماشینی تیرۆری ئەم رێژیمە سەرەڕۆیە بگیرێ.

لەم پێوەندییەدا حیزب و رێکخراوەکانی نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی رۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە بیر لە گواستنەوەی هێڵی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هێژمونی تیرۆر و تۆقاندنی رێژیمی ئیسلامیی تاران بکەنەوە. بەم واتایە کە ئەوان پێویستە لە رێگای پوتانسیەلە نێوخۆییەکانیانەوە (لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران) بەرپەرچی دەستدرێژییە تیرۆریستییەکانی حکوومەتی تاران بۆ سەر خۆیان بدەنەوە. پێکهێنانی هێزێکی نێوخۆیی زەبروەشێن لە چەند لایەنەوە گرنگیی تایبەتی هەیە. یەکەم ئەوە کە رەچاوکردنی دژە تاکتیکێکی ئەوتۆ بەرەی بەرەنگاربوونەوە و خۆپاراستن

دەگوازرێتەوە بۆ نێو چوارچێوەی جوگرافیای تەناهیی تاران و دووەم ئەوە کە هەر چەشنە چالاکی‌یەک لە دژی ئەم چوارچێوە تەناهی‌یە زەبری قورس و قەرەبوونەکراو لە باڵادەستیی تەناهیی ئەهریمەنیی رێژیمی ئیسلامیی ئێران دەدا. لە بیرمان بێ بەبێ شکانی باڵادەستیی ئەهریمەنیی ئەم رێژیمە بوار بۆ پەرەگرتن و کەم تێچووبوونی شێوازەکانی دیکە خەبات خۆش نابێ.

لە ژمارە ٦٩٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٤ی جانێویری ٢٠١٧

## بۆچی تەقینەوەی تیرۆریستی لەبەردەم بارەگا و بنکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان؟




**ئیقباڵ سەفەری**

ئەم پرسیارە بەدەیان جار لە لایەن دۆستان، هەڤاڵان و هاووڵاتیانی کوردەوە رووبەڕووی نووسەری ئەم بابەتە کراوتەوە. ئەگەرچی لە زۆربەی لێدوان و رادەڕبڕینەکانی بەرپرسانی حدک، کۆماری ئیسلامی بە تاوانبار و بکەری ئەم کردەوە تیرۆریستییە ناساندوە، بەڵام هیچکام لەو لێدوان و رادەڕبڕینانە ئاماژەیان بە تێئۆری راستەقینەی پشتی کردەوەکە نەکردوە.

پێشەکی: ئەوانەی بەدواداچوونیان بۆ چۆنیەتی ململانێی نیوان قۆڵەکانی دەسەڵاتبەدەستی کۆماری ئیسلامی کردوە و شارەزای کردار و رەفتاری ئەم قۆڵانەن بۆ گەیشتن بە لوتکەی دەسەڵات، چاک دەزانن کە بە ریفۆرمخواز و کۆنەپارێزەوە لەسەر هەر بابەتێک بەدژی یەک بن، بەڵام بۆ مانەوەی سیستمی کۆماری ئیسلامی هاودەنگ و هاوهەڵویستن. واتە هەموویان یەک ئیستراتیژییان هەیە، چونکە باش دەزانن رووخانی کۆماری ئیسلامی، یانی لەنێوچوونی هەموو قۆڵەکانی نێو دەسەڵات. نابێ لەوەش گومانمان هەبێ کە ئەو حیزب و رێکخراوانەی کە ئێستا لە دەرەوەی ئێرانن و بە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی پێناسە دەکرێن، لەبەر نەبونی ئیستراتیژییەکی هاوبەش و نەبوونی هاوئاهەنگی و هاوکارییەکی کرداری، ئالترناتیڤی بەهێز بۆ کۆماری ئیسلامی نین.

بە وردبوونەوە لە چۆنیەتی ساختاری سیاسی - ئیدئۆلۆژی، ئیداری و کۆمەڵایەتیی سیستمی ولایەتی فەقیە و بە لێکدانەوەیەکی لۆژیکی لەسەر ئەم رەهەندانە، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوەی مەترسییە بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران و درەنگ یان زوو کۆتایی بە تەمەنی پڕ کارەساتی ئەم رێژیمە دێنێ، لەم خاڵانەی خوارەوە کۆ دەبنەوە. ناکۆک بوون و نەسازانی ئەم سیستمە لەگەڵ رەوتی رووداوەکانی سەردەم، ناکارامەیی ئەم سیستەمە لە دابینکردنی ژیانێکی شەرافەتمەندانە بۆ کۆمەڵگای ژێر دەسەڵاتی، پێگەیشتن و تێگەیشتنی جیلێکی نوێ کە سەدوهەشتا دەرەجە لەگەڵ

ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی جیاوازییان هەیە، نەبوونی ئازادی و پشت بەستن بە هێزی سەرکوت و لەنێوبردنی فیزیکیی مرۆڤەکان، بەفیڕۆ دان و دارمانی ژێرخانی ئابووریی وڵات، کەڵەکەبوونی دەیان کێشەی کۆمەڵایەتیی بێ چارەسەر، گەندەڵیی ئیداری و داڕمانی ئەخلاقی سیاسی و تا دوایی.

دوو قۆڵی کۆنەپارێز و ریفۆرمخواز! بۆ مانەوە یان بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە ململانەیەکی بەردەوام و ناتەندروست دان. قۆڵی کۆنەپارێز بە پشتبەستن بە هێزی زەبروزەنگ دەیهەوێ بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ بێت و هەموو رکەبەرانی سیاسی و ئایدۆلۆژی خۆی لەنێو بەرێ، یان راپێچی چاڵە رەشەکانی بکا. بۆ ئەم مەبەستانەش، چەندین گۆپاڵی بەدەستەوەیە وەک: خۆمەینی، شۆڕش، وەلی فەقیە و شووڕای نیگابان، کە باڵاترن لە یاسا. بە کورتی ئەم قۆڵە خۆی لە بەرانبەر مرۆڤدا بە بەرپرسیار نازانێ و کردارەکانی دژەمرۆڤانەی دەخاتە ئەستۆی هێزێکی مێتافیزیکی!؟

قۆڵەکەی دیکە کە خۆی بە ریفۆرمخواز پێناسە دەکا و ئێستا ئیدارەی دەوڵەتی بەدەستەوەیە، چوار دەست و پێی لە لایەن هێزەکانی سەرەوەی یاساوە بەستراوە و هێزی ئەوەی نییە ریفۆرم یان ئاڵوگۆڕێکی هەرچەند بچوکیش بێ، لەو سیستمەدا بکا. لەم پێوەندیەدا شتی زۆر هەن کە دەبێ هەڵوێستەیان لەسەر بکرێ و ئاماژە و لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ بکرێ. کەوابێ، دەچینە سەر ئەسڵی پرسیارەکە.

ئاکامگیری: لەسەروە ئاماژەمان بەو هۆکارانە کردوە کە مەترسین بۆ سەر کۆماری ئیسلامی ئێران، بۆیە بەدایم پلان دادەڕێژن بۆ مانەوە لەسەر دەسەڵات و پاکانەحیساب لەگەل دژبەران و جیابیران.

ئەگەر لەبیرمان بێ و بە دیدێکی راستبینانەوە بڕوانینە پەسەندکراوەکان و هەڵویستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەبارەت بە چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، بەتایبەت پاش دابڕان و لە کۆنگرەکانی چاردە و پازدەدا، کە لە کۆنگرەی شازدەش ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی بەرسەردا نەهاتووە، بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە بەشێکی بەرچاوی مانۆڕ و هەڵوێستەکانی حدک، دەچنە خانەی ئەو مەترسییانەی کە لەسەر دەسەڵاتی مەلاکانە.

یەکەم: بەپێچەوانەی پەسەندکراوەکانی پێشتر، جوداییخوازی دەبێتە ماف، نەک تاوان.

دووهەم: لەبەرنامەی خۆیدا، کوردستان وەک وڵاتێک پێناسە دەکا کە داگیر کراوە و بووە بەچوار بەش، کە ئەمانە بۆخۆیان باوەڕبەخۆهینان و بەستەرە بۆ بەهێزکردنی هزری نەتەوەیی و نیشتمانی.

سێهەم: نەترسانە رەخنەی لەخۆی گرتوە و چووتە گۆڕەپانێکەوە کە تا ئەوکات، بە گوناهی نەبەخشراو دەهاتە ناساندن.

ئەویش هاندانی خەڵکە بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی پارلەمان و سەرۆککۆماری. ئەمانەش نەک بۆ ئەوە کۆماری ئیسلامی لای لێ بکاتەوە و بیکا بە شەریکی دەسەڵات. بەڵکوو بۆ چەندین مەبەستی جیاواز، بەڵام پێکەوە گرێدراو.

مەبەستیش لەم هەڵویستە ئەوە بوو کە بوار بڕەخسێ بۆ ئەوەی نوێنەرانی راستەقینەی خەڵک بچنە مەجلیس و بەم شێوەیە پارسەنگی هێز لە ململانێکانداا ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت و کێشەی نێو قۆڵەکان رێژیم قووڵتر بکەنەوە. بێگۆمان ئەم هەڵویستە دروست لە ئاو دەرهاتوە و ئێستا ناکۆکی و قووڵبونەوەی نێو قۆڵەکانی ریژیم بەئاشکرا دیارن. لە لایەکی دیکەش، بەتایبەتی کە بەشێکی بەرچاو لە پارێزگای ورمێ نەتەوەی دیکەی لێ دەژی و بەهۆکار ئایینیش بێ، شەریکی دەسەڵاتن، مافی کوردەکان لەبەر بایکوت و بەشداری نەکردن نەخورێ. ئەمانە و زۆر هەڵویست و کرداری دیکەش لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بەشێکی بەرچاون لەو هۆکارانەی کە مەترسین بۆ سەر کۆماری ئیسلامی ئێران، دەچنە خانەی مەترسییە ئاماژەپێدراوەکانی سەر دەسەڵاتی مەلاکانەوە.

هەربۆیە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، پەنا دەبەنە بەر کردەوەی تیرۆریستی دژی حدک، چونکە نوێنەرایەتیی هزری و نەتەوەیی- نیشتمانیی هاووڵاتیانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکا. دیوەکەی دیکەی ئەم پەیامە کە بە کردەوەیەکی تیرۆریستی نیشان درا، دوو مەبەستی لە پشتە. یەکەم: حدک بگەڕێتەوە بۆ قۆناخەکانی پێشتر و گوتار و کردەوەی تۆندوتیژی بکاتە پیشە، کە ئەمە بە هەزاران جار بە کەیفی سەرکوتی سوپای پاسداران و حەڵقەی گرێخواردووی وەلی فەقیە و کۆنەپارێزەکانی دەستوپێوەندیەتی. بۆ ئەوەی کوردستان ئەوەندەی دیکەش میلیتاریزە بکا و گۆڕەپانی خەباتی مەدەنی بەرتەسک و بەرتەسکتر بکاتەوە. مەبەستی دووهەمیش نیزیکبوونەوەی کاتی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی سەرۆککۆمارییە، کە دیسان خەڵک بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنەکان نەکەن و قۆڵی پاوانخواز بە پشتیوانی سوپای پاسداران، بە هێنانی شێوە ئەحمەدینژادێکی دیکە، ماوەی چەند ساڵی دیکەش تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئێران درێژتر بکەنەوە.

لە ژمارە ٦٩٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٤ی جانێویری ٢٠١٧

# شەهیدانی شەوی یڵدا و هەڵوێستی بوێرانەی خەڵکی کوردستان



ڕەزا محەممەد ئەمینی

کردەوەی تیرۆریستی بەردەم بارەگای دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و شەهید بوونی پێنج تێکۆشەری دێموکرات و دوو پێشمەرگەی ئاسایشی شاری کۆیە، ئەگەر لەلایەک خەسارتێکی گەورە بوو بۆ حیزب و بنەماڵەی شەهیدان و هاوڕێ و هاوسەنگرانیان و هیچکات لەبیر ناکرێنەوە، لەلایەکی دیکە بەو هاوسۆزیی و هاوپەیوەندییە بەرینەی خەڵکی لە شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەی ئەو شەهیدە سەربەرزانە دەریان بڕی، بە دۆست و دوژمنانی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی نیشاندا کە شەهیدانی ئەو حیزبە، شەهید و ڕۆلەکانی گەلی کوردن و خەڵکی کوردستان لێیان بێبەری نییە. نەک هەر شەهیدانی شەوی یەڵدا، بەڵکوو هەموو کادر و پێشمەرگە و شەهیدانی جەرگەی خەبات و تێکۆشان و هەموو ئەو شۆڕشگێڕانەی بە دەستی چەپەڵی تێرور و دەزگای تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی خەڵتانی خوێن بوو، ڕۆڵە و سەرمایەی نەتەوەکەمانن.

شەهید بوونی تێکۆشەرانی دێموکرات لە شەوی یەڵدا وەبیر هەموو لایەکی هێنایەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەمان ئەو ڕێژیمەیە کە سەدان کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و باقی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە ساڵەکانی نێوان حەفتا و هەشتای هەتاوی لە شارەکانی باشووری کوردستاندا تیرۆر کرد. ئەو کردەوە تیرۆریستییە سەلماندی ڕێژیمە نەگۆڕاوە و وێناچێ لە داهاتووشدا واز لە کردەوە تیرۆریستییەکانی بێنێ. جگە لەوەش تەقاندنەوەی دوو بۆمبی بەهێز لە نێو دوکانێکی بەردەم بارەگای دەفتەری سیاسیی و لە جەنگەی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێکدا کە نەک هەر کادر و پێسمەرگەکانی حیزب، بەڵکوو دەیان و بگرە سەدان ژن و منداڵ و مێرمنداڵی تێدابوو، نیشاندەری ئەوپەڕی دڕندەیی و جینایەتی ڕێژیمێکە کە دەم لە ئیسلام و ئایین دەدات و نێوی "کۆماری ئیسلامی" لە خۆی ناوە. ئەو شێوە تیرۆر و تەقینەوانە ئەو ڕاستییە دووبارە دەکاتەوە کە بۆ کۆماری ئیسلامی جیاوازییەک لە نێوان کادر و پێشمەرگەکانی کورد و

بنەماڵەکانیان، بە زارۆکی سەر بێشکەشەوە نییە و هەموو هەر کورد و نەیاری کۆماری ئیسلامین و دەبێ هەر چۆنێک بێ لەنێو بچن.

کەم نەبوون خەباتگێڕانی سەربەرز و کۆڵنەدەری بنەماڵەی دێموکرات کە لە نێوخۆی رۆژهەلاتی کوردستان و لەکاتی بەئەنجامگەیاندنی ئەرکەکانیان و لە بەرەنگاربوونەوەی قارەمانانە لەگەڵ جاش و بەکرێگیراو و پاسدارانی رێژیمی کوردکوژیی کوماری جورم و جینایەت لە ماوەی شەش مانگی رابردوودا شەهید نەبوون. بەڵام ئەوەی شەهیدانی شەوی یەڵدا لە هاورێ و هاوسەنگەرە شەهیداکانیان جودا دەکاتەوە، ئەوەیە کە ئەوانە نەک لەکاتی شەڕ و بەربەرەکانی لەگەڵ دووژمن و لە نێوخۆی رۆژهەلاتی کوردستاندا، بەڵکوو لە شەوی لەدایک بوونی دوکتور قاسملووی رێبەر و لەکاتی بەرێوە چوونی رێورەسمی شادی بەم بۆنەیەوە و لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا شەهید بوون. هەر ئەوەش بوو کە بوو بەهۆی دەربڕینی هەست و سۆز و هاوخەمی‌یەکی کەموێنە لە شار و گوندەکانی کوردستان. زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین کە شەهید بوونی ئەو کادر و پێشمەرگانە کە لە نێویاندا لاوێکی ١٧ساڵەی خوێنشیرین و روحسووکی بنەماڵەی پێشمەرگە و ئەندامی یەکیەتیی لاوان بە نێوی ناسری کەریمی تێدا بوو، لەو شەهیدانە کە لە شەڕ و بەربەرەکانیدا شەهید بوون، زیاتر هەستی هاوخەمی و دڵسۆزیی خەڵکی کوردستانی وروژاند.

سەردانی هەزاران کەس لە خەڵکی کوردستان، بەتایبەت لە شارەکانی مەهاباد، بۆکان و بانە، بۆ دەربڕینی سەرەخۆشی و هاودەردی لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدانی شەوی یەڵدا، سەرەڕای زەخت و فشار و هەڵگرتنی وێنە و فیلم لە خەڵکی لەلایەن سیخوڕانی ئیدارەی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە و هەڕەشە کردن لە بنەماڵەی شەهیدان، دەربڕی قووڵایی خۆشەویستیی پێشمەرگە و خەباتگێڕانی دێموکرات لە دڵ و دەروونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دایە. لەو ماوەیەدا بەهەزاران پەیامی سەرەخۆشی بە هەموو شێوەیەک و لە رێگەی جۆراوجۆر لە نێوخۆی رۆژهەلاتی کوردستانەوە بۆ ناوەندە پێوەندیدارەکانی حیزبی دیمۆکرات نێردراون و خەڵکی پێشمەرگە و دێموکرات پەروەری کوردستان هەستی بەرزی خۆیان بەو بۆنە دڵتەزێنەوە دەربڕیوە. جگە لەوەش ئەنجامدانی کردەوە تەبلیغی‌یەکان بۆ مەحکووم کردنی جینایەتی شەوی یەڵدا، لە هەموو شار و گوند و گەڕەکەکانی کوردستان، لەلایەن ئەندام و لایەنگرانی حیزب و لاوە بەهەست و بەجەرگەکانی کوردستان، سەلمێنەری خۆشەویستیی پێشمەرگە و دێموکرات و نەفرەت و بێزاری لە کۆماری ئیسلامی و کردەوە تیرۆریستی‌یەکانی بوون. پشتیوانیی خەڵکی کوردستان هەر شار و گوندەکانی نەگرتەوە، بەڵکوو لە بەندیخانەکان و چاڵە رەشەکانی جەللادەکانی رێژیمیش، بانگی ناڕەزایەتی لە کردەوە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی بە گوێی حیزب دێموکرات و بنەماڵەی شەهیدانی شەوی یەلدا و خەڵکی گەیشت و دەسەلاتدارانی ئەو رێژیمەش باش تێگەیشتن، سەردەمی کپ کردنی دەنگی ناڕەزایەتی خەڵکی، تەنانەت لە بەندیخانەکانیش بەسەر چووە و ناتوانن تەمی رەشی بێدەنگی بە سەرکوت و ئەشکەنجە و لەسێدارەدان بە تەواوی داسەپێنن.هەرلەو پێوەندییەدا و دوابەدوای ئەو کردەوە قزێونە سێ شێرەژنی بەندکراو لە زیندانی شاری"کرمان" بە ناوەکانی ئەفسانەی بایەزیدی، هاجەری پیری و سۆهەیلا مینایی و هەروەها بەندکراوی سیاسیی کورد لە

زینـدانی رەجـایی شـاری کەرەج محەممەدی نەزەری خەڵکی سایینقەڵا کە زیـاتر لە ٢٠ سـاڵە لە زینـدان دایە بە دەرکردنـی پەیـام، وێـڕای مەحکـوم کردنـی دەزگـای تیـرۆری کۆمـاری ئیسـلامی و تەقینـەوەی بەردەم قەڵای دێمـوکرات، سەرەخۆشـی و هاوخەمی خۆیان بۆ حیزب و بنەماڵەی شەهیدان دەربڕیوە. ناردنی پەیامی هاودەردی لە قووڵایی زینـدانەکانی کۆمـاری پەت و سێدارە و لە شوێنێک کە رێژیم دەسەڵاتی رەهای لە هەڵسووکەوت لەگەڵ بەنـدکراوە سـەربەرزەکانی گەلەکەمانـدا هەیە و بەتـایبەت لەلایەن سـێ شـێرە ژنـی کـورد و پیـاوێـک کە ئەو مـاوەیە بەهـۆی ئازارەکـانی زینـدان و کـرداری نامرۆیـانەی ئەشکەنجەگەرانی رێژیم لە بارودۆخێکی خراپ دایە و لە ساڵی ١٣٧٣ەوە تائێستا و تەنـانەت دوای فەوتـی دایکی بەرێزیشی ئیزنـی مورەخەسـی‌یان پێـنەداوە، لەلایەک نیشـانەی خـۆڕاگری و چاونەترسـیی بـێوێنەی ئەو بەنـدکراوە بەجەرگـانەیە و لەلایەکی دیکەش دەبڕی خۆشەویستیی ناوی بەرزی پێشمەرگەیە وەک ئازاترین رۆڵەکانی نەتەوەکەمانە.

لە باشووری کوردستانیش هەر بەداوی شەهید بوونی تێکۆشەرانی دێموکرات، هەزاران کەس لە خەڵکی دێموکراتدۆستی ئەو بەشـە لەکوردسـتان، بەتـایبەت خەڵکـی شـاری کـۆیەی کـوردپەروەر، کـۆیەی حـاجی قـادر نەمـر و دڵـدار شـاعیری سـرودی نەتەوەییمان و شاری هونەرمەندانی مەزنی وەک تـاهیر تۆفیـق و خـاڵە سێوە و خەڵکی کریستیانی گونـدی "هەرمۆتە" زۆر بەپەژارە و مـاتەمەوە بەشـداری رێورەسـمی سەرەخۆشـیی شـەهیدانی شـەوی یەڵـدا بـوون. بەشـداری خەڵکـی دێموکراتدۆسـتی باشووری کوردستان و بەتایبەت خەڵکی کۆیە، نیشانەی یەکرێزی نەتەوەیی و تێکشکانی پیلانەکـانی کۆمـاری ئیسلامی بـوون بۆ درز و کەلێن هاویشتن لەنێوان گەلـی کـورد لە هەر دوو بەشـی باشـوور و رۆژهەڵاتـی کوردسـتانـدا. بەتـایبەت کە کۆمـاری ئیسلامی زۆری کار کردبوو لەسـەر ئەوەی کە لەنێـو خەڵکـی کـۆیەی خۆشەویسـتدا نـارەزایەتی لە بـوونی دێموکراتەکـان پێـک بێنێ و ئاژاوە بنێتەوە.


جگەلەوەش پیامە فەرمی‌یەکانی دوکتـور فـواد مەعسـووم، سـەرۆک کۆمـاری کـوردی دەوڵەتـی عێـراق و کـاک مەسعود بـارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پەیامی سەرۆکی حکوومەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پارلمانی کوردستان و هـاتنی سـەرکردایەتی هەموو پارت و حیزب و رێکخراوە سیاسی و پیشەییەکانی ئەو بەشە لە کوردستان بۆ قەڵای دێموکرات سەرەخۆشی لە حیزبـی دێمـوکرات و بنەمـاڵەی شـەهیدان، وەبیـرهێنەرەوەی سـەنگ و وەزن و قورسـایی حیزبەکەمـان و قەبـارە و گرانـایی ئەو کردەوەتیرۆریستی‌یە لەلایەن کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی سنورە سیاسی‌یەکانی بوو.

لە دەرەوەی وڵاتـیش بەرێـوە چـوونی، ئەکسـیۆن و رێپێـوانی رەوەنـدی کـوردی و مەحکـووم کردنـی دەزگـای تیـرۆری رێـژیم و جینایەتی شەوی یەڵدا لە زۆربەی وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکا و کانادا و ئۆستوڕالیادا، ئەکتیڤ بوونی حیزبی دێمـوکرات و ریکخستنەکانی لەو وڵاتانە و لەقاودانی تیرۆریزمی دەوڵەتی و سازماندراوی کۆماری ئیسلامی نیشانی خەڵکی کوردستان و ئەو وڵاتانەدا.

لە کۆتاییدا وێرای سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهیدان عەلی قۆیتاسی، وەهاب میرخزری، ئەرسەلان عباسنیا، سالار باقری و ناسر کەریمی، هیواخوازین، خوێنی بەناحەق رژاوی ئەو شەهیدانە ببێ بە هەوێنی یەکگرتوویی نەتەوەکەمان و حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ بەگژداچوونەوەی سەرکوتکەران و داگیرکەرانی ئەو بەشە لە خاکی کوردستان.

لە ژمارە ٦٩٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٤ی جانێویری ٢٠١٧



# نێئۆتیرۆریزم



شاهۆ حوسێنی

(سەرلەنوێ خوێندنەوەیەک بۆ تیرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەلاقەی تیۆری کۆنستروکتیڤیسمەوە)

پێشەکی: کۆنستروکتیڤیزم وەک تیۆری پێی وایە کە مرۆڤ تایبەتمەندیی سەرەکیی سیاسەت نیە، بەڵکوو تایبەتمەندییەکانی سیاسەت بەشێوەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی واتە بە درێژایی مێژوو و لەسەر بەستێنی کۆمەڵگە پێگەییون، لە راستیدا کۆنستروتیڤیستەکان پێداگری لەسەر هزرە چاندی، واتایی و پرەنسیپ و نۆرمەکان دەکەنەوە. بە چەشنێک کە لەسەر بنەمای ئەو تایبەتمەندییە لایەنە تێوەگلاوەکان لە سیاسەت هەوڵ بۆ ناسینی خۆیان و ئەویتر دەدەن و بە پێی ئەو ناسینەش پێکەوە کار دەکەن یان دەکەونە کێبەرکێ لەگەڵ یەکترەوە، بەواتایەکی دیکە بە پێی ئەو تایبەتمەندییانە یاریکەرەکان هەوڵی دروستکردنی شوناس بۆخۆیان و ئەویتر دەدەن، بۆ نموونە لە کۆماری ئیسلامیدا کە حکوومەتێکی ئایینییە کە لەسەر چاند، نۆرم و پێکهاتە واتاییەکانی شیعە شکڵی گرتووە، رەوتی مێژوویی بەربەرەکانی شیعە و سوننە و پێداگری لەسەر مەزڵومیەتی ئەهلی بەیت (بەگوێرەی ئەوان) بۆتە بەستێنی دروستکردنی شوناس بۆ خۆی و ناسینی خۆی و ئەویتر، لەسەر ئەو بنەمایە شوناسێک شکڵی گرتووە لەسەر رێچکەی رەهای خۆ بە بەرحەق زانین، کە خۆی لە کێبەرکێی و دژایەتی هەمیشەیی لەگەڵ ئەویترێکدا دەدۆزێتەوە کە باتڵی رەها پێناسە کراوە. ئەو حکوومەتە بە شوناسێکی لەو چەشنە و ناسینێک لە خۆی و ئەویتر، بۆتە پەرەپێدەری چەشنێک لە تیرۆریزم کە وەک نێئۆتیرۆریزم پێناسە دەکرێت.

نێئۆتیرۆریزم: بێگومان رۆژهەڵاتی ناڤین پێگە و بنیاتی سەرەکی ئەبژێکتیڤ و سوبژێکتیڤی نێئۆتیرۆریزمە. بە هۆی بوونی چوارچێوەکانی ئایینی و بڕوا بناژۆخوازەکان کە لەسەر بەستێنی ئەو ژێرخانە واتایی و چاندییانەوە، کێبەرکێ و

ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەوانیتردا بەڕێکخستن دەکات. لەڕاستیدا نیئۆتیرۆریزم، چەشنێکی نوێی تیرۆریزمە کە لەنێو هزر و بڕواکانی بناژۆخوازانەی ئایینیدا سەریهەڵداوە، لە نیئۆتیرۆریزمدا دروستکردنی هێژمونی میدیایی درۆیین لە ئامانج، پێکهاتە و کردەوەکانی لایەنی بەرانبەر بۆ قەناعەت پێهێنان و مۆبیلیزەکردنی ڕەشایی ڕای گشتی نێوخۆیی گرینگە. لە ڕاستیدا نیئۆتیرۆریزم چەشنێکە لە تیرۆریزم کە لە نێوان ئامانجگەلی جیاوازدا، ئامانجی ئایینی بە هێژمون و گرینگییەکی زیاتر لە ئامانجەکانی دیکە، هاندەری کردەوەی تیرۆریستییە، ئاوڕێک لە کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای شۆڕشی ١٣٥٧ەوە تا ئێستا هەتا دوایین نموونە کە تەقاندنەوەی دوو بۆمب لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠ - ١٢ - ٢٠١٦ بوو، بە ڕوونی دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە کۆماری ئیسلامی وەک حکوومەتێکی ئایینی بەردەوام لە ڕێگەی ڕەوایی ئایینییەوە هەوڵی سڕینەوە و لەنێوبردنی ئەویتر دەدات. کۆماری ئیسلامی وەک حکوومەتێکی دینی بە سێ تایبەتمەندی شوناسی بۆخۆی دروستکردووە: یەکەم: موسڵمانی شیعەی بڕوامەند بە ویلایەتی موتڵەقەی فەقیە دووهەم: مافی ڕەهای حکوومەت و ئیمامەتی موسوڵمانانی جیهان لە نەبوونی ئیمامی زەماندا بە دەست وەلی فەقیهە. سێهەم: دژبەران و ڕەخنەگرانی ئەو هزر و حکوومەتە، "محارب" لەگەڵ خودان و دەبێ لەنێو بچن. لە لایەکی دیکە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە کرایە ئامانجی دوایین هێرشی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران بە سێ تایبەتمەندی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەناسرێتەوە: یەکەم: کورد دووهەم: سێکۆلار سێهەم: دێموکرات. ئەو سێ تایبەتمەندییە کە هەڵگری چاند، واتا و نۆرمەکانی بەتەواویەتی دژبەری تایبەتمەندییەکانی شوناسی کۆماری ئیسلامین، لە هزر و لە ڕوانگەی کەلتووری سیاسیی ئەو ڕژێمەوە دەبێ وەک باتڵ لەنێو ببردرێن و بسڕدرێنەوە و هەڵبەت ئەو کردەوە تیرۆریستییە لەدوای ئەوە ئەنجامدرا کە لە لایەک حزووری سەربازیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبە کوردستانیەکانیتر ( نەک بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ حکوومەت بەڵکوو بە ئامانجی پەیوەندیگرتن لە گەڵ توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان) بەرینتر بوویەوە و لە لایەکی دیکە حکوومەت لە نێوخۆ لەدوای بەرجام و ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی تووشی کێشە و لێکترازانی نێوخۆیی بوویەوە، لە دۆخێکی وەهادا ڕێگەی دەرچوون و ڕزگاربوون لەو دوو کێشە هاوکاتە، هەوڵدان بۆ سڕینەوە، لەنێوبردنی فیزیکی و تیرۆری دژبەرانە. ئەو تیرۆرە لە لایەک بە دروستکردنی هێژمونی درۆیینی میدیایی بەشێوەی وتووێژە جۆراوجۆرەکانی بەرپرسانی پلەبەرزی ئیستخباراتی و سەربازیی و هەڕەشەی ڕووبەڕوونەوە لە دەرەوەی سنوورەکان و لە لایەکی دیکەوە بە وێناکردنی ڕوخسارێکی ناڕاست و هەستبزوێنەر لە داخوازییەکان(جوداییخوازی)ی ئەوان ڕوویداوە.

لە ژمارە ٦٩٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٤ی جانێویری ٢٠١٧

# دیپلۆماسیی تیرۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران



ئازاد مستۆفی

دیپلۆماسی گرنگترین کەرەستەی سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێکە بۆ ئەوەی گەشە بە پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی بدرێ و بەهۆی پارێزبەندی دیپلۆماتەکانەوە، وڵاتان دەتوانن پەیامی جیاوازی خۆیان لە بواری سیاسییەوە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ریکخراوەگەلی نێودەوڵەتی و هەروەها لەو وڵاتانەی کە باڵیۆزخانە و کۆنسوولخانەیان هەیە، بێننە بەرباس. دیپلۆماسی و دامودەزگای وەزارەتی دەرەوە لە هەر وڵاتێک رۆچنەی ئەو وڵاتەیە بۆ جیهانی دەرەوە. وڵاتان هەوڵیان ئەوەیە لە دەرگەی کراوەی دیپلۆماسی زۆرترین کەڵک وەربگرن کە قازانجی ئابووری و کولتووری وڵاتەکەیانی پێوە بێت و هەروەها کە ئاگادارین هەر وڵاتێک بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی کە لە سیاسەتی درێژخایەندا دایڕشتووە، پلانی کاری کورتخایەن و درێژخایەنیشی بۆ وەزارەتی دەرەوەی دیاری کردووە.

تیرۆر لە زمانی فەڕەنسیدا واتای ترس و خوڵقاندنی ترسە و لە "دانشنامە سیاسی" داریوش ئاشووری لە پێناسەی تیرۆردا هاتووە کە "پێناسەی تیرۆر بۆ کوشتاری سیاسی بەکار دێت و بەو کەسانەی ئەم کردەوە ئەنجام دەدەن دەوترێت، تیرۆریست". ئەوانەی پەیڕەوی ئایدۆلۆژیای تیرۆریزم دەکەن کەسانێکن کە ڕاهێنراون و ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە بەپێی ئایدۆلۆژیای ئەوان، ڕێگەپێدراوە. تیرۆریزم کردەوەیەکی توندوتیژییە بۆ کوشتنی موخالفینی سیاسی کە بەدوورە لە عورفی کۆمەڵگە و ئەخلاقی ئینسانی و یاسای نێودەوڵەتی و ئاکامی ئەم کردەوەش خوڵقاندنی ترسە لە نێو کۆمەڵانی خەڵک و هەژاندنی ئاڵۆزی و گەشەی توندوتیژییە لە جیهاندا.

حکوومەتە تولیتارەکان لە ڕێی ئەو میدیا بەربڵاوانەی کە لەبەر دەستیان دایە و هەروەها باڵیۆزەکانیان، هەمیشە هەوڵیان داوە کە تۆمەتی تیرۆر لە خۆیان دوور بکەنەوە و بیخەنە پاڵ خەباتی ئازادیخوازیی بەرهەڵستکارانی وڵاتەکەیان. بۆ

شیکردنەوەی جیاوازیی نێوان خەباتی ئازادیخوازیی و تیرۆریزمی دەوڵەتی ئاماژەیەکی کورت بەم چەند خاڵە دەکەم: بۆ تیرۆریزمی دەوڵەتی هیچ گرنگ نییە چەند خەڵکی بێتاوانی وڵاتەکەی خۆیان یاخود ئەو وڵاتەکەی کە تیرۆرەکەی تێدا ئەنجام دەدەن، خوێنیان دەڕژێ و هەروەها بۆ تیرۆری کەسایەتییەکی سیاسی بەرهەڵستکار هەزینەیەکی زۆری مادی دەدەن و تەنانەت ئامادەشن کە پارە و گرێبەستی خەیاڵی بەو وڵاتەی کە تیرۆرەکەی تێدا دەکەن، بیدەن. بەڵام ئازادیخواز لە خەباتەکەیدا گیان و ماڵی ئەو خەڵکەی کە خەباتی بۆ دەکات زۆر لا گرینگە و خەڵکی بێتاوان ناکاتە ئامانج. ئامانجی تیرۆریزم مانەوەی دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ و مرۆڤکوژی تۆلیتاریستییە بەڵام ئامانجی ئازادیخواز وەدیهێنانی دێموکراسی و مافی مرۆڤە. تیرۆریزم لەلایەن هەر کەس و گرووپێکەوە بێت وڵاتێک پشتیوانی بێوچانی دەکات بەڵام خەباتی ئازادیخوازی تاکە پشتیوانەکەی ئەو میللەتە چەوساوەیە کە هەوڵ بۆ پێشکەوتنی دەدات.

برایان میشێل جێنکینز Brian Michael Jenkins لە هەواڵنێرانی بەناوبانگی بواری تیرۆریزم، لە باسی تیرۆریزمی دەوڵەتی بەناوی "شەڕ لە ڕێی جێگرەوە" پێناسەی دەکات و دەڵێت: "ئەو وڵاتانەی تیرۆریزمی دەوڵەتی پەیڕەوی دەکەن، بەرتەسکییەکانی شەڕی "متعارف" دەزانن بۆیە پێیان باشترە لە ئیمکاناتی ڕێکخراوەگەلی تیرۆریستی کە خۆیان دایانمەزراندوون یان پشتگیرییە ماددییەکەیان وەئەستۆیە، بۆ هەڕەشەی دوژمن یان ئاڵۆزی لە سەقامگیریی سیاسی و ئابووری ئەو وڵاتەی مەبەستیانە کەڵکی لێوەر بگرن". ناوبراو رای وایە ئەم شێوە لە تیرۆریزم کە سەرمایەگوزارییەکی زۆر کەمتری لە شەڕی "متعارف" پێویستە، دەتوانێ دوژمن لەپێ بخات و بەتەواویش نکوڵی لە هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ تیرۆریستەکاندا بکات.

یەکێک لە گرنگترین باسەکان لە بەشی دیپلۆماسی گشتی، بەکارهێنانی شێوەگەلی جۆراوجۆرە بۆ وەدیهاتنی مەبەستگەلی سیاسی. دیپلۆماسی گشتی هەرچەند رێگەیەکی جیاوازی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوە لە بواری داڕشتن، بەڕێوەبردن، نێوەڕۆک و پڕوپاگەندە هەیە بەڵام لە کۆتاییدا لە پێکانی مەبەست هاوبەشن. دیپلۆماسی "تلفیقی"، ئاوێتەکردنی چەمکی دیپلۆماسییە لەگەڵ ئەو بەشەی کە ناوەندەکانی بڕیاری سەرەکیی وڵات بۆ سیاسەتی دەرەوە، بە پێویست و دروستی دەزانن. کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە بەئاشکرا رایگەیاند کە "نە سنوورێک دەناسین و نە زمانێک و نە نەژادێک" و "صدور انقلاب اسلامی"یان کردە بنەمای سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان. بۆ بەڕێوەبردنی پۆستە گرینگەکانی وڵات و هەروەها دیاریکردنی دیپلۆماتیش بۆ دەرەوەی وڵات "تعهد"یان وەپێش "تخصص" خست و لە یەکەم هەنگاویاندا بۆ جێبەجێکردنی هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیا توندڕەوییەکەیان "سوپای قودس"یان دامەزراند. وردبوونەوەیەک لە هەڵبژاردنی ئەم ناوە بۆ ئەو سوپایەی کە چالاکی سەربازیی و تیرۆریستی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات وەئەستۆیە بەرچاوڕوونییەکی زیاترمان دەداتێ کە بۆچی لەکاتێکدا ئیمامانی شیعە لە نەجەف، بەغدا، کەربەلا، کووفە و مەشهەدن بەڵام ناوی قودس بۆ سوپاکەیان هەڵدەبژێرن؟ ئەوەی من لەم ناوە دەیخوێنمەوە زیاتر مەبەستێکی پاوانخوازی و داگیرکردنی خاکی وڵاتانی لەپشتە. ستراتێژییەک لە پشت دیاریکردنی ئەم ناوەوە هەیە و بەپێی بیلانی کاریی ئەم

سوپایەش بۆمان دەرکەوتووە کە بۆ سوپای قودس زمان و نەژاد و سنوور گرنگ نییە و هەر تاقم و گرووپێک لەگەڵ سیاسەتی تیرۆریستیی ئێراندا بێت بە باوەشی ئاوەڵەوە وەریدەگرێت. گرووپی توندڕەوی شیعە بەدژی سوننە، گرووپێکی توندڕەویتری سوننە بەدژی لایەنەکانیتری، گرووپی توندڕەوی جوولەکە بەدژی مەسیحی و هتد، هەر هەموویان وەردەگرێت بۆ ئەوەش ئاژاوە و قەیران بەردەوام لە ناوچەکەدا هەبێت هەمەجۆرە پشتیوانییەکی ماددی و سیاسییان دەکات. چونکە بوونی قەیران واتە بوونی دەسەڵاتێکی سەرەڕۆی سیاسی و ئابووری لە ئێران کە هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی لە پاوانی خۆیدا تۆمار کردووە. سوپای قودسی ئێران بۆ ئەوەی شەڕ لە گۆڕەپانی نێوخۆی وڵاتەکەی دوور بخاتەوە هەمووجۆرە هەزینەیەکی ماددی و سیاسی دەدات کە بەرهەڵستکارەکانی تیرۆر بکات. ئەم تیرۆرانە بۆ ئێران چارەنووسسازە چونکە دەنگی سەرکوتکردنی نەیارانی نێوخۆی وڵاتەکەشی هەر لە نێو هەراوهوریای ئەم تەپڵی شەڕ و تیرۆرانەدا ون دەبێت. یەکێک لە رۆچنەکانی ئەم دەستدرێژییە تیرۆریستییەش لەلایەن سوپای قودسەوە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران، باڵوێزخانە و کۆنسوولخانەکانیەتی کە تیرۆریستەکانی بەرگی دیپلۆماتییان لەبەر کردووە و چەمکی دیپلۆمات - تیرۆریست بە باڵایان دووراوە. هەر باڵێۆزخانە و کۆنسوولخانەیەکی ئێران بەشێکی تایبەتی بۆ چاودێریکردن و داڕشتنی پلان و پاشان جێبەجێکردنی حوکمی تیرۆر هەیە. حوکمی کۆتایی تیرۆر دەبێ دواجار لەلایەن بەرزترین پلەی ئایینی شیعەوە کە ویلایەتی فەقیهە واژۆ بکرێت. یەکەم تیرۆری ئێران لە دەرەوەی وڵات ژەنەڕاڵ شەهریار شەفیق بوو کە رۆژی ١٦ی سەرماوەزی 1358ی هەتاوی، کاتێک لە ماڵی دایکی واتە ئەشرەفی پەهلەوی لە پاریس دەهاتەوە دەرەوە بە دوو فیشەکی تیرۆریستان کە ئاخوند سادق خەڵخاڵی نوێنەری ئایەتوڵڵا خومەینی لە "دادگاه انقلاب" حوکمەکەی بەناوی "مفسد فی الارض" لە دادگایەکی غیابی دابوو، کوژرا.

کوژرانی ژەنەڕاڵ شەفیق و بەئاکام نەگەیشتنی بەدواداچوونی نێودەوڵەتی و دەیشکرێ بڵێم بێدەنگیی نێودەوڵەتی لە ئاست ئەم یەکەم تیرۆرە دەوڵەتییە، دەستی تیرۆری ئێرانی ئاوەڵاتر و زمانی دیپلۆماتەکانی ئەو وڵاتەی درێژتر کردووە کە تیرۆری نەیارەکانیان لە دەرەوەی وڵات لە ڕێی ئیمکاناتی باڵوێزخانەکانیان و پارێزبەندی دیپلۆماتەنیان، بەشێوەیەکی سیستماتیک بەڕێوە ببەن.

عەلی ئەکبەر تەباتەبایی، وتەبێژی باڵیۆزخانەی ئێران لە ئەمریکا لە سەردەمی محەمەدڕەزا شا، لە ٣١ی پووشپەڕی ١٣٥٩ی هەتاوی لەلایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەردەم دەرگەی ماڵی خۆیدا بە فیشەک کوژرا. ژەنەڕاڵ غولامعەلی ئۆوەیسی لە ١٨ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ی هەتاوی، لە پاریس لەگەڵ براکەی غولامحسێن ئۆوەیسی بە فیشەکی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی ئێران کوژران. بیژەن فازڵی کوڕی ئەکتەری ڕەخنەگر ڕەزا فازڵی لە٢٨ی گەلاوێژی ١٣٦٥ی هەتاوی بەهۆی بۆمبەوە لە فرۆشگەی خۆی لە لەندەن تیرۆر کرا. دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و عەبدوڵلا قادری ئازەرو دکتۆر فازڵ ڕەسووڵ لە ساڵی١٣٦٨ی هەتاوی لە شاری ڤیەن-ی نەمسا (ئۆتریش) لەکاتی دانوستان لەگەڵ دیپلۆمات - تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کرا و دووبارە لە هەمان ساڵ لە شاری لارناکا-ی قوبرس و سدیق کەمانگەر لە

شاری رانیەی کوردستانی عێراق تیرۆر کران. ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی کازمی رەجەوی لە سوئیس و دووبارە لە هەمان ساڵی خاتوو عیفەت قازی کچی سەرکۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەمەد بەهۆی نامەیەکی بۆمبڕێژکراوەوە لە شاری وێستروس-ی سوید تیرۆر کرا. ١٣٧٠ی هەتاوی عەبدولڕەحمان بروومەند بەرپرسی دەستەی کارگێڕی "نهضت مقاومت ملی ایران" لە پاریس و دووبارە لە هەمان ساڵ و هەمان شار و وڵات شاپووری بەختیار، ١٣٧١ی هەتاوی فەرەیدوون فەرۆخزاد لە شاری بۆن-ی ئەڵمانیا، دوکتور محەمەد سادق شەرەفکەندی و فەتاح عەبدولی و هومایون ئەردەڵان و نووری دێهکوردی لە ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی لە شاری بێرلین-ی ئەڵمانیا لە لایەن تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامیەوە تیرۆر کرا. ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی رەزا مەزلوومان لە ماڵی خۆی لە پاریس بە فیشەکی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی ئێران تیرۆر کرا. دیپلۆماسی تیرۆری کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەیەی ٩٠ی زایینیدا کەڵکی لە ئاژاوەی کوردستانی عێراق وەرگرت و پتر لە٣٥٢ کەسی لە کوردەکانی رۆژهەڵاتی لەو دەڤەرە تیرۆر کرد. لە دوایین کردەوەی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی عێراق تەقینەوەی شەوی یەڵدای بەردەم دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستان بوو، لە شەوی 1ی بەفرانباری ١٣٩٥ی هەتاویدا کە شەهیدبوونی ٥ پێشمەرگەی ئەو حزبە و دوو کارمەندی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی بەدواوە بوو. دەزگەی تیرۆری کۆماری ئیسلامی ئێران لیستێکی دوورودرێژی لە تیرۆری کەسایەتی سیاسی و بەرهەڵستکارانی بۆ خۆی تۆمار کردووە کە بێگومان ئەمە پەڵەیەکی رەشە بەنێوچاوانی ئەو دەسەڵاتە ئیسلامیەوە و هەمان لیستیشیان بۆ تەقینەوە و تیرۆر بەدژی کەسایەتی و ناوەندگەلی بیانی هەیە کە بۆ نموونە دەکرێ ئاماژەیەک بکرێ بە تەقینەوەی ٢٩ی خاکەلێوەی ساڵی ٢٣٦٢ی هەتاوی لوبنان کە کامیۆنێک بە٩٠٠ کیلۆ مادەی تەقینەوە رووی کردە بینای سەرەکیی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەیرووت و هەر لەو کاتەدا ٦٣ کەس کوژران و پتر لە ١٢٠ کەسیش بریندار بوون، تەقینەوە لە ناوەندی جوولەکەکان لە ئەرژەنتین لە ساڵی ١٣٧٣ کە کوژرانی ٨٥ی کەسی لێکەوتەوە، تەقینەوەی ساڵی ١٣٧٥ی ناوەندی ئەلخوبەر-ی سعوودیا کە کوژرانی ١٩ سەربازی ئەمەریکی و ٤٠٠ کەسی دیکەی لێکەوتەوە. ساڵی ١٣٩٠ هەوڵ بۆ تیرۆرکردنی عادل ئەلجوبەیر باڵوێزی ئەوکات و وەزیری دەرەوەی ئێستای سعوودیا، تەقینەوەکانی ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی لە بانکۆک-ی تایلەند و دێلهی هیندوستان بۆ تیرۆری دیپلۆماتەکانی ئیسرائیل و دووبارە لە هەمان ساڵدا دوو ئێرانی ئەندامی سوپای قودس بەتاوانی گواستنەوەی ١٠٠ کیلۆگرام مادەی تەقینەوە بۆ کێنیا دەستگیر و رەوانەی مەحکەمە و زیندان کران. لە سێپتەمبری ٢٠١٥ش هێزی تەناهی بەحرێن دەستیان گرت بەسەر کارگەیەکی دروستکردنی بۆمب کە پاش لێکۆڵینەوە دەرکەوت تاوانباران پەیوەندییان بە سوپای قودسی ئێرانەوە بووە.

ئێران هەمیشە لەو تیرۆر و تەقینەوانەدا تۆمەتی دەستێدابوونی رەتکردووەتەوە و دیارە هەندێ وڵات بەسات و سەودای بازرگانی لە خوێنی رژاوی بەرهەڵستکارانی ئێران بەدەستی سوپای قودس خۆش بوون و ئێستەشی لەگەڵدا بێت رێگەیان نەداوە ئەو دۆسیانە بکرێتەوە بەڵام دادگەی میکونوس و ئەرژەنتین بەفەرمی تیرۆریستبوونی ئێران و سەرکردەکانی ئەو وڵاتەی، بە بەڵگەوە راگەیاندووە و ئیجرائیاتی خۆی کردووە و نەیهێشتووە ئێران بێ عارەق دەرچێ، بەشێوەیەک کە حەسەن روحانی لە لەو باوەڕەدایە کە تارمایی بڕیاری دادگەی میکۆنوس هەتا ئێستاش بەسەر پەیوەندییەکانی دەرەوەی

وڵاتەکەیدا ماوە، ئەو دەڵێت: "ئەوە میکۆنوسە کە پێشی یارمەتیدانیی ناوکیی وڵاتانی ئەوروپی بە کۆماری ئیسلامی دەگرێت". (امنیت ملی و دیپلماسی هستەای، حسن روحانی)

خاڵێکی گرنگ کە پێویستە لەم نووسینەدا ئاماژەی پێ بکرێت و دەبێ لەبارەیەوە بکۆڵدرێتەوە بۆ ئێران هێندە دەستی ئاوەڵە هێشتراوەتەوە لە تیرۆری بەرهەڵستکارانی وڵاتەکەی لە دەرەوەی وڵات کە کێ بیەوێت تیرۆری دەکات و لە کوێ پێی خۆش بێت، تەقینەوە دەکات؟

ئەوەی راستی بێت تیرۆر هیچ سنوورێکی بۆ نییە و بەتایبەت کە دەوڵەتێکی خاوەن سەرمایەی نەوتیشی وەکو ئێرانی لەپشت بێت، دەتوانێ بە رێکخستنی گرووپگەلی تیرۆریستی بە ئامانجەکانی خۆی بگات و هەروەها لەجیاتی ئەوەی سامان و سەروەتی وڵاتەکەی بۆ ئاوەدانی و پێشکەوتن هەزینە بکات، دەیداتە گرێبەستی بازرگانی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە زۆرترین ئەژماری بەرهەڵستکارانی وڵاتەکەی لەوێن. پێشگرتنی ئەم سیاسەتە بۆ ئێران بووەتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی نێوخۆی وڵاتەکەی بەردەوام هەژارتر بن و تاوانەکانی کۆمەڵایەتی رۆژانە ڕوو لە زیادبوون بکات و سیمای کۆماری ئیسلامیش لە جیهانی دەرەوە، رەشتر بێت. گوێنەدانی هەندێ وڵاتی زلهێزیش بە کردەوە تیرۆریستی‌یەکانی ئێران ئەم وڵاتەی زیاتر ملهوڕ کردووە بۆ نموونە دەبینین کەسێکی وەکو "سید حسین موسویان" کە باڵیۆزی ئێران لە ئەڵمانیا لە سەردەمی دادگەی میکونوس بوو ئێستە ساڵانێکە لەوپەڕی تەناهیدا لە ئەمریکا دەژی یاخود ئەو کەسانەی کە ناویان پاش دادگەی میکونوس درایە ئینتەرپۆل بەڵام دەستگیر نەکراون، نموونەی لەم جۆرە زۆرن.

هەروەها خاڵێکی تر کە گلەییە و دەکەوێتە سەر وڵاتان ئەوەیە کە دەزانن باڵیۆزخانەکانی ئێران بۆ مەبەستی کاری تیرۆریستی بەکار دێت بەڵام هەتا بەرۆکیان نەگرێتەوە و تووشی گرفتی گەورەیان نەکات، هیچ جۆرە دژکردەوەیەکیان نابێ و تەنانەت وەکو رووداوی تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو، تیرۆریستەکان لە بینای باڵیۆزخانەی ئێراندا حەشار درابوون و دواتر ڕەوانەی ئێران کران و ئەو دەوڵەتە ئێستەش هەر رێی بەدواداچوونی بۆ ئەو دۆسیە تیرۆریستی‌یە نەدا. تیرۆر بەشێکی سەرەکی و بنەمای سیاسەتی دەرەوەی ئێرانە و گرنگترین کەرەستەی ئەو وڵاتەیە بۆ گەشەپێدانی دەسەڵات و نفووزی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکا. لە ٥ / ٨ / ١٣٩٥ (٢٦ / ١٠ / ٢٠١٦) سەرتیپی پاسدار سالار ئابنووش لە وتارێکیدا لە هەمەدان بە ئاشکرا رایدەگەیەنێت کە "بۆ پارێزگاری لە ویلایەتی فەقیە سوپای پاسداران سنوور ناناسێت" ئەو هەروەها دەڵێت: "هەموو جیهان دڵنیا بن کە بەزوویی لە ئورووپا و ئەمریکاش سوپای پاسداران دروست دەبێت... شۆڕشی ئێمە وەکو شۆڕشەکانی ئەلجەزایەر و فەڕەنسا نییە. سوپای پاسداران ناوەندێکی بێوێنەیە لە جیهان و وەکو گرووپی شرطه الخمیس لە سەردەمی حەزرەتی عەلی وان". ئێران بۆ گەشەی دیپلۆماسیی تیرۆر هەنگاوێ بەرەوپێش چووە واتە دیپلۆمات-تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران تەنانەت خۆیان لە هاوکاریکردن لەگەڵ گرووپگەلی تیرۆریستی وەکو ئەلقاعیدە و داعش- یش نەبواردووە. رۆژنامەی واشینگتۆن پۆست لە ساڵی ٢٠٠٣ راپۆرتێکی بڵاو کردەوە

لەبارەی پەیوەندی پتر لە دە ساڵەی نێوان ئەیمەن زەواهیری و وەزیری بەرگری ئێران ئەحمەد وەحیدی. بۆ یەکەم جار ئەمریکا لە سێی گەلاوێژی ١٣٩٠ی هەتاوی، ئێرانی بە هاوپەیمانی لەگەڵ رێکخراوی ئەلقاعیدە تۆمەتبار کرد هەروەها تۆمەتبارکردنی ناوەندی مافی مرۆڤی سووریا بە پەیوەندی نێوان سوپای قودس و تیرۆریستەکانی داعش لە سووریا کە دۆکیۆمێنتەکانی لە زاری ئەسیرەکانی ئێرانی بەشداربووی شەڕی سووریا و ئەسیرەکانی داعش دراوەتە دەست راگەیەندنەکانی بیانی و بڵاویش کراونەتەوە. لەم دواییانەدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ١٣ / ٣ / ١٣٩٥ - ٢ / ٦ / ٢٠١٦ لە راپۆرتی ساڵانەی خۆیدا سەبارەت بە تیرۆریزمی جیهانی ڕایگەیاند: "حکوومەتی ئێران هەرچەند لەگەڵ وڵاتانی ٥+١ لەبارەی پلانی ناوکی‌یەوە بە تەوافوق گەیشتووە بەڵام هێشتا سەرەکیترین وڵاتی پشتیوانی تیرۆریزمە لە جیهاندا".

لە باسی دیپلۆماسیی تیرۆری کۆماری ئیسلامی ئێراندا خاڵێکی ورد و جێی سەرنج کە لەم بارەوە پێویستە لە کۆتایی ئەم وتارەدا ئاماژەی پێ بکرێت قۆناغی پاش تیرۆرەکەیە لەلایەن ئێرانەوە؛ ئێران بەهەموو توانای ماددی و سیاسی‌یەوە بەو دەستوپێوەندییانەی کە ساڵانێکی درێژخایەنە باڵیۆزخانەکان و کۆنسوولخانەکانیان لەو وڵاتەی کە تیرۆرەکە کراوە هەروەها لە رێی جەنگی نەرم لە میدیاوە، پڕوپاگەندەیەکی زۆر بەربڵاو لە بەلارێدابردنی تاوانباری سەرەکیی تیرۆرەکە و ئاژاوەنانەوە و دووبەرەکینانەوە وەڕێ دەخەن و هەموو هەوڵێک دەدەن لە رێی ئەو گرووپ و تاقمانەی کە سەرمایەگوزارییان لەسەر کردوون، ئێران بتوانێت درێژە بەدیپلۆماسی تیرۆر بدات.

لە ژمارە ٦٩٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٤ی جانێویری ٢٠١٧



# دەوڵەت ماکە و سەرچاوەی راستەقینەی تیرۆریزمە



عەزیز شێخانی

تیرۆریزم، لە وشەدا بە مانای خوڵقاندنی ترس و تۆقین بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراوە. زۆربەی لێکدانەوەکان و هەڵسەنگاندنی شارەزایان کردەوە تیرۆریستییەکان بە کرداری تاکەکان یان دەستە و تاقمێک دەبەستنەوە و دەوڵەت لەو پێناسەکردنەدا لەبیر دەکەن. شایانی باسە، کە تیرۆریزم وەک چەمک و لە چوارچێوەی سیستمی نێودەوڵەتی تەمەنێکی زۆر کۆنی نییە، بەڵام وەک چەک و شێوازی مرۆڤەکان دژ بە یەکتر یان ژینگە و سەرمایەی مرۆڤەکان دیاردەیەکی کۆنە. لە بازنەی بنەماڵە، عەشیرەت، ئایین، سێکۆلار و ئایدۆلۆژییە رەنگاورەنگەکانی دیکەدا بینراوە و دەبینرێ. لێدان و لەنێوبردنی کەسانی رقەبەر و هتد. لە بەستێنە کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتورییەکان دیاردەیەکی نامۆ نییە. لە بەسێنی تۆڵەسەندنەوە و خاڵیکردنەوەی رق و کینەی کۆن و توند بەرامبەر بە کەس، لایەن و دەوڵەتەکان رەنگی داوەتەوە. رەشەکوژی و تیرۆریزم بە یەکێک لە کێشە نێونەتەوەییەکانی سەردەم دەژمێردرێ. مەترسیی ئەو دیاردەیە کاتێک زیاتر دەردەکەوێ، کە باس لە چەکە کۆمەڵکوژ و رێگاکانی دیکەی رەشەکوژی دەکرێ. کردەوە تێرۆریستییەکان ئەمڕۆ بە شێوازی جیاواز لە جیهاندا دەبینرێن و تەوژم و رووبەرێکی زیاتریان هەیە، بۆیە بە ئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێن. ئەوان و بکەرەکانیان بە ئامانجی جیاواز و بە فۆڕمی خۆیان لە بەستێنی ناوچە، وڵات یان لە پانتایی جوغرافیایەکی بەرینتردا ئەکتیڤ و چالاکن. لە روانگەی جیاواز باس لە رەشەکوژی دەکرێ و تاریفێکی تۆکمە بۆ ئەو دیاردەیە نییە. خوێندنەوە و لێکدانەوەکان زیاتر لەسەر جۆرە ئاشکرا و باوەکانی رەشەکوژی دەدوێن و بە شێوازێکی پچڕپچڕ دیاردەی تیرۆریزم تاوتوێ دەکەن. ئەوان زیاتر رێکخراو، گروپە چەکدار و ئایدۆلۆژییەکان زەق دەکەنەوە و کەمتر باس لە تیرۆریزمی دەوڵەتی دەکەن، کە ماکەی سەرەکیی پەرەپێدانی بەبەرنامەی رەشەکوژی جیهانییە.

بەشێکی بەرچاو لە دەوڵەتەکان بە بیانووی سەروەری و پارێزگاریکردن لە سنوورەکانیان خەڵکی ئازادیخواز و نەیارە

سیاسییەکانیان بە ئاشکرا و نهێنی لەنێو دەبەن. ژمارەیەک لەوان وەکو دەسەڵاتە سەردەستەکانی کوردستان بێجگە لە سڕینەوەی جەستەیی نەیارە سیاسییەکانیان، بە چەک و شێوازی جیاواز خاک، ناسنامە، کولتوور، زمان، هەستی بڕوابەخۆبوون و زۆر سەرمایەی کورد دەخنە ژێر پاڵەپەستۆی شێکێنەر. وەک نموونە باس لە تیرۆریزمی دەوڵەتی لە ساڵی ١٧٩٣ی دوای شۆڕشی فەڕانسە دەکرێ، کە بوو بەهۆی لە ملدان و قەڵاچۆکردنی هەزاران کەس. هەر کام لە دیکتاتۆرەکان وێنەیەکی زیندوو و بەرچاوی بەکارهێنانی ڕەشەکوژی و تیرۆریزم دژ بە گەل و هاووڵاتیانی خۆیانن.

وشەی تیرۆر لە خاڵی یەکەمی کۆنوانسیۆنی تایبەت بە بەرگرتن و سزادانی تیرۆریزم لە ساڵی ١٩٣٧ زایینی کۆمەڵەی گەلاندا بەکار هاتوە. لەو خاڵەدا تیرۆریزم بە کردەوەیەکی نائاسایی و تاوان ناسراوە، کە دەوڵەتێک، خەڵک یان لایەنێکی دیاریکراو دەکاتە ئامانج. لەو سەردەمەدا کۆمەڵەی گەلان ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەدەگێڕا و دەستپێکی شەڕی دووهەمی جیهانی زۆربەی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی داپۆشی. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧٢ و پاش ڕووداوی بە بارمتەگرتنی وەرزشکارانی ئیسرائیلی لە یاری هاوینەی ئۆلەمپیکی مۆنیخ، تیرۆریزمی وەک باسێکی سەربەخۆ خستە بەرباس. سەرۆکی ئەو کاتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژە بە چۆنیەتی بەرگریکردن لە کردەوە و جۆرە ڕەنگاوڕەنگەکانی ڕەشەکوژی دەکا. شایانی باسە، کە لەو ڕاگەیەندراوەدا خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلان خراوەتە دەرەوەی بازنەی کردەوە تیرۆریستییەکان. نەتەوە یەکگرتوەکان کۆمیتەیەکان بۆ ناسینی و سزادانی بکەرانی ڕەشەکوژی و تیرۆریزم دامەزراند، کە پاش ٥ ساڵ کۆتایی بە کارەکان هات. ئەرکی ئەو کۆمیتەیە بریتی بوون لە لێکدانەوەی کردەوە و هەنگاوەکانی دژ بە تیرۆریزم و لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تیرۆریزم. مێژووی ٧٠ ساڵەی ڕابردووی جیهان پڕە لەو کردەوانەی، کە بە گوێرەی تاریفە شل و کراوەکەی تیرۆریزم زۆربەیان دەکەونە خانەی ترس و تۆقاندن. لە درێژەی گەشەکردنی دیاردەی تۆڵە سەندنەوە و بەرەنگاری، تیرۆریزم لە چەند دیەی ڕابردوودا ڕوخساری تازەی پەیدا کردوە و لەسەر بناخەی ئایدۆلۆژیی ئایینی، چەپ، ڕاست و هتد. وەک دیاردەیەکی جیهانی ناسراوە. ئامانج و مەبەستی ڕەشەکوژ و داڕێژەرانی پلانەکان جیاوازە، کە لە دەرکەوتنی تاکەکان لە کاناڵی مێدیاوە هەتا شێواندنی دۆخی وڵاتان، بڵاوکردنەوەی کەشی تۆقین و بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامی ترس لە یەکە جیاوازە سیاسییەکانی جیهان دەگرێتەوە. ژمارییەک شارەزا و کەسانی خاوەن ڕوانگە تەوژمی تازەی تیرۆریزم بە شەڕی ئایدۆلۆژی و کولتوورەکان پێناسەی دەکەن.

تیرۆریزمی دەوڵەتی بە بیرۆکە، سیاسەت و کردەوە توندوتیژییەکانی دەوڵەت بەرامبەر بە خەڵکی خۆماڵی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و هەروەها دژ بە دەوڵەت یان مرۆڤەکانی دەرەوەی سنوورە خۆماڵییەکان دەگوترێ. بەشێک لە دەوڵەتەکان،

لە کۆنەوە و بە پاساوی جۆراوجۆر ئەکتەری چالاکی گەشەپێدانی دیاردەی تیرۆرن. ئەوان بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ڕاهێنان لەسەر ئەو سیاسەتە دەکەن و دەزگای سیخوڕی و زانیاری بە ماشێنی بەگوڕی دەوڵەتەکان لەو ڕێچکەیەدا دادەنرێ. دەزگا سیخوڕییەکان دەستکراوەن و تەنانەت لەگەڵ ڕێکخراو و تاقمە تیرۆریستەکاندا دەست تێکەڵ

دەکەن و بە ناردنی کەسی خۆیان کاناڵی گونجاو بۆ پلان و بەرنامەکانیان دەخوڵقێنن. ئەو دەوڵەتانە، لە نێوخۆی وڵاتدا زیاتر لە تیرۆری راستەوخۆ کەڵک وەردەگرن و لە دەرەوەی سنوورەکانیان پلان و بەرنامەکانیان بە دەستە و تاقم و تەنانەت تاکە رەشەکوژەکان دەسپێرن.

تێرۆریزمی دەوڵەتی بە درێژکراوەی سیاسەتی بەشێک لە دەوڵەتەکان پێناسە دەکرێ، کە لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان دژ بە دەوڵەتە ناوچەیی یان زلهێزە جیهانییەکان ئەنجامی دەدەن. دزگا سیخوڕییەکانی ئەو دەوڵەتانە و کەسە شارەزاکانیان لە گەشەپێدان، پەروەردەکردن و ئامادەکردنی ئەو گرووپ و تاقمانەدا دەستێکی باڵایان هەیە. ئەوان لەبەر هەستیاری ئەو بابەتە کەمترین زانیاری لەسەر ئەو رووداوانە تۆمار دەکەن و هەوڵدەدەن دۆخەکە بە تەواوەتی تەمومژاوی بکەن. لە ئاکامدا لایەنە دەوڵەتی و نێودەوڵەتییەکان سەریان لەو تۆڕە جاڵجاڵۆکەییانە دەرناچێ و ماکە و سەرچاوەی سەرەکیی تیرۆریستەکان نادۆزنەوە. ئامانجەکان رەنگاورەنگن و گۆڕەپانە ئابووری، سیاسی، ئایدۆلۆژی و ستراتیژییەکان دەگرنەوە و کردەوە تێرۆریستییەکان کەم و زۆر بەرژەوەندی چەند لایەنێک دەستەبەر دەکەن.

ئەو دەوڵەتانەی کە راستەوخۆ و یان بە شێوازی دیکە و لە ریگای کەس و لایەنە هاوبەندەکانیان لە چەکی تیرۆر کەڵک وردەگرن، لە سرووشتدا دوورن لە بنەما رەوا و بەستێنە لۆژیکییەکانی دەوڵەتی خەڵکی و خاوەن شەرعییەت. ئەو رێژەیە لە دەوڵەتان لەگەڵ خەڵکی خۆیان بە توندترین شێوە دەجووڵێنەوە و بەندیخانە و سێدارە و خنکاندنی دەنگە ئازاد و ئازاکان دەکەنە رێچکەی رۆژانەی سیاسەت و ئیدارەی وڵات. رێز لە یاسا نێودەوڵەتییەکان ناگرن و پرسی مافی مرۆڤ و ئازادییەکان بە گەمەیەکی هەڵخەڵەتێنەر پێناسە دەکەن. لە روانگەی دەرەوە هەڵگری پەیامی هێرشبەرانەن و لە بیری خۆپڕ چەککردن دان و بایەخ بە چۆنیەتی ژیانی هاووڵاتیان نادەن. لە زۆربەی ناوچە پڕ لە ئاژاوەکان مل قوت دەکەنەوە و بە قازانجی خۆیان و رێژیمەکانیان لاگیری لە لایەن یان بەرەیەکی دیاریکراو دەکەن. ئەو دەوڵەتانە لە دابینکردنی ئازادییە سەرەتاییەکان و هەروەها پەرەپێدانی کولتوور و پەروەردەی دێموکراسی دەپرینگێنەوە و ترس و تۆقاندنی هاووڵاتیان و جیابیران دەکەنە مۆدێلی رۆژانەی سیاسەت.

دەوڵەتەکانی ئۆگری کاری رەشەکوژی بۆ راپەڕاندنی ئاسانی پیلان و بەرنامەکانیان لە پشت کۆمەڵێک رێکخراو و تاقمی ناوچەیی و جیهانی خۆیان حەشار دەدەن. لە جیهانی ئەمڕۆدا رێکخراو و تاقمە رەشەکوژ و رادیکاڵەکان زۆر بە کەمی دەتوانن بە دوور لە پشتیوانی دەوڵەت و دەزگا سیخوڕەکانیان دابمەزرێن و گەشە بکەن. لە ژێر تیشکی رەوتی تیرۆریزمی دەوڵەتیدا تێگەیشتن لە رووداو و دیاردەکانی ئەمرۆی ناوچە و جیهان دژوار نییە. دەوڵەتەکان لە پشتی قەڵغانی دەستە و تاقمە رەنگاورەنگەکان زەبەر لە بەرژەوەندیی دەوڵەتە نەیار و زلهێزەکان دەدەن و خۆیان لە بەرپرسیارەتیی راستەوخۆی کردەوە رەشەکوژییەکان قوتار دەکەن. لە بەشێکی زۆر لە ناوچە قەیراناوییەکانی جیهاندا بوونی دەوڵەتی سەرەڕۆ، دابەشکاری ناعادڵانەی سامان، ماف و جۆغرافیا سیاسییەکان، سنوورە ناسروشتییەکان و جیاوازییە ئایینییەکان دەرفەتی

دەرکەوتنی تیرۆریزمی دەوڵەتی زیاتر دەخوڵقێنن. بە هۆی بۆشایی تایبەت لە گۆڕەپانی پێوەندییە نێودەوڵەتی‌یەکان و ئیدارەدانی لاوازی قەیرانەکان، دەوڵەتەکان لە پێشڕەوانی چالاکی تیرۆریزم و پێشتیوانانی بەگۆڕی ڕێکخراو و تاقمە ڕەشەکوژەکانن. دەوڵەتە ئاماژەپێکراوەکان، لە ژێر سێبەری شەڕ و قەیرانەکاندا سیاسەتی بەلاڕێدابردن و دەکارهێنانی زۆر تاکتیک ڕەچاو دەکەن و بە ڕەوای دەناسن. دەوڵەتە جەردە و دەزەکان، لە ژێر ناوی پاراستنی سنوور و چوارچێوەی خاک و بە کەڵکوەرگرتن لە دەزگا سیخوڕییەکانیان بارودۆخێکی ترسناک و تۆقێنەر دەخوڵقێنن و نەیار و ڕەخنەگرەکانیان بە ئاشکرا یان نهێنیّ دەکوژن.

دەوڵەتەکان، لە مەڕ تێوەگلان لە کاروباری ڕەشەکوژی یان ڕێزگرتن لە مرۆڤ لە سێ پێگەی جیاوازدا هەڵدەسەنگێندرێن. یەکەمیان هێزی دەوڵەت و ڕۆڵی ئەو هێزە لە ئیدارەدانی کۆمەڵگا و پاراستنی سنوور و هتد دایە. دووهەمیان باس لە پێگەی یاسا، شکڵ و ستایلی دەوڵەت و هەروەها چۆنیەتی ڕەچاوکردن و جێبەجێکردنی یاسا نیشتمانی و نێونەتەوەییەکان دەکا. شەرعییەتی دەوڵەت بە سێهەم پێگە پێناسە دەکرێ، کە باس لە بەرپرسیارەتیی دەوڵەت بەرامبەر بە خەڵک و بابەتە مۆڕاڵییەکان دەکا. لەو دەوڵەتانەی، کە دژ بە خەڵک و هاووڵاتیان هێزی تۆقێنەر و شکێنەر بەکار دێنن، بە کردەوە سیاسەتی هێز قسەی یەکەم و ئاخر دەکا. لەو نیزامانەدا یاسا نووسراوەکان و شەرعییەت بایەخیان نییە و هەوڵدەدرێ بە گزی و دزی ڕواڵەتێکی درۆزنانە داتاشن. لە ئاکامدا تێرۆر بەشێکی دانەبڕاو لە سیاسەتی هێزی دەوڵەتی بە ئەژمار دێت، کە لە پێناوی مانەوەی تاکە کەس، حیزب یان بنەماڵەیەکدا تێرۆر دەکاتە مێتۆد و سیاسەتی ئیدارەکردن. دەوڵەتەکان ڕەنگە لە مێدیاکان خۆیان بە پاڵەوانی ئاسایش و شەڕ دژ بە تیرۆریزم، مادده هۆشبەر و چەکدارە ئاژاوەگێڕەکان پێناسە بکەن. ئەگەر پەلامارە ڕەشەکوژییەکان بەرژەوەندی دەوڵەتانی دیکەی گرتەوە، پشتیوانەکانی تیرۆریزم خۆیان مات دەکەن و بە شێواز و مێتۆدی جیاواز هەوڵی شێواندنی زانیارییەکان دەکەن و بیروڕای گشتی و تەنانەت نێودەوڵەتی تووشی سەرلێشێوان دەکەن. دەوڵەتە تێوەگلاوەکان لە تیرۆریزم بە وەستای کاری ڕەشەکوژی دەناسرێن. ئەوان ڕەنگە سەرەتا کێشە و ڕووداوێک بخوڵقێنن و پاش هەڵسەنگاندنی دژکردەوەی خەڵک و دەرەوە، ڕێگاچارەش پێشنیار بکەن. بەشێکیان لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان بە پاساوی بەرگری کردن لە کەمایەتی‌یەکی ئایینی، نەتەوەیی و هتد. بە کۆڵەوەژی تیرۆر قەیران دەخوڵقێنن و خەڵک بەگژ یەکتردا دەکەن. یارمەتیدانی ماڵی و پەروەردە کردنی دەستە و گرووپی ڕادیکاڵ بە مەبەستی دژایەتی دەوڵەتێکی ناوچەیی یان زلهێزێکی جیهانی ڕێگایەکی دیکەی یارمەتیدانی ڕەشەکوژییە.

دەوڵەتی ئێران، لێواولێوە لە تایبەتمەندییەکانی تیرۆریزمی دەوڵەتی و بە سەرتۆپی ئەوان دەناسرێ. کۆماری ئیسلامی ئێران وێنەی ئاشکرای ئەو دەوڵەتانەیە، کە پەرەپێدەری تیرۆریزمی نە تەنیا دەوڵەتی بەڵکو نێودەوڵەتی‌یە. ئەو نیزامە لە دامەزرانەوە هەتا ئەمڕۆ ڕاهێنان لەسەر سیاسەتی تیرۆر دەکا. ڕێژیم بۆ سەرکەوتن لە پیلان و کردە تێرۆریستی‌یەکان و هەروەها شاردنەوە و پووش بەسەرکردنیان لە زۆر کەرسە کەڵک وەردەگرێ. هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی رابردوو و سروشتی

دەسەڵات لە ئێرانی کۆن و نوێدا دەیسەلمێنێ، کە تیرۆر و ڕەشەکوژی بەشێکە لە کولتووری ئەو دەسەڵاتە. ئەوان لە مێژووی هاوچەرخی خۆیاندا نیشانیان داوە، کە بۆ تواندنەوەی نەتەوەیەکی مافخواز، سڕینەوەی دژبەر و سەرکردەی ئۆپۆزیسیۆن و تێکۆشەرە ئازادیخوازەکان هیچ سنوورێک ناناسن. لە کەیسی تێرۆر و ڕەشەکوژیدا، ئێران لە نێو وڵاتانی ناوچە و بەتایبەت دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا تاقانەیە. ئێرانی تاوانی گەورەی تیرۆری ئەنجام داوە و سەرکردە سیاسی‌یە کوردەکانی لەسەر مێزی بەناو دیالۆگ تیرۆر کردوە. تاوانێک، کە ئاماژەیەکی ئاشکرا بە کولتووری ڕەشەکوژی لە دیرۆکی دەسەڵاتدارانی ئێران دەکا. چەوساندنەوەی کوردەکان، ئێعدام و گرتنی نەیاران، پەرەپێدانی کەش و ژینگەی تۆقین، تیرۆری تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان و دەرەوەی وڵات، دەرخەری سیاسەتی دوژمنکارانەی دەسەڵاتدارانی تاران بەرامبەر بە گەلی کوردە.

دیاردەی تیرۆر لە ئێراندا بابەتێکی ئاڵۆز و چەند ڕوخسارییە، کە ڕەگ و ڕیشەی قوڵی لە خانە تاریکەکانی مێژوودا هەیە. ژێرخانی پتەوی تیرۆرە سیاسی‌یەکانی ئێران بۆ سروشت و کولتووری دەسەڵاتدارانی ئێران و بەتایبەت تێکەڵاوکردنی مەزهەبی فەرمی لەگەڵ سیاست و دەسەڵاتدارەتی‌دا دەگەڕێتەوە. لە مەیدان و گۆڕەپانی ڕۆژانە و پراکتیکی‌دا کوردەکانی ڕۆژهەڵات و نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە ستایلی جیاواز شاهیدی ڕوودانی بەشێک لە سیاسەتی تیرۆر و تۆقاندنی ڕێژیمن. بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر بە خەڵکی سڤیل، خاک، کولتوور، زمان و ناسنامەی کوردان بەشێکی دانەبڕاو لە تیرۆریزمی دەوڵەتی ئێران بەرامبەر بە کورد دەژمێردرێ. ئەو ڕێژیمە تێکۆشاوە بە شێوازی جیاواز لە دەرەوەی وڵات و تەنانەت لە جەرگەی ڕۆژئاوادا زەبر لە نەیارە سیاسی‌یەکان بدات. سیاسەتی تاران لە ناوچەدا بە کاناڵی تیرۆردا تێدەپەڕێ. ئەو ڕێژیمە بە ناوی بەرگریکردن لە شیعەکان، فەلەستینی‌یەکان، دەسەڵاتدارە هاودەستەکان و هتد. ئەندازیاری سیاسەتی پەرەپێدانی تیرۆر لە دەرەوەی سنوورەکانیەتی.

بۆ ڕزگاربوون لە داوی تیرۆریزمی لۆکاڵی، ناوچەیی و جیهانی پێویستمان بە چاکسازی لە قەوارەی دەوڵەت، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و پەروەردەی تاکی وشیارە. بۆ کەمکردنەوەی هەڕەشەی تیرۆریزم، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و یەکە سیاسی‌یەکانی جیهان پێویستە تیرۆریزمی دەوڵەتی خاشەبڕ کەن. ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ، کەمایەتی‌یەکان، گەلان و باوەڕمەندبوون بە کایەی دێموکراسی و ئازادییەکان دەوڵەتەکان لە زۆنگاوی سیخوڕی و ڕەشەکوژی دوور دەکاتەوە. پێویستیمان بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەیە، کە زیاتر لە هەموان لێکۆڵەر و مێدیاکاران دەگرێتەوە. ئەوان وەک بەرپرسیارەتیی پیشەیی ئەرکی گەورەیان لەسەر شانە. لە نەبوونی ڕوانگەیەکی بەردەوام و سیستماتیکی ڕەخنەگرانەدا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی زەرەرمەند دەبێ. ساویلکە بوون و باوەڕکردنی هەرزان بە دەسەڵاتداران و چەمینەوە و تەسلیمبوون لە بەرامبەر دەسەڵاتدا کۆمەڵگا بەرەو نەهامەتی زیاتر پاڵپێوە دەنێ. بێدەنگی زۆرایەتی کۆمەڵگا بەرامبەر بە دەسەڵاتە خۆسەپێن و تاوانە زۆروزەوەندەکانیان پەرە بە تیرۆریزمی دەوڵەتی دەدەن. ڕەنگە دەوڵەتەکان و بە تایبەت دەوڵەتە نادێموکراتیکەکان بە ئاسانی دەستبەرداری بەرژەوەندییەکانیان نەبن، بەڵام تەوژمی مافخوازی و وشیاری تاک و کۆ دەتوانێ

هەودای ئەستووری زۆڵمی دەوڵەتە جەردە و ماف پێشێلکەرەکان بپسێنێ. خاشەبڕکردنی تیرۆریزم لە جیهاندا بەندە بە زۆر فاکتەر، کە بڕینی دەستی دەوڵەتەکان لە کردەوە رەشەکوژیی و چارەسەرکردنی قەیرانەکان بە فاکتەری یەکلاکەرەوە دەناسرێ.

**لە ژمارە ٦٩٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**٤ی جانێویری ٢٠١٧**



# کۆبوونەوەی حیزبە کوردستانیی‌یەکان لە پێوەندی لەگەڵ کردەوە تیرۆریستیی‌یەکەی شەوی یەڵدای خوێناویی دێموکرات

## (هەنگاوێکی بەکردەوە بۆ پێکهێنانی یەکریزی و هاوهەڵوێستی)



سمایل شەرەفی

هەر دوو رۆژ دوای تەقینەوە تیرۆریستیی‌یەکەی شەوی یەڵدای بەردەم بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە لە لایەن رێژیمی دژ بە کوردی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە رووی دا، بە دەیان حیزب و رێکخراوی سیاسی لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە دەوری یەک کۆبوونەوە. ئەم کۆبوونەوە کە راست لە شوێنی کۆبوونەوەکەی شەوی یەڵدا، لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە مەبەسەتی مەحکوومکردنی هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر ئەم حیزبە بەڕێوەچوو، دەکرێ لە نەوعی خۆیدا بە کەموێنە و، لە هەمانکاتدا بە "مێژوویی" لە قەڵەم بدرێ.

لەگەڵ ئەوەیکە کورد بە گشتی و لایەنە سیاسیی‌یەکانی بەتایبەتی بە بەردەوامی باس لە یەکگرتوویی و یەکریزی دەکەن، بەڵام بەداخەوە دەبێ دان بەو راستیی‌یەدا بنێین کە ئەم میللەتە لە ئاستی بزووتنەوەی نەتەوەییدا تا ئێستایش بە دەردی نایەکگرتوویی و ناتەبایی‌یەوە دەناڵێنێ.

تێنەگەیشتن لە بەرژەوەندیی هاوبەش، یان بە واتایەکی دیکە هاوئاهەنگ نەبوونی هێز و لایەنە سیاسیی‌یەکان لە دروستکردنی بەرژەوەندیی هاوبەشی نەتەوەیی کە، بەشێکی پێوەندی بە ژێئۆپۆلیتیکی کوردستانەوە هەیە، هاوهەڵوێستی و یەکگرتوویی لە نێو میللەتی کورددا کردۆتە ئاوات و ئارەزوویەکی تا رادەیەک دوورەدەست. بۆیە هەر جۆرە هەمگەرایی و لێکنزیکبوونەوەیەکی نەتەوەیی لە هەر ئاستێکی کۆمەڵایەتی، کلتووری و سیاسیدا بێت، دڵخۆشکەر و هیوابەخش دێتە

ئەژمار.

دەرک پێکردن بە دروستکردنی کۆنتراکتێکی نەتەوەیی لەم چەند ساڵانەی دواییدا، ناوەناوە هەرجارە و لە لایەن حیزب یان چەند حیزبێکەوە قسەی لەسەر کراوە و هەنگاوی بۆ هەڵگیراوە. ئامادەکاریی بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کە چوار ساڵ پێش ئێستا لە شاری هەولێر دەستی پێکرد و بەداخەوە بە نیوەچڵی و بە هۆکاری "ناتەبایی" چالاکییەکانی راوەستێندرا، هەر لە چوارچێوەی ئەم دەرک پێکردن و، بەڵام بە نەتیجەنەگەیشتنەدا بوو.

هەر بە سەرنجدان و ئاماژەدان بە "کۆنگرەی نەتەوەیی" کە بەداخەوە سەرەڕای پشتیوانییەکی زۆری ماڵی و ئیمکاناتی بەڕێوەبەری، نەیتوانی بە ئاکام بگات، زیاتر گرینگیی کۆبوونەوەی لایەنە کوردستانییەکانی هەر چوارپارچەی کورستانمان لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ دەردەکەوێ.

هەڕەشە و کردەوەی تیرۆریستیی دەوڵەتێکی دژبەری کورد، بەرانبەر بە حیزبێکی رەسەن و خاوەن مێژووی شوێندانەر لەسەر بزووتنەوەی سیاسی و جڤاکیی کوردستان، ئەو بەهانە و هۆکارە سەلمێندراوانە بوون کە بوونە پێکهێنانی ئەم کۆبوونەوە بەرین و مانادارە. لایەنە بەشدارەکانی ئەم کۆبوونەوە کە هەرکامەیان بە پێی وەزن و قورسایی تایبەت بە خۆی نوێنەرایەتی بەشێک لە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی ئاشتیخواز دەکەن، یەکهەڵوێست و یەکقسە، بەرانبەر بە تیرۆر و رەشەکوژی هەڵوێستیان نواند.

بەیاننامەی کۆتایی کۆبوونەوەی هاوبەشی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، خاڵێکی بەهێزی دیکەی ئەم کۆبوونەوەیە بوو کە دەکرێ لە نەوعی خۆیدا بە بێوێنە وەسف بکرێ. لە کۆتایی ئەم کۆبوونەوەیەدا کە نزیک بە سی حیزب و رێکخراوی کوردستانی تێیدا بەشداربوون، بەیاننامەیەکی هاوبەش بڵاوکرایەوە کە تیایدا وێڕای مەحکوومکردنی کردەوە تیرۆریستێیەکەی شەوی یەڵدا، هاوخەمیی خۆیان لەگەڵ بنەماڵەی قوربانیان و حیزبی دێموکراتی کوردستان دووپات کردوە.

دەرکردنی بەیاننامەیەکی سیاسیی هاوبەش کە ناوی نزیک بە سی حیزب و لایەنی سیاسیی کوردی لە چوار پارچەی کوردستانەوە پێوەیە، لەگەڵ ئەوەیکە لە رووی مێژووییەوە دیاردەیەکی بێ وێنەیە، لە باردودۆخی سیاسیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستاندا دەبێ وەک دەستکەوتێکی پڕبایەخ سەیری بکرێ.

هەر وەک لە کۆبوونەوەکەدا و لە لایەن سەرجەم نوێنەرانی حیزبەکانەوە قسەی لەسەر کرا، هەوڵدان بۆ پێکهێنانی یەکگرتوویی و یەکریزی و کارکردن بۆ یەکگوتاریی سیاسی، پێویستییەکی بێئەملاوئەولای بزووتنەوەی سیاسی - نەتەوەیی

ئەمرۆی کوردستانە، دەکرێ لەم پێوەندییەشدا بە گرینگی‌یەوە بڕوانینە کۆبوونەوەکە. کۆبوونەوەی هاوبەشی حیزبەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە بۆنەی کردەوە تیرۆریستی‌یەکەی شەوی یەڵدای خوێناویی دێموکرات، وێستگە و ئادرەسێکی بەهێزە بۆ ئەوەی بڵێین؛ ئەگەر هەست بە دەردی هاوبەشی نەتەوەکەمان بکەین، دەکرێ بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیی هاوبەشی هەر ئەم میللەتە، یەکگرتوو و هاوهەڵوێست بین.

هەر لەم پێناوەدا یەکێک لە دەرسەکانی کۆبوونەوەی حیزبەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان کە پێچەوانەکەی سەرەکیترین هۆکاری نایەکگرتوویی هێزە کوردی‌یەکانە، نەبوون و غایببوونی "خۆسەپاندن"، "هێژموونخوازی" و "خۆ بە مێحوەر" زانین بوو. کۆبوونەوەی ناوبراو لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان و بۆ پرس رووداوێکی تایبەت بەم حیزبە پێک هاتبوو، بەڵام هەر وەک تەواوی لایەنەکانی بەشدار ئاگاداری بوون، چ لە باسەکانی کۆبوونەوەکەدا و چ لە تەنزیمی مەتنی بەیاننامە هاوبەشەکەدا، هەست بەوە نەدەکرا کە لایەنێکی تایبەت، دەیهەوێ خوێندنەوە و روانینی خۆی بسەپێنێ و هەر تەنیا خۆی بکات بە مێحوەر و خاوەنی پرسەکە.

هاوخەمی و کۆبوونەوەی بە دەیان حیزبی تێکۆشەری کوردستانی لە دەوری یەکتر بە بۆنەی پرسێکی تایبەت بە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەک بۆ جارێکی دیکەیش دەریدەخات کە ئەم حیزبە و خەباتی رەوای خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان وەک هەمیشە خاوەن پێگەیەکی بەرزی سیاسی‌یە و، لە لایەکی دیکەیش دەری دەخات کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە روانگەی نزیک بە تەواوی هێزە سیاسی‌یەکانی هەر چوار پارچەی کوردستانەوە، رێژیمێکی تیرۆریست و دژ بە کوردە. یەکێک لە سیاسەتە پیلانگێڕییەکانی رێژیمی ئێران هەوڵدان بۆ خۆنزیک کردنەوە لە هێزەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان و خۆ بەدۆست نیشاندانیان و پشتیوانیی بە درۆ لە چارەسەریی پرسی کورد لە وڵاتانی دەوروبەری خۆی. کە بە خۆشی‌یەوە بەشداریی بەرچاوی حیزبەکانی پەرچەکانی کوردستان، پەیامێکی راشکاوانەی بە دەسەڵاتدارانی ئەم رێژیمە گەیاند کە؛ رێژیمێک کە نەیهەوێ پرسی کورد لە وڵاتەکەی خۆیدا چارەسەر بکات، بێگومان ناتوانێ دۆستی بەشێک لەم میللەتە لە وڵاتێکی دیکە بێت.

لە کۆتایی‌دا کۆبوونەوەی هاوبەشی حیزبە سیاسی‌یەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە بۆنەی شەوی یەڵدای خوێناوی دێموکرات، هەنگاوێکی بەکردەوە بوو بۆ ئامانجێکی "هاوبەش"ی هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستان کە، هەمان یەکریزی و یەکگرتووی‌یە.

لە ژمارە ٦٩٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٤ی جانێویری ٢٠١٧

# دەنگدانەوەی هێرشی تێرۆریستی شەوی یەلدا لە میدیای جیهانی دا



## کەمال حەسەن پوور

دیاردەی بەجیهانی بوون هەندێک لایەنی باشی هەن کە مرۆڤی ئەو سەردەمە لە سایەی ئەوانەوە ئاستی زانیاریی لە بەراورد لەگەڵ مرۆڤەکانی سەردەمانی پێشوو بەرزترە. یەکێک لەو دیاردەیانە لێشاوی ئەو هەواڵ و زانیارییانەیە کە رۆژانە لە رێگای راگەیاندنەکان و سۆشیال مێدیا (فەیسبوک، ئینستاگرام، تێلێگرام، هتد) بە ئێمە دەگەن.

ئەگەر رێژیمی پەت و سێدارە لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو لە باشوری کوردستان بە سەدان کادر و ئەندامی حیزبی دێموکرات و لایەنە سیاسییەکانی تری رۆژهەڵاتی کوردستانی تێرۆر کردن بە بێ ئەوەی کە دەنگۆیەکی ئەوتۆی لێ بکەوێتەوە، ئەورۆ لە سایەی بەجیهانیی بوون، کە دونیای کردۆتە دێیەکی گەورە، تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی جیهانی دا لەقاو دەدرێ.

ماوەیەکی کورت پاش هێرشی تێرۆریستی شەوی یەلدا، هەواڵ، فیلم و وێنەی ئەو رووداوە لە جیهان دا بڵاو بۆوە. ئەوە پەیامێکی ئاشکرایە بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و گشت دیکتاتۆران کە ئەوان چیتر ناتوانن مرۆڤکوژییەکانیان لە چاوی خەڵکی جیهان بشارنەوە و بێ گومان رۆژێک دی کە دەبێ لە بەرامبەر هەموو ئەو کردەوانەیان دا وەڵامدەر بن.

دوای بەدواداچوونێکدا کە من و چەند هاوڕیی تر لە ئینتەرنێت کردمان بۆمان دەرکەوت کە هەواڵی کردەوە تێرۆریستییەکەی بەر دەرگای قەڵای دێموکرات بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاو لە میدیای جیهانیی دا دەنگی داوەتەوە. لیستی خوارەوە ناوی ئەو راگەیاندنانەیە کە رووماڵی هەواڵی ئەو رووداوەیان کردووە.

هەواڵنێریی: رۆیتەرز، بی‌بی‌سی، دۆیچەڤێلێ، دەنگی ئامریکا، سپوتنیک نیوز، تێ‌تێ (سەرچاوەی بەشی هەرەزۆری هەواڵنێرەکانی سوێد)، رووداو، کوردستان ٢٤

فەرانسە: لۆمۆند

سوێد: ئێس ڤێ تێ (تەلەفیزیۆنی فەرمیی سوێد)، ئافتۆن بلادێت، فۆلکبلادێت، هێلا گۆتلەند، ڤێستێربۆتتێن کوریرێن، کریشانستابلادێت، بلێکینگێ‌لێنس تیدنینگ، ئیستادس ئالێهاندا، ئۆستراسمۆلەند، سمۆلەندس پۆستێن، کۆررێن، نیا لیدشۆپینگس تیدنینگ، نیهێتس سڤەرییێ، سیدسڤێنسکان

نۆروێژ: رب نێت، هاشتا تیدەنە، ن.ر.ک (تەلەفیزیۆنی فەرمیی نۆروێژ)، ڤەردێنس گانگ،

هیندوستان: بیزنێس ستاندارد، دی ئێن ئەی ئیندیا

وڵاتانی عەرەبیی: سەباح، ئەلشەرقەلئەوسەت، میدل ئیست مۆنیتۆر، میدێل ئیست ئای

ماڵپەڕی کوردی: ئی کورد دەیلی، ئارا نیوز

له ژماره ٦٩٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٤ی جانێویری ٢٠١٧

# مۆژدە، مۆژدەی بە شەکیلا دا



عەلی فەتحی

نیوکاتژمێر بەر لە هاتنی میوانەکان گەیشتبوومە ژووری مەراسیم. سەیرم کرد جیا لە ئاڵا و ئارمەکان، وێنەی یەک لە شەهیدانی تەقینەوەی بەر درگای قەڵای دێموکرات لەسەر مێزێک داندرابوو. چاوم بە کیژێکی خەمبار کەوت. لەتەنیشت مێزەکە راوەستابوو. سڵاوم کرد و دەستم لەنێودەستی نا.

- خانمە جوانە چۆنی؟

- باشم، زۆر سپاس. من شەکیلام، کچی شەهید عەلی قۆیتاسی.

تەزوویەک بە لەشمدا گەڕا. سەری کرنۆشم دانەواند و گەرم لە باوەشم گرت. بەڵێ ئەو کچی شەهیدێک بوو. ئەو شەکیلا بوو کە دوو رۆژ پێشتر بەسەرهاتی ژیانیم تا رادەیەک بیستبوو.

مەعموورییەتی کاری من، بەخێرهێنانی میوانەکان دیاریکرا.

هەستێکی قورس روحمی داگرتبوو. خەڵک پۆل پۆل دەستیان بە هاتن بۆ مەراسیمەکە کرد.

- روحی شەهیدان شادبێ...

پیر و گەنجم بەردەوام دەدیت، خەفەتبار بەرەو ژوورەکە دەچوون.

نیو کاتژمێری خایاند. ژووری پرسە پڕ لە خەڵک بوو، لە هەموو چین و توێژێک. دیسان وەبیر ئەو رستە جوانە، بەڵام حەسرەتبارە کەوتمەوە:

" ئەوجاریش شەهیدەکان لە دەوری یەکتر کۆیان کردینەوە".

دێموکراتە لێک دابڕاوەکان، کۆمەڵە چەند کەرتەکان، چەپ و ڕاست و ئاییندار و بێ ئایینەکان، کورتی ببڕمەوە کوردە بەهەستەکان بەپانەوە هاتبوون.

لە پشت میکرۆفۆنە ڕەنگاوڕەنەکان کۆڵێک وتار پێشکەش کران و پەیام خوێندرانەوە، هەرکام بە ئەدەبیاتی تایبەتی خۆی. کۆماری ئیسلامی ئێران مەحکووم کرا و وەکوو تاوانباری سەرەکیی تەقینەوەکانی بەردەرکی قەڵای دێموکرات لە کۆیە دەست نیشانکرا.

نۆرە گەیشتە شەکیلا. ئەو جوانکیلە خەمبارەی کاتژمێرێک پێشتر دیتبووم. بێدەنگییەکی سەرنجڕاکێش ژوورەکەی داگرت. شەکیلا لە پشت میکرۆفۆن بوو.

ـ من شەکیلام، کچی عەلی قۆیتاسی. سڵاو و ڕێزم هەیە بۆ هەموو ئێوە هاوڕێیانی باوکی شەهیدم.

ئینسان نەیدەزانی سەیری شەکیلای خەمبار بکا یا گوێ لە وشە پڕلەهەستەکانی بگرێ. ئەو هەشت ساڵان، لەگەڵ دایکی ڕێگای تاراوگەنشینیی گرتبووەبەر. کاتێک قسەی دەکرد، سیمای هەشت ساڵ لەوە پێشی باوکی، هێشتا لە مێشک و خەیاڵیدا دەهات و دەچوو. ئەو بە سۆزێکی پڕ لە هەست لەگەڵ باوکی دەدوا. فرمێسک و خەم تێکەڵ بە ئاخاوتنی ببوون.

ـ باوکم هەموو تەمەنی خۆی لەپێناو ئازادی و سەربەرزی کوردستاندا فیدا کرد. باوکم درێژەدەری ڕێبازی شەهیدان بوو. ئەو خۆی تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان کرد.

کاتێک هەناسەی پڕ لە حەسرەتی هەڵکێشا، بەدەم هەنیسکی گریانەوە، دووبارە دەستی بە خوێندنەوەی پەیامەکەی کرد.
ـ باوکم تاجی ئیفتیخارە بە سەرمەوە..

بە بیستنی وشەی تاج، بۆ ساتێک بیرم لە شاجوانەکانی جیهان کردەوە. هەستم کرد شاجوانی من، شەکیلاکانن، مناڵانی بێبەشکراو لە سۆزی دایک و باوکەکانن.... ئاخ شاجوانەکەم شەکیلا، تاکەی مەرجی شاجوانیی کیژانی نیشتمانم، دەبێ بێکەسبوون بێ؟! هەموو میوانانی نێو ژوورەکە کاتێک فرمێسکی شەکیلایان بینی و گوێیان لە تاجی ئیفتیخار بوو، ئەسرین لە چاوانیاندا قەتیس ما. شەکیلا درێژەی بە پەیامەکەی دا. یەک ڕستەی گوت کە خۆی لە خۆیدا ڕۆمانێکی پڕ لە تراژێدیا بوو و بارتەقای قورسایی هەموو ڕۆمانەکانی جیهان. نزایەک بوو بۆ هەڵتەکاندنی کورسیلەی هەموو خواکانی نیهان.

خۆزگەیەک لەنێو دڵ و دەروونی هەموو هەژارەکان.

ـ مردن و سەرشۆڕی بۆ ئەوانەی بێباوکیان کردم.

شەکیلا بە ئەسپایی، بێماڵاوایی، ڕۆیشت.

خێرا دوای ئەو نۆرەی موژدە هات. ئەویش شاجوانێکیتر، ئەویش کچە شەهیدێکیتر.

ـ من موژدەم. من نوێنەری ڕاسپێردراوی ئێوەم. بەناوی هەموو ئێوە ئازیزان دەخوازم چەپکەگوڵێک پێشکەش بە شەکیلا بکەم و موژدەیەک بە خەڵات.

ژوورەکەم وەکوو دەریایەکی تۆفانی کەوتە بەرچاو. هەستەکان شەپۆلیان دەدا. لەگەڵ شەکیلا گریان و لەگەڵ موژدە، چاوەڕوانی موژدە.

ـ من لێرە دەخوازم بە شەکیلا بڵێم، چۆن خاکی کوردستانمان هەموو ڕۆڵەکانی نیشتمان لە باوەش دەگرێ، چۆن حیزبی دێموکرات بۆ ئێمە ماڵێک بوو، باوک و دایک بوو، بۆ من و هەموو کچ و کوڕە شەهیدەکان، بۆ تۆش شەکیلا گیان، هەروا دەبێ. بۆیە دڵگران مەبە. تۆ وەک خۆت گوتت شانازی بکە کچە شەهیدی، شەهیدێک بۆ حیزب، شەهیدێک بۆ کوردستان، کە ژیان و گیانی بەخشی...

بە موژدەی موژدە، دەریای شەپۆلاوی ساڵۆن هێوربۆوە. موژدەی کچە شەهید، وەکوو شاجوانی دوێنێی کچە شەهیدەکان، دەسکێ گوڵی پێشکەش بە شەکیلا کرد و لە ئامێزی خۆیدا لاواندییەوە.


پرسیار گەلێک لە دڵ و زەینی ئێمەی دژبەرانی هەڤدوودا بۆ جارێکیتریش دووپات بوونەوە:

دابڕان و پەرشوبڵاوی ئێمەی کورد تا کەی؟ بەتایبەت ئێمەی پێشڕەوی خەبات بۆ ڕزگاریی نیشتمان! دەبێ بۆ شاجوانە بێنازماوەکانمان، بۆ وەچەی داهاتوومان، لە دەفتەری مێژوودا چ بنووسین؟ ئاخۆ، تەنیا شەهیدەکانمان لە یەکتر کۆماندەکەنەوە؟

لە ژمارە ٦٩٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٤ی جانێویری ٢٠١٧

## سێ پارچە شێعری کورت کە لە لایەن مامۆستا ئاشقەوە لە ڕێوڕەسمی "یەڵدای خوێناوی" لە شاری ستۆکهۆڵم خوێندراونەوە




**ئاشق**

سێ پارچە شێعری کورت کە لە لایەن مامۆستا ئاشقەوە لە ڕێوڕەسمی "یەڵدای خوێناوی" لە شاری ستۆکهۆڵم خوێندراونەوە:

گوڵاڵەکان دەڕوێنەوە

------------------

دۆخ هەرچەندە تەنگەبەر بێ
هەنگاو دەنێم، ناکشـێمەوە
وەکوو گوڵ دوای پەڕپەڕبوونێ
هەموو ساڵێ دەڕوێمـــەوە

***

بڕوانن دەشتـــی ئەو زێدە
بە سوورەگوڵ داپۆشـــراوە
بە چاوی خۆم سەد جارم دی
گوڵ پێخوست بوو و هەر رواوە

***

ئەو کاروانەی بەڕێـــوەیە
ئاخری دەگاتە سەرمەنزڵ

مرادی رێبـــواری ماندوو
رۆژێکی هەر دەبێ حاسڵ
ئەستێرەکان
--------------
ئەستێرەکان،
لە هەرەتی زریوەدا،
یەکەیەکە،
لەبن هەوری ڕەشی چڵکن،
بزر دەبن، دەکوژێنەوە.
مۆم دەسووتێن،
دەوروبەریان رووناک دەکەن،
تنۆکتنۆک، دەتوێنەوە.
پەندێکی کۆنی کوردانە:
"دنیا تاسەر هەروا نابێ"
بای وادە، وادە ناشکێنێ،
هەورە رەشە دزێوەکان،
دیسان دەڕۆن،
دەبڕێنەوە.
پڕ بە ئاسمانێکی ساماڵ،
ئەستێرە دەزریوێنەوە.
هەر بینا هەزاران "ماملێ"،
لە هەر سووچێکی کوردستان،
تێیان هەڵکرد:
"دەڵێن کوێستانچی دێنەوە".
دەردی دڵێک
--------------
نەبینێ گوڵ بە پێخوستی، وەنەوشە سەر بەهەش نابێ
نەهاتی لێگەڕێ، دەرد و پـــەژارە باری لەش نابێ

که نەڕژێنێتە دڵ، دەستـــــــی قەزا، ژاراوی ناکامی
گلێنەی چاو، پڕی فرمێسکی سوێر و خوێنی گەش نابێ
سیاسەت گەر بپاڵێورێ لە خۆخوازی و لە خۆخۆری
دەروو دەکریتەوە بۆ یەکدڵی و، ئەو خەڵکە بەش نابێ

لە ژمارە ٦٩٥ی ڕۆژنامەی “کوردستان”دا بڵاو بۆتەوە

٤ی جانێویری ٢٠١٧

# وتووێژ

---

## ڕەزا کەعبی: پێویستە هەموو حیزب لایەنە کوردییەکان، ڕێگایێکی هاوبەش و یەکگرتووانە بگرنە پێش



به مەبەستی تاووتوێ کردنی، بەشێک لە ڕەهەندەکانی کردەوەی تیرۆریستیی شەوی سێ شەممە ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاویی بەر دەرگای قەڵای دێموکرات کە تێیدا ٧ کەس شەهید بوون، وتووێژێکمان لەگەڵ بەڕێز ڕەزا کەعبی، جێگری سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، ئەنجام داوە کە لێرەدا دەیخوێننەوە.



**ڕەزا کەعبی**

***ڕۆژی کورد:*** *تیرۆر چۆن پێناسەدەکەن؟ تیرۆریزمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بە چ مانایەکە؟*

**کەعبی**: تیرۆر و تیرۆری دەوڵەتی دامانە  لە دەستگای سەرکوت و لە دامرکاندنی نارەزایەتییەکان و بە تایبەت وره و هیوای خەڵک و تێکۆشەرانی سیاسیە. هەر بۆیە ڕژیمەکان پشت بە تیرۆر دەبستن. تیرۆر هەمیشە لێهاتوترین و مەترسیدارترین کەسایەتییەکان لە ڕوانگەی ڕژیمەکانەوە نشانە دەگرێ. بۆ کۆماری ئیسلامی کە یەکێک لە هارترین سیستمەکانی تیرۆری هەیە، بەتاڵکردنی جنونی کوشتار و مرۆڤکوژییە کە ئەشکەنجە و زیندان و سێدارە ڕازییان ناکات. ئەمنییەت و ئاسایشی خۆیان لە نائەمنیی بەردەوامی کۆمەڵگادا دەبینن و سێبەری تیرۆر نابێ کاڵ بێتەوە.

تیرۆریسمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بریتیە لەوەی کە لە بالاترین ئۆرگان و کەسانی ڕژیم خەریکی پلانی کوشتن و لە ناوبردنی دژبەرانن.

***ڕۆژی کورد**: کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ کپکردنی دەنگی نارەزایەتیی دژبەرانی لە ناوخۆ وتەنانەت دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش، کەڵک لە ڕەوشی ڕەشەکوژی وەردەگرێ. ئایا بە کارهێنانی ئەو شێوازە دەتوانێ ڕێکاری بەرەنگاری بێ؟ ئایا کۆماری ئیسلامی توانیوێتی لەو بواردا سەرکەوتوو بێ؟*

**کەعبی**: ڕاستە قوربانی زۆرمان داوە و ڕاستە تیرۆر هەمیشە لێهاتوترین و کارامەدترین کەسایەتییەکان نیشانە دەکات، بەڵام بە بڕاوی من نەتەنیا سەرکەوتوو نەبووە، بگرە کۆماری ئیسلامی باجی زۆری داوە. تیرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی ناوبانگی ئەم ڕژیمەی لە جینایەت و مرۆڤکوژی بە جهیانی کرد و لە ناوخۆی ئێرانیش ڕەشەکوژی و تیرۆر ڕێگای لە بەردەوامیی خەبات و جووجۆڵی سیاسی نەگرتووە.

***ڕۆژی کورد**: هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە گشتی و ئۆپۆزیسیۆنی کورد بەتایبەتی خەساری بەرچاویان بە هۆی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی وێکەوتووە، بۆ نەیانتوانیوە تا ئێستاش ڕووخساری ئەو تیرۆریزمە هەوسارپچراوە بە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بناسێنن؟*

**کەعبی**: من پێموایە تا ڕادەیکی بەرچاو تۆانیویانە ڕوخساری ئەو تیرۆریزمە بناسێنن. بەڵام ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە زۆرێک لە تیرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی، بە بێ هاوکاری یا لانیکەم چاوپۆشیی وڵاتان نەدەکرا. تیرۆریستەکان لهبەرچاوی هەموو جیهان ڕەوانەی تاران کرانەوە یان لە زیندانەکانی کورت ماوە، حوکمدران و دواتر گەیشتنەوە تاران و مامەڵەیان پێدەکرا بۆ بەدەسهێنانی ئیمتیازی ئابوور و... لە ساڵانی ڕەشی تیرۆریسمی کۆماری ئیسلامیدا، سیاسەتی ڕۆژئاوا "دیالۆگی ڕەخنەگرانە لهگەڵ کۆماری ئیسلامی" بوو کە ناوی ڕەمزی چاوپۆشی و دەست ئاوەڵاکردنی کۆماری ئیسلامی بۆ بردنە پێشی پیلانە تیرۆریستییەکانی بوو.

***ڕۆژی کورد***: *لە نوێترین هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ڕێورەسمی شەوی یەڵدا، ئاماژەکان کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک بکەری ئەو تاوانە دەسەلمێنن. لە زاری هیندێک لە وتەبێژانی دەسەڵاتی ئێران بە ڕاشکاوی قسە لە هێرش بۆ سەر دژبەرانی کۆماری ئیسلامی دەکرێ، تیرۆری شەوی یەڵدا دەکرێ وەک قۆناغێکی نوێ لە دەستپێکردنەوەی بەربڵاوتری تیرۆر لە دژی هێزە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی بێتە نرخاندن؟*

**کەعبی**: من لەسەر ئەوە پێداگر نیە کە بڵێم قۆناغێکی نوێ نیە، بەڵام ئەگەر ساڵی پار تەقینەوەکەی کۆمەڵەی شۆڕشگێر و تیرۆرەکەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان سەرکەوتوو بوایە، قۆناغە نوێیەکە لەو کاتەوە دەستیپێدەکرد؟ کەوایە گرنگ نیە قوناغی نوێیە یان نا و هیچ ناگۆڕێ. کۆماری ئیسلامی و تیرۆر وەها پێکەوە بەستراونەتەوە کە قۆناغ ناناسێ و بە بێ پسانەوە دەبێ کاری خۆی بکات. بەڵام نیشان دەدات کە پڕۆپاگەندەی ناوبۆشی هەموو ڕۆژەی کۆماری ئیسلامی بۆ فەوتاندنی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان، چەندە لەگەڵ ڕاستییەکانی کۆمەڵگای کوردستان و پێگەی جەماوەریی حیزبەکان دێتەوە؟ من پێموایە کۆماری ئیسلامی زۆر زۆر لە کوردستان و لەو حیزبانە کە دەڵێ نەماون نیگەرانە. کوردستان سەنگەرێکی زۆرزۆر قایمە لە دژی کۆماری ئیسلامی و لە کاتێکدا کە سەرتاسەری ئێران برسییەتی و هەژاری و دیاردە هەر تاڵەکانی کۆمەڵگا، ئێران و دەیان میلیون خەڵکی هەراسان کردووە و ڕژیم هەستی پێدەکات، هەر چەشنە هەستانێکی جەماوەری لە کوردستان و چالاک بوونی حیزبەکان دەتوانێ هەوێنی هەڵگیرسانی بزووتنەوە و شۆڕشی جەماوەری لە ئێران بێت. زێدەڕۆیی نیە گەر بڵێین جەرەقەی شۆڕشی جەماوەری لە دژی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانەوە لێدەدرێ، هەر بۆیە هیچ چەشنە دەرفەتێک لە دەست نادات و هەر پیلانێک دەگێرێت.

***ڕۆژی کورد***: *هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ بەرەنگاریی ئەو هەڵسوکەوتانەی کۆماری ئیسلامی پێویستە چی بکەن؟*

**کەعبی**: زۆر ئاشکرایە کە پێویستە بە زووترین کات کە زۆریش درەنگ کەوتووە، ڕێگایێکی هاوبەش و یەکگرتووانە بگرنە پێش. بە هۆی ئەوە کە کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و هەمووومان لە ڕێبەری و کادرەکانی زۆر جار قسە و لێدوانمان لە سەر پێویستیی ئەم کاری هاوبەش و یەکگرتنە هەبووە، لێرە زۆرتر لە سەری ناچم.

٢٢ / ١٢ / ٢٠١٦

# هاوار بازیان: بەبێ هاوکاریی خۆماڵی، ئەو کردەوە تیرۆریستییە سەرکەوتوو نەدەبوو


Kurdistan Regional Government
Represantative in I.R.of Iran

نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان
لەکۆماری ئیسلامی ئێران

No.
Date.

ژمارە: ٢٨١
رۆژ: ٢٠١٠/٧/٦

بۆ / بەڕێز کاک کەریم سنجاری
بەڕێز کاک دکتۆر خەسرۆ

لەگەڵ رێزمانە .....

نووسینگەی نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان
لە تاران

Tel:+98 21- 88 07 20 87 ,88 87 22 24 Fax: 021- 88 08 79 72 Email:krg_tehran@yahoo.com
www.krg-tehran.com

بە مەبەستی تاووتوێ کردنی، بەشێک لە ڕەهەندەکانی کردەوەی تیرۆریستیی شەوی سێ شەممە ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاویی بەر دەرگای قەڵای دێموکرات کە تێیدا ٧ کەس شەهید بوون، وتووێژێکمان لەگەڵ بەڕێز هاوار بازیان، ڕۆژنامەوان و چالاکی سیاسیی کورد ئەنجام داوە کە لێرەدا دەیخوێننەوە.



**هاوار بازیان**

***ڕۆژی کورد: یەکێک لە ئەندامانی پلە بەرزی یەکێتی لە ماڵپەڕی فەرمیی یەکێتیی نیشتمانی ـدا نووسیویە، تیرۆری کۆیە، کاری تورکیایە؟ بەڕای ئێوە کوردکوتەنی "تورکیە و تیرۆری کۆیە، کوجا مەرحەبا"؟***

**بازیان**: بە تۆزێک لێکدانەوەی سەرپێیی دەبینین تورکیا ئێستە لە بەرەی سعوودی و دژبەری ئێراندایە، بەرەیەک کە

هێزەکانی کوردیی نەیاری ئێرانیش خۆیانی تێدا دەبیننەوە، بۆیە هیچ پاساوێک هەڵناگرێ لە ئێستەدا ئەو کارە لەسەر دەست و ڕاسپاردەی تورکیا بێ. ئەو جۆرە لێکدانەوانە لە دوو ئەگەر بەدەر نین:

**یەک**: بەلاڕێدا بردنی ڕاستییەکان و لادانی چاوەکانی تیرۆر لەسەر کۆماری ئیسلامی.

**دوو**: ئەوەی بەڕاستی کە خاوەن ئەو بۆچوونە بە نەزانی و کاڵفامی دەستی بۆ پرسێکی وا گرینگ و مێژوودار بردووە کە من ئەگەری یەکەم بەهێزتر دەزانم.

***ڕۆژی کورد**: یەکێتی نیشتمانی هەم لە لێدوان و هەڵوێست و ناردنی ڕۆژنامەوانانی بۆ ئێران و هەمیش لە کۆبوونەوەی ئەنترناسیۆنال سوسیالیست، بە هەموو جۆر بەرگری لە ئێران دەکا و هیرش دەکاتە سەر تورکیە، ئەو سیاسەتە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ؟*

**بازیان**: یەکێتی، سیاسەتەکانی ناوخۆیی و دەرەکی لەسەر دوو بنەما دارشتووە. نەیاربوونی پارتی دیموکرات و نیشاندانی خۆی وەک هاوپەیمانێکی جێ متمانەی ئێران.

هەر لە سەرەتای دەستپێکی جووڵەی چەکداریی نوێی ڕۆژهەڵاتییەکان، یەکێتی هاوشانی ئێران پێیوابوو پارتی دیموکرات لە پشت ئەو هەڵسانەوەیە. واتە ڕوون و ئاشکرایە لەو پرسەدا هەردوو لایەن دەگەن بە خاڵێکی هاوبەش کە دەبێ بەربەرەکانی لەگەڵ بکەن. یەکێتی نیشتمانی بەداخەوە ئەوەندەی مەیلی تارانی هەیە، خەمی موکریانی نەبووە و نییە.

کێشەی گەورەتر لەوەی دووبەرەکیی سیاسیی ئەو هێزەیە کە زیاتر لە ٢٠ ساڵە بەناوی "دۆستی دیموکرات"، وەک سەرچاوەیەکی سیاسی بەرامبەر ئێران، سوودی لە بوونی کوردی ڕۆژهەڵات لە ناوچەکانی خۆی بردووە. هەربۆیە نەک دەرفەت بە دیموکرات نادەن، بگرە دەرفەتەکانی دیموکراتیش لەبار دەبەن کە بەرهەمی خوێن و ڕەنجی دیموکرات خۆیانە.

***ڕۆژی کورد**: نامەیەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو بۆتەوە لە نازم دەباغ، نوێنەری هەرێم لە تاران کە دەڵێ چاوەدێریی دێموکرات لە ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتوردا بکەن، ئەو نامەیە ئی ساڵی ٢٠١٠ یە، ئەو نیشان دەدا، یەکێتیی نیشتمانی لەمێژە لە سیاسەتەکانی ئێرانەوە گلاوە، بەڕای ئێوە بۆی هەیە دەستی یەکێتی لەو کردەوە تیرۆریستییەدا هەبێ، یان هەکێتی ئاسانکاری بۆ کردبێ؟*

**بازیان**: ئەو بەڵگەیە و دەیان بەڵگەی ڕاست و دیاری دیکە، هەموویان ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە یەکێتی ناتوانێ خەمی ئێران نەخوات! هاوکات کەس ناتوانێ بڵێ سەرجەم یەکێتی تێوەگلاوە لەوەی دژایەتیی دیموکرات و بزووتنەوەی نوێی کوردی

ڕۆژهەڵات بکا، بەڵام بێگومان بەشێکی "ئێرانی پەرەست"ی ناو یەکێتی کە زیاتر لە نیوەی ئەو حیزبە لەخۆ دەگرێ و سەر بە باڵی "زۆرینەن"، بۆ ئەوەی شوێنی لەقی ناوەخۆیی خۆیان و بەهای سیاسیان لە مەیدانەکەدا زیاتر لە دەست نەدەن، ئاسانکاری دەکەن بۆ ئەوەی ئێران بتوانێ ئەو پەیامە بە دیموکراتان بدات کە دەستمان دەگاتە بەردەم مەکتەبی سیاسیتان! بەڵێ ئەو کارە و شێوازی کردەوەکە و ئەگەر بەراوردی ڕووداوەکانی پێشتریش دەکەی بە یەک ئەنجام دەگەی: بەبێ هاوکاریی خۆماڵی، ئەو کردەوە تیرۆریستییە سەرکەوتوو نەدەبوو.

***ڕۆژی کورد**: بەڕای ئێوە لە هەمبەر ئەو لاگیرییە ئاشکرایەی ئێران لەلایەن یەکێتییەوە و هەروەها پەراوێزخستنی کوردی خۆرهەڵات و ڕێگری لە چوونەوەی پێشمەرگە بۆ زێدی خۆی، حیزبەکانی خۆرهەڵات زۆر شلگیر نین و زۆریان لەبەر یەکێتی دانەنەواندووە؟ ئەگەر بەڵێ، بۆ؟ ئایا دەتوانین بڵێین حیزبەکانی خۆرهەڵات، سەربەخۆییان لاواز بووە؟*

**بازیان**: ڕۆژهەڵاتییەکان لە ماوەی ٢٠ ساڵی مانەوەیان لە باوەشی باشوور، فێری زۆر شت بوون، یەکێک لەوانە "نەرمبوون"ی لەڕادەبەدەر بەرامبەر ئەوانەی بەناوی دۆست، دوژمنن. کاتی ئەوە هاتووە گلەیی لە یەکێتی و هیچ هێزێکی تر نەکەین و هەرچی گلەیی هەیە لە خۆمانی بکەین بەوەی: یەکێتی لەبەر بەرژەوەندییەکانی ئێمە ئامادە نەبووە و نابی دەست لە ملی ئێرانی هاوەڵی بکاتەوە و بەدیدێکی سیاسی ئەوە "ڕەنگە مەنتق" بی، بەڵام ئایا ئێمە تا کەی لەو هاوکێشەیەدا ژمارە "سیفر" بین؟ ئەگەر ئەو گلەییە لە خۆمان بکەین، یەکێتی و سەرجەم هێزەکانی تری کوردی و ناکوردی لە جیاتی ئەوەی بە چاوی بەزەیی سەیرمان بکەن، وەک هێزێک حسێبمان بۆ دەکەن.

دیموکرات دەتوانێ وەک هەموو ئەو هێزە شۆڕشگێڕانەی دیکەی کوردی، شاخ لە دوژمن بگرێ و بانگەواز بۆ ناوەخۆ و دەرەوە بدا لەوەی تێکەڵی بن، جا ئەوکات ئەگەر وەڵامی پێویستی وەرنەگرتەوە دەتوانێ گلەیی لەوانە بکات کە ئێستە ئەو ڕەخنانەی وەک ئێمەی لێدەگرن.

٢٢ / ١٢ / ٢٠١٦

## زەبیحی: هەتا لێکترازاو و پرژبڵاو بین دوژمنانی گەل و نیشتمان دەتوانن جینایەتی لەوە گەورەتریش بخوڵقێنن




**بە مەبەستی تاووتوێ کردنی، بەشێک لە ڕەهەندەکانی کردەوەی تیرۆریستیی شەوی سێ شەممە ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٥٥ی هەتاویی بەر دەرگای قەڵای دێموکرات کە تێیدا ٧ کەس شەهید بوون، وتووێژێکمان لەگەڵ بەڕێز هیوا زەبیحی چالاکوانی سیاسی و ئەندامی کومیتەی حدک لە دانمارک، ئەنجام داوە کە لێرەدا دەیخوێننەوە.**



**هیوا زەبیحی**

***ڕۆژی کورد: تیرۆر چۆن پێناسە دەکەن؟ تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی بە چ مانایەکە؟***

**زەبیحی: تیرۆر بە مانای لە ناو بردن و کوشتنی سیاسی و جە ستە یی لایەنی نە یار و دژبەردیت وە زیاتر حکومە تە توتالیتر و سەرەڕۆکان لە و شێوەیە کەڵک بۆ لەناوبردنی نەیاران و دژبەرانی سیاسیی خۆیان کەڵک وەردەگرن، چونکە توانای بیستنی دەنگی دژبەرانی خۆیانیان نییە، بە شێوەی گفتوگۆ و دیالۆگ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەیەکی مەدەنیانە و سەردەمیانە. تیرۆریزم سنوور ناناسێت و بۆ لە نێو بردنی نەیارانی سیاسیی خۆیان، بە هەر شێوەیەکی گوماناوی بۆیان بگونجێت کاری تیرۆریستیی خۆیان ئەنجام دەدەن.**

تیرۆر وشەیەکی سیاسیە بە واتای ترس و تۆقاندن و بەپێی جاڕنامەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، هیچ پێوەرێکی مرۆڤایەتی نییە.

لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری پەت و سێدارەی ئیسلامیی ئێران، هەروەک ئاماژەم پێکرد، سیاسەتی بنەڕەتیی ڕژیم، باوەڕی بە هیچ پێوەریکی ئینسانی و مرۆڤایەتی نییەو ترس و خۆف و زیندانی کردن و ئێعدامی کردۆتە پیشەی سەرەکیی خۆی لە ماوەی تەمەنی ٣٧ ساڵەی حکومەت کردنیدا، هەر بەو پێیە زۆر بە سانایی توانی بە شێوەگەلی جۆراوجۆر نەیاران و دژبەرانی خۆی لە سەرانسەری ئێران سەرکوت بکات.

یەکیک لە کردەوە دژی ئینسانییەکانی ڕژیم، کوشتن و تیرۆری نەیارانی سیاسیی خۆی بووە لە دەرەوەی سنوورەکان کە لە قاموسی سیاسیدا بە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی پێناسە دەکرێت، بو وێنە: تیرۆری کە سایەتی بە ناوبانگی ئێرانی (شاپوری بە ختیار) لە فەڕانسە، تیرۆری دوو سەرکردەی مەزنی حیزب و گەل (دوکتور قاسملو)ی نەمر لە ئوتریش و تیرۆری (دوکتور سەعید شەرەفکەندی) لە میکونوس ئاڵمان و دەیان نموونەی دیکە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات.

هەرچەند بە ڕواڵەت توانێویەتی سەرکەوتوو بێت بەڵام لە بنەڕەتدا سەرکەوتن هەر بۆ گەلە و مێژووش سەلماندوویەتی.

***ڕۆژی کورد**: کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ کپکردنی دەنگی نارەزایەتیی دژبەرانی لە ناوخۆ و تەنانەت لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش کەڵک لە ڕەوشی ڕەشەکوژی وەردەگرێ. ئایا کارهێنانی ئەو شێوازە دەتوانێ ڕێکاری بەرەنگاری بێ؟ ئایا کۆماری ئیسلامی توانیوێتی لەو بواردا سەرکەوتوو بێ؟*

**زەبیحی**: هەموو ڕژیمە سەرکوتکەرەکان، تیرۆرو کوشتنیان کردۆتە پیشە بۆ ئەوەی بتوانن درێژە بە دەسەڵاتی نگریسی خۆیان بدەن، بەڵام بۆ ماوەیەک دەتوانن سەرکەوتوو بن، بەڵام بۆ درێژخایەن ناتوانن.

***ڕۆژی کورد**: ڕژیمی دیکتاتوری ئیسلامی ناتوانێت دەنگی ی گەل کپ بکات، چونکە هۆکارگەلی بەرچاوی هەیە:*

**زەبیحی**: بە هۆی گەشە و پێشکەوتنی زانست و تەکنیک و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی، جیهان بۆتە گوندێکی پچووک و خەڵک زۆر بە سانایی و بە خێرایی دەتوانن ئاگاداری هەموو هەواڵ و باسێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و....تاد، لە گشت جیهان ببن. هەر ئەو هۆکارانە بوونەتە هۆی ئەوە کە هەموو چین و توێژەکانی گەل چاوکراوە بن و وەدوای زانست و عیلم و مە عریفەت بکەون و نەچنە ژێر باری خورافە و بیروباوەڕی کۆنرپەرستانە ی ڕژیم.

***ڕۆژی کورد**: هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە گشتی و ئۆپۆزیسیۆنی کورد بەتایبەتی کە خەساری بەرچاویان بە هۆی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی وێکەوتووە، بۆ نەیانتوانیوە ڕوخساری ئەو تیرۆریزمە هەوساریچڕاوە بە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بناسێنن؟*

**زەبیحی**: ئە و پرسیارە زۆر بە جێیەو زۆریش گرنگە بەلای منەوە.

- زۆر بەداخەوە لەم هەلومەرجەدا بە بڕوای من شتێکمان نییە بە ناوی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، ئەگەریش هەبن زۆر لاواز و بێ هێزن و نوزەیان لێوە نایەت، چونکە زۆر پڕژوبڵاو و لێک ترازاون و بە گشتی هەموویان لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیان هەنگاو دەنێن و ئەو لاوازی و پڕژوبڵاویی ئۆپۆزیسیۆن بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕژیم زیاتر توانیویەتی درێژە بە دەسەڵاتداریی دژی گەلیی خۆی بدات و زۆریش بە سانایی توانیویەتی پەل بهاوێژێت بۆ دەرەوەی وڵات و ئۆپۆزیسیۆنی خۆی زیاتر پچڕپچڕ بکات.

هۆکاری سەرەکیی ئەو پڕژوبڵاویە نەبوونی باوەڕو متمانەیە بە یەکتری لە نێو ئۆپۆزیسیۆندا، ئەو هۆکارانەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە ڕژیمی دەسەڵاتدار، بتوانێ خەساری بەرچاو لە نەیارانی خۆی بدات و حیزبەکان بە شتگەلی جیاواز سەرقاڵ بکات کە سەریان نە پڕژێتە سەر ناساندنی ڕوخساری واقعەی ئاخوندەکان بە دنیای دەرەوەو کۆمەڵگای جیهانی.

بە نیسبە ت ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانیش هەر ئە و واقیعە تالە ی سەرە وە کە بـو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی باسمان کرد فە رقیکی ئە وتوی نییەلە ئاست خە ماردی و پرژوبلاوی و یەکنەگرتوویی لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی!

جیاوازییەکی سەرەکی کە لە نێوان ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کوردستانی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ جەماوەری خۆیان و گۆڕەپانی خەباتیان نیە و بە جێیان هێشتووە، بەڵام ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی وجودی ناوخۆیی و دەرەکییان هەیە بەڵام نەبوونی یەکگرتوویی و یەکڕیزی و بەرەیەکی یەکگرتوو لە نێوانیاندا بۆتە هۆی ئەوەی کە نەتوانن لە پێناو مەبەستێکی سەرەکی واتە لە قاودانی ماهییەتی تیرۆریستەی ڕژیم بۆ دنیای دەرەوەوە و کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیی هەنگاو هەڵبگرن.

***ڕۆژی کورد**: لە نوێترین هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمی شەوی یەڵدادا، ئاماژەکان کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک بکەری ئەو تاوانە دەسەلمێنن. لە زاری هیندێک لە وتەبێژانی دەسەڵاتی ئێران بە ڕاشکاوی قسە لە هێرش بۆ سەر دژبەرانی کۆماری ئیسلامی دەکرێ، تیرۆری شەوی یەڵدا دەکرێ وەک قۆناغێکی نوێ لە دەست پێکردنەوەی بەربڵاوتری تیرۆر لە دژی هێزەکانی دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی بێتە ئەژماردن؟*

**زەبیحی**: بەڵێ، بە بڕوای من ئە و تیرۆرە ی قەلای دێموکرات لە نزیک دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان، زەنگێکی مەترسیدارە بۆ هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت هەردوو باڵی دیموکرات و ڕاستەوخۆ پێیان دەڵێم هەتا لێکترازاو و پرژبڵاو بین دوژمنانی گەل و نیشتمان دەتوانن جینایەتی لەوە گەورەتریش بخولقینن.

ئەو جینایەتەی قەڵای کۆیە و شەهید کردنی پێنج پیشمەرگەی قارەمانی حدک و دوو ئەفسەری ئاسایشی کۆیە بە بێ هیچ شک و گومانێک، ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هۆکاریەتی و حیزبی دیموکراتی کوردستان، هیچ نەیارو دوژمنێکی تری نیە بێجگە لە ڕژیمی تیرۆریستپە روەری ئێران.

***ڕۆژی کورد**: هێزە سیاسیە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەرەنگاری لەگەڵ ئەو هەڵسو کەوتانەی کۆماری ئیسلامی پێویستە چی بکەن؟*

**زەبیحی**: ئۆپۆزیسیۆنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستان دەبێ هاوکاریی بە کردەوەیان لە هەموو بوارەکاندا هەبێت، بەتایبەت لە زانیاریی هەواڵگری و ئاسایشیدا دەبێ ڕاستەوخۆ پێوەندیان پێکەوە هەبێت و لە دانی زانیاری بە یەکتر خۆ نەبوێرن.

لە کۆتاییشدا لەلایەن خۆمەوە سوپاسی بێ بڕانەوەم هەمە بۆ بەڕێوەبەرانی ڕۆژی کورد.

٢٢ / ١٢ / ٢٠١٦

## ئەلبورز ڕووئین تەن: کۆماری ئیسلامی لە هەموو هێزی خۆی بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد و ئامانجەکانی گەلک وەردەگرێت



به مەبەستی تاووتوێ کردنی، بەشێک لە ڕەهەندەکانی کردەوەی تیرۆریستیی شەوی سێ شەممە ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاویی بەر دەرگای قەڵای دێموکرات کە تێیدا ٧ کەس شەهید بوون، وتووێژێکمان لەگەڵ بەڕێز ئەلبورز ڕووئین تەن، چالاکی سیاسیی کورد ئەنجام داوە کە لێرەدا دەیخوێیننەوە.



**ئەلبورز ڕووئین تەن**

***ڕۆژی کورد: تیرۆر چۆن پێناسە دەکەن؟ تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی بە چ مانایەکە؟***

**ڕووئین تەن**: بەکارهێنانی توندوتیژی بەرانبەر هەر تاک یان گروپ یان ڕێکخراوێک یان وڵاتێک، بە ئامانجی وەدەستهێنانی بەرژەوەندیی سیاسی و ئیدۆلۆژی، دەکەوێتە خانەی تیرۆرەوە. لێرەدا جیاوازی هەیە لە نێوان خەباتی ئازادیخوازان، ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکان. خەباتی ئەوان تەنانەت ئەگەر شەڕیش بکەن، لە پێناو نرخە گەردوونییەکان و مافە ڕەواکان دایە، شەڕیش یاسای خۆی هەیە کە ناکەوێتە چوارچێوەی تیرۆرەوە. وشەی تیرۆر لە زمانی فەڕانسەویدا بەواتای ترساندن یا تۆقاندن هاتووە. تیرۆر چەند جۆری هەیە. تیرۆری دەوڵەتی یەکێکە لەوانە، واتە دەولەتێک بە کردەوەی توندوتیژی، هەوڵ دەدات دژبەرانی خۆی لەناو بەرێت. بەو پێناسەیە تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی بۆ لە

ناو بردنی دژبەرانی خۆی بە هەموو شێوازێک و بەوپەڕی دڕەندییەوە هەر لە ڕۆژی یەکەمی هاتنە سەرکاریەوە دروست بووە، چونکو لە یەکەمین ساتەکانی هاتنە سەر حوکمی، خومەینی و دارودەستەکەی فەرمانی کوشتنی زۆر کەسیان دەرکرد و دواتر ئەنجامیان دا، تەنیا بە بیانووی ئەوەی کە دژی ئەوانن یان وەک ئەوان بیر ناکەنەوەو بۆ سەرپۆش لەسەر دانانیشی، کەڵکیان لە ناو و دەستوری ئیسلامی وەرگرت. بۆ نمونە ئەو کەسەی کە فەرمانی کوشتنی دەدا، پۆستی حاکمی شەرعی ئیسلامی هەبوو. لەو سەردەمەوە تا ئێستا بە هەزاران هەزار دژبەری کۆماری ئیسلامی لە نێو براون کە بەدەستی کۆماری ئیسلامی کراوە و بەشێکیان لە دادگا نێودەوڵەتیەکان سەلمێندراون.

***ڕۆژی کورد**: کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ کپکردنی دەنگی نارەزایەتیی دژبەرانی لە ناوخۆ و تەنانەت لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش کەڵک لە ڕەوشی ڕەشەکوژی وەردەگرێ. ئایا کارهێنانی ئەو شێوازە دەتوانێ ڕێکاری بەرەنگاری بێ؟ ئایا کۆماری ئیسلامی توانیویێتی لەو بواردا سەرکەوتوو بێ؟*

**ڕووئین تەن**: بێ گومان ئەو شێوازە ناتوانێ ڕێکاری بەرەنگاری بێت، چونکو پێچەوانەی هەموو ڕێسا و پرەنسیپ و یاسای نێودەوڵەتی و ئەخلاقی مرۆڤیە، واتە تەنیا جینایەتکاران و تیرۆریستەکان کەڵک لەو شێوازانە وەردەگرن. لە هەمان کات دا نە کۆماری ئیسلامی و نە هیچ وڵاتێکی تر ناتوانێ بە بەکارهێنانی تیرۆر بگاتە ئامانجی خۆی، بەتایبەتی ئەگەر تیرۆر دژی ئازادیخوازان بێت، چونکو مێژووی مرۆڤایەتی سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە داواکارانی مافی ڕەواو ئازادیخوازان سەردەکەون. بۆ کورد و ئێران ئەو چەندە هەر زۆر ڕوون و ئاشکرایە، چونکو کۆماری ئیسلامی لە هەموو هێزی خۆی بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد و ئامانجەکانی کەڵک وەردەگرێت، کۆماری ئیسلامی زۆر خوێنی ڕژاند بەڵام ئێستاش خەباتی کورد هەر بەردەوامە کەواتە ئەوە خۆی بەڵگەیە بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێت.

***ڕۆژی کورد**: هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە گشتی و ئۆپۆزیسیۆنی کورد بەتایبەتی کە خەساری بەرچاویان بە هۆی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی وێکەوتووە، بۆ نەیانتوانیوە ڕوخساری ئەو تیرۆریزمە هەوسارپچڕاوە بە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بناسێنن؟*

**ڕووئین تەن**: ئەو چەندە دوو بەشە. بەشێکی پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە کە لەو بوارە کەموکوڕیمان هەبووە. ئێمە دەمانتوانی بە کەڵک وەرگرتن لە کوردانی تاراوگە، باشتر ئەو کارە بکەین و دەنگی ستەملێکراویمان تا ئەو شوێنەی کە دەتوانین بگەیێنین بە هەموو ناوەندەکانی سیاسی و یاسایی و بگرە کەلتووریی ئوروپاش. هەروەها لایەنە سیاسیەکان لەو بوارەدا دەیانتوانی زۆرتر کار بکەن. بۆ نمونە ئێستاش دۆستانی کورد بەشێکی بەرهەمی دیپلۆماسیی ڕێبەری شەهید، دکتور قاسملوون، کەواتە ئەگەر کار کرابا باشتر دەمانتوانی ئەو دەنگە بگەیێنین، هەرچەند کاریش کراوە بەڵام پتانسێلی ئەنجامی زۆرترمان هەیە و حەوجێبیەکیشە. بەشی دووهەمی ئەو باسە پەیوەندی بە لایەنە نێودەوڵەتیەکان و وڵاتانی

ڕۆژئـاوایە هەیە کە تـا چەنـد ئامـادەن گـوێ بـۆ ئـێمە ڕاگـرن و نـرخە گەردوونیەکـان لە سەروی بەرژەوەنـدییە ئابوریەکـان دابنـێن، چونکـو هەر وڵاتێـک زیـاتر لەو نرخـانە بەرژەوەنـدیی خـۆی لەبەرچـاو دەگـرێ، بە تـایبەتی لە گەڵ وڵاتێکـی دەوڵەمەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی وەکوو ئێران بە حەشیمەتێکی زۆرەوە کە هەم کڕیارێکی باش و هەم خـاوەن مـادەی خـاوی زۆرە، هەر بۆیەش زیاتر لە فاکتەری چالاک بوون لەو بوارە دەبێ فاکتەری تریش هەن دە بەرچاو بگیرێت.

***ڕۆژی کورد**: لە نوێترین هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمی شەوی یەڵـدادا، ئاماژەکان کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک بکەری ئەو تاوانە دەسەلمێنن. لە زاری هینـدێک لە وتەبێژانـی دەسەڵاتی ئێران بە ڕاشکاوی قسە لە هێرش بۆ سەر دژبەرانـی کۆمـاری ئیسلامی دەکـرێ، تیـرۆری شـەوی یەڵـدا دەکـرێ وەک قۆنـاغێکی نـوێ لە دەستپێکردنەوەی بەربڵاوتری تیرۆر لە دژی هێزەکانی دژبەرەکانی  کۆماری ئیسلامی بێتە نرخاندن؟*

**ڕووئین تەن**: من نـاتوانم وەک دەستپێکێکی تـری بـزانم چونکـو کۆمـاری ئیسلامی هەر ڕانەوەسـتاوە و بە شێوازی جوراوجـۆر هەر بەردەوام بووە، کەم یـا زۆر، دەبێت لەلایەکی دیکەش ئەو چەنـدە پەیوەنـدی بە جـووڵانەوەی کـورد هەیە تـا بەهێزتـر دەبێت  کۆمـاری ئیسـلامی زیـاتر لە تیـرۆر کەڵـک وەردەگریـت لەو بوارەشـدا بە ئەزمـونێکی زۆرتـر و دەسـتێکی کراوەتـرەوە بەردەوامی بە کارەکانی دەدات. بەڵام بە هـۆی نـاوەرۆکی کۆمـاری ئیسلامی و هەبـوونی عەقڵیەتـی چارەسـەریی گرفتەکـان بە تیرۆر، پێشبینیی زیادتربوونی ئەو کردەوانە دەکرێت، بەتـایبەتی ئەگەر شۆڕشی کورد تـاکتیکی خۆی لە بەرگرییەوە بگوڕێت بۆ هێرش، دەبـێ پێشبینی هەمـوو کـردەوەیەک بکەیـن. ئەو چەنـدەش بە ئاشکراو تەنـانەت بە شـانازییەوە لەلایەن کۆمـاری ئیسلامی و گرووپە ژێردەستەکانیەوە بـانگەشەی بۆ دەکرێت.

***ڕۆژی کورد**: هێزە سیاسیە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەرەنگاری لەگەڵ ئەو هەڵسو کەوتـانەی کۆماری ئیسلامی پێویستە چی بکەن؟*

**ڕووئین تەن**: هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات دەبێ هەماهەنگی زیـاتر لە بەرنامەی کـاریی خۆیـانـدا جێبکەنەوە. هەروەهـا هەر چەشنە یەکگرتوویی و هاوئاهەنگیی هێزەکان، دەتوانێ پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی پـووچەڵ بکـاتەوە، هەروەهـا بەردەوامی لە سەر شۆڕش و پشتیوانیی شۆڕش کە ئێستا بە ناوی ڕاسان نـاوی دەرکـردووە، دەبێـتە هـۆی ئەوەی کۆمـاری ئیسلامی زیـاتر بشڵەژێ و ئامانجەکانی ڕاسان کە لێکگرێدانی خەبـاتی شـاخ و شـارە، بەدیـدێت و ئەوکـات دەتـوانین بڵێین تیـرۆری کۆمـاری ئیسلامی نـامێنێ.

***ڕۆژی کورد**: ئەگەر بابەتێکتان سەبارەت بەو مژارە هەیە کە لە پرسیارەکاندا ئاماژەی بۆ نەکراوە بفەرموون؟*

**ڕووئین تەن**: من لە کۆتاییدا دەمهەوێ بە کورتی باس لە سیاسەتی تیرۆر لە کۆماری ئیسلامی دا بۆ وەرگرتنی خاڵی زیاتر لە دانوستاندنەکان کە لە ساڵانی دواییدا زۆرتر بووە ئاماژە پێبکەم کە لە تیرۆر وەک چەکێک بۆ بەدیهێنانی ئامانجە گڵاوەکانی کەڵکی لێوەردەگرێت و هەروەها بۆ ئەو چەندەش سنوور ناناسێت ئەگەر بە چاوێکی شیکارییەوە سەیری تیرۆرەکانی جیهان لەو دواییەدا کە بەدەستی داعش یان گرووپی تر دەکرێن بکەین بە جۆرێک لە بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامیدا تەواو ، هەر بۆیەش زیاتر لە کورد دەبێ کۆمەڵگای جیهانی پێشی بەو ڕەوتە بگرێت ئەگەر نا دۆخی جیهان بەرەو خرابتر دەڕوات.

٢٢ / ١٢ / ٢٠١٦

# یەکەم هەنگاوی کردەیی هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ تیرۆری دژبەرانی لە کۆیە ڕەنگی داوە/ وتووێژ لەگەڵ هەڵمەت مەعرووفی



پاسدار حوسێن سەلامی، جێگری فەرماندەی گشتیی سپای تیرۆریستیی پاسداران، ئەمڕۆ دووشەممە ١٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی لە ڕێوڕەسمی وەبیرهێنانەوەی کوژراوانی ئیتلاعاتی سپا لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران لە ئورمیە، وێڕای تاوانبارکردنی ئەمریکا و ئیسرائیل بە دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی ئێران، ڕوو لە دژبەرانی کۆماری ئیسلامی گوتی: "ئێمە هیچ هێڵێکی سوورمان بۆ شوێن کەوتن و ڕاوەدوونانی دژبەرانمان نیە".

***پاسدار سەلامی ڕوو لە دژبەرانی ڕژیمی ئێران گوتی: "لە هەر شوێنێکی ئەو جیهانە بن، دەیانکوژین".***

هەڵمەت مەعرووفی، ڕۆژنامەوانی کوردستانی خۆرهەڵات، بە ئاماژە بە هەڕەشەکانی جێگری فەرماندەی گشتیی سپای تیرۆریستیی پاسداران لەمەڕ تیرۆری دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە هەر شوێنێکی جیهان، لە لێوانێک بۆ ڕۆژی کورد گوتی:

"یەکەم هەنگاوی کردەیی کۆماری ئیسلامی ئێران کە وەک ماکەی تیرۆر و تیرۆریزم لە جیهان بە گشتی و خۆرهەڵاتی ناڤین بەتایبەتی، ناسراوە، لە دوای ئەو هەڕەشانە، لە قەڵای دێموکرات خۆی نواند، ئەو تیرۆرە هەر کەس یان کەسانێک کردبێتیان، بە پیلان و پارە و ئەمری ئێران بووە و ئەوەمان پێ ڕادەگەیێنێ کە کۆماری ئیسلامی دەستی بە تیرۆرەکان لە هەمبەر چالاکانی کوردستانی خۆرهەڵات و حیزبەکانی کردۆتەوە و دڵنیاشم دوای تەواوبوونی شەڕی موسڵ و دەست ئاوەڵاتر بوونی ئێران و هاوپەیمان و گزیرەکانی، ئەو هێرشانە بەربەرینتر و جیاوازتر دەبنەوە".

مەعرووفی لە درێژەدا ئاماژەی بە لیدوانی یەکێک لە کادرە پلەبەرزەکانی یەکێتی نیشتمانی لە ماڵپەڕی فەرمیی ئەو حیزبە دا و گوتی: "هێنانە ئارای باسێکی ئەوتۆ، جیا لەو ڕوخسارە ڕواڵەتییەی کە هەیەتی و سەرئەسپێدراویی تەواو و بێ

ئەملاوئەولای بەشی سەرەکیی یەکێتیی نیشتمانە بە ئێران نیشان دەدا -کە پێویست ناکا باس لە مێژوو و نموونە بەربڵاوەکانی بکەم - ڕواڵەتێکیشی شاراوەشی هەیە. بێژەری ئەو قسە و دەستە پشتی پەردەکانی گەرەکیانە بێژن، حیزبەکانی سەر بە تورکیە -کە ئەوان کوردانی خۆرهەڵات و پارتی دێموکراتی کوردستان وا پێناسە دەکەن- بە بکەری ئەو کردەوە تیرۆریستییە بناسێنن. ئاژاوە نانەوە و دووبەرەکی و تەنانەت دەست تێدابوونیان لە ئینشعاب و دابڕانەکانی جەستەی خۆرهەڵات، شتێکی تازە نیە و ئەوەش درێژەی ئەو حەوت خانەیانە.".

ئەو ڕۆژنامەوان و چالاکە سیاسییەی کوردستانی خۆرهەڵات لە کۆتایی لێدوانەکەیدا باسی لە ڕێگا چارە کرد و گوتیشی:

"هەموو کەس دەزانێ ڕێگاچارە چیە. لە کێ دەپرسن بۆتان باس دەکات. یەکگرتنەوە، یەکریزی و دەرچون لە قۆناغی باشوورنشینی تەنیا ڕێگا چارەیە. بەو شێوەیە هەم خەسارە ناوخۆییەکانی حیزبەکان و هەمێش خەسارە دەرەکییەکان، کەم دەبنەوە. حیزبەکان دەبێ لە ئێستاوە لیوەلەرزەی تەواوبوونی شەڕی موسڵ و داعشیان لێ بێ، بە کوردی، داعش ئەگە ربمرێ لە حیزبەکانی خۆرهەڵات دەمری، کەواتە باشتر وایە واز لە تەخت و بەختی باشوور بهێنندرێ بۆ هەمیشە کە ئەوەش بەستراوە بە ئیرادە و مەیل و ئارەزووی سەرکردایەتییەکانی ئەو کاراوانەوە و لە دەسەڵاتی ئێمەی ڕۆژنامەنووس و خەڵکانی تر کە تەنیا بۆ دابڕان حیسابیان بۆ دەکرێ و بۆ یەکگرتنەوە بە هیچ وەرناگیرێن، بەدەرە".

٢٢ / ١٢ / ٢٠١٦

# کۆڕیاد، ڕێورەسم، خۆپێشاندان و چالاکی

------------------------------------------------------------------------

## لە هەڵەبجە گردبوونەوەیەک دژی تەقینەوەکانی کۆیە ئەنجامدرا



ڕۆژنیوز - جیهاد هەورامی

بەشێک لە ڕێکخراوەکان و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی شاری هەڵەبجە دژی تەقینەوەکانی بەردەم دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستان (حدکا) لە شاری کۆیە، گردبونەوەیەکی نارەزایەتیان ئەنجامدا.

ئەمڕۆ لە شاری هەڵەبجە لەسەر مەزاری شەهیدان و بە ئامادەبونی ژمارەیەک لە ڕێکخراوەکان و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەسوکاری شەهیدان، گردبونەوەیەکی نارەزایەتی ئەنجامدرا و لە بەیاننامەیەکدا تەقینەوەکانی دژ بە حزبی دیموکرات شەرمەزارکرا و داواشکرا بکەرانی ئەو کردەوەیە بدۆزرێنەوە و سزابدرێن.

سۆران هەڵەبجەیی، چالاکوان بەیاننامەی نارەزایی ئامادەبوانی خوێندەوە و وتی: "وەک لای هەموان ئاشکرایە گەلی کورد بە درێژایی مێژوو خەباتی کردووە و تێکۆشاوە لەپێناو بەدەستهێنانی مافە زەوت لێکراوەکانی لەسەر خاک و زێدی خۆی، تا بتوانێت پارێزگاری لە کلتور و فەرهەنگی خۆی بکات، بەڵام ئەووەی جێگای داخە لەلایەن گەلانی سەردەست و خاوەن هێزی

خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، گەلی کورد وەک گەلێکی سەربەخۆ نەناسراوە و خاکەکەی داگیرکراوە و پارچە پارچەکراوە و کلتور و فەرهەنگەکەی هەڕەشەی سڕینەوە و لەناوچونی لەسەرە".




ناوبراو ئەوەشی ڕاگەیاند: "ئەوەی جێگای داخ و نیگەرانیە دزەکردنی تیرۆریستانە بۆ نێو خاکی کوردستان و ئەنجامدانی کردەوەیەکی ترسنۆکانە و شەرمنانە لەلایەن ئەوانەی، کە تینون بە خوێنی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و چاویان بە ئارامی کوردستان هەڵنایات، لەو شەوەدا کە ئاهەنگی شەوی یەڵدا و مەراسیمی کوردانی خۆرهەڵاتی کوردستان کرایە ئامانج، لەکاتێکدا سەرقاڵی بەرێکردنی شەوی یەڵدا بوون کە بەشێکە لە کلتوری گەلەکەمان، کە بووە هۆی شەهیدبوونی کۆمەڵێک قارەمان و دوو کارمەندی ئاسایشی شاری کۆیە".

لە کۆتایی بەیاننامەکەشدا ئاماژە بۆ ئەوە کرا: "ئێمە لە ئەنجومەنی ڕێکخراوەکان و چالاکوانان لە پایتەختی ئاشتی وێڕای ئیدانەکردن و شەرمەزارکردنی ئەم کردەوە تیرۆرستیە، داواکارین لەلایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم و دەزگا ئەمنیەکان کە لێکۆڵینەوەی جدی بکەن لە ئاشکراکردن و دۆزینەوەی ئەو دەستانەی کە لە پشتی ئەو تاوانەوە بون و هەوڵەکان چڕ بکرێتەوە بۆ ڕێگریکردن لە کردەوەی تیرۆریستی دیکە و بە سزاگەیاندنی تیرۆریستان".

شەوی ٢٠ی ئەم مانگە دوو تەقینەوەی یەک لەدوای یەک لەبەردەم بارەگای سەرەکی حزبی دیموکراتی کوردستان (حدکا) لە کۆیە ڕوویاندا و بەهۆیەوە پێنج پێشمەرگەی حزبەکە و دووی کارمەندی ئاسایشی کۆیە شەهیدبوون.

ک.ک

٢٢ - ١٢ - ٢٠١٦

# ڕاپۆرتی ڕۆیتەرز سەبارەت بە تەقینەوەکانی بەردەم بارەگای حیزبی دێموکراتی کوردستان




هێزێکی کوردی ئێرانی تاران بەو تەقینەوانە تۆمەتبار دەکا کە کوژرانی شەش کەس لە [کوردستانی] عیراقی لێکەوتەوە.

گرووپێکی ئۆپۆزیسیۆنی چەکداری کوردی ئێران ڕۆژی چوارشەممە ئێرانی بە بەرپرسیاری ئەو تەقینەوانە لە قەڵەم دا کە بوونە هۆی کوژرانی پێنج کەس لە جەنگاوەرانی و پۆلیسێکی کورد لە باکووری عیراق.

درەنگانی سێشەممە دوو تەقینەوە بارەگاکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان لە کۆیسەنجەق کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی هەولێر (پێتەختی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عیراق) کردە ئامانج.

ئاسۆ حەسەن زادە بە ئاژانسی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاند دوای تەقینەوەی یەکەم، لە کاتێکدا ئەندامانی ئەو حیزبە و پۆلیس ڕژابوونە شوێنی تەقینەوەکە، تەقینەوەی دووەم کە زۆر بەهێزتر بوو ڕووی دا.

حەسەن زادە کە لە ڕێوڕەسمی ناشتنی جەنگاوەرانی کوژراو لەو تەقینەوەیەدا دەدوا، گوتی "هیچ گومانمان نیە کە ئەو هێرشە کاری ڕێژیمی ئێرانە". ئەو بەڵام ڕایگەیاند "لە هیچ حاڵەتێکدا ئێمە چالاکییەکانی خۆمان ڕاناگرین".

هاوینی ڕابردوو شەڕکەرانی حیزبی دێموکڕات لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران لەگەڵ پاسدارانی شۆڕش دەرگیر بوون کە لە ئەنجامدا چەندین کەس لە هەردوولا کوژران. حەسەن زادە دەڵێ لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا ئەوە هێزەکانی ئێران بوون کە دەسپێشخەری تێکهەڵچوونەکان بوون.

ئاسۆ حەسەن زادە هەروەها گوتی پێشمەرگەکانی ئێمە بە مەبەستی چالاکیی نیزامی ناچنەوە ناوخۆی ئێران. "چوونەوەی

پێشمەرگەکانی ئێمە بۆ نێوخۆی ئێران زۆرتر بە مەبەستی چالاکیی تەشکیلاتی و سیاسی و بۆ ئەوەیە کە لەگەڵ خەڵکی خۆمان لەپێوەندیدا بین و لە وڵاتی خۆمان حزوورمان هەبێ".


کوردەکانی ئێران کە ژمارەیان لە ٨ تا ١٠ میلیۆن کەسە، زۆرتر لە باکووری رۆژئاوای ئێران و لەو ناوچانە دەژین کە لە ناوچە کوردنشینەکان لە عیراق و تورکیە نزیک و هاوسنوورن.

حیزبی دێموکڕات دەڵێ هیچ ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشی لەگەڵ گرووپە کوردییەکانی تر لە عیراق، تورکیە و سوریە نیە.

رۆیتەرز هەوڵی دا لێدوانی وتەبێژێکی رەسمیی رێژیمی ئێران [لەپێوەندی لەگەڵ ئەم تەقینەوانەدا] وەربگرێ بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

٢٤ / ١٢ / ٢٠١٦

## بڵاوبوونەوەی هەواڵی تەقینەوەکەی شەوی یەلدا لە میدیاکانی نۆڕوێژدا




ڕووداوی پەلامارە تێرۆریستییەکەی سەر بنکەیەکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە شەوی یەلدا کە شەهیدبوونی ٥ پێشمەرگە و ٢ کەس لە هێزەکانی ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێکەوتەوە، لە ڕۆژنامەکانی نۆڕوێژدا دەنگدانەوەی بووە.

ڕۆژنامەی " ڕ ب نێت"، رۆژنامەی "هاشتا تیدەنە"، " ن . ر . ک"( ماڵپەڕی کاناڵی ڕەسمیی تیڤیی نۆرویژ) و

ڕۆژنامەی"ڤەردێنس گانگ" چەند ڕۆژنامەیەک بوون کە هەواڵی پێوەندیدار بەو ڕووداوە و بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ڕووداوەیان بڵاو کردۆتەوە.

٢٤ / ١٢ / ٢٠١٦

## بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێک دژ بە ڕژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتی بریتانیا




**ناوەندی هەواڵ - بریتانیا:** بەمەبەستی ڕیسوا کردنی کردەوە تێرۆریستییەکەی شەوی ١ی بەفرانبار کە کۆمەڵێک لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە نزیک بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبەکەمان کرد کردە ئامانج و بووە هۆی شەهید بوونی ٥ پێشمەرگە و ٢ کەس لە ئەندامانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٤ی دێسامبری ٢٠١٦ی زایینی، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی بریتانیا خۆپیشاندان و ئاکسیۆنێکی بەرینیان ڕێکخست.

لەو خۆپیشاندانە دا نوێنەری بەشێک لە حیزب و ڕێکخراوەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، کۆمەڵێکی زۆر لە ئەندام، دۆست و لایانگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی بریتانیا و دەیان کەس لە کوردانی خاوەن هەڵوێستی نێشتەجێی ئەو وڵاتە تێیدا بەشدار بوون.

ئەو خۆپیشاندان کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ بە کاتی لەندەن، لە بەردەم جاسوسخانەی ڕژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران

لە شاری لەندەن، بە سروودی دوژمن شکێنی ئەی رەقیب و خولەکێک بێ دەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی سووورخەڵاتی گەلەکەمان، بە تایبەتی ٧ شەهیدی تەقینەوەکانی شەوی ١ی بەفرانبار دەستی پێکرد. پاشان کاک کەیوان شێرزاد ئەندامی کومیتەی گشتی حیزب لە بریتانیا لە وتەیەک دا ڕیزی بەرنامەکان و مەبەستی خۆپیشاندانەکەی بۆ ئامادە بووان باس کرد. پاشان دەیان درووشمی جۆراوجۆر بە زمانەکانی ئینگلیسی، کوردی و فارسی دژ بە ڕژیمی تێرۆریستی پەروەری ئیسلامی ئێران بە دەنگی بەرز گوترانەوە و چەندین سروودی شۆڕشگێرانەش بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ئەو شەهیدانە، لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە خوێندران.

بە دوای ئەوانە دا هاوڕێ یونس موکری، ئەندامی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا بڕیارنامەی خۆپیشاندەران کە لە پێنج خاڵ پێکهاتبوو بۆ بەشداران خوێندەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە چەندین دەزگای ڕاگەیاندنی کوردی و خاریجی ڕیپۆرتاژیان لەو خۆپیشاندانە ئامادە کرد و تەلەفزیۆنی ڕووداو بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ ڕیپۆرتاژێکی تێروتەسەلی لەو خۆپیشاندانە بڵاو کردەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە سەدان لاپەڕە لە بەیاننامەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە وەرگێڕدرابووەوە سەر زمانی ئینگلیسی بە سەر ڕێبوارانی ئەو شەقامە دا بڵاو کرایەوە و هاوکات دەقی هەمان بەیاننامە بە زمانی کوردیش بە سەر خۆپیشاندەراندا بڵاو کرایەوە.

ئەو ئاکسیوون و نارەزایەتییە کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆ بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب کۆتایی پێهات.

کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان - بریتانیا

**ئەوەی خوارەوە دەقی بڕیاریارنامەیە کە هاوئاهەنگ لە هەموو وڵاتانی دەرەوە ڕادەستی کاربەدەستان و داودەزگا پەیوەندیدارەکانی وڵاتان دەکرێ.**

داواکاریی خۆپیشاندەران سەبارەت بە تیرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی لە شەوی یەلدای حیزبی دێموکراتی کوردستان دا

ئێمە حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتیەکانی بەشدار لە خۆپیشاندانی ڕۆژی شەممە لە وڵاتی بریتانیاو شاری لەندەن کە بۆ نارەزایەتی دەربڕین کۆ بوینەوە لە بەرامبەر کردەوە تیرۆریستیەکەی کۆماری ئیسلامی ئیران لە بەردەم دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا لە شاری کۆیەی باشوری کوردستان، ، دەنگی نارەزایەتی خۆمان بەرز دەکەینەوە لە دژی

تیرۆر، ئیعدام، زیندانی کردن و ڕاوەدونانی چالاکانی سیاسی کورد و ئێرانی لە لایەن کۆماری ئیسلامی تیرۆریست پەروەری ئێرانەوە.

هەر وەها بۆ کۆتایی هێنان بە کردەوە دژی مرۆڤیەکان و سیاسەتە دژی کوردستانیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەو داوا کاریانە دەخەینە بەردەم حیزب و ڕێکراوە کوردستانیەکان، حیزب و ڕیخراوە ئێرانیەکان، حیزب وریکخراوە جیهانیەکان و دام ودەزگا نیو نەتەوەیی و نێو دەوڵەتیەکان.

١- داوا لە هەمو ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان، لە هەمو دام و دەزگا نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتیەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ و لە هەمو دەوڵەتەکان و ڕێکخراوەکانی سەربە نەتەوە یەکگرتوەکان دەکەین، ئەو کردەوە تیرۆریستیەی کۆماری ئیسلامی مەحکوم بکەن و سنورێک دانێن بۆ دەست دریژیەکان و گێرە شێوێنیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کۆردستان دا.

٢- داوا لە حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین کە هەرچی زووتر یەکبگرن بۆ ئەوەی بە هێزێکی کاریگەرترەوە لە بەرامبەر پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی دا ڕاوەستن، بەرگری بکەن و پاریزگاری لە خۆیان و هەمو تیکۆشەرانی نێو خۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەی وڵات بکەن.

٣- داوا لە هەمو حیزب و ریکخراوە کوردستانیەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان دەکەین کە بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان و پاراستنی ئەو دەسکەوتانەی کە تا ئێستا وەدەست هاتون و بۆ پێشگرتن لە ئاژاوەگێریەکانی کۆماری ئیسلامی و نەیارەکانی دیکەی نەتەوەی کورد، هەرچی زووتر یەکبگرن و کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان پێک بێنن.

٤- داوا لە ناوەندە حقوقی و مافی مرۆڤیەکانی نێونەتەوەیی وەکو دادگای لاهای، دادگای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان و دام ودەزگا نێو نەتەوەییەکانی دیکە دەکەین کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران پەلکێش بکەن بۆ دادگایەکی نێونەتەوەیی، بۆ لێکۆڵینەوە لە پەروەندەی تیرۆری دەیان ڕێبەری سیاسی وەک دوکتور قاسملو و سەدان تێکۆشەری دیکەی کورد و ئێرانی، ئیعدامی بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی، کوشتنی کۆڵبەرانی کورد و دەیان جینایەتی دیکە کە بە دەستوری ڕاستەوخۆی ئەوان ئەنجام دراون.

٥- داوا لە هێز و لایەنە نێو نەتەوەیی و ناوچەییەکان دەکەین چیدی ڕێگا نەدەن کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان دا، بەکە یفی خۆی تیرۆر بکا و ئاژاوە بنێتەوەو لە کار و باری وڵاتەکان دا دەستێوەردان بکا.

٢٤ی دێسەمبەری ٢٠١٦

# چالاکیی تەبلیغیی لە شارەکانی کوردستان بە مەبەستی هاوخەمیی لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان




لە چوارەمین ڕۆژی ڕووداوی کارەساتباری تەوقینەوەکانی بەردەم یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بۆ بە هۆی شەهیدبوون و بریندار کرانی چەند پێشمەرگەی حیزب، خەڵکی خەمخۆری بە پەرۆشی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ناردنی نامە و پەیام بۆ حیزب و هەروەها چالاکیی تەبلیغیی کردن لە نێو شارو گوندەکانی کوردستان، وێڕای مەحکووم کردنی هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوخەمیی خۆیان لە گەڵ کەسوکار و، بنەماڵەی شەهیدانی شەوی یەڵدا دەربڕی.

بە پێی هەواڵی گەیشتوو لە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حدک، دوابەدوای شارەکانی مەریوان و سەهۆڵانی مەهاباد و بۆکان و ڕەبەت، هەروەها کوردانی دانیشتوو لە شاری کەرەج، لە درێژەی چالاکیی تەبلیغیی مەحکووم کردنی ڕەشە کوژی و شەهید کردنی پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هۆی تەقینەوەکانی شەوی یەڵدا، خەڵکی شاری سنەش شەوی چواری بەفرانبار لە چەند گەڕەکی ئەوشارە چالاکییان نواندو، ئەوکردەوە تێروریستیەیان مەحکووم کرد.

دۆستانی بە وەفای حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری سنە لە گەڕەکەکانی بەهاران، ویلاشار، پشت مزگەوتی قوبای بەهاران، چالاکیی تەبلیغییان کرد.

هەروەها لە شاری بیجار، لایەنگرانی کوردپەروەری حیزب لەو شارە بە شێوەی بەرفراوان و بە بڵاوکردنەوەی تراکت و نووسراوەی پیوەندیدار خەم و پەژارەیان دەربڕێ و، لە گەڵ ئامانج و ڕیبازی حیزب پەیمانی وەفایان نوێ کردەوە.

ئەندامان و دۆستانی حیزب لە شاری بیجار لەم شوێنانە چالاکیی تەبلیغییان کردووە؛

هونەرستانی موتەهەری، دەبیرستانی کاشانی، مزگەوتی حەزرەتی ئەبولفەزڵ، کۆلانی یاس، میـان فـازڵ، باشگای فوتساڵی گەرەکی هەڵوایی، حسێنیە، خیابان سەلمانی لە گەڵ چەند شوێنی دیکەی لە شاری بیجار.

هەروەها ئەندامان و دۆستانی حیزب لە شارەکانی بۆکان و سەقز و مەهاباد، لە ئەوپەڕی خەمخۆرییە و بە ناردنی پەیامی تایبەت لە گەڵ حیزب و بنەماڵەی شەهیدانی یەڵدا هاوخەمییان دەربڕیوە و بەڵێنییان داوە، کە لەسەر ڕێبـازی شەهیدانی سوور خەڵات، سوورتر دەبن.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێـڕای سپاس و پێزانیین لـە سەرجەم دۆستان و خەمخۆرانی حیزب، سڵاویان بۆ دەنێری و، سپاسیان دەکا.

٢٤ / ١٢ / ٢٠١٦

## بەبۆنەی شەوی یەڵدای خوێناوی لە شارە جیاجیاکان چالاکی تەبلیغی کرا




بەبۆنەی شەوی یەڵدا و تەقینەوەکەی ئەو شەوە ئەنـدامان و لایـەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان چالاکیی تـەبلیغیان کرد.

بە پێی هەواڵی گەیشتوو بـە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، شەوی ڕابردوو ئەندامان و لایـەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی شەوی یەڵدا و تەقینەوەکەی ئەو شەوە لـە شـارەکانی سـەقز، شنۆ و بۆکـان چالاکی

تەبلیغیان کرد. ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری سەقز لە گەڕەکەکانی،کەسرا، کابان ، کۆڵانی ئەحمەد ئەردەڵان و کۆڵانی بردیا و چەند گەرەک و کۆڵانی دیکەی ئەو شارە.

لە شاری شنۆش لە گەڕەکەکانی پارکی کێلەشین، پایەگای بەناو سەمەد بوستان، فەلەکەی نەخۆشخانە و شەقامی بەسیج و هەروەها لە شاری بۆکانیش لە کۆڵان و گەڕەکەکانی فەرمانداری، کۆڵانی سەروو، پشت موخابرات، سێڕێیانی ماتۆڕەکان، بلواری کوردستان و پشت ئیدارەی سووتەمەنی بە بڵاوکردنەوەی وێنەی شەهیدانی تایبەت بەم کردەوە تیرۆریستییە، کۆماری ئیسلامییان شەمەزار کرد و هاوخەمیی خۆیان بۆ بنەماڵە و حیزبی دێموکراتی کوردستان دەربڕی و پەیمانیان نوێ کردەوە کە تا دواین ساتەکانی ژیان لەسەر ڕێبازی ئەم شەهیدانە درێژە بە خەبات دەدەین .

هەروەها شەوی ڕابردوو و چەند شەو لەوەپێششیش، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دێموکراتی کوردستان لە شارەکانی سنە، دیواندەرە، بۆکان و ڕەبەت بە دروشمی تایبەت بەم ڕۆژە، کردەوەکانی کۆماری ئیسلامییان مەحکوم کرد.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی چالاکی و هەڵوێستی جوامێرانەی ئەندامان و لایەنگران و خەڵکی کوردستان دەستخۆشانەیان پێدەڵێ و ئاواتەخوازە هەنگاوی پتەوتر بۆ خەبات و درێژەدانی ڕێبازی شەهیدانی تەقینەوە تیرۆریستییەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵبێننەوە.

٢٥ / ١٢ / ٢٠١٦

# بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەقینەوەکەی شەوی یەلدا لە ڕۆژنامەکانی سۆئێد


NYA LÄNS-TIDNINGEN
NLT NYA LIDKÖPINGS-TIDNINGEN
Logga in | Aktivera | Bli prenumerant
Nyheter | Sport | Familj | Kultur & Nöje | Spana in | Resor | Fördel NLT | Minibladet
Lidköping | Götene | Vara | Grästorp | Essunga | Länet | Debatt | Fria ord | TT-inrikes | TT-utrikes | Näringsliv
God Jul
NLT NYA LIDKÖPINGS-TIDNINGEN

**Bombdåd mot partihögkvarter i Irak**

Minst sju människor, varav ett barn, dödades när två bomber briserade vid ett oppositionellt iransk-kurdiskt partihögkvarter i den autonoma kurdiska regionen i Irak. Flera människor skadades. Dådet inträffade i staden Koy Sanjaq i provinsen Arbil på tisdagskvällen lokal tid.(TT)

MEST LÄSTA LIDKÖPING
1. Tre till sjukhus efter lägenhetsbrand
2. Just nu: Olycka vid Ullersbro
3. Bil voltade i Hovby – varnar för halka
4. Hos Svederbergs får julen breda ut sig
5. Juldagen på is

LUNCHGUIDEN

دوو رۆژنامەی سۆئێدی بە ناوەکانی "Dagensnyheter و Nya Lidköpings – Tidningen" بە بایەخەوە رووداوی تەقینەوەکەی شەوی یەڵدای نێو بنکەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان رووماڵ کردوە.

پوختەیەک لەو رووماڵکردنەوە بەو شێوەیە:

**رۆژنامەی Dagensnyheter سوئێدی**

کوشتنی بە بۆمب دژی حیزبێکی کوردی ئێرانی لە نەتیشت بارەگای سەرکی‌یان لە عێراق.

لانیکەم حەوت کەس کە منداڵێکیشی دەگەڵە کوژران، کاتێک دوو بۆمب بە دوای یەکدا لە تەنیشت بارەگای سەرەکی حیزبێکی کوردی دژبەری ئێران لە خاکی عێراقدا تەقینەوە و بریندار بوونی چەند کەسیشی لێکەوتەوە.

ئەو رووداوە کە بوو بە هۆی چەند کوژراوێک لە شاری کۆی سنجاقی سەر بە مەڵبەندی هەولێر و ئێوەرەی رۆژی سێ شەممە بە کاتی خۆجێیی رووی داوە کە سەرەرای کوژرانی منداڵێک، پێنج ئەندامی حدک و ئەندامێکی ئاسایشی ناوچەی خۆجێیی گرتەوە.

**رۆژنامەی "Nya Lidköpings – Tidningen " سوئێدی**

تەقینەوەی بۆمب دژی حیزبێکی کوردی ئێرانی لە تەنیشت بارەگای سەرکیی ئەو حیزبە لە عێراق.

لە تەنیشت بارەگای سەرەکی حیزبێکی کوردی ئێرانی، لانیکەم حەوت کەس کە لە نێویاندا منداڵێکیش هەیە بە هۆی تەقینەوەی دوو بۆمب کوژران. ئەو رووداوە لە هەرێمی خودموختاری کوردستانی عێراق بووە. چەند بریندارێکیش هەیە. ئەو کوشتنانە لە شاری کۆی سنجاقی سەربە مەڵبەندی هەولێر و ئێوارەی رۆژی سێ شەممە بە کاتی خۆجەیی بووە.

**رۆژنامەی "ئافتوون بلاد"**

تەوقینەوە لەبنکەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان رووی دا.

لانیکەم ٧ کەس، لەنێویاندا لاوێکی مێرمنداڵ، بەهۆی تەقینەوەی دوو بۆمب کە لە پێش بنکەی ناوەندیی یەکێک لە حیزبە دژبەرەکانی کوردی کوردستانی ئێران کە لە عراق نیشتەجێن، کوژراون و چەندکەس بریندار بوون.

ئەو کردەوە تێرۆریستییە ئێوارەی رۆژی سێ شەممە بەکاتی ناوچەیی، لەشاری کۆیسنجق لە پارێزگای هەولێر ڕووی دا. جیا لەو لاوە مێرمنداڵە، ٥ کەس لەئەندامانی حیزبی دێموکڕات و ئەندامێکی ئاسایش کوژراون.

پێشمەرگە کوردەکان لەدژی حکومەتی ئیسلامی عراق و شام بەرەنگاری دەکەن و ئەو رێکخراوە تێرۆریستییە تائێستا چەندین کردەوەی تێرۆریستی لەو ناوچەیە ئەنجام داوە،بەڵام ئەوە کە ئەو کردەوەیە ئەوجارە لەبەر بارەگای یەکێک لە حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئەنجام دراوە، دەتوانێ نیشانەی ئەوەبێ کە لایەنێکی دیکە جیا لەحکوومەتی ئیسلامی عراق و شام (داعش) لە پشت ئەو کردەوەیەیە.

بە گشتی ئەو ڕۆژنامە و بڵاڤۆکانە لە وڵاتی سۆئێد گرینگییان بەو ڕووداوە تێرۆریستییە داوە و هەواڵ و زانیارییان لەسەر بڵاو کردۆتەوە:

١- رۆژنامەی "ئافتون بلادێت"

٢- رۆژنامەی "داگێنس نیهێتەر"

٣- رۆژنامەی "کۆرێ"

٤- رۆژنامەی "کریستیان ستاد بلادێت"

٥- رۆژنامەی "وێستر بۆتێن کوریرێن"

٦- رۆژنامەی "فۆلک بلادێت"

٧- رۆژنامەی "هێلا گۆتلاند"

٨- ڕۆژنامەی " ئیسلاند ئالەهاندا"

٩- ڕۆژنامەی "ئۆسترا سمۆلان"

١٠- ڕۆژنامەی "سمۆلاندس پۆستێن"

١١- ڕۆژنامەی "نیا لیدشۆپینگس تیدنینگن"

١٢- ڕۆژنامەی " نیهێتەر سواریە"

١٣- ڕۆژنامەی "سید سوێنسکا"

١٤- "تێکست تێ وێ"

١٥- ناوەندی هەواڵی "تێ تێ" کە سەرچاوەی هەموو هەواڵەکانە و رادیۆ و ڕۆژنامەکانی سوئێد هەواڵەکانیان لەو وەردەگرن.

٢٥ / ١٢ / ٢٠١٦

---

## لە واشنگتۆن،ی پایتەختی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڕێز لە شەهیدانی شەوی یەلدا،ی خوێناوی گیرا



**ناوەندی هەواڵ**: ڕۆژی ٢٤ دیسامبری ساڵی ٢٠١٦ لە ساڵۆنی سەنتەری شەنتیلی لە دەڤەری واشینگتۆن کۆڕێکی پرسە و ماتەمین بۆ بەرز ڕاگرتنی ناو و یادی شەهیدانی یەڵدای حیزبەکەمان لە لایەن کومیتەی حیزب لە واشینگتۆن پێکهات.

ئەم کۆڕە بە بەشداری بەرچاوی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کە بریتی بوون لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی

ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و چەندین کەسایەتی ناسرو. بەڕێوەچوو.

سەرەتا کۆڕەکە بە خوێندنەوەی سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و یەک خولەک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی یەڵدای خوێناوی و گشت شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان خوشکە نەسرین کەریمی وەک بەڕێوەبەری بەرنامە بە خوێندنەوەی کورتە شیعرێک وەک دەسپێک بەرنامەکەی کردەوە.

کاک مراد ئەحمەدی بە هەلکردنی چەند مۆم یادی شەهیدانی سوورخەڵاتی قەڵای دێموکراتی کردەوە و پاشان پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن کاک جەماڵ مەحموودزادە خوێندرایەوە.

کاک کامڕان باڵنوور بابەتێکی لە سەر دیاردەی تیرۆریزم و دەوری کۆماری ئیسلامی وەک نوێنەری تیرۆریزمی دەوڵەتی و کردەوەکانی دەرحەق بە بزووتنەوەی ڕۆژهەلاتی کوردستان پێشکەش کرد. کاک کامڕان باسی پێویستیی بەرەیەکی یەکگرتووی بۆ هێزەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان کرد و بەیەک بەستنەوەی خەباتی شار و شاخی بە پێویست زانی بۆ بەرەنگار بوونەوەی هەرچی زیاتر بە دژی ڕژیمی دژی گەلی کۆماری پەت و سێدارە.

پاشان برووسکەی پارتی دێموکراتی کوردستان، پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان کومیتەی ئامریکا و پارتی فێمێنیستی کوردستان خوێندرانەوە. هەروەها وتاری کومیتەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە لایەن بەڕێز کاک عەبدوڕەحمان حەسەن بەرپرسی کومیتە خوێندرایەوە. بەرێزیان باسی پیلانی دوژمنانی گەلی کوردی کرد کە چۆن هاوکاری یەک دەکەن بۆ دژایەتی بزووتنەوەی بە حەقی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان.

کاک سەلاح بایزیدی نوێنەری کۆمەلەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئیران لە ئامریکا پەیامی کومیتەی کۆمەلە لە ئامریکای پێشکەش کرد. کاک سەلاح کۆماری ئیسلامی بە ئەنجامدانی کردەوە تێرۆریستییەکەی شەوی یەڵدا تاوانبار کرد و باسی تێرۆریزمی ئەو ڕژیمەی کرد کە تەواوی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە و بۆتە هۆکاری سەرەکی ئاژاوە و کوشت و کوشتار. هەروەها باسی تەقاندنەوەی ناوەندی جوولەکەکانی لە ئارژانتین کرد کە کۆماری ئیسلامی دەستی تێرۆری تاکوو باشووری ئەمریکاش رۆیشتوە. بەرێزیان هیوای خواست کە هێزەکانی ڕۆژهەلات هەرچی زوتر بەرەیەک دابمەزرێنن بۆ هاوکاری و هەماهەنگی زیاتر.

کاک ناسر باباخانی نوسەرو ڕۆژنامە نووس بابەتێکی پێشکەشی ئامادەبووان کرد کە تێیدا ئاماژەی بە مێژووی لەمێژینەی

پەیوەندییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵات کرد و هیوای ئەوەی خواست دەسەڵاتی سیاسی ئەمە دۆسییەیە بگەیەنێتە ئەنجام. دوای چەند خولەک پشوو لە بەشی دووەمی بەرنامەدا کاک سەلاح پیرۆتی هاوسەنگەری شەهید عەلی قۆیتاسی باسی چۆنیەتی ئاشنا بونی خۆی و کاک عەلی کرد کە چۆن بە ئازایەتی و لە خۆبردوویی پلەکانی تەشکیلاتی یەک بە دوای یەک بڕیون. بڕگەیەکی دیکە بەرنامەکەمان بە خوێندنەوەی شێعرێکی شۆڕشگێڕانە لە لایەن کاک پەیمان ڕەحیمی درێژەی کێشا.

دوایین وتار لە لایەن خوشکە دڵنیا دادکوش لەسەر یەکگرتنی هێزە کوردییەکان پێشکەش کرا. خاتوو دڵنیا باسی پرش و بڵاوی هێزە کوردییەکانی کرد کە چۆن دوژمنی دژی گەلی ئەو هەلەی قۆستۆتەوە و دەستی کردووە بە لەبەین بردنمان. دوایین بڕگەی بەرنامەکەمان شێعری دایە گیانی مامۆستا شەریف بوو کە لە لایەن کاک جەعفەر فەقێ نەبی خوێندرایەوە.شایانی باسە کە کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران لە واشینگتۆن بە هەیئەتێکی بالا لە کۆرەکەمان بەشدار بوون.

٢٥ - ١٢ - ٢٠١٦

## لە شاری هەولێر، کردەوە تیرۆریستییەکەی بەردەم قەڵای دێموکرات شەرمەزار کرا




**ڕۆژهەڵات تایمز**: بە دەستپێشخەریی کۆمەڵێک لە ڕێکخراوە مەدەنییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە پارکی "شانەدەر" کۆبوونەوەیەک بۆ شەرمەزارکردن و مەحکوومکردنی کردەوە تیرۆریستییەکەی بەردەم دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو.

کاتژێر ٣ی ڕۆژی شەممە، ٥ی بەفرانباری ١٣٩٥ی هەتاوی، بە دەستپێشخەریی کۆمەڵێک لە چالاکان و ڕێکخراوە

مەدەنیییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە مەبەستی ریسواکردن و مەحکوومکردنی کردەوە تیرۆریستییەکەی بەردەم دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە تێیدا ٥ کادر و پێشمەرگەی ئەو حیزبە و دوو کارمەندی ئاسایشی هەرێمی کوردستان شەهید بوون. لە پارکی شانەدەری هەولێر کۆبوونەوەیەک بەڕێوە چوو. لە کۆبوونەوەیەدا وێڕای مەحکوومکردنی ئەو کردەوە تیرۆریستییە، تیکرای چالاکان لەوە ئەوە کۆک بوون کە پێویستە لەباری ماددی و مەعنەوییەوە پاڵپشتی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکرێ و چی دیکە ئیزن نەدرێ کە کۆماری ئیسلامیی ئیران کورد کۆمەڵکوژ و سەرکوت بکات.

هەروەها رایانگەیاند کە ئەوەی بەرانبەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستان کراوە، نیشانەی چالاکبوونەوەی شانە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامییە بە مەبەستی سەرکوت و کوشتنی ئازادیخوازان و شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

٢٦ی دێسێمبر ٢٠١٦

---

## دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە ڕوونکردنەویەکدا، هەواڵی دەستبەسەر کردنی دوو کەسی وەکوو ئەنجامدەری کردەوە تیرۆریستییەکەی بەردەم قەڵای (حدک)ی ڕاگەیاند.



### دەقی ڕاگەیاندراوی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان:

دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، دوای تەقینەوەکەی بەردەم قەڵای (حدک) بەبڕیاری سەرۆکی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لێژنەیەکی باڵای لێکۆڵینەوە پێکهێنراوە لە ژێر چاودێریی دادوەری لێکۆڵینەوە و بەئەندامێتیی (بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی هەولێر، بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی سلێمانی و بەڕێوبەرایەتیی ئاسایشی ڕاپەڕین)، لێژنەی لێکۆڵینەوە بەسەرپەرشتیی سەرۆکی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەست بەکاربوون.

ئەوەش ئاشکرا کراوە: "لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکە کراوە و سەرەداوی باش بەدەست هاتوون لەسەر بنەمای

زانیاری ورد و بەڵگە و دۆکۆمێنتەکانی پشت ڕووداوەکە، دەزگای ئاسایش توانی ٢ کەسی تۆمەتبار بەگومانی تێوەگلان لە تاوانەکە دەستگیر بکات بە ناوەکانی (ش.ع) لەگەڵ (پ. گ ) و بەپێی ماددەی (٢) لە یاسای ژمارە (٨) ی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان".

ئەوەش ڕوون کراوەتەوە کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکاندا، بکەری سەرەکیی ئەنجامدەری ڕووداوەکە ئاشکرا کراوە و دوای دۆزینەوەی ناسنامە و زانیاریی کەسێتیی ئەنجامدەری تاوانەکە و دەستگرتن بەسەر کەلوپەلی تایبەت بە تۆمەتبارەکە، بەڵام خۆی هەڵاتووە و "هەوڵەکان بۆ دەستگیرکردنی چڕ کراوەتەوە".

لە کۆتاییشدا دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان دووپاتی کردووەتەوە کە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بەردەوامە و لەکاتی گەیشتنیان بە ئەنجامی کۆتایی، "ڕاستییەکان ئاشکرا دەکەین".

ڕۆژی رابردوو زیاتر لە ٢٠ حیزبی هەر چوار بەشی کوردستان لە قەڵای حدک و بە مەبەستی چاوپێکەوتن بە بەڵگەکانی کردەوە تیرۆریستییەکەی شەوی یەلدا، کۆبوونەوە لە بەیاننامەیەکدا تیرۆریسمیان مەحکووم کرد.

٢٦ - ١٢ - ٢٠١٦

## ڕێورەسمی بەرز ڕاگرتنی یادی شەهیدانی یەڵدای دێموکرات و، مەحکومکردنی پەلاماری تێرۆریستی- نۆرویژ



**ناوەندی هەواڵ - نۆرویژ**: دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ٢٦ / ١٢ / ٢٠١٦ی زایینی بەرانبەر بە ٧ی بەفرانباری ١٣٩٥ی

هەتاوی، بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی شەوی یەڵدای خوێناویی دێموکرات، لە نۆرویژ کۆڕیادێک پێکهات.

لەم کۆڕیادەدا ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و کەسایەتیی و کوردانی تاراوگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشدار بوون.

سەرەتای کۆڕیادەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب لە لایەن کۆڕی هونەری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆرویژ پێشکەش کرا ودواتر بە خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان، بە تایبەت شەهیدانی کردەوە تیرۆریستییەکەی شەوی یەڵدای بەردەم قەڵای دێموکرات لە کۆیە دەستی پێکرد.

پاشان بەیاننامەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن هاوڕێ "ڕزگار حەبیب زادە"، بەرپرسی کۆمیتەی نۆرویژی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە خوێندرایەوە و لە بەشێک لە بەیاننامەکەدا هاتبوو: "نیشانەکانو زانیارییەکان دەریدەخەن کە ئامانج لەو تەقینەوەیە، کوشتنی ژمارەیەکی هەر چی زیاتر لە تێکۆشەرانو بنەماڵەکانی دێموکرات بووە. بەو هۆیەشەوە کە نەیانتوانیوە بۆمبەکان بێننە نێو هۆڵی بەرێوەچوونی ڕێوڕەسمەکە، نزیکترین شوێن لەو هەدەفەیان- کە خەڵک لە کاتی تەواو بوونی بەرنامەکەدا لێی کۆ دەبنەوە - هەڵ بژاردوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکەم ڕاگەیەندراودا بە مەبەستی هەر چی زووتر ئاگادار کردنی بیروڕای گشتی لەم ڕووداوە، تەنیا ڕوودانی تەقینەوەکەو ڕادەی زیانو قوربانییە گیانییەکانی بە ئاگاداریی هەموو لایەک گەیاندو قامکی تاوانبار کردنی بۆ لایەنێکی دیاریکراو، ڕانەداشت. بەڵام هەر لە یەکەم ساتەکانەوە، گومانمان نەبوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پشت ئەم پیلانە تێرۆریستیەوەیە. لێدوانو وتووێژو ڕوونکردنەوەکانی دواتری بەرپرسانی حیزبی ئێمە لە پێوەندی لە گەڵ ئەم تەقینەوەیە دا، پێداگری بووە لە سەر ناساندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک سەرچاوەی سەرەکیی ئەنجامدانی ئەم تاوانە تێرۆریستییە."

هەروەها بەیاننامەکەی دەفتەری سیاسی ئەوەشی خستبووە ڕوو: حیزبی دیموکراتی کوردستان لە تاوانبارکردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ئەنجامدانی ئەم تەقینەوە تیرۆریستییە، پشتی بە کۆمەڵێک بەڵگەو هۆ بەستووە. ئەم ڕێژیمە، هەر لە هەرێمی کوردستان لە دەیەی ٩٠ی زایینیدا، دەیان تاوانی تیرۆریستیی گەورەی لە دژی لایەنە سیاسییەکانو تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتیو بنەماڵەکانیان ئەنجامداوە کە سەدان قوربانییان لێ کەوتووەتەوە. جگە لەم کارنامە ڕەشە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تیرۆری تێکۆشەرانی سیاسیی نەیاری ئەو ڕێژیمە لە هەرێمی کوردستاندا هەیەتی، لە مانگەکانی ڕابردوودا، فەرماندەرانی سوپای پاسداران بە ئاشکراو بەردەوامی هەڕەشەیان کردوە کە لە نێوخۆی هەرێمو لە هەر جێیەک بە پێویستی بزانن، زەبر لە دێموکراتەکانو بنکەو بارەگاکانیان دەوەشێنن. لەمانەش گرنگتر ئەو زانیارییانەن کە کۆمیتەی ئەمنیەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم چەند ساڵەی دواییدا لە ڕەوتی پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی ئەو

ڕێژیمەو لێکۆڵینەوە لە ڕاسپێردراوو دەستوپیوەندە ناردراوەکانی سەر بە دامودەزگا سیخوڕییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ نێو حیزبی ئێمە، کۆی کردوونەوە. بە گوێرەی زانیارییەکان، ئیتلاعاتو سوپای پاسداران لە مێژە لە هەوڵی خرابکاریو ئەنجامدانی تەقینەوەو کردەوەی تێرۆریستیی دیکە لە نێو بنکەو دامەزراوەکانی حیزبو لە دژی بەرپرسانو تێکۆشەرانی حیزب دان. لەڕاستای چالاککردنەوەی نیازە تێرۆریستییەکانیان لە هەرێمی کوردستانو بە دژی حیزبی دیموکراتو لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێوەندییان بە ژمارەیەک لە هاودەستانی خۆیان لە دەیەی ٩٠ی هەتاویدا گرتووەتەوەو، داوایان لێکردوون بۆ ئەم مەبەستە هاوکارییان بکەن. ئەوەش کە هەر لە دوو ساڵی ڕابردوو دا چەند پیلانی تێرۆریستی لە دژی بنکەکانو بەرپرسانی ژمارەیەک ڕێکخراوی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو هەرێمی کوردستان دا، پووچەڵ کراونەوەو عامیلانیان گەڕاونەوە باوەشی دەزگا سیخوڕییەکانی ڕێژیمی ئێران، ڕاستیی ئەم قسانە دەسەلمێنن. ئەو بەڵگەو نیشانەو زانیارییانەش کە لە پێوەندی لە گەڵ تەقینەوەی "شەوی یەلدا"دا بە دەست حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە هەنو جارێ خەریکی بە دواداچوونو لێکۆڵینەوەی زیاتر لە سەریانین، ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دڵنیامان دەکەن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو تاوانە تیرۆریستییەی ئەنجام داوە.

پاشان هاوڕێ "کوێستان گادانی" بە نوێنەرایەتی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان چەند وتەیەکی بەو بۆنەوە پێشکەش کرد. لە سەرەتادا بەڕێزیان گوتی: "مێژووی خەباتی نەتەوەیی کورد دەمێکە تێکەڵبوونی خوێنی شەهیدانی پارچەکانی کوردستانی دەگەڵ یەکتر تۆمار کردووە و نموونەی هەرە نوێ و زیندوو، ٧ شەهید و دوو برینداری ڕووداوی دڵتەزێنی تەقینەوەی بەردەرگای قەڵای دێموکرات لە نیزیک شاری کۆیە لە ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی دێسامبری ٢٠١٦ی زایینییە." هاوڕێ "کوێستان" لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا وێڕای ئاماژە بە پیلانی دوژمنانی کورد و داگیرکەران کرد و ئاماژەی بەوە دا:" ئەوان لە هەڵەدان، چونکە گەلی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکرات بە تایبەتی نیشانیان داوە و سەلماندوویانە کە، نە کوشتن، نە تێرۆر، نە ئێعدام و نە زینداندانیکردن و نە ئەشکەنجەدان هیچیان ناتوانن گەلی کورد لە داوای مافی ڕەوای خۆی پاشگەز بکاتەوە." بەڕێز "گادانی" لەسەر هاوکاری و هاودەنگیی هێز و لایەنە کوردستانییەکان رایگەیاند: "هەر وەک ئاگادارن، ڕۆژی ٢٥ی دیسامبر، بە دەستپێشخەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان ٣٠ حیزب و لایەنی سیاسی لە هەر چوارپارچەی کوردستان لە دەوری یەک کۆبوونەوە کە هەموو پێکەوە جیا لەوەی کە هەر لایەنە بە جیا ئیدانەی ئەم کردەوە تیرۆریستییەی کردووە، پێکەوەش ئەم کردەوەیان بە هاوبەشی مەحکومکردووە  کە ئەمە هەنگاوێکی زۆر موسبەتە و هیواداڕین درێژەی هەبێت، بەڵام هەر ئەوەندە بەس نییە و چاوەڕوانییەکان زیاترن و کەسایەتییە سیاسییەکان و روناکبیرانیش لە فورسەتی ئاوادا دەتوانن یارمەتیدەر بن لە هاندانی زیاتر بۆ لێک نیزیکردنەوەی ئەحزابی سیاسی و بە ڕێنوێنی و ڕەخنە و پێشنیاری بەسوود دەتوانن کاریگەری خۆیان هەبێ. هاوکات ئەم ڕووناکبیرانەی کە لە دەرەوەی وڵات دەژین کە دەستیان ئاوەڵەترە، ئیمکانات و شارازایی زمان و پێوەندی باشیان دەگەل دامودەزگای دەوڵەتی نیشتەجێ و نێودەوڵەتیان هەیە، دەتوانن زیاتر یارمەتیدەری پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بن بۆ لەقاودانی کردەوەی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی و هەرچی زیاتر ناساندنی ماهییەتی ئەم

ڕێژیمە و یارمەتیدەری ئەحزابی سیاسی بدەن."لە کۆتایی قسەکانیدا خاتوو کوێستان گوتی: " ئێمە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هۆگرانی "حدک" دڵنیا دەکەینەوە کە هەڕەشەو تاوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئێمە لە درێژەدانی خەباتی فرەرەهەند بە دژی کۆماری ئیسلامی سارد ناکاتەوە.

بڕگەیەکی دیکەی کۆڕیادەکە تەرخانکرابوو بە پێشکەشکردنی پەیام و بروسکەی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی بەشداربوو کە بریتی بوون لە:

- ❋ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- ❋ پارتی دێموکراتی کوردستان
- ❋ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان
- ❋ ئەنجوومەنی بزووتنەوەی گۆڕان
- ❋ کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
- ❋ کۆمەڵە ـ ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
- ❋ ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێری کوردستان
- ❋ پارتی سەربەخۆیی کوردستان
- ❋ ڕێکخراوی یاری کورد
- ❋ سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
- ❋ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان
- ❋ ک .ن .ک " کۆنگرەی نەتەوەیی کورد"
- ❋ یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران
- ❋ یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا لە لایەن بەشی ڕاگەیاندنی کۆمیتەی نۆڕوێژەوە کورتە فیلمێک لەسەر ژیانی شەهیدانی شەوی یەڵدای دێموکرات پێشکەش کرا. دواتر پەیامی بنەماڵەی شەهیدانی شەوی یەڵدا، لە لایەن "محەممەد میرخزری"، کوڕی شەهید "وەهاب میرخزری" خوێندرایەوە و لە پەیامەکەیدا هاتبوو: شەوی "یەڵدا" یان شەوزستانی ئەمساڵ، وەک نەریتێکی باو لەناو دێموکراتەکاندا، بۆ زیندووڕاگرتن و وەبیرهێنانەوەی هزری قاسملووی هەمیشە زیندوو، کۆڕێکی ئەدەبیو هەمەڕەنگ بەبۆنەی ٨٦ ساڵەی لە دایکبوونی زانا و بلیمەتی کورد، "قاسملوو"ی نەمر لە یەکێک لە بنکەو بارەگاکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو. کۆمەڵێک لە ڕێبوارانی ڕێبازی قاسملوو وەک هەمیشە بۆ خۆ تەیارکردنی هەرچی زیاتر لە دەریای لەبن نەهاتووی هزری قاسملوو لە ساڵۆنێکداو، لە دەوری یەک کۆبوونەوەو بە گوێی دڵ سەرقاڵی ڕازو نیازی

عاشــقانە لەگەڵ پێغەمــبەری ئاشــتیو مامۆســتای دێموکراســیی خۆیــان بــوون کە لەناکــاو زرمەی بــۆمبی شەوپەرســتانی کۆنەپەرستی تــاران خەڵــوەتی عاشقانەی شێواندنو گومی خــوێنی گەشو ئــاڵی رێبــوارانی هەتــا سەر وەفــادار بە رێبــازی قاسملووی وەرێخست. بەڕێزان لە بەیاننــامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بە روونــیو ئاشکرا هۆکــارو ئەنجامدەرانی کارەساتەکەی شەوی یەلدای خوێناویی دێموکرات دەستنیشان کراوە، بۆیە من تەنیا وەک کوڕی شەهید "وەهاب میرخــزری" بە نــوێنەرایەتیی لەلایەن بنەمــاڵەی شــەهیدان "عەلــی قۆیتاسی، ســالار بــاقری، ئەرسەلان عەبــاس نیــا، ناسر کەریمی، عەدنان عەبدوڵڵاو سەنگەر ستار"ەوە، سپاسو پێزانینــی خۆمــان پێشکەشی سەرجەم ئێوە بەڕێــزان دەکەیــن کە بە بەشداریی لە پرسەو ڕێوڕەسمی یــادکردنەوەی شــەهیدانی "شــەو زســتان"ی دێمــوکراتدا بەشــداریتان کــردو خــاوەن هەڵویستو هاوسۆزمان بوون."

پاشان لە لایەن یەکیەتی ژنــانی دێمــوکراتی کوردستان لە نــۆرویژ "مەحبــووب ڕەحیمــی" چەپکە گــوڵی پێشکەش بە رووحی شــەهیدانی شــەوی یەڵــدا کــرد کە "محەمــمەد میرخــزری" بە نــوێنەرایەتی بنەمــاڵە شــەهیدەکان وەریگــرت. پێویــست بە ئاماژەکردنە نێوئــاخنی کۆڕیــادەکە، خوێنــدنەوەی چەنــد شیعر و پەخشانێک بەو بۆنەوە بــوو کە لە لایــان بەڕێــزان "سەلاح سوڵتانپەنا - مامۆستا پەیمان - عوسمان نۆبــاری - شکوفە قــادرسووری"یەوە پێشکەش کران. کۆڕیــادەکە بە پێشکەشکردنی سروودی "ئەی شەهیدان" لە لایەن بەشی هونەریی یەکیەتیی لاوانــی دێمــوکراتی رۆژهەڵاتــی کوردستانەوە دوای دوو کــاتژمێر کۆتایی پێ هات.

٢٦ / ١٢ / ٢٠١٦

## بەڕێوەچوونی کۆڕیاد و پرسەی شەهیدانی شەوی یەلدای خوێناویی دێموکرات - سوئید



دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٥ / ١٢ / ٢٠١٦ی زایینی بەرانبەر بە ٦ی بەفرانباری ١٣٩٥ی هەتــاویی، کۆڕیادێک

بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی شەوی یەلدای خوێناویی دێموکرات، لەباکووری  شاری ستۆکهۆڵم پێکهات.

لەو کۆڕیادەدا، ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و کەسایەتیی و کوردانی تاراوگە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداربوون.

سەرەتای کۆڕیادەکە، بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان، بە تایبەت شەهیدانی کردەوە تیرۆریستییەکەی شەوی یەلدای بەردەم قەڵای دێموکرات لە کۆیە دەستپێکرد.

پاشان پەیامی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، سەرکۆماری عێراقی فیدراڵ و ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان خوێندرایەوە.

دواتر هاوڕێ سەعید بیگزادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و بەرپرسی تەشکیلاتی دەرەوەی حدک، وتارێکی پیشکەش کرد.

هاوڕێ سەعید بیگزادە لە بەشێکی قسەکانی‌دا، وێڕای بەخێرهاتن کردنی لە میوانەکان وتی: بەشداری و حزوورتان بۆ مەحکووم و ئیدانە کردنی شەوی یەلدای خوێناوی دیموکرات، ورەی ئێمە، بڕوای ئێمە، برایەتی هەمووومان بۆ ئیدامەی ئەو خەباتە بۆ نەسڵەمینەوە لە هەر حەرەکەتێک توونددتریش  لە بەرامبەر دوژمنانمان دا چالاکتر دەکا. شەوی یەلدای خوێناوی دیموکرات حەوت پێشمەرگە، حەوت ڕۆڵەی ئەو میللەتە، لە دوو پارچەی کوردستان، لە لایەن دڵڕەشانی مێژووەوە لە لایەن دوژمنی کوردەوە دەرژێتە سەر یەک پارچە لە خاکی کوردستانمان، واتە خوێنمان تێکەڵ دەبێ بۆ جارێکی دیکەش. بەڵام ئەوان غافڵن لەوەی کە ئەگەر قەرار بێ بە کوشتن بە تێرۆر، بە ئێعدام لە داواکانمان بکشێیینەوە، لە خەبتمان بسڵەمێینەوە، دەبوو پاش سماییل ئاغای سمکۆ کورد سەری هەڵنەدابایەوە، دەبوو باش بزانن کاتێک سەرۆککۆماری کورد ئێعدام دەکەن، ئەگەر پێیان وابێ بە کوشتن و ئێعدام، ئەو خەڵکە دەکشێتەوە و، لە ماف و داخوازییەکانی خۆی دوور دەکەوێتەوە، دەبوو بزووتنەوەی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان سەری هەڵنەدابایەوە. دەبوو تێبگەن کاتێک لە سەر مێزی وتوویژ ڕێبەری بزووتنەوەی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان دکتور قاسملوو تێرۆر دەکەن، بە مەبەستی ئەوەی کە ئەو بزووتنەوەیە بخەوێنن، ئەگەر بە ویستی وان بووایە دەبوو ئەو شۆڕشە خەوتبا. ئەگەر ئەوان پێیان وایە بەم جۆرە دەتوانن ئەم خەباتە دامرکێنن پاش سادقی شەرەفکەندی نەدەبوو بزووتنەوەکە درێژە با. بەڵام بە هەموو ئەوانەوە، بە دەیان کادر و پێشمەرگە حیزبی دیموکرات کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە ئەنواعی جۆراوجۆر دەدزرێن، ون دەکرێن و بێ سەروشوێن و تێرۆر دەکرێن، لە باشووری کوردستان، دەبوو ئێمە ترساباین و چی دیکە درێژەمان بە خەبات نەدابا.

ئەو میللەتە ڕۆڵەکانی ئەو خەڵکە تێکۆشەرانی ئەو گەلە لە هەموو حیزبەکان و حیزبی دێموکراتی کوردستان سوورن لە سەر

ئەوەی کە هەتا بە مافەکانی نەتەوایەتی خۆیان دەگەن.

لە عورفی سیاسەت و جیرانەتی و دۆستایەتی دا، موناسبات و پەیوەندی بەینی وڵاتان، یان بەینی حیزبی جیرانەکان، بە پێی ئەو شەرایەتی کە کورد پێیدا دابەش بووە لەم ناوچەیە، ناچارە حیزبەکان، حکومەتەکەشی لەگەڵ دەر و جیران و دراوسێکانی دەوروبەری لە رابیتە و پەیوەندییەکی دیپلۆماتیک دا بێ، هەموومان ئەوە باش دەزانین، بەڵام هەموومان باش ئەوە دەزانن حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە ئێمە باشتر ئەوە دەزانێ، کە دەستدرێژی و کوشتاری ڕۆڵەکانی ئەو میللەتە سنوورێکە هیچ کەس نابێ ئیزنی بەزاندنی پێ بدا.

پاشان کۆڕیادەکە بە خوێندنەوەی پەیامی ئەم حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتیانە تا کاتژمێر ٥ی ئێوارێ درێژەی هەبوو.

١- پارتی دێموکراتی کوردستان- لیژنەی سوئێد
٢- یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان - ڕێکخستنی سوئێد
٣- بزووتنەوەی گۆڕان - بازنەی سوئێد
٤- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - کۆمیتەی سوئێد
٥- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٦- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
٧- ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران - کۆمەڵە
٨- پارتی ئازادیی کوردستان (پاک)
٩- پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)
١٠- ڕێکخراوی دێموکراتیکی یارسان
١١- حیزبی شیوعی کوردستان
١٢- کۆمیتەی هاوکاریی هێزە سیاسییە کورد و کوردستانییەکان لە سوئێد
١٣- پارتی سەربەخۆیی کوردستان
١٤- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
١٥- ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستان
١٦- وتاری شەکیلا قۆیتاسی کچی شەهید عەلی قۆیتاسی
١٧- پەیامی ڕادیۆ ئاشتی

لە هەموو ماوەی کۆڕیادەکەدا وێنەی شەهیدانی شەوی یەلدا نیشاندەدرا و لە برگەیەکی کۆڕیادەکەدا وتەکانی شەهید

دوکتور قاسملوو سەبارەت بە شەهید و ئەو نرخەی گەلێک بۆ ئازادیی دەبێ بیدا بڵاو کراوە.

٢٥ - ١٢ - ٢٠١٦

## بەڕێوەچوونی کۆڕیادێک بۆ شەهیدانی یەلدای خوێناوی لە وڵاتی ئاڵمان



**ناوەندی هەواڵ- هەواڵ**: کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ئاڵمان ڕۆژی ٢٥ - ١٢ - ٢٠١٦ی زایینی بۆ ڕێزلێنان لە شەهیدانی کردەوە تێرۆریستیەکەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شەوی یەڵدای خوێناویدا کۆڕێکی پرسەوهاوخەمی بۆ ئەم شەهیدانە پێک هێنا. لەم ڕێ وڕەسمەدا کە ژمارەیەکی بەرچاوی کوردانی دانیشتووی ئاڵمان لە هەر چوارپارچەی کوردستان تێیدا بەشدار بوون،دوای بەخێرهێنانی بەشداران،بە سروودی نەتەوایەتی و شەهیدان ڕێوڕەسمەکە دەستی پێکرد. لە سەرەتادا کاک خالید حسن پوور ئەندامی ڕێبەری حیزب وتارێکی پێشکەش کرد.بەڕێزیان لە وتەکانیدا وێڕای ئاوڕدانەوە لە چۆنیەتی کردەوە تێرۆریستیەکە باسی لەم هۆکارانە کرد کە بوونەتە هۆی ئەوە کە حیزبی ئێمە بێ هیچ شک و گومانێک کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک عامیلی ئەم کردەوە تیرۆریستیە دەست نیشان بکات.هەروەها بە ئاوردانەوە لە سەر ڕووداوەکانی ناوچە بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی پێداگری لەسەر ئەوە کردەوە کە مێژوو نیشانی داوە ئێمە کە بۆ مافی ڕەوای گەلەکەمان خەبات دەکەین،هیچ کات تێرۆر و ڕەشەکوژی نەیتوانیوە بەسەر ورەی بەرزی ئێمە دا زاڵ بێت.دەگەل ئەوەی کە لە ڕێگای ئەم کردەوە تێرۆریستیانە گەلێک سەرکردەوئەندام و لایەنگری بە توانای خۆی لەدەست داوە، بەڵام ڕژانی خوێنی هەموویان بوونە پاڵپشتێکی قایمتر بۆ درێژەدانی خەباتی نەتەوایەتی و بە گژداچوونەوەی دوژمنانی گەلەکەمان. بەڕێزیان دەگەل ئاوڕدانەوە لە کێشەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو دان بەخۆداگرتنەی هێزە خەباتگێڕەکانی خۆرهەلات بۆ پاراستن و سەرکەوتنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، پێداگری لەسەر ئەوەش کرد کە ئەوانیش ئەرکی نیشتمانی و حکومەتیانە لە ئاست دەستدرێژی و ئاژاوەگێڕیەکانی کۆماری ئیسلامی بێدەنگ نەبن و بە گژیدا بچنەوە.

بەدوای وتەکانی کاک خالیددا،نوێنەرانی حیزب و رێکخراوەکانی بەشدار پەیامی هاودەردی و هاوخەمی خۆیان بۆ بنەماڵەی شەهیدان و رێبوارانیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشکەش کرد . نێوئاخنی بەرنامەکەش بریتی بوو لە پێشکەش کردنی چەندین پارچە شێعروپەخشان و لە کۆتاییشدا پەیامی بنەماڵەی شەهید وەهاب میرخزری بە نوێنەرایەتی هەموو بنەماڵەی شەهیدانی یەڵدای خوێناوی پێشکەش کرا.هە ر لەو رێورەسمەشدا یادێک لە رووناکبیرو کەسایەتی بەتوانای گەلەکەمان کاک ناسر ئیرانپوور کرا کە بەداخەوە ئەویش رۆژی ٢٤ - ١٢ - ٢٠١٦ دوای بەربەرەکانییەکی زۆر دەگەل نەخوشی کۆچی دوایی کرد. ئەو حیزب و لایەنانەی خوارەوەش بەشداری رێورەسمەکە بوون و پەیامیان پێشکەش کرد:

١- پارتی دێموکڕاتی کوردستانی

٢- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

٣- کۆمەڵە(رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

٤- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی شۆڕشگێری کوردستانی ئێران

٥- پارتی ئازادی کوردستان - باکوور

٦- پارتی دیموکراتی کوردستان - باکوور

٧- ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد لە سوریە(ENKS)

٨- ناوەندی بەڵگەنامەولێکۆڵینەوەی کورد(Nawend)

٩- پارتی سوسیالیستی کوردستان PSK

١٠- پارتی HAK-PAR باکوور

١١- پەیامی بنەماڵەی شەهید پێشەوا قازی

١٢- ئەنجوومەنی کورد لە ئاڵمان(Kurdische Gemeinde Deutschland)

١٣- پارتی ئازادی کوردستان (پاک)

حیزبی دیموکراتی کوردستان- کومیتەی ئاڵمان

٢٥ - ١٢ - ٢٠١٦

# خۆپێشاندانی دژ بە کردەوەی تیرۆریستییەکەی بەردەم قەڵای دێموکرات لە شاری هەولێر




بە دەستپێشخەریی کۆمەڵێک لە ڕێکخراوە مەدەنییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە پارکی "شانەدەر" کۆبوونەوەیەک بۆ شەرمەزارکردن و مەحکوومکردنی کردەوە تیرۆریستییەکەی بەردەم دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو.

کاتژمێر ٣ی ڕۆژی شەممە، ٥ی بەفرانباری بە دەستپێشخەریی کۆمەڵێک لە چالاکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە چالاکان و کەسایەتییە سیاسییەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی ریسواکردن و مەحکوومکردنی کردەوە تیرۆریستییەکەی بەردەم دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە تێیدا ٥ کادر و پێشمەرگەی ئەو حیزبە و دوو کارمەندی ئاسایشی هەرێمی کوردستان شەهید بوون، لە پارکی شانەدەری هەولێر کۆبوونەوەیەک بەڕێوە چوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا وێڕای مەحکوومکردنی ئەو کردەوە تیرۆریستییە، تێکڕای چالاکان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە پێویستە لەباری ماددی و مەعنەوییەوە پاڵپشتی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکرێ و چی دیکە ئیزن نەدرێ کە کۆماری ئیسلامیی ئێران، کورد کۆمەڵکوژ و سەرکوت بکات. هەروەها لە درێژەی ئەو خۆپێشاندانەدا چەندین کەسایەتی سیاسی و ناسراو هەر چەشنە دەسپێکردنی تێرۆر و کوشتنی ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکانیان مەحکوومکرد و لەو پێوەندییەدا عەلی مەحموود چالاکیی سیاسی و مەدەنی خەڵکی باشووری کوردستان لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند؛ ئێمە وەکوو خەڵکی باشوور بەرانبەر بە خەڵکی ڕۆژهەڵات و پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی بەرپرسیارین و نابێ ئیزن بدرێ کە کۆماری ئیسلامی دیسانەکە بە ئاسانی تێرۆریان بکا و، هەر کردەوەیەکی تێرۆریستی لە خاکی باشوور مەترسییە بۆ سەر سەقامگیریی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو خۆپێشاندانەدا هەر کام لە ڕێکخراوانی بەشداربوو پەیامی هاوسۆزیی لە گەڵ بنەماڵەی قوربانیانی شەوی یەلدای خوێناویی دێموکراتیان پێشکەش کرد و بە توندی ئەو هێرشە تێرۆریستییەیان مەحکوومکر، هەروەها یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشێکی هەرە زۆر لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات نیشتەجێ لە هەولێر لەو کۆبوونەوەدا بەشدارییان کرد.

٢٦ - ١٢ - ٢٠١٦

---

## دژکردەوەی حیزبەکان لەسەر تیرۆرەکەی شەوی یەلدا / چەند لایەن کۆماری ئیسلامی بە بکەری تاوانەکە دەزانن




ڕۆژی کورد: ژمارەیەکی بەرچاو لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، وێڕای مەحکووم کردنی کردەوە تیرۆریستییەکەی شەوی یەڵدا، ڕوانگە و بۆچوونی خۆیان لەسەر چۆنیەتی و دەستەکانی پشتی پەردەی ئەو کردەوەیە ڕاگەیاندووە.

حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە ڕاگەیاندراوێکدا لە ماڵپەری فەرمیی ئەو حیزبەوە بڵاو بۆتەوە، ئاماژەی بە هەوڵەکانیان بۆ ناسین و ئاشکراکردنی بکەرانی ئەو کردەوە تیرۆریستییە کردووە، بەڵام ئاماژەی بە هیچ کەس و لایەنێک وەکوو تۆمەتبار و یان ئەنجامدەرانی ئەو کردەوەیە نەکردووە.

هاوکات سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیاندراویکدا، وێڕای دەربڕینی هاوخەمیی خۆیان و هەروەها مەحکووم کردنی ئەنجامدەرانی ئەو تەقینەوەیە، ڕایگەیاندووە: "بە لەبەرچاوگرتنی مێتۆد و سیاسەتی چەندین ساڵەی ئاخوندان لە ڕاست نەیارانی خۆی، وا وێ دەچێ ئەو ڕووداوە کردەوەیەکی تیرۆریستی بێ و لەلایەن ڕژێمی ئاخوندییەوە پیلانداڕێژی و

جێبەجێ کرابێ".

سمکۆ یەزدانپەنا، سکرتێری یەکیەتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، لە پەیامێکدا رژیمی ئیسلامیی ئێرانی بە ئەنجامدەری ئەو کردەوە تیرۆریستییە لە قەڵەم داوەو رایگەیاندووە: "ئەگەرچی لەو ٣٧ ساڵەی دەسەڵاتی پڕ لە تۆقان و خوێنڕشتن و تیرۆر کردنی بەرهەڵستکارانی خۆی لە هیچ کەرەستەیەک درێغی نەکردوە بەڵام تیرۆر کردنی ئەو رۆڵە قارەمانانەی گەلەکەمان بەو چەشنە هەموو لایەکمانی تووشی شۆک کرد. هەربۆیەش وریا بوونی زیاتر و بەردەوام پەروەندەی تیرۆریزمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر مێزی کارو بیرمان دەبێت لە ئەولەویەتی کارمان دابێت".

هەروەها بزووتنەویە کۆماریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان رایگەیاندووە: "دەگەل ئیدانە و مەحکوم کردنی ئەم کردارە تێرۆریستی‌یە، خۆی بەهاوخەمی برایانی حیزبی دەزانێ،و بەم هۆیەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەریوەبەرایەتی حیزبی دیمۆکرات،و برایانی ئاسایشی هەرێم، و گشت پێشمەرگە و ئەندامان،و بنەمالەی سەربەرزی شەهیدەکان دەکات،و هێوا بۆ جێگیربوونەوەی هەرچی زووتری رەوشی تەندروستی بریندارەکان، دەخوازێ".

لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵەی شۆڕگێڕ لە بەیاننامەیەکدا وێڕای مەحکووم کردنی ئەو کردەوە تیرۆریستییە، ڕایگەیاندوو: ساڵی پێشووتر کۆمەڵەی شۆڕگێر کەوتۆتە بەر پلانی کردەوەیەکی لەم چەشنە و کۆمەڵە دڵنیایی ئەوەشی داوە کە کردەوەی تیرۆریستی و تەقینەوە بە دژی ئەندامانی حیزبە کوردییەکان بەردەوام دەبن.

هەیئەتی ئیجرایی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانیش لە پەیامێکدا ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاریی و شناسیی بکەرانی ئەو کردەوە تیرۆریستییە دەربڕیوەو رایانگەیاندووە: "ئێمە دڵنیاین کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانو حیزبە سیاسییەکان بەم جۆرە کردەوە تیرۆریستیانە کزو لاواز نابن". کۆمەڵەی زەحمەتکێشان دەشلیت: "پێویستە جارێکی دیکە ئاماژە بەوە بکەین کە هاوکاریو پێکەوە کارکردنی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان مەرجی سەرەکییەوە بۆ ئەوە پێش بەم جۆرە کردەوە تیرۆریستییانە بگیرێت یان پوچەڵ بکرێنەوە".

هەروەها، کۆمەڵە، رێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش وێڕای مەحکووم کردنی ئەو کردەوە تیرۆریستییە، رایەگیاندووە؛ بە سەرنجدان بە پێشینەی تیرۆریزمی رژیمی ئێران و هەبوونی هێزی رژیمی ئێران لە هەریمی کوردستان و دەسئاوەڵا بونوی لە هەرێمی کوردستان، گومانی تێدا نییە کە دەستی کۆماری ئیسلامی لە پشت ئەو تیرۆرەوەیە".

بەڵام پارتی ئازادیی کوردستان لە بەیاننامەیەکی فەرمیدا وێڕای دەربڕینی هاوخەمیی خۆی بۆ شەهیدانی شەوی یەلدا و مەحکووم کردنی ئەو کردەوە تیرۆریستییە، رەخنەی توندی لە (حدک) گرتووە و رایگەیاندووە: "ساڵی رابردوو کە پارتی ئازادیی کوردستان لە بەرەکانی شەڕی داعشدا، کەوتە بەر پەلامارێکی تێرۆریستیی تاران و لە ئاکامدا ٣ فەرماندە و

پێشمەرگەی گیانیان بەختکرد؛ حدک لەو لایەنانە بوو کە لە جیاتی وریا بوونەوە و ئەزموون وەرگرتن لێی، لە ژێر کاریگەریی ماشێنی چەواشەکاریی دام و دەزگا تێرۆریستییەکانی ئێران لە جیهانی مەجازییدا، لەگەڵ چەواشەکارییەکاندا ڕۆیشتن و تەنانەت، لە دەربڕینی سەرەخۆشییەکی سادە لە کەس و کاری شەهیدە سەربەرزەکانی پارتی ئازادیی کوردستان، خۆیان بوارد".

هەروەها پارتی سەربەستیی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا وێڕای مەحکووم کردنی ئەو کردەوەیە تیرۆریستییە، ڕایگەیاندووە، "پێمانوایە کە بە پێی ئەزموون و کردەو تروریستیە بەردەوامەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی ٣٧ ساڵەی حوکمدارێتیاندا بەرامبەر بە لایەنە سیاسیە کوردییەکان و گشت ئازادیخوازاندا، ئەم کردەوەش زۆر لە کردەوەی دەزگای داپڵۆسێنەری ئیتلاعاتەوە نزیکە".

پارتی لیبراڵ دێمۆکراتی کوردستان، لەگەڵ مەحکووم کردنی ئەو کردەوە تیرۆریستییە، ڕایەگیاندووە: "گۆمان لەوە دا نییە کە ئەم کردەوە جەنایەتکارانە کاری سوپای پاسداران و سوپای قۆدسی ڕژیم تێرۆریست پەروەری ئێڕانە و کە بەسەدان کردەوەی لەو چەشنەی لە کارنامەی خۆیدا تۆمار کردوە، بێگومان ئەم کردەوانە نە یەکەم جارە و نە ئاخرین جاریش دەبێت".

یەکیەتیی دیمۆکراتیکی کوردستان لە پەیامێکدا کە ڕوو لە (حدک) بڵاوی کردۆتەوە، هاوخەمیی خۆی لەگەڵ ئەو حیزبە دەربڕیوەو ڕایگەیاندووە: " هەر جۆرە کردەوەیەکی تیرۆریستی لە ژێر هەر پاساوێک و لە لایەن هەر لایەنێکەوە بێت بە توندی مەحکوومی دەکەین".

هەروەها ڕێکخراوی یاریکورد لە بەیاننامەیەکدا وێڕای مەحکووم کردنی ئەو کردەوە تیرۆریستیە، ڕایگەیاندووە: " ئێمە دڵنیاین ئەم کردەوە قیزەونانەی کاربەدەستانی تاران بە دژی ڕوڵەکانی نەتەوەکەمان و تێکوشەرانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان درێژەیان هەیە، بەڵام ترووریستان و داگیرکەرانی خاکی پیروزی کوردستان دڵنیا دەکەین کە ئەو کردوە قیزەون و ترسەنوکانە ناتوانێ ئیرادەی بە هێزی ڕوڵە و تێکوشەرانی کورد بە چوکدا بێنی، بەڵکوو ئیرادەی گەل و پارێزەرانی وڵات بەهێزتر دەکا بۆ بەرنگاربوونەوەی زیاتر دژی تاریکپەرستانی تاران".

هاوکات حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیاندراویکدا، ڕژیمی ئێسلامیی ئێرانی وەکوو ئەنجامدەری ئەو تیرۆرە لەقەڵەم داوەو مەحکوومی کردووەو ڕاشیگەیاندووە: " ئەم کردەوە تێرۆریستییە جارێکی دیکە نیشانی دایەوە کە تێرۆر و سەرچاوەی تێرۆیزم لەگەڵ هەموو بنەمایەکی ئازادی و مرۆیی ناتەبایە و ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەڕەشەیەکی جیهانییە بۆ سەر ژیانی ئینسانی".

هەروەها پارتی دیمۆکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانیش لە دوو بەیانانمەی جیاجیادا، کردەوەی تیرۆریستیی دژ بە ئەندامانی (حدک)یان مەحکووم کردووە.
یەکیەتیی نیشتمانی لە راگەیەندراوەکەی مەکتەبی سیاسیدا ئەنجامدەرانی ئەو کردەوە تیرۆریستیەی مەحکووم کردووەو راگەیاندووە: "پەرۆشی بەئەنجام گەیشتنی لێکۆڵینەوەکانین لەبارەی تەقینەوەکانەوە. داواش لە هەڤاڵانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەین، هاوکاری دەزگاکانی ئاسایشی ناوخۆ بکەن، بۆ ئەوەی راستی رووداوەکان بۆ رای گشتی ئاشکرا بکرێن و بکەرانی رووبەڕووی یاسا بکرێنەوە".

هەروەها شوان داودی، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە پێگەی تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (فەیسبووک) بڵاوی کردەوە: "ڕووداوەکەی دوێنێ ٢٠ / ١٢ / ٢٠١٦ی کۆیە، دیاریی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو بۆ کورد، بەبۆنەی مافی هاووڵاتیبوون لەو وڵاتە کە هەر دوێنێ ڕاگەیاندرا".

هەروەها فوئاد مەعسووم، سەرکۆماری عێراق تەقینەوەکانی شەوی رابردووی شاری کۆیە بەتووندی مەحکووم کردووە و رایگەیاندووە، دەبێت لێکۆڵینەوەی پێویست بکەن، بۆ دۆزینەوەی ئەو لایەنەی بەرپرسیاری ئەم تاوانەیە".
لەلایەکی دیکەوە هوشیار زیباری، لە تویتێکدا، رژیمی ئیسلامیی ئێرانی وەکوو ئەنجامدەر و بکەری ئەو کردەوە تیرۆریستیەی بە دژی پێشمەرگەکانی (حدک) لەقەڵەم داوە.


هەروەها پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە راگەیاندراوێکدا، وێڕای هاوخەمیی خۆی بۆ کەسوکار و بنەماڵەی شەهیدانی ئەو کردەوە تیرۆریستییە، رایگەیاندووە: ئەنجامدەرانی ئەو کردەوەیە ئامانجیان پشێوی و تێکدانی سەقامگیری و ئارامیی هەرێمی کوردستانە، زۆر بە توندی ئیدانە و سەرزەنشت دەکەین".

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ارگەیاندراوێکی فەرمیدا بڵاوی کردۆتەوە، کە "هەموو هەوڵ و توانای خۆمان دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە تیرۆرستییە بە سزای یاساییی خۆیان بگەن. بەوانەشی کە لە پشتی ئەم تاوانە تیرۆرستییەوەن، ڕادەگەیەنین، هەر هەوڵ و پیلانێکی نەخوازراو دژی گەل و نەتەوەکەمان بەدڵنیاییەوە ڕووبەڕووی شکست و پووچەڵکردنەوە دەبێتەوە".

هەتا ئیستا هیچ کەس ولایەنێک لەلایەن دەزگای ئاسایش و لێکۆلینەوەی هەریی کوردستانەوە وەکوو ئەنجامدەری ئەو کردەوە تیرۆریستییە نەناسێدراوەو هیچ کەسێکیش لە وپەیونەدییەدا دەستەبسەر نەکراوە.

٢١ / ١٢ / ٢٠١٦

## تەقینەوەکەی شەوی یەڵدا و ڕەنگدانەوەی لە میدیا بیانییەکاندا



تەقینەوەکەی شەوی یەڵدا لە نێو بنکەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن زۆربەی میدیا بیانییەکانەوە گرینگیی پێدراوە و بە هەواڵ و ڕاپۆرت و لێکدانەوە باسیان کردوە.

**دەنگی ئەمریکا** لە ڕاپۆرتێکدا بە ئاماژە بە کات و شوێنی ڕووداوەکە بەپشتبەستن بە هەواڵدەریی ڕۆیتێرز دەڵێ گومان هەموو لەسەر کۆماری ئیسلامین.

ئەو هەواڵدەرییە لە زمان د. ئاسۆ حەسەنزادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی باسی لەوە کردوە کە "گومانێک لەوەدا نییە کۆماری ئیسلامی لە پشت ئەو تەقینەوانە بووە."

"**هەواڵدەریی فەرانسە**" لەگەڵ ڕوماڵکردنی ئەو هەواڵە باسی لە شەڕ و پێکدادانەکانی هاوینی ئەمساڵ و ساڵەکانی ڕابردووی حیزبی دێموکرات و هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی کردوە و قامکی تاوانی ئەو جینایەتەی بۆ لای کۆماری ئیسلامی ڕاداشتوە.

هەواڵدەریی فەڕانسە دەڵێ ئەو تەقینەوانە لە کاتێکدا و لە شوێنێکدا ڕوویان داوە کە لە دوای ڕووخانی عێراقی سەردەمی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە بە گشتی ناوچەیەکی ئارام و دوور لە شەڕ و تەقینەوە بووە.

"**ئەلعەرەبیە**" لە ڕاپۆرتیکدا ئەو بابەتەی وروژاندوە کە "ئایا کۆماری ئیسلامی دەستی بە تێرۆری دژبەرانی خۆی لە دەرەوەی وڵاتدا کردۆتەوە؟"

ئەلعەرەبیە بە ئاماژە بە هەڕەشەی کاربەدەستانی سپای پاسداران لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا لە حیزبی دێموکرات نوسیویەتی: "ئەو ڕووداوە تێرۆریستییە و ئەو هەڕەشانە لە کاتێکدا ڕوو دەدەن کە پێشینەی کۆماری ئیسلامی لە تێرۆر

کردنی ئەندامانی حیزبی دێموکڕات ڕوون و ئاشکرایە، کۆماری ئیسلامیی ئێران دوو ڕێبەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لەسەر مێزی دانوستان تێرۆر کردوە و زیاتر لە ٢٥٠ کەس لە کادر و پێشمەرگەی ئەو حیزبەی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی تێرۆر کردوە."

هەواڵدەریی "بی بی سی" کە چەند هەواڵ و وتووێژێکی لەسەر ئەو ڕووداوە بڵاوکردۆتەوە، دەڵێ ئەگەرچی هێشتا بە ڕوونی ئاکامی لێکۆڵینەوەکان لەو پێوەندییەدا ئاشکرا نەکراوە، بەڵام بەپێی ئاماژە و سەرەداوەکان دەبێ کۆماری ئیسلامی لە پشتی ئەو ڕووداوە بووبێ. بی بی سی ئاماژەی بە لێدوانی وشیار زێباری، وەزیری پێشووی عێراق کردوە کە ئەو تاوانەی بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردۆتەوە.

"دۆیچەوەلە"، دەنگی ئاڵمان لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵە لێدوان و زانیارییەکانی چەند کاربەدەستێکی حکومەتی هەرێم وەک جەلال کەریم، بریکاری وەزیری نێوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لەسەر ئەو ڕووداوە بڵاو کردووەتەوە و دەڵێ بەهۆی ئەوەی ئەمجارەیان بنکەی حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی کراوەتە ئامانج، دەبێ دەستی وڵاتێکی بیانی لە پشتی ئەو ڕووداوە بێ.

" کیهان لندن" لە زمان سەعید بیگزادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتەوە بڵاوی کردۆتەوە کە هیچ شک و گومانێکمان نییە کە غەیری کۆماری ئیسلامیی ئێران لایەنێکی دیکە لە پشتی ئەو ڕووداوە بێ.

ئەو ڕۆژنامە باسی لەوە کردوە کە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دامەزرانی بەردەوام تێرۆری وەک چەکێک بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دژبەرانی بەکارهێناوە و لە دەرەوەی سنوورەکانیش دەیان کەس لە دژبەرانی خۆی تێرۆر کردوە.

"رادیۆ فەردا" لە ڕاپۆرتێکدا کە لەو پێوەندییەدا بڵاوی کردۆتەوە نوسیویەتی:" ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا بە ڕەسمی بەرپرسایەتیی هیچ تێرۆرێکی وەئەستۆ نەگرتوە، بەڵام ئەگەر ئەوە دەستی کۆماری ئیسلامیی لەپشت نەبێ ئەدی دەتوانێ کێ کردبێتی؟"

ئەو ماڵپەرە کە سیاسەتی نیزیک لە سیاسەتی ڕەسمیی ئەمریکا بڵاو دەکاتەوە، لە درێژەدا دەڵێ کۆماری ئیسلامی لە دەیەی ٧٠ی هەتاویدا کە باشووری کوردستان ناسەقامگیر و هەروەها گەمارۆی ئابووریی لەسەر بوو، لە ڕێگای تێرۆریستەکانی خۆی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی تێرۆر کرد.

٢٣ / ١٢ / ٢٠١٦

## بە بۆنەی کارەساتی شەوی یەڵدای خوێناویی دیموکراتەوە، لە شارە جیاجیاکانی کوردستان چالاکیی تەبلیغیی کرا




خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان ، بەتایبەتی ئەندامان و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی هاوخەمی و هاوسۆزییان لە گەڵ بنەماڵەو کەسوکاری شەهیدانی شەوی یەڵدا و رق ونفرەت دەربڕین لە کردەوە تێرۆریستییەکەی چەند شەو لەمەپێش کە بوو بە هۆی شەهید و برینداربوونی پۆلێک لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب، لە یەکەم چرکەساتی ئەو کارەساتە بە هەڵویست گرتن و چالاکیی کردنیان پاڵپشتی خۆیان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەربڕی و لە گەڵ شەهیدانی تەقینەوەکانی بەردەم قەڵای دێموکرات پەیمانی هەتاهەتاییان بەست.

بە پێی هەواڵی گەیشتوو بە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب لە شەوانی رابردوودا ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، لە شاری مەریوان بە هەڵویست گرتن بەرانبەر بە کردەوە تێرۆریستیەکەی شەوی یەڵدا، لە گەڕەک و شەقامەکانی شاری مەریوان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لەو چالاکییە تەبلیغییەدا لە گەڕەکەکانی بەهاران و نەوبەهاری شاری مەریوان لایەنگرانی و دۆستانی حیزب بە بڵاوکردنەوە تراکت و نووسراوەی پێوەندیدار، وێڕای مەحکووم کردنی تێرۆری رۆڵەکانی دێموکرات لەگەڵ رێبازو ئامانجەکانی حیزب پەیمانی وەفایان نوێ کردەوە.

هەروەها لە شاری دیواندەرە بە مەبەستی پاڵپشتی کردن لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و مەحکووم کردنی کردەوەی تەقینەوەکانی بەردەم یەکێک لە بنکەکانی دەفتەری سیاسی حدک، لە چەندین گەرەک و شەقامەکانی شار چالاکی تەبلیغی کرا.

فەرمانداری، بەردەکی مزگەوتی جامیعە، بانکی میللی، پایگای بەسیج، کۆڵانی کاجی چوارم، و دەبستانی شاهید، و شەقامی ١٦میتری و چەندین شوێنی دیکەی ئەو شارە شوێنی چالاکیی تەبلیغیی لایەنگرانی دیموکرات بوو و خەڵکی بە پەرووشی ئەو شارە لە گەڵ بنەماڵەو کەسوکاری تازەترین شەهیدانی حیزب، هاوخەمییان نواند.

بە پێی هەواڵی دیکەش کە لە شارەکانی بۆکان و ناوچەی ڕەبەت و شاری ڕەبەت بە کوردستان وکورد گەیشتوو خەڵکی خەمخۆر ودێموکراتدۆستی بۆکان، هاوشان لە گەڵ لایەنگرانی بە ئەمەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری ڕەبەت بە بڵاوکردنەوەی تراکت و نووسراوەی پێوەندیدار لەهەمبەر کارەساتی شەوی یەڵدا هەڵویستان گرت و هاوخەمییان دەربڕی.

شایانی باسە دوای تەقینەوەی شەوی یەڵدا شەپۆلێک هاوخەمی لە نێو خۆ وڵات وەڕێکەوت و لە درێژە هاوخەمیی و مەحکوم کردنی ئەو کردەوە تیرۆریستیە زیندانی سیاسی کورد محەممەد نەزەری لە زیندانی رەجائی شار بە دەرکردنی پەیامێک لەو بارەوە وێڕای مەحکووم کردنی کردەوەی تێرۆریستی بەردەم بنکەی حدک، لە گەڵ بنەماڵە و کەرسوکاری شەهیدان هاوخەمیی دەربڕی.

٢٣ / ١٢ / ٢٠١٦

## دژ بە کردەوە تیرۆریستییەکەی کۆماری ئیسلامی لەبەردەم قەڵای دێموکرات، لە نۆڕوێژ خۆپێشاندانێک بەڕێوە چوو




**ناوەندی هەواڵ - نۆرویژ**: بەمەبەستی شەرمەزار و مەحکوومکردنی کردەوە تیرۆریستییەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شەوی یەڵدا لە بەردەم دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بوو بەهۆی شەهیدبوونی پێنج کادر و پێشمەرگەی

حیزب و دوو کارمەندی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و برینداربوونی چەند کەسی دیکە، لە وڵاتی نۆرویژ خۆپێشاندانێکی بەرفراوان بەڕێوە چوو. دوانیوەڕۆی ڕۆژی کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نوێنەرانی هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان، سەرەتان لەبەردەم پەرلەمانی نۆرویژ کۆ بوونەوە و بە گوتنەوەی دروشمەکانی "نا بۆ تیرۆر"، "بژی پێشمەرگە"، " مەرگ ونەمان، بۆ کۆماری ئیسلامی" و چەندین دروشمیتر، بەشێوەیەکی ڕێکوپێکو بەپێی بەرنامە بەرەو وەزارەتی دەرەوەی نۆرویژ دەستیان بە ڕێپێوان کرد. خۆپێشاندەران کە هەڵگری ئاڵای پیرۆزی کوردستانو یوبیلی حیزبو ژنانو لاوان بوون، توانیان سەرنجی خەڵکێکی زۆر لە هاووڵاتیانی نۆرویژ بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و بە جۆرێک کە وێنەو ویدیۆیان لە خۆپێشاندەران هەڵدەگرتەوە. دەگەڵ گەیشتنی ئاپۆڕای خۆپێشاندەران بۆ بەردەم وەزارەتی دەرەوەی نۆرویژ، کۆمەڵێک چالاکی جۆراوجۆر دەستی پی کرد. سەرەتا گروپی سروودی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب"یان پێشکەش کردو دواتر چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی یەڵدای خوێناوی و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان چەند ساتێک بێدەنگی ڕاگەیەندرا. دواتر لە لایان بەڕێوەبەرانی خۆپێشاندانەکەوە بە زمانی کوردیو نۆرویژی سوپاسی بەشداریی بەرچاوی خۆپێشاندەران کرا. ئەوجار داواکاریی خۆپێشاندەران سەبارەت بە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە چەند خاڵدا بە زمانی کوردی لە لایەن هاوڕێیان "سۆران شێرزاد" ئەندامی کومیتەی گشتیی حیزب لە نۆرویژ و "بەفرین ڕۆستەمی" بەرپرسی کومیتە ناوچەی "ئۆسلۆو ئاکرشووس" بە زمانی نۆرویژی خوێندرایەوە کە لە پێنج خاڵدا گەڵاڵە کرابوون و ناوەرۆکی ئەم پێنج خاڵە بریتی بوون لە تەباییو یەکریزیی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەر چوارپارچەی کوردستان و داوایان لێکرابوو کە بۆ گەیشتن بە ئامانجو ویست و داخوازییە نەتەوەییەکانمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستان، لە ڕاستای بەرەیەکی کوردستانی و کۆنگرەیەکی نەتەوەییدا هەنگاو هەڵبگرن. هاوکات داوا لە ڕێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەکان، دادگای "لاهە"و ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانی کرابوو کە کار لەسەر کەیسی تیرۆرکرانی شەهید "د.قاسملوو" سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستان و دەیان تێکۆشەری سیاسییترو نوێترین کردەوەی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی واتە تەقینەوەکانی بەردەم بنکەی دەفتەری سیاسیی "حدک" بکەن کە ٥ پێشمەرگەی حیزبو دوو ئەندامی ئاسایشی هەرێمی کوردستان تێیدا بوونە. دوابەدوای داواکاریی خۆپێشاندەران، لە لایەن هاوڕێ "ئیدریس ئابدە" هاوکاری بەشی پێوەندییەکانی کومیتەی حیزب لە نۆرویژ، بە زمانی نۆرویژی بەیاننامەی کۆتایی کۆبوونەوەی هاوبەشی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان خوێندرایەوە کە لەو بەیاننامەدا یەکدەنگ و یەکگرتووانە کردەوەی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامییان مەحکووم کردبوو و ئاماژەیان بە ڕابردووی تیرۆرو تاوانی کۆماری ئیسلامی دابوو کە لە ساڵانی ڕابردوودا دەیان تێکۆشەری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان تیرۆر کردووە و هاوکات هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیان پیلانی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامییان پووچەڵ کردووەتەوە. هەر ئەم بەیاننامەیە لە لایەن بەڕێز "ناسر قادرپوور" بەرپرسی بەشی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆرویژ بە هاوڕێیەتی بەڕیزان "شوانە ئوستادی"و "بەفرین ڕۆستەمی" هاوکارانی بەشی پێوەندییەکان رادەستی وەزارەتی دەرەوەی نۆرویژ کرا. هەر لە درێژەی ئەو چالاکییانەدا، یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کە یەکێک لە قوربانییەکانی تیرۆرو تەقینەوەکانی

کۆماری ئیسلامی بووە، پەیامێکی کورتو پڕ ناوەڕۆکیان لەسەر تاوانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی روو بە رێکخراوەکانی لاوان لە جیهان ئاڕاستە کرد کە لایەن رێزدار "ئاژوان مامەش" بەرپرسی یەکێتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆرویژ، بە زمانی نۆرویژی پێشکەش کرا. وتارێک کە لەسەر تیرۆر و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە لایەن تێکۆشەری دێرینی ریزەکانی حیزب هاوڕێ "کەریم ئەڵڵاوەیسی"یەوە ئامادە کرابوو و باسی لە تیرور و تاوانەکانی ئەو رژێمە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکار و دەستێوەردانەکانە لە کاروباری ناوچەکەو بردنە پێشی پڕۆژە زێدەخوازییەکانی رێژیم بە میتۆدی نامرۆڤانەو تیرۆریستییانە کرابوو. لە لایان ناوبراوەوە هاتە پێشکەشکردن. دوابە دوای ئەم وتارە، سروودی ئەی "شەهیدان" بە دەنگی هونەرمەند شۆڕشگێڕ هاوڕێ "بێهروز لوتفی" بەهاوکاری گرووپی سروودی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان گوترایەوە. لە کۆتاییدا، هاوڕێ "سەردار مەرەسەنە" بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی حیزب لە نۆرویژ، بە نوێنەرایەتی کومیتەی وڵاتەوە سوپاسی سەرجەم حیزبو لایەنە سیاسییە بەشداربووەکانو ئەندامانو لایەنگرانی حیزبو سەرجەم تێکۆشەرانی کوردی کرد کە بە هەستی بەرپرسایەتییەوە بەشداری ئەو خۆپێشاندانە بوون.

حیزبی دیموکراتی کوردستان - نۆرویژ

٢٧ / ١٢ / ٢٠١٦

---

## بەرێوەچوونی خۆپیشاندانێک بۆ سەرکۆنە کردنی کردەوە تێرۆرسیتییەکەی شەوی یەلدا، لە شارەکانی برلین و بۆن.ی ئاڵمان




**ناوەندی هەواڵ - ئاڵمان**: رۆژی چوارشەممە ٢٨ی دێسامری ٢٠١٦ی زایینی، کۆمیتەی ئاڵمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆ ڕیسوا کردنی کردەوە تێرۆریستییەکەی شەوی یەڵدای بەردەم بارەگای سەرەکیی حیزبەکەمان لە شاری کۆیە، کە لەلایەن

کۆماری تێرۆریست پەروەری ئیسلامییەوە ئەنجام درا، ئاکسیوینیکی هێمنانەی لە بەردەم نوێنەرایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە شاری بۆنی وڵاتی ئاڵمان بەڕێوەبرد. لەو کۆبوونەوەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتووی وڵاتی ئاڵمان و هەروەها چەندین حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی کوردستانی بەشدار بوون. دوای بەخێر هێنانی بەشداربووان، ڕێپێوانەکە بە راگەیاندنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە یاد و بیرەوەری شەهیدان دەستی پێکردو ڕاگەیاندراوی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن بەڕێز سمایل ئەقدەمەوە و پەیامی کۆمیتەی ئاڵمان بە زمانی ئاڵمانی لەلایەن بەڕێز هەمزە ئەحمەدی،یەوە پێشکەش کران. پاشان چەندین پەیام و بروسکە بۆ مەحکوم کردنی ئەم کردەوە ترۆریستییە لەلایەن نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی بەشدار لەم ئاکسیونە پێشکەش کران کە بریتی بوون لەو حیزب و ڕێکخراوانەی خوارەوە:

* کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
* کۆمەڵەی ڕێکخراوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
* ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لە سوریە ENKS
* پارتی دێموکراتی کوردستان باکوور
* پارتی ئازادی کوردستان

پاشان چەند وتەیەک بە زمانی ئاڵمانی لەلایەن بەڕێز سوڵتان گوڵاوی، لە سەر کردەوە ترۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی و مێژووی پڕ لە خەبات و تێکۆشانی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشکەش کرا. هەر لەو پێوەندییەدا باسێک بە زمانی فارسی لەلایەن بەڕێز ئاسۆ کرماشانی لەسەر تێرۆرەکانی حکومەتی ئێران پێشکەش کرا. لە برگەی کۆتایدا پەیامێک لەلایەن خاتوو هەوار خرززادە شاعیرو چالاکی ئەدەبی خوێندرایەوە.

---------------------------------------------------------------

هەر هەمان ڕۆژ و لە ڕێکەوتی ٢٨ی دێسامبر لە شاری بێرلینی پێتەختی وڵاتی ئاڵمان، دەیان کەس بۆ ئیدانەکردنی ئەو کردەوە تیرۆریستییەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەردەم بارەگای حیزبی دێموکراتی کوردستان "حدک" ئەنجامی دا، هاتنە سەر شەقام و جارێکی دیکە نارەزایەتی خۆیان لەمەڕ کردەوە تێرۆریستییەکانی ئەو دەوڵەتە تێرۆریستە دەربڕی. ڕێوڕەسمەکە سەرەتا بە سروودی "ئەی شەهیدان" دەستی پێکرد و بە وتنەوەی چەندین دروشمی جۆراوجۆر دژ بەو ڕێژیمە تێرۆریستە، خۆپێشاندانەکە بەرێوەچوو. هەر لەم پێوەندییەدا، راگەیەندراوی ئەم حیزب و ڕێکخراوانە خوێندراوە:

* حیزبی دێموکراتی کوردستان

* یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
* پارتی ئازادی کوردستان
* پارتی کرێکارانی کوردستان "پ ک ک"
* بنکەی کوردانی ڕۆژهەڵات لە بێرلین
* ڕێکخراوی کۆمەڵەی "حیکمەتیست"

حیزبی دیموکراتی کوردستان - کومیتەی ئاڵمان

٢٨ / ١٢ / ٢٠١٨

## لە شاری ترۆندهایمی نۆروێژ، کۆڕیادی شەهیدانی یەڵدای خوێناوی بەڕێوە چوو



**ناوەندی هەواڵ - نۆروێژ**: کومیتە ناوچەی "ترۆندلاگ"ی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هاوکاریی یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە بەشداری بەرچاوی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و نوێنەرانی لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان، لە شاری "ترۆندهایم" کۆڕیادێکی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی یەڵدای خوێناویی دێموکرات و هاوکات مەحکوومکردنی ئەو کردەوە تیرۆریستییە پێک هێنا. بەمەبەستی ڕێزگرتن لە شەهیدانی یەڵدای خوێناویی دێموکرات و هاوکات شەرمەزارکردن و مەحکوومکردنی ئەو کردەوە تیرۆریستییە کە لە لایان کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ئەنجام درا، ڕۆژی سێشەممە ٧ی بەفرانباری ١٣٩٥ی هەتاوی، کومیتەی "ترۆندلاگ"ی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هاوکاری یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە شاری ترۆندهایم کۆڕیادێکی پێک هێنا کە کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامان و

لایەنگرانی حیزب و نوێنەرانی حیزبە کوردستانییەکان تێیدا بەشدار بوون. کۆڕەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتی "ئەی رەقیب" و دەستی پێ کرد و هاورێ "رامین شێنانی" پێشکەشکاری کۆڕیادەکە، چەند ساتێک بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی یەڵدای خوێناویی دێموکرات و سەرجەم شەهیدانی رێگای ئازادی و رزگاریی کوردستانی راگەیاند. پاشان راگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو پەیوەندییەدا، لە لایان هاورێ "جەمال ئیبراهیمی" بەرپرسی کومیتە ناوچەی "ترۆندلاگ"ی حیزبەوە خوێندرایەوە. ئەوجار کورتەیەک لە ژیاننامەی شەهیدانی یەڵدای خوێناوی "عەلی قۆیاسی، وەهاب میرخزری، سالار باقری، ئەرسەلان عەباس نیا و ناسر کەریمی" کە بە شێوەی ویدئۆ لە لایان بەشی راگەیاندنی کومیتەی نۆرویژەوە ئامادە کرابوو، لە رێگای پرۆژێکتۆرەوە پێشان درا. دواتر بە نوێنەرایەتی بنەماڵەی شەهیدانی یەڵدا، خوشکە "دڵکەش شێنانی" پەیامێکی خوێندەوە و سوپاسی ئامادەبووانی ئەو کۆڕیادەی کرد .ئەوجار پارچە شیعرێک بە ناوی "یەڵدا" کە لە لایان هاورێ "هەمزە ئاگوشی"وە بەم بۆنەوە نووسرابوو، خوێندرایەوە. بەدوای ئەو پارچە شیعرەدا،

پەیامی حیزب و لایەنەکانی بەشداری ئەم کۆڕیادە خوێندرایەوە کە بریتی بوون لە:

* حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
* پارتی دێموکراتی کوردستان - کەجەکە
* رێکخراوی کوردستانیی حیزبی کمۆنیستی ئێران-کۆمەڵە
* یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان

دوابڕگەی ئەو کۆڕیادە، سروودی "ئەی شەهیدان" بوو کە لە لایان بەشی هونەریی یەکێتی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە لە ترۆندهایم ئامادە کرابوو و پێشکەش کرا.

کومیتە ناوچەی "ترۆندلاگ"ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

٢٩ / ١٢ / ٢٠١٨

## ڕاپۆرتی بەڕێوەچوونی کۆڕیادی شەهیدانی شەوی یەلدا لە وڵاتی ئوسترالیا



**ناوەندی هەواڵ - ئوسترالیا**: بۆ ڕێزگرتن لەشەهیدانی دەستی تیرور ولەقاودانی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک بەڕێوەبەری تیرۆری شەوی یەلدا، بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لەکوردانی دانیشتووی شاری ئادلایدی ئەم وڵاتە کۆڕیادێک بەڕێوەچوو. کۆڕیادەکە کە لەسەر داوای کۆمیتەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئوسترالیا پێک هاتبوو کاتژمێر ٧ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٧ی دیسامبر بەسروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لەو شەهیدانە و هەموو شەهیدانی ڕێی ئازادی دەستی پێ کرد. ئینجا کاک هەیاس کاردۆ بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە ئوسترالیا وردەکارییەکانی چۆنیەتیی تیرۆرەکە، ڕادەی خەسارەتی گیانی و موشەخەساتی شەهیدەکانی بۆ بەشداران باس کرد. بەڕێز بەرپرسی کۆمیتە دواتر هاتە سەر هەوڵی و ئیقداماتی کۆمیتەی ئەمنییەت حیزب و ئاسایشی هەرێمی کوردستان بۆ دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی ئەو تیرۆرە و دواتریش دەنگدانەوەی ئەو کردەوە تیرۆریستییە لەنێو بیروڕای گشتی و کۆروکۆمەڵە سیاسییەکان و مێداکانی نێوخۆ و دەرەوە باس کرد.

هاوڕێ هەیاس هەروەها باسی کۆبوونەوەی ٣٠ حیزب و ڕێکخراوی کوردستانیی کرد کە لەسەر داوای ڕێبەریی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ساز کرا و بە کارێکی بەجێی زانی و وەک بناخەی کاری هاوبەش ناساندی. بەڕێز بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لەدرێژەی باسەکەیدا ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی لەو بۆمب دانانەوەیە و هەوڵە تیرۆریستییەکانی دیکەی لە باشووری کوردستان باس کرد کە یەک لەو ئامانجانە دروست کردنی نائەمنی و کەشی لێک دڕدۆنگ بوون لەنێوان کوردانی باشوور و ڕۆژهەڵاتە.

لەدرێژەی کۆبوونەوەکەدا ئەم کەس و لایەنانە قسەیان کرد:

* کاک چەکۆ باران بە پێشکەش کردنی چەند کورتە شیعر و پەخشان یادی ئەو شەهیدانەی ڕێز گرت.
* کاک تاریق پەیامی پارتی دێمۆکڕاتی کوردستان لە ئادلایدی پێشکەش کرد.
* کاک محەممەد پشدەری پەیامی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لەم شارەی خوێندەوە.
* کاک یۆسف بێماڵ پەیامی کەنەکەی پێشکەش کرد.
* کاک قادر ڕەحیمی پەیامی کۆمەڵەی کورد لە ئوسترالیای باشووری پیشکەش کرد، و دواتریش پارچە شیعرێکی خوێندەوە.

کاک سەلاح پوور ئەسەد باسێکی لەسەر تیرۆر و تیرۆریزم پێشکەش کرد.

پێویستە بگوترێ کاک عەلی شەخسی کە کۆڕەکەی بەڕێوە دەبرد بەردەوام کوردەکانی بۆ هاوپێوەندی و هاوخەباتی هان دەدا و ڕێزی لەخەباتی حیزبە سیاسییەکان و یەک لەوان حیزبی دێمۆکڕات دەگرت کە ئاڵای خەباتی نەتەوەیی هەروا بەرز ڕاگرتوە.

کۆڕیادی ڕێزگرتن لەشەهیدانی شەوی یەلدا پاش ٣ کاتژمێر لەنێو فەزای هاوپێوەندیی هەموو کوردانی چوارپارچەی کوردستان کۆتایی هات.

حیزبی دیموکراتی کوردستان - ئوسترالیا

٢٧ / ١٢ / ٢٠١٨

## کوردانی دانیشتووی وڵاتی سویس، لە بەردەم ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان تەقینەوەکانی شەوی یەلدا،یان سەرکۆنە کرد




**ناوەندی هەواڵ - سویس**: لە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان لە وڵاتی سویس شاری ژنف خۆپیشاندانێک بە بەشداری لایەنە سیاسیە کوردستانی و ئێرانیەکان بۆ سەرکۆنە و ڕیسوا کردنی ترۆریزم بەڕێوەچوو. بە مەبەستی شەرمەزار کردنی کردەوە ترۆریستیەکەی کۆماری ئێسلامی ئێران کە لە بەردەم دەرگای بارەگای سەرەکی دەفتەری سیاسی حزبی دێموکراتی کوردستان(قەڵای دێموکرات) ئەنجام درا و بەهۆیەوە ٥ شەهیدی دێموکرات و دوو شەهیدی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵێک بریندار لێکەوتەوە، کۆمیتەی سویسی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە پشتگیری یەکیەتییەکانی ژنان و لاوانی دێموکراتی کوردستان خۆپیشاندانێکیان لەبەرەرکای سەرەکی بارەگای نەتەوەیەکگرتوەکانی لە ژنف وەڕێ خست. لەو خۆپیشاندانەدا کە سەدان کەس لە ئەندام و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، نوێنەر و ئەندامانی حزب و ڕێکخراوە کوردستانی و ئێرانیەکان و چەندین کەسایەتی سیاسی بەشداریان تێدا کرد، چەندین درووشم و پلاکارت بەرز کرانەوە، و دەیان درووشمی جۆراوجۆر دژ بە تێرۆریزمی نێودەوڵەتی ڕژیمی ئیسلامی ئێران گوترانەوە و دەیان لاپەرە لە بەیاننامەی مەحکووم کردنی تێرۆر بە سەر ڕێبوارانی ئەو شەقام و گورەپانە و لەناو خەڵک دا بڵاوکرانەوە. هەروەها چەندین پەیام و برووسکەی هاوڕێیەتی و هاودەردی لە لایان هێز و لایەنە سیاسی و کەسایەتیە دیارەکانەوە خوێندرانەوە. دوایی سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لەگیانی پاکی شەهیدان لە لایان خوشکە خەدیجەی مەعزوور ئەندامی کۆمیتەی ناوندی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیەوە پێشکەش بە بەشداران کرا. بەیاننامەی نزیک بە سی (٣٠) حیزب و لایەنی سیاسی بەزمانی کوردی لەلایان خاتوو شەیدا خاڵەنژاد و پاشان هەمان بەیاننامە بەزمانی فارسی لەلایان دیارنەمازپەرست خوێندرایەوە. هەروەها بەیاننامەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەزمانی ئینگلیسی لە لایان تەوار ئەبرووزەنیەوە خوێندرایەوە. لە لایان ڕێبوار مووسەوی بەرپرسی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانەوە پەیامی یەکیەتی لاوان بەزمانی کوردی و لە لایان بەهرین

شێخیەوە بەزمانی ئینگلیسی خوێندرایەوە. پەیامی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەلایان خاتوو پەروین شەکوری بەرپرسی یەکیەتی ژنان بەم بۆنەیەوە خوێندرایە. شایانی باسە کە کەسایەتی سیاسی و ناسراوی نەتەوەکەمان کاک ئەحمەد شێربەکی وتارێکی پڕ ناوەڕۆکی پێشکەش کرد کە تێرۆری و سیاسەتی ڕەشە کوژی ڕێژیمی ئیسلامی ئێرانی ڕیسوا و شەرمەزار کردبوو، هاودەردی خۆی پێشکەش حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەی شەهیدانی یەلدای خوێناوی کرد. لە وتەکانی ڕێزدار شێربەگی دا بەچڕی پێداگری لە سەر زەروریەتی یەکڕیزی لە ناو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بەتایبەت یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کرا. لە لایان کاک ڕەحمان مەحەممەدی ئەندامی چالاکی حزب پەخشانێکی بە پێز بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرا. هەروەها چەندین درووشم، سروود و هۆنراوە ناوئاخنی بەرنامەکانی ئەو خۆپیشاندانە بوون. جێگای ئاماژەیە کە ئەو حزب و لایەنەسیاسیانەی خوارەوە بەشداری خۆپیشاندانەکەیان کردبوو و بەشێکیان پەیامیشیان بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد:

- پارتی دێموکراتی کوردستان
- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
- پارتی کرێکارانی کوردستان
- کانوونی دێموکراتیکی پنایندەگان سوئیس
- بزووتنەوەی گۆڕان
- پەیەدە
- مریم مەحەممەدی چالاکی سیاسی

حیزبی دیموکراتی کوردستان - کومیتەی سویس

٢٧ / ١٢ / ٢٠١٨

## بەڕێوە چوونی کۆڕ یادێک بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی شەهیدانی شەوی یەڵدای خوێناوی دێموکڕات لە وڵاتی دانمارک



**ناوەندی هەواڵ - دانمارک**: کۆمیتەی دانمارک،ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ بەرز ڕاگرتنی یاد و ناوی شەهیدانی شەوی یەلدای خوێناوی دێموکڕات، کۆڕیادێکی بە بەشداری ئەندامان و نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی چوار پارچەی کوردستان و کۆمەڵە کولتوریەکان و ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب و ڕەوەندی کوردی لە وڵاتی دانمارک پێک هێنا. ڕێوڕەسمەکە کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ٢٧ی دێسامبری ٢٠١٦ی زایینی بە سروودی ئەی شە هیدان و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە ڕوحی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. بە دوای ئەو دا پە یامی کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک، لە لایەن هاوڕێ خالید ڕەواندووست بەرپرسی کۆمیتەوە خویندرایەوە. لە پەیامە کە دا نێوبراو وێڕای بەخێرهێنان وسپاس کردنی ئامادەبووان، ئیشارەی بە چلۆنایەتی ئەو کردەوە تێرۆریستییە و هەوڵی دوژمنانی میللەتی کورد بە درێژایی مێژوو بۆ زەربە لێدان و شەهید کردنی ڕۆڵە ئازا و قارەمانەکانی کورد کرد کە تەنیا مەبەستیان پێش گرتن لە سەرکەوتنی خە باتی ڕەوای گەلی کورد بووە. بەڕێز ڕەواندووست هەروەها تیشکی خستە سەر وەرەی بەرزی میللەتی کورد لە خەبات و تێکۆشاندا و بە ئاماژە بەوەی کە تیرۆر، ئیعدام، زیندان و ئە شکەنجەی ڕۆڵەکان و ڕێبەرانی نەیتوانیوە و ناشتوانێ شوێن لەسەر وەرەی بەرزی تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری نەتەوەی کورد دابنێ. لە بەشێکی دیکەی پەیامی کومیتەی حدک لە وڵاتی دانمارک دا هاتبوو:

خوێنی شەهیدانی تازەی حیزبەکەمان پەیامێکی روون دەدات بە ڕێبەرانی بزووتنەوەی ڕزگاری گەلی کورد، ئەویش ئەوەیە کە زەرورەت و پێویستی یەکدەنگی و یەکگرتوویی ڕێبەرانی میللەتی کورد بەرامبەر دوژمنانی سوێندخواردووی گەلەکەمان، وەک کۆبونەوەی ڕۆژی ٥ی بە فرانباری نیزیک بە ٣٠ حیزب ولایە نی سیاسی و ئیدانە و مەحکووم کردنی کردەوەی تیرۆریستی بە کۆی دەنگ و یەکگرتوو، ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێک زیاتر خۆی دەنوێنێ و ئەوەمان پێ دەڵێ کە یەکگرتن

نیشانەی سەرکەوتنە. پاشان پەیامی یەکیەتییەکانی لاوان و ژنانی دێموکراتی کوردستان لە لایەن سیروان ئە قدەم ئە ندامی یە کیە تی لاوان و موشاویری کۆمیتە خوێندرایە وە. لە درێژە ی کۆڕ یادەکە دا شاعیر نەتەوەیی خاڵە حەمە پارچە هۆنراوە یەکی لە سەر کارەساتەکە خوێندەوە. پاشان چەند پارچە شێعر و پەخشان لە لایەن بەڕێز کاک هیوا زەبیحی، کاک برایم ڕەسوڵزاد، کاک پژمان ڕەسوڵزادە و کاک ئەحمەد ڕەحمانیی بەڕێوەبەری کۆڕ یادە کە خوێندرایەوە. جێگەی باسە کە ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی خوارەوە پەیامی پرسە و پشتگیری خۆیان خوێندووەوە:

١- یەکیەتی نیشتمانی کوردستان

٢- پارتی دێموکراتی کوردستان

٣- فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکانی دانمارک

٤- کۆمەڵەی زەحمەتکێشان

٥- پارتی ژیانی ئازادی کوردستان . پژاک

٦- پارتی ئازادی کوردستان باکوور . پاک

٧- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕیێ زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

٨- پارتی دێموکراتی کوردستانی سوریە

٩- پارتی مافی ئازادی . هاکپار

١٠- پارتی سوسیالیستی کوردستان

١١- پارتی کرێکارانی کوردستان پ ک ک

١٢- پە یە دە

١٣- حیزبی شیوعی

کۆڕ یادەکە کاتژمێر چواری پاشنیوەڕۆ کۆتایی پێ هات.

حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیتەی دانمارک

٢٧ / ١٢ / ٢٠١٨

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی کۆڕیاد و پرسەی شەهیدانی شەوی یەڵدای خوێناویی قەڵای دێموکرات لە ڕۆژئاوای کانادا - ڤانکۆڤێر



**ناوەندی هەواڵ - کانادا**: دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٨ / ١٢ / ٢٠١٦ی زایینی بەرانبەر بە ٩ی بەفرانباری ١٣٩٥ی هەتاویی، کۆڕیادێک بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی شەهیدانی شەوی یەلدای خوێناویی قەڵای دێموکرات، لە شاری ڤانکۆڤێری ڕۆژئاوای کانادا بەڕێوە چوو.

لەم کۆڕیادەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردستانیانی نیشتەجێی ڤانکۆڤێر و دەوروبەر و هەروەها نوێنەرانی چەند حیزب و ڕێکخراوی کوردستانی بەشداریان تێدا کرد.

سەرەتای کۆڕیادەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان، بە تایبەتی شەهیدانی کردەوە تیرۆریستییەکەی شەوی یەلدای بەردەم قەڵای دێموکرات لە کۆیە دەستپێیکرد.

پاشان بیاننامەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەڕ پیلانە تێرۆریستییەکەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە لایەن ئەنوەر کەریمی بەرپرسی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژئاوای کانادا خوێندرایەوە.

دواتر کاک سوران پاڵانی جێگری کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە کانادا وێڕای دەربڕینی هاوخەمی خۆیان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان، بابەتێکی لە سەر مێژووی پیلان و هەوڵە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ زەربە وەشاندن لە هێز و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش کرد. پاشان کاک کاوە سور چالاکی کورد لە ڤانکۆڤێر، وێڕای پێشکەش کردنی بابەتێک لە سەر پیلانی دوژمنانی کورد بۆ دژایەتی کردنی ئەو گەلە، ڕخنەی لە پەرتەوازیی و ناهاوئاهەنگی بۆ کاری هاوبەش لە نێوان حیزبە کوردستانیەکانی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرت.

پێویستە بگوترێ ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندام و بەڕێوەبەرایەتی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران(حدکا) بەشداری ئەو کۆڕ یادە بوون و هاوخەمی خۆیان پێشکەشێ حیزبی دیموکراتی کوردستان و بنەماڵەی ئەو شەهیدانە کرد.
لە کۆڕیادی شەهیدانی یەڵدای خوێناوی دێموکڕات کورتەیەک لە ژیاننـامەی شەهیدانی شەوی یەڵدای قەڵای دێموکڕات بە دەستی ڕەشی تـرۆریستی کۆماری سێدارەی ئیسلامی ئیران ، کە پێشتر لە کوردکانالَ بلاو کرابووەوە پێشکەش کرا. مەڕاسمی ئەو کۆڕیادە نزیک کات ژمێر ٦ی دوانیوەڕۆ کۆتایی پێهات.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان
کومیتەی ڕۆژئاوای کانادا. ڤانکۆڤێر

٢٨ی دێسەمبەری ٢٠١٦

***

## لە شاری "ستاڤانگێر"ی وڵاتی نۆڕوێژ، خۆپێشاندانێک دژ بە کردەوە تیرۆریستییەکەی کۆماری ئیسلامی ئێران بەڕێوە چوو




**ناوەندی هەواڵ - نۆرویژ**: کومیتە ناوچەی "ڕۆگلاند"ی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هاوکاریی یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە بەشداری کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و کوردانی نیشتەجێ ئەو شارە، خۆپێشاندانێک فراوانیان دژ بە کردەوە تیرۆریستییەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەبەردەم قەڵای دێموکرات، لە شاری "ستاڤانگێر"ی وڵاتی نۆڕویژ وەڕێخست. ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ٢٨ - ١٢ - ٢٠١٦، کۆمیتەکانی حیزبی ێیموکراتی

کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خۆپێشاندانێکیان بۆ مەحکوومکردنی تەقینەوەکانی بەردەم سکرتاریای حیزبی دیموکرات کە بووە هۆی شەهیدبوون و برینداربوونی پۆلێک لە پێشمەرگەکانی دێموکرات و دوو کەس لە هێزەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، وەرێخست. لەم خۆپێشاندانە دەیان هاووڵاتی کوردی دانیشتووی شاری "ستاڤانگێر" بەشدارییان تێدا کرد و لە ناویاندا کوردانی پارچەکانی تری کوردستانیش بەشدار بوون، بەتایبەتی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە سوریا بەشدارییەکی بەرچاویان هەبوو. خۆپێشاندەران کە دروشمی دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێران و وێنەی شەهیدانی "یەڵدای خوێناویی دێموکرات"یان هەڵگرتبوو، خوازیاری مەحکوومکردنی تاوانە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بوون و داوایان لە کۆمەڵگەی نۆرویژی کرد کە هاودەنگی کوردان بن بۆ گەیشتن بە مافەکانیان. ئامانجی خۆپێشاندانەکە تێگەیاندنی زۆرترین خەڵکی نۆرویژی بوو لە کردەوە تێرۆریستییەکانی رژیمی ئێران، هەر بۆیەش بە شێوەیەکی بەربڵاو تراکت و بروشوور بە زمانی نۆرویژی لە ناو خەڵک و ڕێبوارانیدا بڵاو کرایەوە.

کۆمیتە ناوچەی "رۆگلاند"ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

٢٨ / ١٢ / ٢٠١٦

## بەڕێوەچوونی ڕێپێوانێک لە بەردەم باڵوێزخانەی ئێران لە ڤییەن،ی پایتەختی ئۆتریش بۆ ڕیسوا کردنی کردەوە تێرۆریستییەکەی شەوی یەلدا



**ناوەندی هەواڵ - ئوتریش**: لەسەر بانگهێشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتە ئۆتریش رۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٩ / ١٢ / ٢٠١٦ کاتژمێر ١ی دوانیوەرۆ، بە بەشداری زۆربەی حیزب و ڕێکخروە سیاسیە کوردستانییەکانی جێگیر لەو وڵات ە، خۆپیشاندانێک بۆ ڕیزگرتن لەشەهیدانی شەوی یەڵدا و بۆ ریسوا کردنی کۆماری ئیسلامی ئێران، وەک تاوانباری سەرەکی

ئەو کردەوە ترۆریستیە بەڕێوەچوو. دەسپێکی بەرنامە بەسرودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب دەستی پیکرد، پاشان لەلایەن کاک عەلی مازووچی پەیامی گشتی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیییەکان بە زمانی ئاڵمانی پێسکەش کرا. دوابەدوای ئەو پەیامی حیزب و ڕیکخراوە کوردییەکان بە زمانی کوردی لەلایان محەممەدی فەقی عەلی خوێندرایەوە. بەشێکی دیکەی بەرنامەکە دیاری کرابوو بۆ وتە و پەیامی نوێنەری حیزب و ڕێکخراوەکان کە بریتی بوون لە:

- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆمیتەی ئۆتریش
- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کۆمیتەی ئۆتریش
- پارتی ئازادی کوردستان

لە درێژەی ئەو خۆپیشاندانە دا دەیان دروشمی جۆراوجۆر و سروودی شۆرشگێری گوترانەوە. مەیدانی ئەم چالاکییە بە ئالای پیرۆزی کوردستان و وێنەی شەهیدانی شەوی یەڵدای خوێناوی دێمۆکرات ڕازابووەوە. نێوەرۆکی هەموو پەیام و بابەت و دروشمەکان، پشتیوانی لە تێکۆشەرانی دێمۆکرات، مەحکووم کردنی ئەم کردەوە ترۆریستیەی کۆماری ئیسلامی ئێران و هەر وەها بانگەواز بۆیەکگرتن و هاوکاری زیاتری هێزە سیاسیەکانی کورد لەمەیدانی کردەوە دا بوو. ئەو حیزب و ڕێکخراوانە چالاکانە لەو خۆپیشاندانە دا بەشداربوون:

- پارتی دێمۆکراتی کوردستان سوریە
- پارتی ئازادی کوردستان
- پارتی یەکیەتی دێمۆکراتی کورد لە سووریە
- پارتی یەکیەتی کورد لە سووریە
- حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران
- حیزبی شیوعی کوردستان
- ڕێکخراوی پارێزەرانی کورد لە ئۆتریش
- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
- یەکیەتی خوێندکاران و لاوانی کوردستان ڕۆژئاوا
- یەکیەتی نیشتمانی کوردستان
- ئەنجۆمەنی ئێزیدیان لەڤیيەن
- ئەنجۆمەنی بزووتنەوەی گۆران

حیزبی دیموکراتی کوردستان- کومیتەی ئوتریش

٢٩ / ١٢ / ٢٠١٦

# کۆبوونەوەیەکی ئەمنیەتی - تەشکیلاتی لە بنکەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو



کۆبوونەوەیـەکی ئەمنیـەتی ـ تەشکیلاتی بـۆ تـاوتوێ و نرخانـدنی بـاری ئەمنییەتـی و تەشکیلاتی و هەروەهـا بە مەبەسـتی توندوتۆڵکردنەوەی ئەمنییەتی ئۆرگان و بارەگاکان، لە یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو.

ڕۆژی ٩ی بـەفرانبار کۆبوونەوەیـەکی ئەمنیـەتی - تەشکیلاتی بەمەبەسـتی توندوتۆڵکردنـەوە ئەمنیـەت و ڕێکخسـتنی کـاری ڕێکخراوەیی لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی بنکەی دەفتـەری سیاسیی حیزبـی دێموکراتی کوردستان بـۆ سـەدان کـادر و پێشـمەرگە پێکهات.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بە خولەلێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی دوایین شەهیدەکانی شەوی یەڵدای خوێنـاوی و پاشان بەڕێز مستەفا مەولوودی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردسـتان، بابـەتێکی سـەبارەت بـە تەقینـەوەی تیرۆریستیی شەوی یەڵدا، تـاوتوێکردنی ئەم ڕووداوە، چۆنیـەتیی پێشگرتن و بەرەنگاربوونـەوەی ڕووداوە تیرۆریستییەکان و هەروەها مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی گومانلێکراو پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

هاوڕێ مستەفا مەولوودی لـە  قسـەکانیدا وێـڕای مەحکومکردنی کۆمـاری ئیسلامیی ئێـران و هـەموو کـردەوە تیرۆریستییەکان گوتی، ئەمە یەکەم جار نییە کە کۆمـاری ئیسلامیی ئێـران لـە ڕێگەی تەقینـەوە، تۆپبـارانکردن، دەرمانـداوکردن، تیـرۆر، هێنانی هێز بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی حیزب و تەنانەت هێرشی ئاسمانی دەیهـەوێ زەربە لە حیزبـی دێموکراتی کوردستان بوەشێنێ.

دوایین بەشی ئەم کۆبوونەوەیە بۆ ڕەخنە و پێشنیاری هاوڕێیانی بەشداربوو تەرخان کرا و پاشان لەلایەن جێگری سکرتێری

حیزبی دێموکراتی کوردستان وەڵامی پرسیار و ڕەخنەی هاوڕێیان دراوە و پاش زیاتر لە ٢ کاتژمێر کۆبوونەوەکە کۆتایی پێهات.

٢٩ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## بەڕێوەچوونی ئاکسیۆنێک لە بەردەم باڵوێزخانەی ڕژیم لە هولەند، بۆ ڕیسوا کردنی تەقینەوەکانی شەوی یەلدا



**ناوەندی هەواڵ - هولەند**: ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٣٠ / ١٢ / ٢٠١٦ کۆڕیادێک بۆ شەرمەزارکردنی تێرۆری شەوی یەڵدای خوێناوی و بەرز راگرتنی یاد و ناوی شەهیدانی ئەم رووداوە پێک هێنرا.

سەرەتای ئەم کۆڕیادە بە سروودی نەتەوەی ئەی رەقیب و دوای ئەویش چەند خوولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد. دواتر چەند وتەیەک هەر بەم بۆنەوە لەلایەن کاک مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و بەرپرسی حیزبی دێموکڕات لە دەرەوەی وڵات پێشکەشی بەشدار بووان کرا.

دوای وتەکانی بەڕێز مستەفا شەڵماشی، پەیامی دەفتەری سیاسی لەلایەن کاک مەحموود ریشە بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی هوڵەند خوێندرایەوە و دوای پێشکەش کردنی ئەم پەیامەش هەر کام لە لایەنەکانی بەشدار بوو پەیامی خۆیان خوێندەوە و هەر کام لەم هێزانە لە پەیامەکانیاندا ئەم تێرۆرەیان بە توندی مەحکووم کرد و ئامادەیی و پشتگیری خۆیان بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دووپات کردەوە و هیوایان خواست کە کورد زیاتر لە جاران یەکگرتوو بن و داوایان لە هێزەکانی باشووری کوردستان کرد کە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم تێرۆرە هاوکار بن و راستیەکان بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاشکرا بکەن .

کۆڕیادەکە بە وتنەوەی درووشم دژی کۆماری ئیسلامی و نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان کۆتایی پێ هات.

لایەنەکانی بەشداربوو لەم کۆبوونەوەیەدا بریتی بوون لە:

- پارتی دێموکڕاتی کوردستان
- یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- بزووتنەوەی گوڕان
- حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران
- کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
- هەڤکاری پارتە کوردستانییەکان لە هوڵەند
- کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان
- پارتی ئازادی کوردستان (پاک)
- حیزبی سوسیالیستی دێموکڕاتی کوردستان
- پارتی سوسیالیستی کوردستان
- ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لە سوریا
- پارتی ماف و ئازادییەکان (هاک پار)
- یەکێتیا دێموراتا کورد لە سوریا (یەکێتی)
- یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان
- پارتیا دێموکراتا کورد لە سوریا (الپارتی)
- حیزبی کۆمۆنیستی عراق - نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان
- یەکێتی نەتەوەی دێموکراتی کوردستان

حیزبی دیموکراتی کوردستان - کومیتەی هولەند

٣٠ / ١٢ / ٢٠١٦

# چیرۆکی شەهیدبوونی بچووکترین پێشمەرگەی حدک بەهۆی تەقینەوەکان



**لەلایەن سیداد لەشکری**

بچووکترین شەهیدی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە تەقینەوەکانی رۆژی ٢٠ - ١٢ - ٢٠١٦ تەمەنی ١٧ ساڵانە و ناوی ناسر کەریمییە، دایکی ناسر دەڵێت ئەو زۆر پەرۆش بووە بۆ بەشداریی لە شەوی یەڵدا لەگەڵ پێشمەرگەکانی دیکە.

ئەو خێزانە ئێستا تەنیا مۆبایلی کوڕەکەیان بە یادگاری بۆ ماوەتەوە و بەردەوامیش سەردانی گۆڕی ئەو شەهیدە دەکەن، رۆژی ٢٠ی مانگ لە شەوی یەڵدا و لەکاتی یادکردنەوەی دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو دوو تەقینەوە لە بەردەم بارەگای حیزبی دیموکراتی کوردستان روویدا و بەهۆیەوە ٥ پێشمەرگەی ئەو حیزبە و دوو ئاسایش شەهیدبوون.

ئەو خێزانە نزیکەی پێنج ساڵە لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتوونەتە باشووری کوردستان، ناسر قوتابی قۆناخی ١٢ی ئامادەیی و ئەندامی یەکێتی لاوانی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان بووە، دیمەنەکانی نێو ژوورەکەی هەستی ناسر بەرامبەر بەو حیزبە پیشان دەدات کە خانەوادەکەی قوربانییەکی زۆریان بۆی داوە.

خانەوادەکەی ناسر پێشتر تەنها لە یادە حزبی و نیشتمانییەکاندا سەردانی گۆڕستانی شەهیدانی حزبی دیموکراتیان دەکرد، بەڵام ئیدی بەردەوام پێیەکیان لێرە دەبێت، چونکە گۆڕی ناسری ئازیزیان لێرەیە. دایکی ناسر دەڵێت:" کوڕەکەم زۆر بە پەرۆش بوو بۆ بەشداریکردن لە مەراسیمەکە، بەڵام کاتێک گەیشتە هۆڵەکە، زۆر بە خەمباری لە سووچێکەوە وەستابوو، وەک ئەوەی چاوەڕێی هەواڵێکی ناخۆش بکات".

هاوڕێکانی تاوەکو ئێستاش بڕوا بە مەرگی هاوڕێکەیان ناکەن، هاوکات باس لە ئاواتەکانی ناسر دەکەن.

رووداو- کۆیە

٣٠ی دێسەمبەری ٢٠١٦

# وەرزشوانێکی کورد، میداڵەکەی پێشکەش بە بنەماڵەی شەهیدانی شەوی یەڵدا کرد




وەرزشوانێکی لاو و سەرکەوتووی کوردی خەڵکی کرماشان بە ناوی "ژیار کتابی" بە مەبەستی هاوخەمیی لە گەڵ بنەماڵەی شەهیدانی یەڵدای خوێناویی دێموکرات و مەحکوومکردنی کردەوەی تیرۆریستیی، میداڵێک کە لە بواری وەرزشی "وشوو، کۆنگفوو"، لە کێبەرکێیەکانی جیهانی بە دەستی هێنابوو، لە هەڵوێستێکی کوردانەو ئازایانە ئەو میداڵەی پێشکەش بە کەسوکار و بنەماڵەی شەهیدانی شەوی یەڵدا کرد.

شایانی بەسە لە دوای کارەساتی شەوی یەڵدا و شەهید و بریندار بوونی پۆلێک پێشمەرگە و کادری حیزبی دێموکراتی کوردستان، خەڵکی بەپەرۆشی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر لە گەڵ حیزب و بنەماڵەی شەهیدانی ئەو کارەساتە، هاوخەمییان دەربڕی و ئەو پەلامارە تیرۆریستییەیان مەحکووم کرد.

٣١ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## دیداری جێگر سکرتێری حدک، لە گەڵ بەشێک لە گەنجان و ژنانی دێموکرات




پێشنیوەڕۆی رۆژی یەکشەممە ١٢ی بەرفرانبار بەڕێزمستەفا مەولوودی جێگرسکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گەڵ بەشێک لە ژنان و گەنجانی دێموکرات بە مەبەستی تاوتوێ کردنی رووداوی کارەساتباری شەوی یەڵدا کۆبووە.

ئەو دیدارە کە لە یەکێک لە سالۆنەکانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو بە مەبەستی توندوتۆڵکردنەوە ئەمنیەت و رێکخستنی کاری رێکخراوەیی بۆ بەشێک لە ژنان و گەنجانی نیو ریزەکانی حیزب پێکهات.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بە خولەلێک بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی دوایین شەهیدەکانی شەوی یەڵدای خوێناویی و پاشان بەڕێز مستەفا مەولوودی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بابەتێکی سەبارەت بە تەقینەوەی تیرۆریستیی شەوی یەڵدا،چۆنیەتیی پێشگرتن و بەرەنگاربوونەوەی رووداوە تیرۆریستییەکان و هەروەها مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی گومانلێکراو پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

هاورێ مستەفا مەولوودی لە قسەکانیدا وێڕای مەحکوومکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەموو کردەوە تیرۆریستییەکان گوتی،راستە ئێمە لەو رووداوە زیانی گیانیمان لێکەوتەوەو چەند کەس لە کادر وپێشمەرگاکانی دێموکرات شەهید وبریندار کران، بەڵام وەک دەزانن ئەمە یەکەمجار نیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە رێگەی تەقینەوە، تۆپبارانکردن، دەرمانداوکردن، تیرۆر، هێنانی هێز بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی حیزب و تەنانەت هێرشی ئاسمانی دەیهەوێ زەربە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوەشێنێ بەڵام ورەو باوەڕی پێشمەرگانەو پاڵپشتی کردنی ئەندامان و دۆستانی حیزب لە رۆژی تەنگانە خاڵی سەرەکیی مانەوەی ئەم حیزبەیە.

بەڕێز مستەفا مەولوودی لە درێژەی قسەکانی‌دا وێڕای دەستخۆشی کردن لە هاوکاری وخەمخۆری و بنەماڵەی گەورەی

دێموکرات ورووبەروو بوونەوە شیاوی ئەندامان بەتایبەتی ژنان و گەنجانی دێموکرات لە شەوی تەقینەوەکان ،کۆمەڵێک داواکاریی ئەمینەتی و تەشکیلاتی بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەر چەشنە ئەگەرێکی هاوشێوە خستەڕوو.

لە کۆتایی ئەو دیدارەدا لە گفتگۆیەکی کراوە، بەشداربووان رەخنە و تێبینی و پرسیاری خۆیانیان باس کرد کە پاشان لەلایەن بەرێز "مەستەفا مەولوودی"ەوە وڵامدرانەوە.

١ی جانێوێری ٢٠١٧

## لە وڵاتی فینلاند کۆڕیادێک بۆ شەهیدانی یەڵدا بەڕێوەچوو



رۆژی یەکشەممە، ١ی ژانویەی ٢٠١٧، بۆ ئیدانەکردنی تیرۆری دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و رێزگرتن لە شەهیدانی دەستی ئەو تیرۆرە لە شەوی یەڵدا، لە وڵاتی فینلاند کۆڕێک بەڕێوەچوو.

کۆبوونەوەکە لە لایەن کۆمیتەی فینلاندی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە بەشداریی سەدان کەس لە کوردستانییانی نیشتەجێی ئەو وڵاتە، نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکان و، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری تورکۆ بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیب و خولەکێک بێدەنگیی بۆ رێز گرتن لە خەبات و تێکۆشانی شەهیدانی رێگای رزگاریی کوردستان، بە تایبەت شەهیدانی یەڵدای خوێناویی دەستی پێکرد.

لە سەرەتادا هاوڕێ کەریم رەسووڵی، بەرپرسی پێوەندی لە گەڵ لایەنە کوردستانیەکان لە کۆمیتەی فینلاند بە وەبیرهێنانەوەی وتەکانی دوکتور قاسملووی نەمر لە مەڕ درێژەدان بە خەبات و تێکۆشانی شەهیدەکانمان، بەخێرهاتنی ئامادەبوانی کرد. پاشان وتاری کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن وەستا رەحمان، بەرپرسی کۆمیتەی فینلاند خوێندرایەوە.

لە درێژەی کۆڕەکەشدا ئەو لایەنانەی خوارەوە بە وتـار، پەیـام یـان برووسکەی مـاتەمینی، وێـڕای مەحکووم کردنـی تیـرۆری دەوڵەتیی شەوی یەڵدا، هاوخەمیی خۆیان لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەی شەهیدەکان دووپات کردەوە.

* حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دانانی چەپکە گوڵی ماتەمینی
* وتـاری پارتی دێموکراتی کوردستان لە لایەن مامۆستا حەکیم
* وتـاری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە لایەن جەعفەر مستەفا سوڵتانی
* پەیامی هاوخەمیی کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کومونیستی ئێران
* پەیامی هاوخەمیی بزووتنەوەی یارسان
* وتـاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لایەن ئەنوەر پێنجوێنی
* پەیامی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان لە لایەن هیوا شوانی
* بروسکەی هاوخەمیی بزووتنەوەی گۆڕان
* پەیامی هاوخەمیی پارتی ژیانی ئازادیی کوردستان لە لایەن شێرزاد ئیبراهیمی
* وتـاری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کورستانییەکان لە فینلاند لە لایەن کەریم فەرخەپوور
* پەیامی یەکێتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن سولەیمان ئیبراهیمی

ئەم ئەدیب و خاوەن ڕایانەش بە پێشکەش کردنی بابەت، وتـار، پەخشان و شێعر بەشداری کۆڕەکە بوون:

فازڵ سوڵتانپەنا بە شێعری "دیمەنی تابلۆیەک"
ژیاننامەی شەهید عەلی قۆیتاسی لە لایەن سەیدخدر میرسەیدی
ژیاننامەی شەهید وەهاب میرخزری لە لایەن مام کوردنەژاد ئیبراهیمی
ڕەئوف گوڵبەدەن بە شێعری "شێعرێ بێباوک" کە بۆ شەکیلا کچی شەهید عەلی قۆیتاسی نووسرابوو
ژیاننامەی شەهیدان ئەرسەلان عەباسنیا، سالار باقری و ناسر کەریمی و عدنان عەبدوڵا ، سەنگەر ستار لە لایەن کەریم ڕەسووڵی.
نزار کوێستانی بە پەخشانە شێعرێک
عەبدوڵڵا حاجی بە پێشکەش کردنی چەند کۆپلە شێعر

کۆتـایی کۆڕیادی شەهیدانی شەوی یەڵدا تەرخان کرابوو بۆ وتـارێک لە ژێـر نـاوی "دەوڵەت سەرچاوە و مـاکەی تیـرۆرە" کە لە لایەن عەزیز شێخانی پێشکەش کرا.

٢ - ١ - ٢٠١٧

## بەیاننامە لە بارەی: تەقینەوە تیرۆریستیەکەی شەوی ۱ی بەفرانبارو پەیامو شوێنەوارەکانی

**خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان!**

**هێزو ڕێکخراوو کەسایەتییە کوردستانیو ئێرانییەکان!**

**دامەزراوە حکوومییەکان لە هەرێمی کوردستان!**

**کۆنسوڵخانەو نوێنەرایەتییەکانی وڵاتانی جیهان لە هەرێمی کوردستان!**

**ناوەندە ناوچەییو نێودەوڵەتییە مرۆڤدۆستەکان!**

شەوی ۱ی بەفرانباری ئەمساڵ (۲۱ی دیسامبری ۲۰۱٦)، مەراسمێکی کولتووری بە بۆنەی شەوی یەلدا(۸٦ساڵەی لە دایکبوونی د.قاسملوو) لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بە ئیبتیکاری یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بە بەشداریی بنەماڵەو تێکۆشەرانو ئەندامانی ئەم حیزبە پێک هاتبوو، کرا بە ئامانجی تەقینەوەی تێرۆریستی. ڕاست لە کاتی تەواوبوونی بەرنامەکەدا، بۆمبێک لە نزیک شوێنی بەڕێوەچوونی مەراسمەکە، لە پەنا فرۆشگەیەکو لە تەنیشت ڕێگای هاتوچۆی گشتیی هەرمۆتە - کەمپی "ئازادی" تەقێندرایەوە. کاتێک کۆمەڵێک لە پێشمەرگەکانی دیموکراتو پۆلیسەکانی بنکەی ئاسایش لەو نزیکانە، بۆ فریاکەوتن دەگەنە شوێنی ڕووداوەکە، بۆمبی دووهەمیش دەتەقێندرێتەوەو لە ئاکام دا دەسبەجێ ٦کەس گیانیان لە دەست دەدەن. ٤ کەسیش بریندار دەبن کە یەکێک لە بریندارەکان دوازدە سەعات دواتر بە داخەوە گیانی لە دەست داو بەم جۆرە ژمارەی شەهیدەکانی ئەم کردەوە تیرۆریستییە بووە ۷ کەس(۵ تێکۆشەری دیموکراتو دوو پۆلیسی ئاسایش).

نیشانەکانو زانیارییەکان دەری دەخەن کە ئامانج لەو تەقینەوەیە، کوشتنی ژمارەیەکی هەر چی زیاتر لە تێکۆشەرانو بنەماڵەکانی دێموکرات بووە. بەو هۆیەشەوە کە نەیانتوانیوە بۆمبەکان بێننە نێو هۆڵی بەرێوەچوونی رێورەسمەکە، نزیکترین شوێن لەو هەدەفەیان - کە خەڵک لە کاتی تەواو بوونی بەرنامەکەدا لێی کۆ دەبنەوە- هەڵ بژاردوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە یەکەم ڕاگەیەندراودا بە مەبەستی هەر چی زووتر ئاگادار کردنی بیروڕای گشتی لەم ڕووداوە، تەنیا ڕوودانی تەقینەوەکەو ڕادەی زیانو قوربانییە گیانییەکانی بە ئاگاداریی هەموو لایەک گەیاندو قامکی تاوانبار کردنی بۆ لایەنێکی دیاریکراو، ڕانەداشت. بەڵام هەر لە یەکەم ساتەکانەوە، گومانمان نەبوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پشت ئەم پیلانە تێرۆریستیەوەیە. لێدوانو وتوووێژو ڕوونکردنەوەکانی دواتری بەرپرسانی حیزبی ئێمە لە پێوەندی لە گەڵ ئەم تەقینەوەیە دا، پێداگری بووە لە سەر ناساندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک سەرچاوەی ئەسلیی ئەنجامدانی ئەم تاوانە تێرۆریستییە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە تاوانبار کردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ئەنجامدانی ئەم تەقینەوە تیرۆریستییە، پشتی بە کۆمەڵێک بەڵگەو هۆ بەستوە. ئەم ڕێژیمە، هەر لە هەرێمی کوردستان لە دەیەی ٩٠ی زایینیدا، دەیان تاوانی تیرۆریستیی گەورەی لە دژی لایەنە سیاسییەکانو تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتیو بنەماڵەکانیان ئەنجام داوە کە سەدان قوربانییان لێ کەوتووەتەوە. جگە لەم کارنامە ڕەشە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تیرۆری تێکۆشەرانی سیاسیی نەیاری ئەو ڕێژیمە لە هەرێمی کوردستاندا هەیەتی، لە مانگەکانی ڕابردوودا، فەرماندەرانی سوپای پاسداران بە ئاشکراو بەردەوامی هەڕەشەیان کردوە کە لە نێوخۆی هەرێمو لە هەر جێیەک بە پێویستی بزانن، زەبر لە دێموکراتەکانو بنکەو بارەگاکانیان دەوەشێنن. لەمانەش گرنگتر ئەو زانیارییانەن کە کۆمیتەی ئەمنیەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم چەند ساڵەی دواییدا لە ڕەوتی پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی ئەو ڕێژیمەو لێکۆڵینەوە لە ڕاسپێردراوو دەستوپیوەندە ناردراوەکانی سەر بە دامودەزگا سیخورییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ نێو حیزبی ئێمە، کۆی کردوونەوە. بە گوێرەی زانیارییەکان، ئیتلاعاتو سوپای پاسداران لە مێژە لە هەوڵی خرابکاریو ئەنجامدانی تەقینەوەو کردەوەی تێرۆریستیی دیکە لە نێو بنکەو دامەزراوەکانی حیزبو لە دژی بەرپرسانو تێکۆشەرانی حیزب دان. لەڕاستای چالاک کردنەوەی نیازە تێرۆریستییەکانیان لە هەرێمی کوردستانو بە دژی حیزبی دیموکراتو لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێوەندییان بە ژمارەیەک لە هاودەستانی خۆیان لە دەیەی ٩٠ی هەتاوی دا گرتووەتەوەو داوایان لێ کردوون بۆ ئەم مەبەستە هاوکارییان بکەن. ئەوەش کە هەر لە دوو ساڵی ڕابردوو دا چەند پیلانی تیرۆریستی لە دژی بنکەکانو بەرپرسانی ژمارەیەک ڕێکخراوی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو هەرێمی کوردستان دا، پووچەڵ کراونەوەو عامیلانیان گەڕاونەوە باوەشی دەزگا سیخورییەکانی ڕێژیمی ئێران ، ڕاستیی ئەم قسانە دەسەلمێنن. ئەو بەڵگەو نیشانەو زانیارییانەش کە لە پێوەندی لە گەڵ تەقینەوەی "شەوی یەلدا"دا بە دەست حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە هەنو جارێ خەریکی بە دواداچوونو لێکۆڵینەوەی زیاتر لە سەریانین، ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دڵنیامان دەکەن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەم تاوانە تیرۆریستییەی ئەنجام داوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەهەموو ئەو لایەنانەی بەردەنگی ئەم بەیاننامەن، داوا دەکا تەڤینەوەی تێرۆریستی لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک زەنگێکی مەترسیو وەک سەرەتایەکی بە کردەوە لە دەستپێکردنەوەی پیلانە تیرۆریستییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەرێمی کوردستاندا، چاو لێ بکەن. هەرێمی کوردستان، بە هۆی ئەو تاوانانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەیەی ٩٠ی زایینی لە دژی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێیدا ئەنجام دا، زیانێکی زۆر بە ئیعتیبارە سیاسیو ئەمنیەتییەکەی گەیشت. هەر وا کە برایەتیی گەلی کورد لە دوو بەشی ڕۆژهەڵاتو باشووری کوردستانیش لە ژێر کاریگەریی ئەو کارەساتانەی لە هەرێمی کوردستان بە سەر تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵات هاتن، زیانی گەورەی دیت. چالاکبوونەوەی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی، هەموو ئەو لایەنانەی بەر دەنگی ئەم بەیاننامەیەن بەرەوڕووی کۆمەڵێک ئەرک دەکاتەوە. گرنگترینی ئەم ئەرکانە بریتین لە:

- دەنگهەڵبڕینو مەحکوومکردنی ڕاشکاوانەی دەستدرێژیی سوپاییو کردەوەی تێرۆریستی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە،

- چاوەدێریی بنکەو دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی ئەو ڕێژیمە لە هەرێمی کوردستانو هاتوچۆی کاربەدەستانو دەستوپێوەندەکانی ڕێژیمی ئێران،

- هەست کردن بە بەرپرسیارەتی لە ئاست ئەمنیەتی تێکۆشەرانو بنکەو کەمپەکانی ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو،

- پشتیوانیو هاودەنگی لە گەڵ حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتو تێکۆشەرانی ئەو بەشەی کوردستان کە لە هەرێمی کوردستانن لە دژایەتی لە گەڵ هەڕەشە و تاوانی تێرۆریستیدا.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، وەبیر هێزو لایەنە سیاسییە ڕۆژهەڵاتییەکانیشی دێنێتەوە کە ئەگەر زۆر فاکتەری سیاسیو خەباتگێڕانەی گرنگی دیکەش هەتا ئێستا بە داخەوە نەبوون بە هۆو پاڵنەری یەکگرتنو هاوکاریی بەرینو درێژخایەن لە نێوانیان دا، حەق وایە هەڕەشەو نیازو بەرنامە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ زەبر وەشاندن لەوان لە هەرێمی کوردستاندا، ببێ بە هاندەرێک بۆ هەڵدانەوەی لاپەرەیەکی نوێ لە پێوەندییەکانیانو بکرێتە سەرەتایەک بۆ یەکگرتنو هاوکاریو خەباتی هاوبەش لە بواری جۆراوجۆردا.

ئێمە جارێکی دیکە سەرنجی دەوڵەتانو هێزو لایەنە سیاسییەکانی ناوچەو جیهان بۆ لای ئەم راستییە ڕادەکێشین کە حوزووری ڕێژیمی ئێران لە عێراق، سووریە، لوبنان، یەمەنو شوێنەکانی دیکەی ناوچە، نەک بۆ بەشداری لە شەڕی جیهانیی دژ بە تێرۆریزم، بەڵکوو بۆ پشتیوانی لە هاوپەیمانە ئیدئولۆژیکەکانی خۆیو زاڵکردنی هێژمۆنیی سیاسی،

ئەمنیەتی‌وسوپایی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە دایە. ئامانج و نیازی حوززووری ئەم ڕێژیمە لە نێو ڕووداوەکانی ناوچەدا نەک لە ڕاستای پێکەوەژیانی بە ئاشتیی وڵاتانو نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی ناوچە، بەڵکوو بۆ داکۆکی‌و پشتیوانیی بەشێکی دیاریکراویانەو دەیەوێ بە هەر نرخێک بووە هاوپەیمانەکانی خۆی بە سەر ئەوانی دیکە زاڵ بکا. ئەم حوززوورە ناوچەییە کە بە ڕواڵەت بەشدارییە لە شەڕی جیهانی بە دژی تێرۆریزمو توندڕەویی ئایینی، هیچی لە ماهییەتی ئەو ڕێژیمە کە پەنابردنە بۆ تێرۆریزمو پیلانو سەرکوت لە دژی نەیارەکانی، نەگۆڕیوەو لە هەر شوێنێکو هەر کاتێک بە پێویستی زانیبێ، سوودی لێوەرگرتوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان بە دەرفەتی دەزانێ، لە ڕێگای ئەم بەیاننامەیەوە سپاسو پێزانینی گەرمی خۆی بەرامبەر ئەو هاوخەمی‌و هاوپێوەندییە بەرینە ڕابگەیەنێ کە دوابەدوای تەقینەوەی تیرۆریستی لە بارەگای دەفتەری سیاسیی حیزب لە نزیک شاری کۆیەو لە ڕۆژانی دواتر دا خۆی نواند. سەرۆکایەتیی هەرێم، حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی پارلمان و فراکسیۆنە پارلمانییەکان، زۆربەی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان، بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەو ڕاگەیاندنی هەڵوێستی رەسمی، وێڕای مەحکوومکردنی ئەم تاوانە گەورەیە، لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانو بنەماڵەی شەهیدەکان، هاوخەمیان کرد. ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییەکان، کاربەدەستانی حیزبی‌و حکوومی، نوێنەرانی چینو توێژە جۆراوجۆرەکان لە هەرێمی کوردستان، لە بەخاکسپاردنی شەهیدەکان یا لە ڕێورەسمی پرسەو سەرەخۆشی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب دا بەشدار بوون. خەڵکی شاری کۆیە بە هاتن بۆ نەخۆشخانەکان بە مەبەستی خوێن بەخشین بە برینداره‌کانو سەردان بۆ بنکەو کەمپەکانی حیزب و ئامادەیی دەربڕین بۆ هەر جۆرە هاوکارییەکی پێویست، جارێکی دیکە جوانترین نموونەی دلسۆزییان بەرامبەر حیزبی دیموکرات نواندەوە. جێگای خۆیەتی سپاسی بەرپرسانو کاربەدەستانی ئاسایشو دەزگا حکوومی‌و ئیدارییەکانی کۆیە بکەین کە بە مەبەستی فریاکەوتنو هاوکاریو لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە، لە یەکەم ساتەکانی دوای ڕووداوەکە، خۆیان گەیاندە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب. هیواداریـن لێکۆڵینەوەو بە دواداچوونی دەزگا ئەمنییە پیوەندیدارەکان هەرچی زووتر بگاتە ئاکامو بیروڕای گشتیی لێ ئاگادار بکرێتەوە. ئەوەندەش کە دەگەڕێتەوە سەر هاوخەمیی دێموکراتەکان لە گەڵ یەکتر لەم ڕووداوە دا، وەک زۆر بۆنەی دیکە کە ڕووداوی ناخۆش بۆ دیموکراتەکان دێتە پێش، جارێکی دیکە سێبەری هاودڵی‌و هاوسەنگەربوونو هاوڕێیەتی باڵی بە سەربنکەو مالەکانی دیموکرات دا کێشا.

تاوانی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەم لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتو هەم لە نێو کوردەکانو ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات، شەپۆلێکی بەرین لە هاوخەمی‌و هاوپێوەندی لە گەڵ حیزبی ئێمە وەڕێ خستوە. دڵسۆزانو هۆگرانی حیزب لە نێوخۆ لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە پێوەندییان بە بەرپرسانو تێکۆشەرانی حیزبەوە گرتوە، ئەو تاوانە درندانەیان مەحکووم کردوەو هاوخەمی‌و پشتیوانیی خۆیان بە حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاندوە. لە دەرەوەی وڵاتیش، جینایەتی تازەی کۆماری ئیسلامی بووە بە هۆی تووڕەیی کوردەکانو کۆڕو کۆمەڵی سیاسیی ئێرانی. هیواداریـن

ئازادیخوازانی کوردو ئێرانی لە دەرەوەی وڵات ئەم تاوانە گەورەیەی ڕێژیمی ئێران بکەنە هەوێنی چالاکیی سیاسی جۆراوجۆر بۆ لەقاودانو مەحکوومکردنی کۆماری ئیسلامی. هەر لێرەشدا بە پێویستی دەزانین ڕێزو پێزانینی خۆمان بۆ ئەو بەشە لە میدیاکان ڕابگەیەنین کە بایەخی پێویستیان بەم ڕووداوە دا و بە هاتن بۆ شوێنی ڕووداوەکەو وەرگرتنی لێدوانو ڕوونکردنەوە لە بەرپرسانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، تیشکیان خستە سەر ئەو هێرشە تێرۆریستییەو بیروڕای گشتییان لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ڕووداوەکە ئاگادار کردەوە.

ئێمە جارێکی دیکە یادی شەهیدانی ئەو تەقینەوە تێرۆریستییە بەرز رادەگرینو سەرەخۆشی لە بنەماڵە دڵ بە خەمەکانیانو هاوسەنگەرانیان دەکەین. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو هۆگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەر شوێنێک، دڵنیا دەکەینەوە کە هەڕەشەو تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەم حیزبە لە درێژە دانی خەباتی ڕەواو فرەڕەهەندی خۆی بە دژی کۆماری ئیسلامی، سارد ناکاتەوە. بە پێچەوانەوە، ئەم تاوانەو خوێنی تازەترین شەهیدەکانمان هەر لەو کاتە دا کە هانمان دەدا بۆ وریاییو پارێزگاریی زیاتر لە ڕێبەریو تێکۆشەرانو بنکەکانی حیزب، لێبڕاویو ئیرادەشمان بۆ خەباتی زیاتر لە نێوخۆو دەرەوەی کوردستان ، بە گوڕتر دەکا.

سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ١ی بەفرانبار(یەلدای خوێناوی)،
سڵاو لە هاوپێوەندیی دۆستانو دڵسۆزان لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان،
ڕسوایی بۆ تێرۆریزم و ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران،
سەرکەوتن بۆ خەباتی ئازادیخوازنەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانوهەموو بەشەکانی کوردستان.

حیزبی دیموکراتی کوردستان

دەفتەری سیاسی

٤ی بەفرانباری ١٣٩٥

٢٤ی دیسامبری ٢٠١٦

# چەند پەیام و بابەتی فارسی

--------------------------------------

## اطلاعیه حمله تروریستی به دفتر حزب دمکرات کردستان را محکوم می کنیم

بیش از سی سال است که جنایتکاران اشغالگر فارس ایران توسط کشتار آزادی خواهان و استقلال طلبان ملتهای تحت اشغال به حکومت غیر مشروع خویش در جغرافیای موسوم به ایران ادامه می دهند. این جنایتها که از سالها پیش از مرزها گذشته و هر روز وسعت بیشتری میابد نه تنها فرزندان دلیر ملتهای تحت اشغال در کشورهای مختلف را هدف قرار می دهد . بلکه کل منطقه را هدف قرار داده همینک نیروهای تروریست داعشي و ملیشیای ایران در کشورهای عراق و یمن و سوریا و لبنان و کشورهای خلیج عرب به آدم کشی مشغولند. تا جائی که امروز برای همگان ثابت است که جمهوری وحشت و ترور ایران روی همه جنایتکاران تاریخ را سفید کرده در صف اول همه تروریست های جهان قراردارد. این رژیم که غرق در مشاکل اقتصادی و اختلافات سیاسی جناحیست است در تلاش است تا از طریق اعمال تروریستی و کشتار مبارزان ملل غیر فارس بر موج فزاینده مطالبات آزادی خواهی و استقلال طلبی ملل تحت اشغال ایران غلبه کند. سیاستی که بارها شکست خویش را ثابت کرده و در جهان امروزجائی ندارد. به بن بست رسیدن سیاستهای داخلی و منطقه ای و بین المللی کشور توسعه طلب و تروریست پرورایران که همگی نشانه ازفروپاشی قریب الوقوع این دشمن بشریت و قاتل ازادیخواهان را نوید میدهد. حمله تروریستی به مقر حزب دمکرات کردستان دراقلیم کردستان عراق نشانه بارز دستپاچگی سیاستهای تروریستی ایران را نشان می دهد.

جبهه دمکراتیک مردمی احواز ضمن محکوم کردن عمل تروریستی دولت اشغالگر ایران در دفتر حزب دمکرات کردستان مستقر در اقلیم کردستان عراق همدردی عمیق خود را با خانوادههای جانباختگان و مجروحین اعلام نموده به رهبریت حزب دمکرات

تسلیت می گوید.

پیروز باد مبارزات استقلال طلبانه ملتهای تحت اشغال ایران

جبهه دمکراتیک مردمی احواز

## بیانیه دفتر سیاسی سازمان فعالان اهل سنت ایران در محکومیت حادثه تروریستی "کویه"




با نزدیک شدن به ۳۸ (سی و هشتمین) سالگرد حاکمیت روحانیون تندرو بر ایران، جنایت هایی که "جمهوری اسلامی ایران" در آن گوی سبقت را از تمامی هم لابی های خود گرفته، وارد مرحله جدیدی شده است.

این سال ها برای دگراندیشان و آزادیخواهان پر از سختی و تلاش بود اما آرمان های ظلم ستیزانه و انسان دوستانه، سایه ی امیدی بر سر کنشگران این راه شده و راه "از اجحاف تا احقاق حقوق" همیشه سبز بوده است.

ترور و حذف فیزیکی دگراندیشان و نیروهای اپوزیسیون، امضای جمهوری اسلامی ایران در تمام این چهار دهه بوده و در آن هیچ ابایی نداشته است.

بدینوسیله، سازمان فعالان اهل سنت ایران با ابراز تأسف و تسلی به مردم کردستان و عموم آزادیخواهان ایران و جهان، حادثه تروریستی شامگاه ۳۰ آذرماه در "کویه"را محکوم کرده و آن را با "تروریستی" توصیف کردن، خطر جدیدی در حذف

مخالفین جمهوری اسلامی ایران در خارج از کشور می داند.

تا به امروز، "فعالان اهل سنت ایران" و سایر سازمان های آزادیخواه از ترور و حذف اندیشمندان، فعالان، کنشگران و سرمایه های مردمی در داخل ایران و فضای آلوده داخلی هشدار داده اند اما حادثه "کویه"و کشته و زخمی شدن "ده" عضو حزب دموکرات کردستان و خانواده های آنان دلالت بر انتقال این فضای آلوده به خارج از ایران نیز دارد.

نهاد مجری برنامه های حاکمیت ایران "سپاه پاسداران" جسارت خود را بیش از پیش کرده و مخالفان جمهوری اسلامی حتی در خارج از ایران نیز احساس امنیت ندارند.

با این وجود بر این اصل معتقدیم که "باطل نابودشدنی و حق استوار است" از این سو تمامی آزادیخواهان و فعالان سیاسی-مدنی را به اتحاد جبهه در برابر سایت های ترور و حذف مخالفان و اپوزیسیون، که تهدیدیست برای امنیت، حقوق و زندگی مردم ایران، دعوت میکنیم.

به امید آزادی برای همه آزاد اندیشان

دفتر سیاسی سازمان فعالان اهل سنت ایران

۲ دی ماه ۱۳۹۵

۲۲ دسامبر ۲۰۱٦

---

## حمله تروریستی به دفتر «حزب دمکرات کردستان» محکوم است

در دو انفجار متوالی در مقابل دفتر «حزب دمکرات کردستان» در اقلیم کردستان دست کم هفت نفرجان خود را از دست

دادند و تعدادی زخمی شدند.

در انفجار سه‌شنبه ۳۰ آذر ۱۳۹۵ (۲۰ دسامبر۲۰۱٦) در شهر «کوی سنجق» اربیل، پنج پیشمرگ «حزب دمکرات کردستان» و دو عضو «آسایش اقلیم کردستان» جان خود را از دست دادند.

سازمان دفاع از حقوق بشر کردستان حذف فیزیکی مخالفان و اپوزیسون مخالف حکومت جمهوری اسلامی ایران را به هر دلیلی غیر قابل قبول و مغایر با اصول اولیه حقوق بشر می‌داند.

این سازمان با توجه به تهدیدات اخیر سران سپاه پاسداران انقلاب اسلامی ایران ونهادهای امنیتی، احتمال دخالت آن‌ها دراین حملات را بدور نمی‌داند وبا توجه به این اظهارات از مقامات حکومت ایران می‌خواهد که به جای حذف فیزیکی مخالفان، به مذاکره با آن‌ها روی آورده وازخشونت بیشترپرهیز نماید.

این سازمان همچنین از احزاب سیاسی کرد مخالف حکومت ایران درخواست می‌کند که تا حد امکان از برخوردهای مسلحانه دوری کنند و شرایط را برای گفتگو و مصالحه فراهم آورند.

سازمان دفاع از حقوق بشر کردستان از مقامات حکومت اقلیم کردستان درخواست می‌کند که امنیت اعضاء و خانواده‌های احزاب و تشکل‌های کردی و همچنین روزنامه نگاران وفعالین مدنی وحقوق بشر کرد ایرانی را که به اقلیم کردستان پناه آورده‌اند حفظ و برای آن تلاش نماید.

سازمان دفاع از حقوق بشر کردستان

جمعه ۳ دی ۱۳۹۵ - ۲۳ دسامبر ۲۰۱٦

# بیانیه جبهه دموکراتیک ایران برون مرز: ترور اعضای حزب دموکرات کردستان را محکوم میکنیم

**روز گذشته عوامل تروریست جمهوری اسلامی با بمبگذاری در محل حضور اعضای این حزب در کردستان عراق موجب کشته شدن هفت تن و زخمی شدن هشت نفر دیگر شدند. این عمل ضد بشری در حالی صورت میگیرد که جمهوری از راس تا ذیل در منجلاب فساد خود ساخته که از ماهیتش سرچشمه گرفته است، در حال غرق شدن است و هر روز برای دفاع از موجودیت تبکارنه خود مبارزان درون کشور و بیرون کشور را مورد تهاجم و سرکوب وحشیانه قرار میدهند. مبارزات مسالمت آمیز این حزب در بیست سال گذشته نشان داده است آنکس که رو بسوی خشونت طلبی دارد تنها جمهوری اسلامی است. این حکومت، تروریسم خود را نه تنها در کردستان و بر علیه این احزاب صلح طلب گسترش داده است بلکه با حضور عوامل آشوبگر خود در اکثر کشورهای عربی همسایه و با حضور نظامی و اعمال شیوه های سرکوبگرانه در خاورمیانه، کشور ایران را در معرض خطرات بزرگی قرار داده است. هزینه های کلان تمام این رفتارهای ضد انسانی جمهوری اسلامی از جیب مردم ایران پرداخت می شود. مردمانی که خود در فقر مطلق بسر میبرند. جمهوری اسلامی باید بداند که موضوع مهم امنیت ملی مردم ایران در گرو تروریسم و جنگهای خانمانسوز در کشورهای دیگر نیست. حکومتی که خود دستهای الوده دارد نمیتواند برای مردم ایران امنیت بیاورد.**

**جبهه دموکراتیک ایران در برون مرز ضمن محکوم کردن ترور وحشیانه اعضای حزب دموکرات کردستان توسط جمهوری اسلامی متذکر میشود که هرگونه اقدام تروریستی بر علیه احزاب، سازمانها و شخصیت های ایرانی اقدام بر علیه مردم ایران محسوب میشود، اقدامی که حکومت را از سرنوشت محتوم نجات نخواهد داد، همچنان که اقدامات سرکوبگرانه سالهای طولانی حکومت در سراسر ایران تا کنون نتوانسته است حکومت را از خطر بالقوه فروپاشی برهاند.**

**زنده باد آزادی**

**گسسته باد زنجیر استبداد**

**برقرار باد دموکراسی در ایران**

جبهه دموکراتیک ایران برون مرز

۲ دی ماه ۱۳۹۵ - ۲۲ دسامبر ۲۰۱۶

## مقاومت ایران جنایت تروریستي علیه حزب دمکرات کردستان را قویا محکوم میکند و به خانواده شهیدان تسلیت میگوید




**فراخوان به شورای امنیت ملل متحد برای رسیدگی به تروریسم ملایان علیه پناهندگان و مخالفان ایرانی بویژه در کردستان عراق**

دفتر سیاسی حزب دمکرات کردستان اعلام کرد در دو انفجار تروریستی پیاپی در نزدیکی یکی از مقرهای این حزب ۶ تن از کادرها و پیشمرگان حزب جان باخته و ٤ تن دیگر مجروح شده اند.

در این انفجارهای جنایتکارانه،علی قویتاسی، وهاب میرخضری، سالار باقری، ارسلان عباس نیا، ناصر کریمی، عدنان عبدالله به شهادت رسیدند.

مقاومت ایران با درود به شهیدان و تسلیت به خانواده‌های داغدار و آرزوی بهبودی سریع مجروحان، اقدامهای جنایتکارانه تروریستی را که نقض آشکار قوانین و معاهدات بین المللی است قویا محکوم می کند و از دولت و مقامات اقلیم کردستان عراق می خواهد عاملان و مسئولان را شناسایی و مجازات نموده و اجازه ندهند عوامل رژیم ایران به چنین جنایتهایی علیه پناهندگان و مخالفان ایرانی دست بزنند.

مقاومت ایران بار دیگر شوراي امنیت ملل متحد را به رسیدگي به تروریسم افسارگسیخته فاشیسم دینی حاکم بر ایران و

سلسله جنایتهای آن علیه مخالفان و پناهندگان ایرانی بویژه در کردستان عراق فرا می خواند.

بی‌گمان رژیم ضد انسانی ولایت فقیه حساب این خونریزیهای بی‌دریغ را پس خواهد داد.

دبیرخانه شورای ملی مقاومت ایران

۳۰ آذر ۱۳۹۵ (۲۰ دسامبر ۲۰۱۶)

---

## اعلامیه شورای همکاری نیروهای چپ و کمونیست در محکومیت اقدام تروریستی علیه "حزب دمکرات کردستان"




A-

سه شنبه ۳۰ آذر برابر با ۲۰ دسامبر دو انفجار در مقابل دفتر سیاسی "حزب دموکرات کردستان" در شهر کوی سنجق واقع در استان اربیل کردستان عراق به وقوع پیوست که هفت کشته و چند زخمی بر جا گذاشته است. این دو بمب که در ظرف زباله مقابل مقر حزب جاسازی شده بودند پس از پایان مراسم زادروز عدالرحمان قاسملو، دبیرکل سابق حزب دموکرات کردستان ایران، در حالی که شرکت کنندگان در مراسم در حال ترک محل بودند منفجر شد.در این اقدام تروریستی پنج تن از کادرها و پیشمرگان"حزب دمکرات کردستان"به نام‌های علی قویتاسی، کادر حزب، وهاب میرخضری، کادرحزب، سالار باقری، پیشمرگ حزب، ارسلان عباس‌نیا، پیشمرگ حزب و ناصر کریمی، عضو اتحادیه‌ی جوانان دمکرات به شهادت رسیدند.علاوه بر پنج عضو حزب دو قربانی دیگر این اقدام تروریستی نیروهای پلیس اقلیم کردستان به اسامی عدنان عبدالله و سنگر ستاربودند. این اقدام تروریستی همچنین تعدادی مجروح از خود بر جای نهاد.

اقدام تروریستی ۳۰ آذر یکی از ده ها نمونه اقدامات تروریستی جنایت کارانه جمهوری اسلامی علیه سازمان های کرد

ایرانی است که توسط عوامل وابسته به دستگاه های امنیتی رژیم جمهوری اسلامی سازمان می یابد. ما این اقدام تروریستی جنایتکارانه را قویا محکوم ساخته و واقعه تاسف بار شهادت کادرها و پیشمرگان جان باخته را به "حزب دمکرات کردستان" و خانواده های وابسته تسلیت می گوئیم. بر خلاف نظام های دیکتاتوری مانند رژیم جمهوری اسلامی ایران که مبارزه علیه تبعیض ملی را با سرکوب، ترور و قتل عام پاسخ میدهند، حل مسئله ملی همانگونه که بیانیه سیاسی نشست چهارم نیروهای چپ و کمونیست اعلام کرده است در گروه پایان دادن" به ستم ملی و تبعیض بر اساس ملیت، الغای کلیه تبعیضات قانونی و عملی بر اساس ملیت، تضمین حق ملل در تعیین سرنوشت ودفاع از اتحاد داوطلبانه همه ملیت های ساکن ایران می باشد".

سرنگون باد رژیم سرمایه داری جمهوری اسلامی

زنده باد آزادی، زنده باد سوسیالیسم

پنجشنبه ۲ دی ۱۳۹۵ ، ۲۲ دسامبر ۲۰۱۶

شورای همکاری نیروهای چپ وکمونیست

اسامی امضاء کنندگان:

۱- اتحاد چپ ایرانیان در خارج کشور

۲- اتحاد چپ سوسیالیستی ایرانیان

۳- کانون اندیشه کپنهاگ - دانمارک

٤- حزب کمونیست ایران

٥- سازمان اتحاد فدائیان کمونیست

٦- سازمان راه کارگر

۷- سازمان کارگران انقلابی ایران(راه کارگر)

۸- شورای حمایت از مبارزات آزادیخواهانه مردم ایران - استکهلم

۹- شورای فعالین سوسیالیست و آزادیخواه - هامبورگ

۱۰- کمیته خارج کشور سازمان فدائیان(اقلیت)

۱۱- کانون همبستگی با کارگران ایران - گوتنبرگ

۱۲- کمیته حمایت از مبارزات جنبش کارگری ایران - دانمارک

**۱۳- کمیته حمایت از مبارزات کارگران ایران - فنلاند**

**۱٤- نهاد همبستگی با جنبش کارگری ایران - غرب آلمان**

**۱۵- هسته اقلیت**

## اقدام تروریستی علیه حزب دمکرات کردستان را شدیدا محکوم می کنیم - کمیته مرکزی سازمان اتحاد فداییان خلق ایران

**در شامگاه ۳۰ آذر، بر اثر دو انفجار پیاپی در نزدیکی یکی از مقرهای مرکزی حزب دموکرات کردستان در اقلیم کردستان، واقع در شهر "کویه"، پنج تن ازکادرها و پیشمرگان این حزب جان باختند و چند تن دیگر نیززخمی شدند. وضعیت برخی از آنان، وخیم گزارش شده است. در این دو انفجار همچنین یکی از مامورین وابسته به نیروهای حفاظتی (آسایش) اقلیم کردستان، جان خود را از دست داد.**

**گرچه مقامات آسایش شهرستان "کویه" اعلام کرده اند که تحقیقات در مورد چگونگی این انفجار پی گیری می شود و هنوز هم عامل و یا عوامل این فاجعه شناسائی نشده اند، اما انگشت اتهام به سوی رژیم جمهوری اسلامی ایران نشانه رفته است. طی هفته های اخیر، اظهار نظرهای برخی از مقامات امنیتی - نظامی رژیم، احتمال طرح ریزی یک سری عملیات جنایت کارانه علیه نیروهای اپوزسیون مستقر در اقلیم کردستان را افزایش داده است.**

**متاسفانه اگراین عمل تروریستی، اولین و آخرین حمله تروریستی و جنایکارانه علیه نیروهای اپوزیسیون از جمله حزب دمکرات به شمار نمی رود، اما این اقدام جنایتکارانه، نشانه ای از تهدیدات جدی ای می باشد که سازمان و احزاب اپوزیسیون را نشانه رفته و می بایست آنها را وادار سازد که متحدتر و هماهنگ شده تر، اقدامات محتمل تروریستیدیگری را خنثی نمایند .**

ما ضمن محکوم کردن این اعمال ضد انسانی و وحشیانه، همدردی خود را با تمامی کادر ها و پیشمرگان حزب دمکرات کردستان و نیز خانواده و بستگان جانباختگان ابراز داشته و بهبودی هرچه سریعتر زحمی شدگان را آرزو می کنیم.

از مقامات اقلیم کردستان انتظار می رود که تمام تلاش خود را برای شناسائی، تعقیب ، افشا و مجازات عامل یا عوامل این انفجارات به کار گیرند .

کمیته مرکزی سازمان اتحاد فداییان خلق ایران

دوم دی ماه ۱۳۹۵

۲۲ دسامبر ۲۰۱٦

---

## عملیات تروریستی بر علیه پیشمرگان حزب دمکرات کردستان را محکوم می کنیم




## جمعیت کردهای مقیم فرانسه

در شب یلدا مصادف با سالروز تولد دبیر کل پیشین حزب دمکرات کردستان ایران دکتر عبدالرحمن قاسملو، بهنگام برگزاری مراسمی دوجانبه، جنایتی هولناک روی داد، بمبهایی کار گذاری شده در محل آشغالدانی از راه دور کنترل شد و بفاصله چند دقیقه دو انفجار مهیب منجر به شهادت پنج نفر از پیشمرگان حزب دمکرات کردستان و دو نفر از مامورین امنیتی حکومت کردستان گردید، پنج نفر از پێسمرگان نیز دچار زخمهای شدید گردیدند-

بدون تردید این عملیات تروریستی از جانب سپاه پاسداران با همکاری وزارت اطلاعات جمهوری اسلامی ایران صورت

گرفته است، برنامه ای که با تمهیدات قبلی و برنامه ریزیهای سازمانیافته عملی گردید- چنین به نظرمیرسد که زمامداران رژیم به نقشه های پلید خود ادامه خوهند داد، از سال ۱۹۹۱تا به امروز گروههای تروریستی رژیم مستقیم و باواسطه ۲۵۰ حمله تروریستی بر علیه اپۆزیسیون کرد ایرانی در خاک کردستان عراق انجام داده اند که منتهی به شهادت ۲۰۷ نفر، زخمی شدن ۳۷ نفر و نیز تحویل ۱۳ پشمرگ به مقامات دولتی ایران گردیده است-

درشرایطی که نظام جمهوری اسلامی با مشکلات عمده اقتصادی و اجتماعی روبروست و بیش از هر زمان از اپۆزیسیون مترقی و دمکراتیک هراس دارد از سرکوب مخالفین دردر داخل وتوسل به ترور در خارج غافل نیست و بیم آن میرود که ترورهای سالهای ۹۰ در کردستان عراق تکرار گردد و یکبار دیگرتوطئه برعلیه سازمانها وشخصیتهای کرد ایرانی طرحریزی شود- در این اوضاع مسئولین و مقامات سازمانهای سیاسی کرد بایستی با نهایت هشیاری و مراقبت دسیسه ها ی پاسداران و اطلاعات حکومت ضد مردمی ایران را خنثی نمایند-


جمعیت کردهای مقیم فرانسه جنایات مقامات رژیم ایران را بر علیه پیشمرگان کرد شدیدا محکوم می نماید و بر این عقیده است که ارتکاب جنایات بر علیه بشریت و ادامه بمب گذاری و عملیات تروریستی دولت تروریست و تروریست پرور ایران هیچ خللی بر عزم و اراده نیروهای کرد ایرانی در ادامه مبارزه برعلیه دیکتاتوری نخواهد داشت.

جمعیت کردهای مقیم فرانسه

۲۱ دسامبر ۲۰۱٦

---

## فدائیان خلق (اکثریت): کشتار اعضاء حزب دمکرات کردستان را محکوم می کنیم!




در شب ۳۰ آذرماه ۱۳۹۵ در مقابل مقر اصلی حزب دمکرات کردستان در کویه سنجاق، دو انفجار روی داد که بر اثر آن پنج

تن از اعضای این حزب، یک نیروی امنیتی و یک کودک کشته شدند. این دو انفجار زمانی روی داد که مردم در حال خروج از مقر حزب پس از پایان مراسم سالگرد تولد عبدالرحمن قاسملو بودند.

مسئولین این حزب و برخی احزاب کردی با توجه به سابقه اقدامات تروریستی ارگان های نظامی و امنیتی ایران در کردستان عراق و تهدیدهای برخی فرماندهان سپاه در ماه های گذشته، انگشت اتهام را به سوی جمهوری اسلامی نشانه رفته اند. در سال گذشته اقدام مشابه ای توسط عامل نفوذی جمهوری اسلامی در مقر سازمان انقلابی زحمتکشان کردستان ایران (کومله) صورت گرفت. ولی ساکنین مقر متوجه بمب گذاری شده و بمب ها توسط مامورین حکومت اقلیم کردستان عراق قبل از انفجار، خنثی گردیدند.

ما این اقدام تروریستی را محکوم و با حزب دمکرات کردستان و خانواده قربانیان ابراز همدردی می کنیم. حفظ امنیت احزاب اپوزیسیون ایرانی مقیم کردستان عراق، برعهده حکومت اقلیم کردستان عراق است. این انتظار وجود دارد که حکومت اقلیم، عاملین کشتار را شناسائی و مجازات و برای تامین امنیت احزاب اپوزیسیون، تدابیر لازم را اتخاذ کند.

هیئت سیاسی ـ اجرائی سازمان فدائیان خلق ایران (اکثریت)

۳ دی ۱۳۹۵ (۲۳ دسامبر ۲۰۱۶)

## بیانیه دبیر کل حزب وطن در رابطه با حمله تروریستی جمهوری اسلامی علیه حزب دمکرات کردستان




با درود بر ملت مقاوم ایران و تمامی کسانی که در راه آزادی وطن گام بر می دارند.

این بار نیز جنایتکاران وابسته به نیروهای امنیتی جمهوری اسلامی و بازوی عملیات تروریستی آنها در خارج کشور یعنی سپاه موسوم به "قدس" تجاوز دیگری را بر علیه فعالان سیاسی کشور در خاک عراق سامان داد. حمله کوری که مصادف با شب یلدا ۱۳۹۵ و پس از پایان مراسم بزرگداشت رهبر فقید حزب دمکرات کردستان، دکتر عبدالرحمان قاسملو در منطقه اربیل اقلیم خودمختار کردستان صورت گرفت، نشانه بارز ترس حکومت جمهوری اسلامی از گسترش مطالبات قومی و ملی در گوشه و کنار ایران عزیز می باشد.

واقعیت تلخ این است که سیاستهای جمهوری اسلامی در داخل و خارج ایران در نزدیک به چهار دهه گذشته حاصلی جز خطر تجزیه کشور و تهدید شدن مرزهای ایران نداشته است. ظلمی که به اقوام ایرانی روا می شود چیزی بالاتر از یک سیاست تبعیض نگر و غیر رواداری مذهبی است. این ظلم سیاست سرکوب اقوام و اقلیتهای ایرانی، بخشی از پروژه بزگتر و کلان رژیم برای سرکوب همه مردم ساکن بر فلات ایران زمین و کنترل همه آنها با مشت آهنین می باشد.

بی تردید خون شش شهید اخیر حزب دمکرات کردستان باعث اعتلای مبارزات مردم ایران خواهد بود و درخت آزادی ایران زمین را نور و طراوت بیشتری خواهد بخشید.

اینجانب از سوی حزب وطن این اقدام تروریستی را محکوم می کنم و عاملان آن را جنایتکاران بی ریشه ای می دانم که محکوم به شکست و فنا هستند. همچنین فرصت را مغتنم می شمارم تا همبستگی خود را با رهبران و اعضای حزب برادر، حزب دمکرات کردستان، همه هموطنان کرد ایرانی و تمامی ملت کرد تا وصول آزادی و برقراری دمکراسی در سراسر منطقه اعلام نمایم.

پاینده ایران

بهزاد معصومی

دبیرکل حزب وطن

۲۸ / ۱۲ / ۲۰۱٦

# انفجاری که سرآغاز جنگی بزرگ است.



آزاد مستوفی

شب ۲۰ دسامبر همزمان با شب یلدا در مقابل قلعه دمکرات در شهر کویسنجق کردستان عراق، دو انفجار تروریستی پیاپی بوسیله بمب ساعتی باعث شهید شدن هفت نفر شد

که پنج نفر از آنها اعضا و پیشمرگان حزب دمکرات کردستان و دو نفر نیز از نیروهای پلیس حکومت اقلیم کردستان عراق بودند. این حادثەدر آن مکان و در این زمان حساس باعث شد که تاملی کوتاه داشته باشم بر تغییرات منطقەی خاورمیانه داعش زده و گستره عملیات آن شب را در محدوده و دایرەای بزرگتر برای خوانندەگان مقالەام ترسیم کنم.

## داعش و ایران

بعنوان سردبیر خبر و روزنامەنگاری که سالها با خبرگذاریهای بین المللی در عراق کار کردم و از نزدیک وقایع سیاسی منطقه و بویژه ایران، عراق و ترکیه را دنبال میکردم مصاحبەهای فراوانی با تلوزیونهای کوردی و فارسی زبان خارج از کشور داشتم. هیچوقت فراموش نمیکنم که در روز حمله داعش به موصل، همکار روزنامەنگارم از تلوزیونی ماهوارەای در لندن با من تماس گرفت و گفت تحلیلی که شما یکسال و نیم قبل در مورد اوضاع بغرنج عراق ارائه دادید، امروز بوقوع پیوست. که من به ایشان گفتم بنده پیشگو نیستم بلکه آنچه را که میبینم صادقانه بازگو میکنم چون این وظیفه روزنامەنگار است که چشم بیدار مردم باشد و هرچند خودم تمایلات سیاسی دارم اما دخالت آن در گزارشها اصلا کار حرفەای نیست. بازگوکردن این چند سطر به این خاطر بود که خواننده مقالەام را به این فکر وادارم؛ زمانیکه روزنامەنگاری میتواند آینده منطقه کاری خود را گزارش کند پس چطور ممکن است دستگاههای عریض و طویل اطلاعاتی و امنیتی از این رویداد بی خبر بوده باشند؟

بهرحال سازمان تروریستی داعش که بنظرم پروژەی بعضی کشورهای ابرقدرت و حکومتهای منطقەای بود تا تغییر جغرافیای سیاسی را بمنظور استفادەی بهتر نقشەهای سیاسیشان پیش ببرند، به امری واقع تبدیل شد که اگر بخواهم به این بخش از گفتارم بپردازم از بحث اصلی دور میشویم اما بدون شک کشورهایی که از این هرج و مرج در عراق و سوریه بهره بردند: ایران، ترکیه و امریکا هستند.

داعش نعمتی خدادادی بود برای ایران و این کشور در سوریه و عراق توانست بیشترین بهره را از این سازمان تروریستی ببرد که فوکوس من در این باب بر روی عراق خواهد بود. عراق در سال ۲۰۰۳ توسط امریکا و بریتانیا از دست جنایتهای حزب بعث و در راس آن صدام حسین آزاد شد ولی سرمایەگذاریهای قبلی ایران بر روی شیعیان عراق و بعضی شخصیتهای دیگر غیر شیعه و نوع بازی زیرکانه ایران در عراق باعث شد که بخش شیعەنشین عراق پایگاهی برای ولایت فقیه و سپاه قدس شود. دولت عراق تحت الامر بودن برای ایران را به جائی رساند که با تانک به کمپ اشرف حمله کرد. کمپی که امریکا اعضای آن سازمان را کاملا خلع سلاح کرده بود و نتیجەی این فشارها و کشتارها خروج اعضای آن سازمان از عراق بود. کشتار سنی های مخالف ایران و حتی ضرب و شتم و قتل مراجع تقلید اهل تشیع که مخالف ولایت فقیه بودند را هم به لیست فعالیتهای ایران در عراق اضافه کنید.

اما این محدوده جغرافیایی شیعەنشین عراق برای ایران کافی نبود و ایران همه خاک عراق را میخواست. محض اطلاع خوانندەگان حتی قبل از داعش در عراق، دست اندازیها و پاکسازیهای ایران در میان سنیهای عراق به اندازەی رسیده بود که در بغداد حتی یک مسئول پاسگاه پلیس را به سنی ها روا نمیداشتند. در وزارتخانەها، عرب سنی پست و مقامی نداشت. نیروهای سیاسی عراقی همچون لبنانی و سوریەای در گفتن اینکه وابسته به چه کشوری هستند ابائی ندارند بلکه افتخار هم میکنند. داعش در عراق این امکان را به ایران داد که به بهانه وجود داعش در میان سنی های عراق، پستهای نظامی، امنیتی، سیاسی و اقتصادی را از سنی ها بگیرند و اکنون هم به بهانه جنگ با داعش، در استانهای نینوا و موصل پاکسازی قومی و مذهبی و قتل و عام سنی ها توسط نیروهای حشدی شعبی و پاسداران ایرانی انجام میشود که با جستجویی در یوتیوب میتوانید ببینید که اشرف مخلوقات، خیلی پست شده است. البته ناگفته نماند که خود فلسفەی گسترش داعش بر اثر عملکرد تندروانەی نخست وزیر قبلی عراق، نوری مالکی در کشورش بود. صد البته بعضی از گروههای تندروی سنی عراق هم برای پیشبرد مقاصد سیاسی خود به کارهای تروریستی بر علیه مخالفین میپرداختند اما برای ظهور داعش، این نوری مالکی بود که روزشماری میکرد.

## داعش و ترسیم خطوط مرزی جدید برای ایران

با آمدن داعش به منطقه، ایران از همان ابتدا این نقشه را در سر داشت که یک مرز مستقیم زمینی به سوریه داشته باشد

از طریق تلعفر - موصل همچنین مسیری ازخانقین - بعقوبه در استان دیاله به تلعفر و معبر ربیعه بین عراق و سوریه که از قامیشلو در کوردستان سوریه وصل میشود به عفرین. ایران میخواهد از طریق محور قصرشیرین - دیاله - بغداد - کربلا - النخیب - عرعر به کشور سعودیه برسد و این کوتاه‌ترین مسیر برای رسیدن به آن کشور است. با دستیابی ایران به مرز سوریه و دریای مدیترانه و جنوب النخیب، کشور آیت اللەها به مناطق استراتژیک و کشورهای عرب منطقه، تسلط کافی را خواهد داشت. استراتژی نظامی ایران که در جنگ سوریه و یمن هم دیدیم تصاحب خاک است و با جذب افکار عمومی مردم آن مناطق با انواع حیل و سرمایه‌گذاری به موقع و طولانی مدت توانسته است گوی سبقت را از کشورهای دیگر برباید. در پاکسازی قومی و مذهبی و رسیدن به مقصد زمینی هیچ ابائی از هیچ قدرتی ندارد.

آنچه در عراق سدی برای این کشورگشائیهای سپاه قدس است حکومت اقلیم کوردستان عراق به ریاست مسعود بارزانی است. در این اقلیم آزادیهای مدنی و سیاسی زیادی وجود دارد. احزاب، روزنامه، مجله و تلوزیونهای لوکالی (DVB) که اکثرا HD و حتی کانال D3 و کانالهای ماهواره‌ای فراوان. همین کافی که بگویم ٨٠ تلوزیون لوکال که بیشتر از ٢٠ کانال ماهواره‌ای پروفشنال با مقاصد سیاسی متفاوت و گاهی هم متناقض، روزانه پخش میشود و بینندگان ویژه‌ی خود را هم دارد. این بخش کوردستان بزرگ که به قول سرمایه‌گذاران ایرانی کویت بود اما با طعم آزادی و دمکراسی، بعد از سال ٢٠١٤ که مالکی حقوق کارمندان دولتی در حکومت اقلیم کوردستان عراق را قطع کرد و سپس که قیمت نفت کاهش چشمگیری داشت، میوه‌های خفته‌ی سازمانهای جاسوسی منطقه‌ای و فرامنطقه‌ای باروری خود را نمایان کردند.

کوردستان بزرگ از قدیم الایام تا کنون در طول تاریخ، گوشت قربانی پیروزی و شکست مابین کشورهای حاکم و ابرقدرتها بوده است. اینبار جنگ محور روسیه - ایران - سوریه - عراق از یکسو و کشورهای عربی - ترکیه - غرب از سوی دیگر باعث شده است که نیروهای سیاسی کوردستان عراق هم دچار انشقاق شوند. در این یارگیریهای خونین، اتحادیه‌ی میهنی کوردستان عراق به رهبری جلال طالبانی که در واقع هیچ نوع اتحادی در این حزب دیده نمیشود مگر در مورد پدرخواندگی ایران بر اعمال سیاستهای ضد پارت دمکرات کردستان عراق به رهبری مسعود بارزانی که نزدیک به سیاستهای غرب است، اصرار ورزیده وبرای ماندن و حفظ موجودیت خود جنگ نیابتی را شروع کرده‌اند که در این جنگ نیابتی،حزب دمکرات کردستان (حدک) به دبیرکلی خالد عزیزی و حزب دمکرات کردستان ایران (حدکا) به دبیرکلی مصطفی هجری، و احزاب کومه‌له هم گرفتار آمده‌اند.

صدور نفت کوردستان عراق به ایران و ترکیه،احزاب حاکم کوردستان عراق (اتحادیه میهنی و پارت دمکرات) را به کارتلهای اقتصادی بزرگی در منطقه تبدیل کرده است که آنها نیز در پی یارگیریهای خود در بخشهای دیگر کوردستان بزرگ هستند تا بتوانند وزن سیاسیشان را به رخ یکدیگر بکشند و در منازعات منطقه‌ای و ترسیم مرزهای جدید ژئوپولوتیکی خاورمیانه نقشی داشته باشند.

پایگاههای نظامی و سیاسی "حدک" و "حدکا" و احزاب کوملەی حزب کمونیست ایران(سید ابراهیم علیزاده)، سازمان کومەله انقلابی زحمتکشان کوردستان ایران (عبدالله مهتدی)، سازمان کومەلەی زحمتکشان کوردستان (عمر ایلخانیزاده) بیشتر در منطقەی تحت سلطەی اتحادیه میهنی قرار دارند.

بیش از دویست نفر از رهبری، کادرهای بلند پایه و پیشمرگهای احزاب دمکرات و کومەله در استانهای سلیمانیه و حلبچه ترور شدەاند که هنوز هم خبری از دادگاهی عوامل این ترورها با اینکه شناخته شدەاند، نیست. همین پارسال بود که عوامل جمهوری اسلامی در اطراف شهر سلیمانیه در پی ترور رضا کعبی معاون دبیرکل سازمان کومەله زحمتکشان کوردستان برآمدند و همچنین در پایگاه سازمان کومەله انقلابی زحمتکشان کوردستان ایران، مواد منفجره کار گذاشته بودند.

## کومەله و دمکرات سنگری در میان سدی بزرگتر

انفجار تروریستی شب یلدا که ایران متهم ردیف اول است به دلایل زیر میتواند باشد:

١- پایگاههای سیاسی و نظامی احزاب اپوزسیون کورد ایران در منطقەی اتحادیەی میهنی، تنها سنگر با خاک یکسان نشدەای هستند که سدی بس عظیم اند در مقابل نقشەی تصاحب خاک برای کشورگشایی نانوشتەی تهران. این سد و سنگرهای دمکراتها به سهولت برداشته نمیشود چون این احزاب در کوردستان عراق، دارای پایگاهی مردمی هستند و بعضا بخاطر اقامت طولانیشان نسبهای فامیلی هم با مردم کوردستان عراق دارند، ولی با وضع سیاسی و اقتصادی بوجود آمده در عراق بدون شک ایران میکوشد دوباره روزهای ترور اواخر سالهای ٩٠ میلادی را تکرار کند و انفجار شب یلدا اولین پیام خونین تروریستی بعد از آن سالها بود.

٢- حزب دمکرات کردستان پس از انشقاق ٢٠٠٦ دست از فعالیتهای نظامی برنداشته است و با گفتمان جدید دبیرکل این حزب، فعالیتهای مدنی در داخل کشور گسترش بیشتری یافته که هر دو بخش فعالیتها، برای ایران خطر بزرگی محسوب میشود و این انفجار در نزدیکی دفتر سیاسی پیامی واضح بر پیشروی آن فعالیتها بود.

٣- دیپلماسی این حزب با غرب و همچنین پایداری بر اینکه میز مذاکره با دولت مرکزی هم بخشی از مبارزه است به مذاق تهران بسی ناخوشایند است. چون سرکوب نظامی و اتهام اینکه "کوردها سر میبرند" برای یک نظام توتالیتر، آسانتر از برخورد منطقی و تفهیم سیاسی با اپوزسیون است.

٤- دادەهای اطلاعاتی از منابع استراتژیکی سیاسی و نظامی جمهوری اسلامی ایران، دال بر این است که تهران مبارزەی کوردها در ایران را از خطرهای جدی تزلزل در پایەهای نظام میداند و بهمین دلیل سالهای گذشته سازمانهای جغرافیایی

نیروهای نظامی جمهوری اسلامی مطالعات وافری در مورد توپوگرافی کوردستان داشته‌اند و آنرا به مقامهای امنیتی برای نوع برخورد نظامی با پیشمرگان کورد، ارائه داده‌اند. در گزارش نیروهای امنیتی ج.ا.ا ذکر شده است که کومه‌له و دمکرات تنها خطرهای جدی اند که هر آن امکان توان بسیج عمومی برای کارهای نظامی "برعلیه نظام" در مناطق صعب العبور را دارند و میتوانند زمینه‌های شورش عمومی را فراهم کنند.

٥- در بهار امسال مصطفی هجری دبیرکل حزب دمکرات کردستان ایران در مصاحبه‌های تلوزیونی رسما اعلام کرد که با ایران وارد فاز نظامی میشود. پیشمرگهای این حزب توانستند در میان مردمشان حضور یابند اما برخلاف سالهای گذشته ایران که حساسیت زمانی این تغییرات را میدانست با شدت هرچه تمامتر برخورد کرد بطوریکه سپاه پاسداران، روستایی را فقط بخاطر وجود پیشمرگان "حدکا" با خاک یکسان کرد.

٦- انفجار شب یلدای قلعه‌ی دمکراتها که انفجاری کور محسوب میشود، ثابت کرد ایران هرچند خود را قدرتی منطقه‌ای میداند اما جناحهای حاکمیت دچار تفرقه‌ی زیاد در داخل هستند و ضعفهای سیاسی و نظامی زیادی دارندو بدون شک آنچه آیت اللهها را هنوز بر مسند قدرت نگه داشته است، متفرق بودن احزاب کورد در درجه‌ی اول و اپوزسیون ایرانی در درجه‌ی دوم است که در این تفرقه جنگ نرم حساب شده ارگانهای اطلاعاتی جمهوری اسلامی را نباید نادیده گرفت.

٧- انتخابات ریاست جمهوری ایران در پیش است و حسن روحانی با امضای منشور حقوق شهروندی بدنبال این است که بتواند در میان ملتهای جغرافیای ایران، پایگاهی را برای خود داشته باشد اما انفجار تروریستی شب ٢٠ دسامبر پیامی از طرف سپاه قدس بود که کوردها خیال واهی نکنند و دل به رفرم و اصلاحات درون رژیمی نبندند چون کمافی السابق سپاه در کوردستان حاکم بلامنازع است.

تاریخ سیاسی حاکمیت ایران بویژه پس از سال ١٣٥٧ ه.ش، در برخورد با اپوزسیون ثابت کرده است که جمهوری اسلامی ایران برای رسیدن به مقاصد سیاسی و نظامی از هر نوع حیله و نیرنگ و ستم و سرکوب و تقیه و ترور در همه‌ی ابعاد حکومتی (سیاسی، اقتصادی، نظامی، دیپلماسی، رسانه‌ای) استفاده میکند و پرداخت هر نوع هزینه‌ای برایش اصلا مهم نیست و آنچه که برای این کشور ثروتمند نفتی اهمیت ندارد نقض حقوق بشر و افکار عمومی و بیانیه‌های محکومیت ایران در سازمان ملل است و صد البته انکار و انکار از اقدامات تروریستی که انجام داده و بعضا در نهادهای بین المللی و مصاحبه‌های روسای جمهوری ایران خود را قربانی ترور معرفی میکنند. جمهوری اسلامی ایران بنابر اذعان فرماندهان سپاه قدس و شخص ولی فقیه برای دفاع، نقشه حمله و جنگ در بیرون مرز را ترسیم و عملی میکنند اما یک کشور هر چقدر هم به شیوه‌های مدرن سرکوب و ارعاب مجهز باشد "آنکه با ملت در افتاد ورافتاد.

٢٣ کانونی یەکەم ٢٠١٦

# نئوتروریسم (بازخوانی ترورهای جمهوری اسلامی از منظر نظریه سازه‌انگاری)



شاهو حسینی

مقدمه:

سازه‌انگاری به مثابه نظریه معتقد است که انسان ویژگی اساسی سیاست نیست، بلکه ویژگهای سیاست به طور تاریخی و اجتماعی یعنی در طول تاریخ و بر بستر اجتماع برساخته شده‌اند، در واقع سازه‌انگاران بر انگارهای فرهنگی، معنایی، قواعد و هنجارها تاکید می‌کنند. به طوریکه بر اساس این ویژگی‌ها طرف‌های درگیر در سیاست دست به شناختی از خود و دیگری می‌زنند و براساس همین شناخت نیز به تعامل و یا تقابل به همدیگر می‌پردازند، به عبارتی بر اساس این ویژگی‌ها بازیگران دست به هویت سازی از خود و دیگری می‌زنند، برای مثال در جمهوری اسلامی که حکومتی دینی و مبتنی بر فرهنگ، قواعد، هنجارها و ساختارهای معنایی شیعه شکل‌گرفته است روند تاریخی تقابل شیعه و سنی و تاکید بر مظلومیت اهل بیت(به زعم آنان) بستر هویت سازی برای خود و شناخت از خود و دیگری شده بر این اساس هویتی شکل گرفته برمدار مطلق حق فرض کردن خویش، که خود را درتقابل دائمی با دیگری که باطل مطلق فرض شده، می‌یابد. این حکومت با چنین هویت و شناختی از خود و دیگری مروج نوعی از تروریسم شده که از آن با عنوان نئوتروریسم یاد می‌شود.

نئوتروریسم:

بدون تردید خاورمیانه پایگاه و ریشه اصلی ذهنی و عینی نئوتروریسم است به دلیل وجود قالبهای مذهبی و اعتقادات بنیادگرایانه که بر بستر چنین زیرساختهای فرهنگی و معنایی، تقابل و برخورد با دیگران را سازمان می‌دهند. در واقع نئوتروریسم، نوعی جدید از تروریسم است که برآمده از اندیشه و اعتقادات بنیادگرایانه مذهبی است، در نئوتروریسم ایجاد هژمونی خبری غیرواقعی از اهداف، ساختار و اقدامات طرف مقابل برای اقناع و بسیج توده‌ای افکار عمومی داخلی

مهم و حیاتی است. در واقع نئوتروریسم نوعی از تروریسم است که در میان اهداف گوناگون، اهداف مذهبی هژمون و مقدم بر دیگر اهداف، محرک اقدام تروریستی است، نگاهی به اقدامات تروریستی جمهوری اسلامی از ابتدای انقلاب تا به امروز و تا آخرین مورد آن که منفجر کردن دو بمب در میان حزب دمکرات کردستان در تاریخ ۲۰۱٦/۱۲/۲۰ بود، به خوبی بیانگر این است که جمهوری اسلامی به عنوان یک حکومت دینی همواره با مشروعیت دینی دست به حذف و نابودی دیگری می‌زند. جمهوری اسلامی به عنوان یک حکومت دینی با سه ویژگی برای خود هویت ساز کرده:

اول: مسلمان شعیه معتقد به ولایت مطلقه فقیه

دوم: حق مطلق حکومت و امامت مسلمین جهان در غیاب امام زمان با فقیه می‌باشد

سوم: مخالفان و منتقدان این اندیشه و حکومت محارب خدا بوده و باید از میان برداشته شوند.

از سوی دیگر حزب دمکرات کردستان که هدف آخرین مورد اقدام تروریستی جمهوری اسلامی واقع شده با سه ویژگی هویتی از طرف جمهوری اسلامی مورد شناخت قرار گرفته:

اول: کرد


دوم: سکولار

سوم: دمکرات

و این سه ویژگی که حامل فرهنگ، معنا و هنجارهایی کاملا مخالف با ویژگیهای هویتی جمهوری اسلامی هستند، در اندیشه و از منظر فرهنگ سیاسی این نظام باید به عنوان باطل حذف و از میان برداشته شوند. و البته این اقدام تروریستی به دنبال این می‌آید که از یک سو حضور نظامی حزب دمکرات کردستان و دیگر احزاب کردی (نه با هدف برخورد نظامی با حکومت که با هدف ارتباط با اقشار عمومی جامعه) گسترده‌تر شده و از سوی دیگر حکومت در داخل به دنبال برجام و توافق با کشورهای غربی دچار گسست و شکاف شده، در یک چنین وضعیتی راه برون رفت و رهایی از این دو مشکل همزمان، اقدام به حذف فیزیکی و ترور مخالفان می‌باشد، این ترور از یک سو با ایجاد هژمونی غیرواقعی خبری به صورت مصاحبه‌های گوناگون مسولان بلندپایه امنیتی و نظامی و تهدید به برخورد فرامرزی و از سوی دیگر با ارائه چهره‌ای غیرواقعی و احساسات برانگیز از مطالبات (تاکید بر تجزیه طلبی) آنها صورت گرفته.

۲٤ / ۱۲ / ۲۰۱٦

# ترور، پدیده‌ای همزاد با جمهوری اسلامی



رضا محمدامینی

تردیدی نیست پدیده ترور در جوامع انسانی، قدمتی به درازای پیدایش این جوامع دارد و این پدیده تنها مختص به تاریخ معاصر نیست. با این حال، در دو سده اخیر و بویژه در ۴۰ سال گذشته، شاهد پیدایش سازمان‌ها و گروه‌های تروریستی بی‌شماری در سطح جهان بوده‌ایم که با اقدامات تروریستی خود جهان را ناامن کرده و انسان‌های بی‌گناه را به کام مرگ کشانده‌اند. هم‌اینک روزی نیست که در یکی از نقاط جهان شاهد اقدامات شنیع و جنایتکارانه‌ی گروه‌های تروریستی نباشیم؛ حتی آمریکا و دیگر کشورهای غربی نیز از حملات تروریستی گروه‌های جنایتکاری چون داعش و القاعده در امان نبوده و نیستند. تروریسم بیش از هر زمانی امنیت جهان را به مخاطره افکنده و برای مقابله با آن، به تشریک مساعی تمامی کشورهای جهان، خصوصاً آمریکا و دیگر کشورهای متنفذ جهان نیاز است.

هرچند جنگ بر علیه تروریسم، بویژه پس از حادثه تروریستی ۱۱ سپتامبر ۲۰۰۱ آمریکا که منجر به کشته شدن سه هزار نفر گردید، به امری جهانی تبدیل شده است و کشورهای جهان، برغم اختلافات بسیار در مورد مسائل مختلف سیاسی، بر جنگ با ترور و گروه‌های بنیادگرای اسلامی، سلفیون و سازمان‌های تروریستی تأکید دارند، ولی با این وصف جهان شاهد گسترش پدیده تروریسم است و در این بین خاورمیانه، بویژه کشورهای سوریه، عراق و یمن ، از سویی به مراکز تجمع تروریستان تبدیل شده‌اند و از سوی دیگر مردم این کشورها، بیشترین قربانیان گروه‌های تروریستی بوده‌اند.

همچنین، بوده‌اند رژیم‌هایی که برای بقای خود و حذف مخالفانشان، به ترور دست یازیده‌اند. در گذشته‌ای نه چندان دور، در کشورهای دیکتاتور زده آمریکای لاتین، در ایتالیای موسلینی، در آلمان نازی قبل از جنگ جهانی دوم، و چندین و چند

کشور دیکتاتوری جهان، از ترور دولتی و سیستماتیک برای از میان برداشتن مخالفان استفاده شده است. این نوع از تروریسم دولتی در چند دهه‌ی اخیر، با فروپاشی کشورهای دیکتاتوری و بروی کارآمدن حکومت‌های مردمی و مبنی بر آراء مردم در اقصی نقاط جهان رو به کاهش نهاده و تنها در چند کشور جهان که مردمانشان در یوغ دیکتاتوران و حکومت‌های استبدادی گرفتار هستند همچنان شایع است.

جمهوری اسلامی ایران، از جمله رژیم‌هایی است که طی ۳۷ سال گذشته به ترور مخالفان سیاسی خود دست زده و در این راستا از هیچ جنایتی کوتاهی نکرده‌است. ترور هزاران تن از فعالان سیاسی در داخل و خارج از ایران، ترور کادرها، پیشمرگان واعضای احزاب و سازمان‌های ایرانی و کردستانی و در این بین صدها تن از کادرها و پیشمرگان حزب دمکرات کردستان در اقلیم کردستان و همچنین ترور رهبران شهید حزب دکتر قاسملو و دکتر شرفکندی و در آخرین مورد رویداد تروریستی شب یلدا و شهادت پنج تن از مبارزان دمکرات به همراه دو تن از پیشمرگان اقلیم کردستان، نشان از آن دارد که جمهوری اسلامی در راستای اقدامات تروریستی خود، از هیچ جنایتی فروگذار نیست.

این رژیم جنایت‌پیشه، از بدو بر روی کار آمدنش تا کنون همواره از سوی دولت‌های جهان و سازمان‌های مدافع حقوق بشر به خاطر اقدامات تروریستی‌اش و کشتار زندانیان وجنایاتی که نسبت به مخالفانش مرتکب شده و همچنین به دلیل اعمال سرکوب، اختناق و نقض ابتدایی‌ترین حقوق مشروع خلق‌های ایران، منجمله خلق کرد، محکوم شده است. جمهوری اسلامی، شاید تنها رژیمی باشد که در یک دادگاه بی‌طرف، به دلیل ترور مخالفان سیاسی، رهبران و بالاترین مقامات حکومتیش محکوم شناخته شده باشند. خامنه‌ای رهبر رژیم و دیگر مقامات بلند پایه جمهوری اسلامی در حکمی که دادگاه میکونوس در بیست و یکم فروردین ماه سال ۱۳۷٦ صادر کرد به دلیل طراحی ترور شهید دکتر صادق شرفکندی دبیر کل حزب دمکرات و یارانش در آلمان، مجرم شناخته شدند. این رویداد تاریخی نقطه عطفی بود بر افشای تروریسم سیستماتیک و دولتی یک رژیم که سرنوشت میلیون‌ها تن از مردم ایران را در دست گرفته است.

جمهوری اسلامی کتمان نکرده است که مخالفانش را در هر نقطه‌ای از جهان که باشند، هدف حملات خود قرار خواهد داد. چندی پیش بود که پاسدار حسین سلامی جانشین فرمانده کل سپاه پاسداران رژیم، آشکارا از کشتن مخالفان جمهوری در هر نقطه‌ای از جهان خبر داد.

بدون تردید اهداف و آرمان‌های والای خلق کرد در کردستان ایران، با مبارزه، همت و هم‌بستگی پیکارگران دمکرات و سایر سازمان‌های مبارز کردستان تحقق خواهد یافت. در این رهگذر خلق کرد و احزاب و سازمان‌های مبارز کردستان، شهدای بسیاری تقدیم مام میهن، کردستان همیشه سربلند کرده‌اند و در آینده نیز کاروان شهدای کردستان، عزیزان مبارز دیگری را در بر خواهد گرفت.

شهدای حزب و خلق، شهیدان شب یلدا، رهروان راسخ رهبر فرزانه خلق کرد، شهید دکتر قاسملو؛ شهدا،علی قویتاسی، وهاب میر خزری، ارسلان عباس نیا، سالار باقری و ناصر کریمی با سرافرازی به کاروان شهدای کردستان پیوستند. آنان از همان آغاز پیوستن به صفوف حزب دمکرات کردستان، نیک می‌دانستند که در چه راه پرافتخار و در عین حال پر مخاطره‌ای گام نهاده‌اند. آنان می‌دانستند تنها با پیکار بی‌وقفه، با جانفشانی و با خون جوانان مبارز کردستان است که خلق کرد به آزادی دست خواهد یافت. آنان می‌دانستند که رژیم کرد ستیز و جنایت‌پیشه‌ی جمهوری اسلامی، رژیمی که در قساوت و سفاکی حتی روی سیاهترین جنایتکاران معاصررا نیز سفید کرده است، برای ضربه زدن به مبارزان راه آزادی کردستان، برای از میان برداشتن پیکارگران دمکرات، از هیچ توطئه، ترفند و جنایتی فروگذار نخواهد کرد. با این حال، راه مبارزه برای آزادی ملت کرد و تحقق اهداف انسانیش را در پیش گرفتند و با سری برافراشته به شهادت رسیدند.

رژیم جنایت‌پیشه‌ی جمهوری اسلامی باید بداند با شهادت این دسته از پیشمرگان دمکرات، نه‌تنها نمی‌تواند عزم راسخ و اراده پولادین مبارزان دمکرات را درهم فروریزد، بلکه تاریخ مبارزات خلق کرد و حزب دمکرات کردستان نشان داده است و جمهوری جرم و جنایت حاکم بر ایران نیز میداند، مبارزان و پیکارگران دمکرات، در کوران سخت‌ترین روزهای مبارزه و در اوج جنایات جمهوری اسلامی، قدمی از مبارز پا پس نکشیده‌اند و تردیدی نیست این جنایات نیز آنان را مقاوم‌تر خواهد کرد.

مردم کردستان در چند روز اخیر، پس از شهادت شهیدان شب یلدا، با ابراز بیزاری و نفرت از جنایات جمهوری اسلامی و همدردی و همبستگی با خانواده شهدا، نشان دادند، برغم سرکوب و خفقان حاکم بر کردستان، مبارزان راه آزادی کردستان را بسان عزیزترین سرمایه ملت کرد می‌ستایند و از صمیم قلب دوست دارند.

تردیدی نیست تنها با پیکار مشترک و همه‌جانبه‌ی احزاب و سازمان‌های سیاسی کردستان و پشتیبانی توده‌های مردم کردستان است که خلق کرد به اهداف خود دست می‌یابد و جنایتکاران حاکم به زانو درخواهند آمد.

یک بار دیگر ضمن تسلیت به خانواده شهدای شب یلدا، با شهدان گران‌قدر کردستان، با پیشوا قاضی محمد، قاسملو و شرفکندی و تمامی شهدای راه آزادی کردستان تجدید عهد می‌کنیم، تا نیل به آزادی و تحقق اهداف والایشان، به پیکار بی‌امان بر ضد ارتجاع حاکم ادامه دهیم.

٢٧ / ١٢ / ٢٠١٦

# اقدامات تروریستی جمهوری اسلامی ایران در(درون وبرون مرز)



احسان فتاحی

پس از دزدیدن انقلاب ۱۳۵۷ توسط خمینی که وعده آزادی بیان و دموکراسی و آوردن پول بر سر سفره های مردم و وعده های همچون مجانی کردن آب و برق به ملت را داد. اما به مرور زمان معلوم شد که تمامی وعده های خمینی تقیه و دروغی بزرگ و تاریخی بیش نبود بلکه اعدام و اقدامات تروریستی، فقر و فساد جایگزین آن شد.

با وجود مخالفت های فراوان از سوی اقشار و قومیتها و مذاهب مختلف از جمله کوردها و سنی ها و سایر ادیان و ایده های فکری دیگر، انقلاب مردم دزدیده شد و "فرمایشات" خمینی به دروغی بزرگ تبدیل شد.

در ابتدا حمله ی گسترده‌ای را به کردستان آغاز نمودند و شهرهای این خطه را زیر باران گلوله و بمب خود قرار داد که در جریان آن تعداد زیادی از انسانهای بی گناه جان خود را از دست دادند.

اما با به وجود آمدن مخالفان بسیاری علیه حکومت ولایت فقیه و خارج شدن عده‌ای زیاد از کشور، حرکت مخالفان جمهوری اسلامی طوری دیگر رقم خورد.

در ابتدا باید بدانیم که: حکومت ولایت فقیه از چند جهت متهم به کشتار و جنایت علیه بشریت می‌باشد. این اتهامات در برخی موارد جنبه مذهبی دارد، و در برخی موارد جنبه سیاسی، و گاهی نیز هر دو.

در طول این ٤٠ سال از بهائیان و مسیحیان و یهودیان و سنی ها و حتی شیعیان در جمهوری اسلامی با نسل‌کشی فراوانی روبه‌رو بوده اند.

## ترور مخالفان سیاسی

جمهوری اسلامی ایران در اوایل انقلاب با اعدام کردن سران حکومت قبلی آتش جنایات خود را روشن کرد و در دهه ۸۰ میلادی برابر با اواخر دهه ٦٠ شمسی اقدام به کشتار مخالفان سیاسی خود در زندان‌ها نمود. در این میان از همه کشتارهای دیگری نیز مانند ترور دکتر عبدالرحمن قاسملو رهبر حزب دموکرات کردستان، قتل بختیار، آخرین نخست وزیر حکومت پهلوی، بیژن فاضلی، فریدون فرخزاد، د. صادق شرفکندی، همایون اردلان، نماینده حزب دمکرات کردستان در آلمان، فتاح عبدلی، نماینده حزب دمکرات کردستان در اروپا، نوری دهکردی، کارمند صلیب سرخ فعال در امور پناهندگان ایرانی مقیم آلمان اتفاق افتاد. همچنین قتل های فراوانی در داخل کشور رخ داد در ده ۷٠خورشیدی که به قتلهای زنجیره‌ای معروف هستند و توسط وزارت اطلاعات و دستور مستقیم خامنه‌ای صورت گرفت و بیش از ۸٠ تن از نخبگان و نویسندگان و علمای اهل سنت را در میان این افراد ترور کردند.

هم اکنون جمهوری اسلامی این قتل ها و کشتار را متوقف نکرده است، ولی بصورت پنهانی در منطقه از جمله درون‌مرز و برون‌مرز توسط نیروهای مافیای خود که از هر گروه و اقشار می باشند، به عملیاتهای تروریستی میپردازد.

روز سه‌شنبه٢٠ دسامبر مصادف با شب یلدا دو انفجار مقابل دفتر سیاسی حزب دموکرات کردستان در شهر کوی سنجق، استان اربیل کردستان عراق، دستکم شش نفر را شهید کرد. بمبها بعد از پایان مراسم زادروز زندیاد عبدالرحمان قاسملو، دبیرکل سابق حزب دموکرات کردستان منفجر شد.

پیشتر محسن رضایی عضو مجمع تشخص نظام و فرمانده سابق سپاه پاسدارن صراحتا در تاریخ ٢٠ تیر ۹٥ گفته بود که اگر آقای بارزانی جلوی کومله و دموکرات را نگیرد، ما عملیات های انهدامی خود را انجام خواهیم داد.

کشورهای مختلف و سازمان‌ها و دادگاه‌ها؛ جمهوری اسلامی را به دست داشتن در اقدامات تروریستی و یا حمایت از گروه ها متهم یا محکوم کرده‌اند.

از جمله این کشورها اسرائیل، انگلیس، آرژانتین و آلمان و عربستان هستند.

دولت آمریکا نیز ایران را متهم به حمایت از چندین گروهای تندرو در جهان همچون گروه حزب الله لبنـان، و چنـدین گـروه تروریستی دیگر شیعی که از ایران هزینه می گیرند جهت بمب گذاری واختلاف افکنی در منطقه، میکند.

همچنین وزارت دفاع جمهوری اسلامی و سپاه تروریستی قـدس از جمله تروریسـتهای منطقـه و جهـان مـی باشـند و در لیسـت سازمان های تروریستی قرار دارند.

در ۲ ژوئن سال ۲۰۱٦ وزارت خارجه ایالات متحده آمریکا، در گزارش سـالانه خـود دربـاره تروریسـم جهـانی اعلام کـرد کـه، حکومت جمهوری اسلامی ایران با وجود رسیدن به توافق جامع بـا قـدرت‌های جهـانی بـر سـر برنامـه هسـته‌ای خـود، همچنـان اصلی‌ترین کشور حامی تروریسم در جهان است. در حال حاضر در سال ۲۰۱٦ میلادی تنها کشـور حـامی تروریسـت و تروریسـم جهانی در سطح بین‌الملل همچنان دولت اسلامی ایران محسوب می‌شود.

۲۸ - ۱۲ - ۲۰۱٦



---

**سەرچاوەکان:**

**ماڵپەڕی کوردستان و کورد، حدک میدیا، گیارەنگ، ڕۆژی کورد، ڕۆژهەڵات تایمز و تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک**


حیزبی دێموکراتی کوردستان
Kurdistan Democratic Party
پێشمەرگە


شەهیدان
پێشمەرگە
شەوی یەڵدای خوێناویی دێموکڕات




**بەفرانباری ٢٧١٦ی کوردی - جانێویری ٢٠١٧ زایینی**